
# من شەڕخواز نیم بەڵام...



کۆمەڵێک وتاری سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

حەمید تەیموری

# من شەڕخواز نیم بەڵام...

نووسینی: حەمید تەیموری

## ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب:  من شەرخوازنیم بەڵام...
- ناوی نووسەر:  حەمید تەیموری
- چاپ :  چاپی یەکەم ٢٠١٩
- بابەت:  کۆمەڵێک وتاری سیاسی،ئەدەبی و کۆمەلایەتی.
- بەرگ:  ناسکبین

ژمارەی سپاردن:
ISBN: 978-91-639-8755-7

# بە کورتی

ئەم کتێبەی کە لە بەردەستان دایە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری لە سەر کوردستان و زۆر بابەتی تر. زۆربەی ئەم وتارانە لە سوشیال میدیا لە کات و ساتی خۆیدا بەڵاو کراونەتەوە. ئەم وتارانە زۆربەی لە سەرچاوەکانی تری وەک کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤارە ئێلیکترۆنیەکان وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە لێرەدا بە پێویستم زانی کۆیان بکەمەوەو لە کتێبێکدا و چاپ و بڵاویان بکەمەوە، چوونکە زۆربەی وتار و نووسینەکان بەکەڵک دێن و مرۆڤ دەتوانێ لە داهاتوودا بەکاریان بێنێ و سەرەڕای ئەوەش بمێننەوەو لە بەر دەستدا بن. هەروەها کەلێنێکی بچوکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە. دیارە بۆ خۆم پێم حەیف بوو کە ئەو هەموو زەحمەتەم کێشاوە و هەروەها پرش و بڵاو ببنەوە و تیا بچن. هیوادارم ئەم بەرهەمە کەڵکی هەبێ بۆ خوێنەر و ئێمەش ئەوەمان لە دەست بێ بە نووسین بۆ کێشەی کورد و کوردستان بیخەینە بەردەستی خوێنەر و داگیرکەرانی کوردستان ڕسوا بکەین و کۆمەڵگای کوردی بە جیهانی دەرەوەو دەوروبەر بناسێنین. لە کۆتایشدا زۆر سپاسی هاوڕێی بەڕێزم کاک مەحمود ناسکبین دەکەم بۆ دیزاینی بەرگ و ئامادەکردنی ئەم کتێبە و تەنانەت چاپی کتێبەکەش کە بەدەستی ڕەنگینی ناوبراو بەرهەم هاتووە. ئەگەر ناوبراو زەحمەتی نەکێشایا بۆ چاپی ئەم کتێبە بی گومان ئەم بەرهەمە ئێستا بوونی نەبوو.

لەگەڵ ریز و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەک

حەمید تەیموری

ستۆکهۆڵم ١٥- ١٢- ٢٠١٨

**دوکتۆر قاسملوو دەڵێ": من شەڕخواز نیم بەڵام...**



لە ڕێکەوتی ١٣ جوولای ساڵی ١٩٨٩، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن بەدەستی دیپلۆمات تێروریستەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کرا .سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژێک پێش تێرۆرەکەی گەیشتبووە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تاکو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەورێکی نوێ لە وتووێژی نهێنی کە شەش مانگ پێشتر تێک چوو بوو، دەست پێی بکاتەوە .وتووێژەکانی پێشتر هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتبووەوە .عەبدولڕەحمان دەیوت کە رژیمی تاران لەگەڵ ئەوەی کە ئامادەیە ڕێفۆرمێک بە قازانجی کوردەکان قەبووڵ بکا، لە باسەکانیدا سوور بوو لەسەر خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان .ئەمە پۆختەی چاوپێکەوتنێکە کە مارک کراڤێتس لەگەڵ دوکتور قاسملوو پێش تێرۆرەکەی لە پاریس ئەنجامی داوە و لە درێژەی نووسینەکەی دا دەنووسێ:

چەند هەفتەیەک پێش تێرۆری دوکتور قاسملوو، ناوبراو لە پاریس بانگهێشتنی کردم بۆ ئەوەی پێکەوە پەرداخێ شەراب بخۆینەوە .زیاتر لە ساڵێک دەبوو کە یەکترمان نەبینیبوو .ناوبراو زۆر دڵخۆش هاتە بەرچاوم . من تازە لە تاران گەڕابوومەوە چوونکە بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بۆ لێکۆڵینەوەی بەخاک سپاردنی خومەینی چووبوومە تاران . مردنی خومەینی ببووە باسی سەرەکی ئێمە و عەبدولڕەحمان وتی" :ئێوە کە لە کاتی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، ئامادە بوون و ئێستاش شایەتی چوونی واتە مردنی خومەینی بوون ."وتەیەکی زۆر کورت بوو بەڵام

بەباشی شتەکەی باس کرد .منیش ئەوەم باس کرد کە شانازی ناسینی لەگەڵ ناوبراو قەرزاری خومەینی و شەڕێکم کە خومەینی دژی کوردەکانی ئێران هەڵیگیرساندبوو .دوکتوریش سەرەڕای دڵنیابوونی، ئەوەی پشت ڕاست کردەوە کە زیاتر لە دە ساڵە یەکتر دەناسین .پاشان باسی بیرەوەری مهاباد و ئەو گوندەی کە یەکتر یەکمان ناسی، قسەمان کرد .لە نێوان قسەکانمان دا ناوبراو وتی" :ئێوە بڕیار بوو کە کتێبێک بنووسن . منیش پرسیم" :کتێبێک لە سەر ئێوە؟ "ئەگەر لە سەر ئێوە بێ زۆر باشە ." وەڵامی دایەوە" :نە، بۆ کەس سەرەنج ڕاکێش نیە ."بەڵام ئەگەر لە سەر مێژووی کورد بێ، دەتوانم ماتەریاڵی زۆر سەرەنج ڕاکێشت پێی بدەم ." پاشان وتی لە بیریدایە لە پشووی هاویندا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ پاریس . لە هەمان کاتدا کە ئامادەی چوون بوو بۆ چاوپێکەوتنێکی تر وتی ":بیر لەو کتێبە بکەرەوە) ."واتە نووسینی کتێبێ لەسەر مێژووی کورد.(

لە کاتی قسەکردنماندا لەگەڵ عەبدولڕەحمان پرسیم ئایا بە مردنی خومەینی هەلومەرجێکی نوێ لە ئێراندا بە سوودی کوردەکان دەست پێی دەکا؟ نابراو زۆر بە کورتی وەڵامی دایەوە و وتی" :هەلومەرجێکی نوێ پێش هاتووە، بەڵام دەسەڵات هێشتا بەدەستی هەمان کەسانە و دەبێ چاوەڕێ بین و بزانین چی ڕوو دەدا ."هەرچەند زۆر شتی ترمان باس کرد بەڵام ئەوەم نەزانی ئایا لەو کاتەدا هیچ بڕیارێکی چاوپێکەوتنی لە وییەن دابوو یان نە .هەر جۆرێک بێ عەبدولڕەحمان لە جێگا و شوێنی وتووێژ کردنەوەکەی لەگەڵ کەسانی سەر بە رژیم لەگەڵ مندا هیچی نەدرکاند . هەرچەند چاوپێکەوتنی ئێمە لەسەر کاروبار نەبوو .دانیشتنەکەمان تەنیا لەسەر سەفەری دووبارەی ناوبراو بوو بۆ پاریس لە داهاتوودا، بەداخەوە نەمزانی کە ئەمە دەبێتە دوایین چاوپێکەوتنمان و پاش ماوەیەکی کەم لە وییەن دەبێ لێکۆڵینەوە لە سەر تێرۆرەکەی دەست پێی بکەم.

مارک کراڤێتس دەنووسێ کاتێک قاسملوو لەسەر ئارمانی کوردەکان قسە دەکا، هیلاکی بۆ نیە .لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە دەمناسی، زۆر جار پێش دەهات کە لەسەر زۆر شتی جۆراوجۆر کە حەزی لێ دەکرد وەک

فەلسەفە، هۆنراوە و شەرابی فەرانسە قسەی دەکرد، لە ڕاستیدا شارەزا بوو، ئۆستاد بوو .ناوبراو لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ، من لە ڕێگای دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنانەت خۆمیش بە قەرزاری ناوبراو دەزانم کە کوردەکانم ناسی، بە هێزو توانایەکی بێ وێنە ئەم میللەتە لەبواری بەرخۆدان و عشق بە ئازادی ژیان ئاشنا بووم، بەرزتر لەوەش لەگەڵ ڕێبەرێکی سیاسی ڕووبەڕوو بووم کە وێنەی لە سەر ئەم کورەی خاکییە کەمتر دەبینرێ، سەرەڕای ئەوەش حەز ئەکەم لێرەدا هەندێک تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی ناوبراو باس بکەم.

هەموو کەس بە دوکتور بانگیان دەکرد .منیش دەبێ دان بەوەدا بنێم کاتێک عەبدولڕەحمان قاسملووم بۆ یەکەم جار لە دەفتەری کارەکەی لە مهاباد بینی، بەخۆش باوەڕی وام زانی سکرتێری حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێران لە ژیانی تایبەتی خۆیدا تەنیا پزشکێکە .بەڵام خێرا بۆم دەرکەوت کە دوکتۆرای لە بەشی زانستی ئابوری و زۆر شتی تر دا هەیە .هەرچەند ئەم کردەوە ناشیرینانەی من لە ڕووی ئەوەی کە تا رادەیەک زانیاریم هەبێ، نەبووە .گەرچی لەو سەردەمانەدا لانی کەم لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئێمە لە سەر کوردەکانی ئێران بێ زانیاری بوون .ئەوەش بڵێم بەرپرسی زۆربەی ڕاگەیاندنە گەورەکانی ئێمەش دەیان وت ئەم جۆرە زانیاریانە خەڵک نایان کڕێ) .واتە زانیاری لە سەر پرسی کور و بزووتنەوەکانی کورد .(پاش گەڕانەوەی خومەینی، کێشەی کورد بوو بە کێشەیەکی گەرم و گوڕ و بوو بە سەروتاری زۆربەی ڕۆژنامەکانی دەرەوە .کراڤێتس دەنووسێ کە هەموو دەزانن خومەینی بە ئاشکرا هەڕەشەی لە دوکتور قاسملوو دەکرد .ئەوە بوو دوکتور وەک نوێنەری گەلی کورد بۆ" مجلسی خبرگان "هەڵبژێردرا و کاری مجلسیش دانانی یاسا بوو بۆ ئێران .بەڵام بۆ ڕۆژی کردنەوەی مجلسی خبرگان دوکتور قاسملوو ئامادە نەبوو .دیارە پێشتر بە دوکتوریان ڕاگەیاندبوو کە بەشداری کردنەوەی مجلس نەبێ .ئەو ڕۆژە خومەینی ڕاستەوخۆ هەواڵی دوکتور قاسملووی پرسی کە هاتووە بۆ مجلس یان نە؟ خومەینی لە بەر کامێرای تەلەڤزیۆن و لە لای ئەو

خەڵکانەش وتبووی" :بەداخەوە نەهاتووە !گەر دەهات، هەر ئێستا دەمگرت و دەمدا یەکسەر گوللەبارانیان بکردایا ".کراڤێتس دەنووسێ "لە دوکتورم پرسی بۆ خومەینی دەیەوێ بتکوژێ؟ وام دانابوو کە دوکتور ئێستا بە دووورودرێژی باس دەکا و دەڵێ ئەمە بەرنامەیەکی بەربەلاوە .بەلام ناوبراو زۆر بە کورتی وتی من هەم قاسملووم و هەمیش کوردم، ئەمەش بۆ ئەوانە واتە دوژمنەکان بەسە کە من کوردم و لە پێناوی رزگاری نەتەوەی کورد تێدەکۆشم .ئەمەش بۆ من گەورەترین شانازیە) .واتە کوردە .(دوکتور لە درێژەی قسەکانی دا وتی" :لە مهاباد لە خەڵکانی جۆراوجۆر وەک جوولەکە، مەسیحی، بەهایی و بێ دین و هەروەها زۆر کەسانی تر کە لە تارانەوە هەڵهاتوون، لە مهاباد دەژین .بۆچوونی ئێمە لەسەر ئیسلام لەگەڵ بۆچوونی خومەینی جیاوازە .کوردەکان باشتر لە هەر کەسێکی تر لە دەرد و ڕەنجی کەمە نەتەوەکان تێدەگەن."

کراڤێتس لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێ لە یەکەم چاوپێکەوتنم و ئەو هەست و هەڵسەنگاندنانەی کە لەسەر قاسملوو هەمبوو لە چاوپێکەوتنەکانی تریدا بە تەواوی بۆم ئاشکراو بوون و هەمووی بەڕاست دەرچوون .من هیچم لەسەر مێژووی تاکەکەسی ناوبراو نەدەزانی، بەلام تێگەیشتم کە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە جۆرێکی تر، هەم ڕێبەری سیاسی و هەمیش نیزامی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز لە جیهانی سێهەم، لەو دەورانەدا کەڵکمان لە"ئیستلاحی "جیهانی سێهەم وەر دەگرت و وەک ڕۆشنبیر دەهاتە ژماردن و لەو بوارەشدا هیچ شکم نەبوو.

ناوبراو دەنووسێ هەرچەند ئامریکا ئەوەی یاساغ کردبوو کە ئیجازەی چوون بە دوکتور قاسملوو نەدا بە هۆی ئەوەی کە پێشتر بیروباوەڕی چەپی هەبووە، بەلام لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٩ کۆشکی سپی دوکتور قاسملوویان بانگهێشت کرد بۆ ئەو وڵاتە و لە کۆشکی سپی لە سەر پرسی کورد و هەلومەرجی ناوچەکە قسە بۆ ئەندامانی کۆنگرە بکا . گەرچی دوکتور زۆر چاوەڕوانی ئاکامی سیاسی نەبوو بەلام بایەخێکی

زۆری بەو سەفەرەی دەدا کە لەوێ کێشەی کورد بە باشی بناسێنێ و گرنگی بەو سەفەرە دەدا، کە هەرگیز ئەو سەفەرەشی نەکرد...
دوکتور قاسملوو پیاوێکی خۆش بەرخورد و باوەڕی بە دیالۆگ بوو . ناوبراو بۆ پێشەوەچوونی ئامانجەکەی لە هەموو بوارێکدا و هەموو جیهانی ژێروبان دەکرد) .مەبەست لێرە خوێندنەوەیە، موتالایە .(هیچ کات و لەو کات و ساتەی کە لەگەڵ پێشمەرگەکاندایە لە قوژبنێکی قوڕین لە نێو دڵی دۆڵێکی دوور کەوتوو لە نێوان سنووری دەستکردی ئێران و عێراق، هێندە خۆشحاڵ نەبووە .گەرچی زۆر جاریش جێگاکانی دەگۆڕی و لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، بەڵام هەر دەمیش کتێبخانەکەی لەگەڵ دا بوو .دوکتور عاشقی کتێب و کتێب خوێندنەوەو شەرابی باش بوو .لە بواری خواردنیشدا لە باشترین ڕستۆرانی پاریس بایا یان لە زستانی ساردی کێوەکانی کوردستان هیچ بۆی جیاوازی نەبوو هەر وەک یەک هەستی بە ئارامی و ئاسایش دەکرد .ناوبراو کە دوکتۆرای لە بواری زانستی ئابوری دا هەبوو، عاشقی مێژوو ئەدەبیات و زانستی باشی لە سەر هۆنراوەی کوردی و فارسی و عەرەبی و لە هەمان کاتیشدا بە هێنانەوەی بەڵگە لە هوگۆHugo، بودلێرBaudelaire، واڵت وایتمەن Walt Whitmanو تۆماس ئلیوت Thomas Eliotبۆ باسەکانی کەڵکی وەردەگرت .قاسملوو مرۆڤێکی خۆشەویست، بیروباوەڕێکی کراوە و ئامادەی خزمەت بە هەموو لایەک بوو .ئەزموونی زۆری هەبوو بە زانینی شەش زمان ئەویش بە نووسین و قسەکردن .ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەر کەسێک لەگەڵی قسەی کردبایە، قەد لە بیری نەدەچووەوە و ناچێ، ئێستاشی لەگەڵ بێ باسی کەسایەتی ناوبراو دەکەن .هەموو کەسێک، هەر لە لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی، ڕۆشنبیران، پزشکان، باڵوێزەکان، وەزیر و سیاسیەکانی حیزبەکان چ لە چەپ چ لە ڕاست بە بەبیرهێنانەوەی وتوێژێکی تەنانەت دوراودوریش دەکەوتنە ژێر کاریگەری و سەرنجڕاکێشی ناوبراوەوە و تەنانەت دانیشی پێدا دەنێن .لەم سەدەی بیستەمەشدا کەسی وەها دەگمەن پەیدا دەبێ کە بۆچوونێکی وەهای لەسەر خۆی هەبێ .زیاتر لە بیست ساڵە لە سەر

تێرۆری وییەن دەگوزەرێ، بەڵام جنایەتەکە هەروەها بێ سزا ماوەتەوە .بێ گومان دوکتور قاسملوو ئامانجی ئەم جنایەتە بوو، بە تەنیاش نەبوو هاوکارەکەی عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازڵ رەسوڵی دۆستیشی هاوسەفەری بوون و شەهید کران .
دوکتور قاسملوو زۆر باش لە دەرد و مەینەت و ئازارو ئەشکەنجەی تاک و کۆی میللەتەکەی دەگەیشت، چوونکە بۆ خۆی ئەو دەردو ئازارو ئەشکەنجەیە چ بە رۆحی و چ بە فیزیکی چێشتبوو .خاتوو نەسرینی خێزانی لە کتێبەکەی بە ناوی" ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان "لە لاپەڕەی ٢٦٠ باسی ئەشکەنجەی دوکتور قاسملوو لە لایەن ساواکەوە لە تاران دەکا.
نەسرین خانم دەنووسێ لە تاران لەگەڵ دوکتور بە نهێنی دەژیاین و بۆ ئەوەی رزگارمان بێ و دەرباز بین بەرەو ئۆرووپا ناچار بووین بە هەزار دەردەسەری و کوێرەوەری و لە نێو بەفر و سەرماو سۆلەی زستان و بە تاریکە شەو بە سواری گوێ درێژ و بە پێی و دوو منداڵ بە کۆڵەوە خۆمانمان گەیاندە باشوری کوردستان و ئەو جار بە نهێنی و بە مەبەستی زیارەتی کربلا و نجف گەیشتینە بەغدا .سەرەڕای ژیانێکی هەژارانە و دەست کورتی نزیکەی هەشت مانگ لە بەغدا ماینەوە .عەبدولڕەحمان بۆ کارو باری حیزبی دەڕۆیشت و پاش ماوەیەک دیار نەماو ئێمەش نەماندەزانی چی بکەین .ڕێگەی ئۆرروپاشمان لێی گیرابوو حکومەتی عێراقی ئیجازەی دەرچوونی ئێمەی نەدەدا .ئەو جار ناچار بووینەوە بە یارمەتی هەڤاڵانی حیزبی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ئێران و بەڵکو لە تارانەوە دەربازمان بێ .هەر جۆرێک بێ لەگەڵ هەر دوو کچەکەم لە بەغدا بە ئۆتوبوس و لە ڕێگای خانەقین و قەسری شیرین بە ترس و لەرزەوە گەیاندمانیانە تاران .بەڵام هەڤاڵانی حیزبی ئادروسی ماڵێکیان پێ داین کە بچینە ئەوێ و وتیان لەو ماڵە چاوەڕوانتانن .خێرا تاکسیەکم گرت بۆ ئەوەی نەگیرێن بەرەو جێگای ئادرس بەڕێ کەوتین .لەبەر دەرگا ڕاوەستاین و لە دەرگامان دا ئەویش بە دڵەڕاوکێ، ئەو کەسەی کە دەرگای

بەڕووماندا کردەوە مێردەکەم واتە دوکتور قاسملوو بوو .پاش حەسانەوە لێم پرسیێ چۆن وێراوتە بگەڕێتەوە تاران و ئەو ماوە دووورودرێژە ئێمە لە بەغدا بووین تۆ لە کۆی بوی و بۆ هیچ هەواڵێکت نەبوو .دوکتور چ لە ژیانی تاکە کەسی و چ لە ژیانی حیزبایەتی نهێنی پارێز بوو هیچ نهێنیەک تەنانەت من کە هاوسەری بوم باس نەدەکرد .بەڵام ئەم جارە دانی بەوەی کە بۆی پێش هاتبوو، نا .عەبدولڕەحمان وتی لەو کاتەی کە ئێوە لە بەغدا بوون، من لەگەڵ ئیسماعیلی ئامۆزام لە لایەن ساواکەوە دەستگیر کراین . هەر دووکمانیان ڕۆژانە ئەشکەنجە دەکرد .ناوبراو وتی هەردوو لاقیان دەبەستمەوەو هەڵیان دەواسیم و لێیان دەدام .لەو کاتەی کە قسەی دەکرد سێنگی پیشان دام و جێ زامی لێدانەکان بە سێنگیەوە دیار بوون .پاشان وتی ساواک داوای زانیاریان لیێ کردووەو ئەویش هیچ شتێکی باس نەکردووە .سەرەڕای ئەو کێشانەی کە لێرەدا باسی ناکەم بە زیرەکی خۆی لە دەستی ساواک دەرباز دەبێ.

هەر جۆرێک بێ پاش تیرۆری دوکتور لە ساڵی ١٩٨٩، بڕیارمداو سەردانی ماڵی ئەحمەدی برای دوکتور قاسملووم کرد بۆ ئەوەی بە نێو یادداشت و نووسینەکانیدا بڕۆمەوە و زانیاری زۆرتر دەستم کەوێ .لەوێدا ئەحمەد بۆی باس کردم کە چۆن دوکتور قاسملوو لە دەستی ساواک ڕزگاری بووە .لە تاراندا سەرهەنگێک بوو بە ناوی زیبایی و لە نێو ساواکدا مەسئوولی ئەشکەنجە و کوشتن و ئیعدام بوو .ئەم زیبابیە کەسێکی دڕندەو زۆرینەی خەڵکی تاران لێی دەترسان .ئەگەر کەسێکی دەگرت یان دەیان دا بەدەستیەوە لە پێشدا لێکۆڵینەووەی لەسەر ئەم زیندانیە دەکرد کە بزانێ دەوڵەمەندە یان هەژارە .هەژار بایا ئەوە ئەشکەنجەی دەدا تاکو ئەو کەسە دەمرد یان دەیکوشت .کە دەزانێ بنەماڵەی دوکتور دەوڵەمەندن ڕاست دەڕوا بۆ لای کاک ئەحمەدی برای دوکتور قاسملوو کە ئەو سەردەمانە لە تاران دەبیر بوو .پێی دەڵێ کە قاسملووم گرتوەو سزای سێدارەی لە سەرە، ئەگەر دەتەوێ براکەت ئازاد بێ ئەوە دەبێ ٥٠٠٠ تمەنی ئەو کاتە بە سەرهەنگ زیبایی بدا .کاک ئەحمەدیش هەرچەند سەر دێنێ و سەردەبا

ئەو ٥٠٠٠ تمەنە چۆن بەدەست بێنێ .بۆ ئەوەی دوکتور رزگاری بێی قەبووڵی دەکا ئەو پارەیە بە زیبایی بدا بە مەرجێک دوکتور لەگەڵ خۆی بباتەماڵیان و ئازادی بکا و دوکتور بڕوا و ئەویش پارەکەی پێی بدا .لە کاتی ئازاد بوونی و پاش چەند ساڵێکیش تەنانەت پێوەندی تەلەفونیشی لەگەڵ ئەحمەدی برای نەبوو.

خاتوو نەسرین خێزانی دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە مێردەکەی لە جێگایەکدا لە یادداشتەکانی ئەم ڕستەی ئاندرە مالرو Andre Malrauxنووسیووەتەوە کە دەڵێ" :بێ ئەوەی حەزم لە شەڕ بێ، شەڕم کرد ."دوکتوریش دەڵێ ":منیش حەزم لە شەڕ نیە، شەڕ نە تەنیا ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە نێو دەبا، بەڵکوو دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤەکانیش، بەڵام دەوڵەتەکان هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە و پێشمەرگەکانی ئێمەش شۆڕشگێڕانی لێهاتوون."

ستۆکهۆڵم ـ سوید

٢٠١٣ ـ ٧ ـ ٣

سەرچاوەی ئەم نووسینە" :کتێبی ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان "لە نووسینی نەسرین قاسملوو .وتاری مارک کراڤێتس" عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ژیاندایە."

مارک کراڤێتس Marc Kravetzژۆرنالیستی ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرانسەیە

## تێکستی فێمینیستی : لە سەر یەکسانی دوو جنس (ساڵی ١٦٧٣)

سەرەتا: لە سەردەمی سەرەتاییەکانی ئۆروپای پێشکەوتوو، ژن و پیاو لە سەر پرسی ژن بەشداریان کردووە. زۆربەی پیاوانی جیهان ژنیان بە جنسێکی بێ هێز و لاواز دەزانی و لە لایەن خودا و سرووشتەوە بۆ کاروباری ژنانە دروست کراوە. (واتە هەر منداڵ زاوزێی بکاو کاری ناوماڵ بخاتە ڕێی)

نووسەری فەرانسەویی، فەرانسوا پوولاین دوولابار ئەم ڕیچکەیە شکاندو دژی ئەم بۆچوونە ڕاوەستا کە جنسی کەسێک نیشانی توانایی و فێربوونی ئەو کەسەیە. دوولابار کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری بۆچوونی "عقل گرایانەی" فیلسۆفی زانا، ڕنە دێکارت بوو، دۆکتورین یان تیوری کاتولیکی بردە ژێر پرسیارەوە و بە دوای بەڵگەیەکی زانستیانە بۆ شی کردنەوەی هۆکاری ژنان دەگەڕا. ناوبراو وەکوو کریستین دووپیزان بڕوای وا بوو کە خووخدە کۆمەڵایەتیەکان، هێز و توانای "سونەتی" بنەڕەتی دەبنە هۆکاری پێشگری پێشەوە چوونی ژنان. چوونکە مێشک، خاوەنی جنس نیە، هەروەها ژنان وەکوو پیاوان لە مافی فێربوون و بە دواداچوون و خوێندنەوەی زانستی و ئەدەبی یان وێژەیی بەرخوردارن. دوولابار لە ماوەی دەیەکانی ١٦٧٠ی زاینی لە کاتێکدا بۆ بەدەست هێنانی پۆستی قەشەیی دەیخوێند، سێ وتاری لە بواری یەکسانی دوو جنس (ژن و پیاو)، خوێندەواری ژنان نووسی. ناوبراو دوای ماوەیەک لە بەدەست هێنانی پسپۆڕی کاتولیکی دڵی شکاو بەرەو ژنێف جێ گۆڕکێی کرد. لە ژنێف باوەڕی بە "کالوینیسم" هێناو و هەر لەوێ هاوسەرگیری کرد و بوونە خاوەنی دوو منداڵ. لە سەردەمی ناوبراودا بیروبۆچوونی لە نێو خەڵکدا لاواز بوو، لە سەدەی بیستەمدا و بە هۆی تیورسیەنی فمینیستی سیمۆن دبوار، بیروڕای ناوبراو زیندوو بووەوە کە بیولۆژی چارەساز نیە.

له سەر یەکسانی دوو جنس

بە هاسانی دەتوانین ببینین کە جیاوازی نێوان دوو جنس سنورداره بە لاشەوە، چوونکە لاشە تەنیا بەشێکە لە زاوزێ کردن، کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەڵام زەین یان خود هۆش زۆربەی رازی بوونی خۆی (دەستور) ڕادەگەیەنێ و ئەم کارەش لە سەر هەموو کەس بە یەک جۆر ئەنجام دەدرێ، بەو جۆرە بەو ئاکامە دەگەین کە مێشک خاوەنی جنس نیە.

زەین، کە بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکا لە تەواوی مرۆڤەکان یەکسان و ناوەڕۆکیان وەکوو یەکە و توانای هەر جۆرە بیرکردنەوەیان هەیە. بۆ تێگەیشتنی مانای چکۆلە هەر ئەوەندە بیر پێویستە کە بۆ تێگەیشتنی مانای گەورە بیر بکەیتەوە. بۆ بیرکردنەوە لە سەر کەسێک کە لە مانای شەوق و گەرمای مەشغەڵێک تێدەگا، لە مانای هەتاوی خۆرێک دەگا یان بۆ بیرکردنەوە لە سەر کرمێکێکی چکۆلە ئەوەندە بیر پێویستە کە بیر لە فیلێ دەکەینەوە. کاتێک مرۆڤێک عادەت دەکا بە بیرکردنەوە لە سەر پرسی هۆش، بە ئەندازەی شتە مادییەکان کە لە ڕێگای هۆشەوە دەناسرێن، تێگەیشتنێکی ڕوونە لە سەر ئەو مادانەدا. جیاوازی نێوان مێشکی پیاوێکی بێ سەرەوبەرەو نەزان و پیاوێکی بەهەیبەت و ڕووشنبیر هاوچەشنی جیاوازی هۆشی مرۆڤێک لە تەمەنی دە ساڵان و چل ساڵانە. بەم جۆرە وا پێی دەچێ کە جیاوازی ئەوتۆ لە نێوان هۆشی دوو جنس (ژن و پیاو) نیە، دەتوانین بڵێین کە ئەم جیاوازییە پێوەندی بە جنسەوە نیە. زۆربەی قەڵافەتی مرۆڤ، دیاری کراوی وەکوو خوێندەواری، کاریگەری مەزهەب وژینگە ودەوروبەری ئێمە، هۆکاری سرووشتی تێگەیشتن بۆ هەموو جیاوازیەکانی نێوان مرۆڤەکانە.

خوا هۆشی ژنێک هەر وەکوو هۆشی پیاوێک بە پێی یاسای لەیەکچوونی لاشەی ئەو پێکهێناوە. هەست، مەیل و ئیرادە چاودێری ئەم یەکیەتییەن و

لەوێش کە کارکردی هۆش لە دوو جنسدا جیاوازیان پێکەوە نیە. هۆش لە هەر دوو جنس (ژن و پیاو) لە یەک توانایی بەرخوردارن.

ئەم مەبەستە ڕوونتر دەبێ گەر بیر لە سەر(سەری مرۆڤ بە نێر و مێ) بکەینەوە کە تەنیا ئەندامی زانست و تەنیا جێگای کردەوەی هۆشە. نوێترین لێکۆڵینەوەی "ئاناتۆمیک" پیشان دەدا کە لە "سەر" ئەم پێوەندیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاو بوونی نیە، مێشکی ژنێک هەر وەکوو مێشکی پیاوە. تێگەیشتنی زاهری بە شێوەی ڕواڵەت لەوێ وەردەگیرێ و کۆ دەبنەوە و پاشکەوتی ئەوانە بۆ {پێکهێنانی} بیروبۆچوون ولەبەر کردن هیچ جیاوازییەکی نیە. ژنان وەکوو ئێمە بە گوێکانیان دەبیسن، بە چاوەکانیان دەبینن و بە زوانەکانیان تام دەکەن. لە پێکهاتەی ئەندامەکان لە نێوان دوو جنس هیچ جیاوازییەک نیە جگە لەوەی کە ژنەکان هەندێ جار "حساس"ترن کە جۆرێک ئەوبەرترە. "ئۆبژە" دەرەکییەکان بە جۆرێک لە سەر ئەوان کاریگەریان دەبێ: تیشک لە ڕێگای چاوەوە، دەنگ لە ڕێگای گوێ کانەوە. سەرئەنجام کێ لەوانە بەرگری دەکا لەوەی لە ئۆدەی متالای خودی خۆیی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی هۆش دەبن، لەوەی کە لە بواری جۆرەها جیاوازی بیروبۆچوون و شێوەی هەڵنانی ئەوانە بە هۆی جموجۆڵی لاشەی تایبەتی پرسیار دەکەن، لەوەی بە لێکۆڵینەوەی بیروبۆچوونی سرووشتی خۆت لە سەر خۆدا بکۆڵیتەوە و سەرنج بە دۆخێ "معنوی" واتادار بدەی، لەوەی کە بە بیروبۆچوونی خودی خۆت سەروسامانێک بدەی و پەی بە زانستەکان ببەی کە ئێمە پێی دەڵێین مێتافیزیک؟

لەوەی کە ئەوان خاوەنی چاو ودەستن، ئایا ناتوانن خۆیان لێکۆڵنەوە لە سەر قەوارەی مرۆڤ، یان سەیری خەڵکانی تر لە کاتی پشکنینی قەوارەی مرۆڤ بکەن؟ بەم جۆرە لە نزیکەوە قەوارەی ئەندامانی لاشە دەبینن و جیاوازیەکانی ئەندامی جۆراوجۆری لاشە و پێوەندی ئەوانە لەگەڵ یەکتر،

پێکهاتەی ئەوانە، جموجووڵ و ئەرکەکانیان و گۆڕانکاری گونجاو لەوانە دەبینن. بینینێکی وەها دەتوانێ توانا بەوان بدا کە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ڕاگرتنی ئەم ئەندامانە لە بارودۆخێکی سالم و ڕێگای گەڕانەوەی ئەوانە بۆ بارودۆخی سەرەتایی لە کاتی ئاڵوگۆڕدا ڕابگرێ.

بۆ ئەم کارە ئەوە بەسە ئەوان چۆنیەتی لاشەکانی تری لەگەڵ لاشەی خۆیان لە کردەوەدا لە بەرانبەر یەکدا دانێن و بناسن و تایبەتمەندیەکانی و هەر شتێک توانا بەوان دەدا کاریگاری باش و خەراپ لە سەر لاشەدا هەبێ، ئاشکرای کەن. ئەم شتانە بە کەڵک وەرگرتن لە هۆشی مرۆڤێک کە ئەزموونی جۆراوجۆری کە مرۆڤ بە یارمەتی ئەم هۆشەوە وەری دەگرێ، فێر دەبێ و لەوەی کە ژنان بەتەواوی توانایی هەر دوو کارەکەیان هەیە، ئەوانیش هەروەها دەتوانن وەکوو ئێمە فیزیک و بواری پزیشکی فێر بن.

لە سەر ژنانی ئێمە، ئێمە دوای ڕێنوێنی تەواو دژی ئەوان، لە پێش گرتنی ئەوەی کە دەستیان بە زانست و خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان نەگرتووەو، بەڵکوو هەنگاویشمان بۆ پیشەوە ناوە وەهامان دەزانی کە پێشگرتنی ئەوان بە پێی لاوازی سرووشتیەوەیە. هیچ شتێک لەمە خەیاڵی تر لەم بیروباوەڕەدا نیە، لە بەر چی، چوونکە چ سەیری زانست بکەین وچ سەیری هێزی هۆش کە بۆ تێگەیشتنی زانست لەوانە کەڵک وەردەگرین، لە هەر دووکی ئەوانەدا جنس لەگەڵ یەکتریدا یەکسانە. تەنیا ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، خۆراکی هۆش، بۆ هۆش و زەین بوونی هەیە، هەر بەو جۆرەی کە تەنیا ڕێگایەک بۆ چوونە ژووری خواردن بۆ هەموو زکێک بۆ مانەوەی لاشە هەیە. لە زۆر بواری جۆراوجۆری هۆش کە ئەو کەمتر یان زیاتر یارمەتی دەری فێربوونی زانستە، سەرەڕای ئەوەش لە ڕووی ڕاستیەوە سەیری ڕاستیەکان بکەین، ناچارین ئەوە قبووڵ بکەین کە تەواوی ئەرکەکانیش لە سەر ژنانە. ئێمە ناتوانین باسی ئەوە بکەین کە پیاوانێک کە لاشەیان زل و گەورەیە و قورسترن، بێ ئەقڵ یان بێ هۆشن

و یان به پێچەوانه کەسانێک که چکۆلەتر و هەستیارن، به هۆشترن. ئەزموونی من بەربەڵاوتر و یەکسانتره که ناچار به بەڵگه هێنانەوه بم. بەوجۆره، جنسی جوان و زەریف، بارودۆخێکی زەریفتر له خودی خۆمان پیشان دەدا، ژنان دەبێ دڵنیابن که له کاتی فێربووندا لەگەڵ پیاودا یەکسانن. وای بۆ دەچم که زۆربەی خەڵک وا دەزانن که من درێژدادڕیم کردووه و لەگەڵ بۆچوونی من دا نین. ناتوانم لەم بوارەدا کارێک ئەنجام بدەم. ئێمه به قووڵی تێدەفکرین که شەرافەتی جنسی ئێمه به پێی بنەڕەتی هەر شتێکدایه، له کاتێکدا من باوەڕم وایه که به لێکدانەوەی عداڵەت دەبێ مافی هەر دوو جنس یەکسان بدرێ. هەر بەو جۆره، ئێمه هەموو، چ ژن و چ پیاو، له بەر ئەوەی هەر دوو ئێمه پێچەوانەی کردەوەکان پێوەندیدار بەو ئۆبژانەی که له سەر لاشەمان کاریگەری دەبێ، پیشان دەدەین. ئەم مافه له زانستی یەکسان که له ڕێگای سرووشتیەوه به ئێمه دراوه، لەم راستیەوه سەرچاوه دەگرێ که هەمووی ئێمه به شێوەی یەکسان پێویستمان بەوەیه. هیچ کەس نیه که له ژیاندا هیوای سەرکەوتنی له کارەکانیدا نەبێ. کەسیش ناتوانێ به بێ زانستی ڕوون و بێ وێنه سەرکەوتنی دەست کەوتبێ. هەر بەو جۆرەی که عیسای مەسیح و سونەته بنەڕەتیەکانی هیوای به مرۆڤ بەخشیوه، ئەم زانستەش هەر هەمان شته که خۆشبەختی ئێمەی له ژیانی ڕۆژی دواییدا (قەیامەت) هیوابەخش کردووه. کەوابوو نابێ ئێستاکه نرخی زۆر بۆ دەربڕینێ که جیاوازی دەخاته نێوان دوو جنسەوه قایل بین. گەر بمانەوێ پیاوێک به هۆی لاوازی و ترسنۆکیەوه، بێ هێزی له جیاکردنەوەی شتەکان، بخەینه بەر تیرەوتوانج، ناوناتۆرەی ژنی لێ دەنێین، وەکوو ئەوەی که بڵێین که وەکوو ژن بێ هێز و لاوازه. له لایەکی ترەوه گەر بمانەوێ به ژنێک بڵێین به تواناو نەترسه، هێز و هۆشی بێ پایانی هەڵدەسەنگێنین و دەڵێین ئەو ژنه وەکوو پیاو هەڵس وکەوت دەکا. ئەم بۆچوونانەش زۆر پێهەڵگوتنه و هیچ پێوەندی لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێمه مرۆڤەکان یەک ناگرنەوه. چوونکه ئێمه باوەڕمان بەوه نیه بۆچوونێکی ڕاست و دروست بێ و ڕاستییەکی لەو چەشنه به شێوەیەکی نادروست و

کوێکوێرانه و له سەر بنچینەی ژینگه و سونەته، کەوابوو ئەو جۆره دەربڕینانه به پێی مەرج و بڕیارن. پێوەندی خۆپارێزی، نەرمونیان و سداقەت به جۆرێک قووڵه گەر جنسی ئەوان له کەشێکی وەهادا بێ نرخ ڕانەگیرابا، هەر پیاوێک به هۆی هەبوونی لەو چەشنه نیشانانه به بەرزترین شێوه دەمانپەرەستی و دەمانوت: " ئەوه ژنێکه" هەڵبەته گەر پیاوان مەیلیان به وەرگرتنی ئەم جۆره وێژەییه له وتەکانیان دا هەبێ. به هۆی ئەم هەمووانه، پیاوان نابێ له کاتی جیاوازیدا دەستەو یەخەی یەک بنەوە (فیزیکی)، لەو کاتەدا "حیوانەکان" له ئێمه ئەوبەرترن و له مرۆڤ بەهێزترن. ئەزموون به ئێمەی پیشان داوه که هێزی حیوانی، مرۆڤ بۆ هەر کارێک جگه له کاری لاشه، ناگونجاو دەسازن، له کاتێکدا خەڵکانێک که له هێزی لاشەیان کەمتره، زۆر جار بەهۆشترن. به تواناترین فیلسۆف و به هێزترین پاشا زۆر جار حساس ودڵنازک بوون و گەورەترین کاپیتانەکان له شەڕ لەگەڵ سەربازه هەژارەکان، رازی نەبوون. ... بەم جۆره رادەی دڵنیابوونی قەوارەی لاشه و لێکدانەوەکان و جیاوازی نێوان دوو جنس زانیاریانه یان منطقی نیه، چوونکه جیاوازی هۆش و زەین زۆر گرنگتره.
ئەم وەرگێرانه لەم کتێبه ی خوارەوه وەرگێڕاوه.

François Poullain de la Barre. On the Equality of the Two Sexes. In Three Cartesian Feminist Treaties, Vivien Bosely, trans.Chicago: University of Chicago Press, 2002(pp.82-83, 90-91, 106-107

سەرچاوه: ماڵپەڕی: "انسان شناسی و فرهنگ"

## تێکستی فێمنیستی وەڵامی قەشە فیلووتیا (١٩٦١)

**پێشگوتن:** ژنە قەشەی مکزیکی، خۆشکە جوانا ئینس دوولاکووز (١٦٥١-١٦٩٥) بە ئاماژە کردن بە ژنانی بەتوانا و زیرەک لە ئینجیل و شی کردنەوەی تێکستە سەرەتاییەکانی مەسیحی، هەروەکوونووسینەکانی پاول قەدیس، لە چالاکی بیروبۆچوونی ژنان پشتیوانی دەکا. ناوبراو باوەڕی بە بیروبۆچوونە بنەڕەتیەکانی خۆی کە کاتولیکە، هەیە کە پێی وایە یەکسانی ڕۆحی ژنان ئەو مافەیان کە بۆ فێربوون بۆ کردەوەی چاکە لە باری ڕۆحییەوە ئامادە کردووە. خۆشکە جوانا کە منداڵی ناشەرعی باوکێکی ئیسپانی و دایکێکی مکزیکی بوو، خوێندنی سەرەتایی هەر لە منداڵییەوە لای باوا گەورەی خۆی فێر بوو. ناوبراو لە دەرباری سەلتەنەتی لە مێکزیکو سیتی خزمەتی دەکرد، هەر لەوێ ناوبانگی وەکوو بلیمەتی داهێنەر دەرکرد. لە تەمەنی ١٨ ساڵاندا بۆ خوێندن ڕوی لە کلیسایەک کرد. دوای دوو دەیە ناوبراو شانۆنامەی سێکیولار، هۆنراوەی ئەویندارى و لە دوایشدا زۆر وتاری مەزهەبی چاپ و بەڵاو کردەوە. سەردەمێک کە "ئەسقەف"ی گەورەی ناوبراو، بە نێوی خوازراوی خۆشکە فیلووتیا، لە نووسینەکانی گلەیی کرد، جوانا لە وەڵامدا نووسی کە کەنیسە نابێ لەو شتەی کە ڕەخنە لە خوا دەگرێ، دژایەتی بکا. فێمینیستەکان بۆ چەند سەدە باسی لەو چەشنەیان بە کەڵک وەرگرتن لە پێداهەڵگوتنی ژنانی بە توانا لە تێکستی مەسیحی بە دواداچوونیان کردووە و لە سەر ئەم خاڵەدا جەختیان کردووەتەوە کە ژنان بە شێوەیەکی تایبەتی ماموستایانی زۆر باشن. بەڵام جوانا چەند ساڵ دوای بەڵاو کردنەوەی ئەم وەڵامە ناچار تەسلیمی کلیسا بوو لە نووسین وازی هێنا.

## وەڵام بۆ خۆشکە فیلووتیا

کابانی گەورەم، تەنانەت ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوانە تاڕادەیەک بۆ پلەو پایەی کەسێک بێ(بەو جۆرەی کە لە لایەن پیاوانەوە وەهایە)، ئەم مەبەستە(موضوع) من ناگرێتەوە، چوونکە من ئەوانەم لە ڕووی بێ ئیرادەییەوە نووسیووە. ئەگەر ئەم نووسینانە شیاوی لۆمە کردن بێ، بەو هۆیەوە باوەڕ ناکەم ، من لۆمە بکرێم. بەم جۆرە، تا ڕادەیەک لە خۆم دڵنیانیم چ لەم بوارەدا و چ لە بوارێکی تردا. بە دادوەری خۆم دڵنیا نیم. بەم جۆرە بڕیار بە زیرەکی و گەورەی جەنابت دەسپێرم و بە بێ دژایەتی و پەشیمان بوونەوەم لە تەسلیم بوونم ; ئەمەش ڕوون کردنەوەی منە بۆ نووسینی ئەو نامانە. هەروەها دەبێ دان بەوەش دا بنێم هەرچەند زۆر درێژدادڕیم کرد، ڕاستییەکی وەها پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە ناکا، بەم جۆرەش نموونەی زۆری پێشووتر کە لە بواری ئەوانەدا لە تێکستی ئیللاهی و مرۆڤایەتی شتهایەکم خوێندووە یارمەتی زۆرم پێی دەکەن. چوونکە دبوارا (کتێبی ٤ و ٥ ژێر نووسی ١) م دیتووە کە لە ناوچەی نیزامی و سیاسی یاسا شی دەکاتەوە و دەسڵاتداری نەتەوەیەکە کە زۆربەی پیاوە زاناکان پێیدا هەڵدەڵێن. شاژنی هۆشیار سەبام.... بینیوە کە هێندە بە توانایە کە بە لێهاتوویی و بە بێ تانەلێدان بە مەتەڵەکانی زیرەکترینی پیاوان دەباتە ژێر پرسیارەوە. سەرەڕای ئەوەش هەر بەو هۆیەش دەبێتە قازی "کفار" من ژنانی زۆر بە هۆشم بینیوە بۆ نموونە ئەبیگیل، ئەسفار ملوک، سام کە هێزی لە ڕادەبەدەری پێی بەخشراوە یان کەسانێکی وەکوو ستر بە هێزی قانیع کەرەوە، یان ئەوانی تر وەکوو ڕەحاب یوشعی خۆپارێز، یان کەسێکی وەکوو ئانا دایکیساموئیل یان ژنانی لێهاتووی تر بە هەیبەت و بە دڵفراوانی زۆرەوە... دوکتور ئارکی گەورە (پرۆفیسۆر ی هەڵکەوتوو لە بواری تێکستی ئاسمانی و دینی و یەکتاپەرەستی و ڕاهێنان) لە کتێبی خۆیدا (ژێرنووسی ٤) ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە: ئایا ژنان مافیان هەیە کە کاتی خۆیان بۆ لیکۆڵینەوەی

ئینجیلی موقەدەس و شی کردنەوەی تەرخان بکەن؟ ناوبراو بیروبۆچوونی زۆر لە قشەکانی لە سەر ئەم بیروڕایەدا کۆکردوەوتەوە، لەوانە بۆچوونی ئامۆژگارێک: دەڵێی، "بێڵن با ژنان لە کەنیسەدا بێدەنگ بن، چوونکە ئیزنی قسە کردنیان نیە." پاشان بۆچوونێکی تر دێنێتە ئاراوە، بەتایبەت وتەی هەمان ئامۆژگار کە وتەکەی ڕووبەڕووی تیتووس دەکاتەوە: "ژنانی بەساڵاچوو، بە ئیخلاقی گونجاو، بە خۆداپۆشێنی موقەدەس... مامۆسای چاکن."... ناوبراو سەرئەنجام بە هێزی لێکدانەوەی سالمی خۆی بڕیار دەدا کە قسە کردن بۆ گشتی لە کلاسی دەرسدا، و وانە یان ئامۆژگاری لە پشتەوەی تریبون، چالاکی ڕەوا بۆ ژنان نیە. بەڵام خوێندن و نووسین و وانە وتنەوە بە تایبەت لە لایەن ژنانەوە، نە هەر ڕەوایە بەڵکو زۆریش بە کەڵکە. هەڵبەتە ئەم باسە زۆر ژنان ناگرێتەوە، تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە خوا بە وانە یەکتا پەرەستی و سەبرو حەوسەلەی پێیان بەخشیوە.... سەرئەنجام ڕاستیەکان وایە کە شی کردنەوەی تێکستی دینی و موقەدەس نە تەنیا بۆ زۆربەی ژنان بەڵکو بۆ زۆربەی پیاوانیش شیاو نیە، بۆ پیاوانێک کە خۆیان بە کەسانی ترەوە هەڵدەواسن و خۆیان بە زانا دەزانن، سەرەڕای ئەوەش بۆ پیاوانێک شیاوە کە زۆر زانا و خۆپارێز و خاوەنی هۆشیارییەکی زۆر و بە ئەزموون بن. کەمتەرخەمی لەم بوارەدا بە باوەڕی من بووەتە هۆی دەستەبەندی و سەرچاوەی گەندەڵی. چوونکە کەسانی زۆر دەخوێنن تاکوو نەزان بن، بەتایبەت ئەوانەی کە بیری سەیروسەمەرە و سەرەڕەویانە و بە کەیفی خۆیان دادەتاشن بە بەڵگە هێنانەوە لە یاسا دا(دەبێ ئا لێرەدا پێشی ئەمانە بگیرێ). بەو جۆرەی تاکو کاتێک شتێک بە سەر زمانیان نەهێنن، یان بە هۆی ئەوەی شتێک بڵێن کە تاکوو ئێستا کەس نەیوتووە، بێ دەنگ دانانیشن. "روح القدس" لە سەر ئەوان دەڵێی: " زانست ناچێتە ڕۆحی ئەوانەوە کە بیری خەراپیان هەیە." ( بۆ ئەم کەسانە فێر بوون زەرەری زۆرتری هەیە لەوەی کە لە نەزانینا بمێننەوە... ئۆف، وڵاتی ئێمە لە چ ئازارێ دەمێنێتەوە ئەگەر هەموو ژنانی بە ساڵداچووی ئێمە بە ڕادەی لائێتا زانا بوایان یان دەیانتوانی بە شێوەی پاول قەدیس یان باوکی

من، جروم قەدیس وانەیان بوتایا! لە باتی ئەوەدا گەر باوکان بیانەوێ کچەکانیان فێری خوێندن بن، بە هۆی ژنانی بە ساڵدا چوو زانادا و ئەو پەڕی بێ ئاگایی کە بووەتە چارەنووسی خەمباری ژنان، ناچارن مامۆستای پیاو دامەزرێنن بۆ ڕاهێنانی خوێندن و فێربوون، جەبر، فێربوونی ئالاتی موسیقا و لەو بابەتانە. زەرەری ئەم جۆرە کارانە کەم نیە، چوونکە هەموو ڕۆژێ شایەتی ئەو جۆرە پەیمانە ناڕیکانەین: بە هۆی پێوەندی هاسان و هاونیشتەجێی بەردەوام لە ماوەی دورودرێژ، شتهایەک پێش دێن کە هەرگیز بیرمان بۆی نەدەچوو. سەرئەنجام، زۆربەی باوکان وایان پێی باش بووە کە کچەکانیان لە کەشێکی بەڕبەڕی و بێ فەرهەنگ بێڵنەوە تاکوو لە تەنگانەیان بخەن بۆ ئەوەی جۆری جینسی دژی خۆیان بدۆزنەوە. ئەگەر بەوە جۆرەی کە پاول قەدیس هیوای بوو، مامۆستای ژنی بەساڵدا چوو هەبوایا، هەموو ئەم کێشانە نەدەمان و دەستورەکان لە گرووپێک بۆ گرووپێکی تر دەگواسترایەوە .ئەگەر هەموو توێژەران و شی کەرەوەکانی پاول قەدیس ، بۆچوونێکی تریان هەیە، پێم خۆشە بۆمی شی کەنەوە کە چ بۆچوونێکیان لە سەر ئەو ڕستەیە "بێڵن ژنان لە کەنیسەدا بێدەنگ بن" هەیە. لە بەر ئەوەی مانای ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بۆ شانۆی وتاربێژان و کورسیی قەشەکان دەدا یان بە شێوەیەکی تر ئاماژەیە بۆ دیندارەکان کە لە کەنیسە دان. ئەگەر یەکم مانای بە بەڵگەوە بسەلمێندرێ (بە بۆچوونی من هەر وەهایە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە ژنان مافی وتارخوێندنەوە یان ئامۆژگاریان بۆ خەڵکی لە کەنیسەدا نیە)، چوونکە ئەوانە کەسانێک خەریکی توێژینەوەی تایبەتی بن سەرزەنشتیان دەکەن؟ ئەگەر مانای تری لێک دەدەنەوە و بەرگری لە ئامۆژیاری کە خوێندن و فێربوون و وانەوتنەوە بە دزیەوە دەگرێتەوە، ئەی چۆنە کەنیسە ئیجازەی بە گرترۆد، تێرزا، بێرجیت، ژنە قەشەی ئاگردا و زۆری تریش بە خوێندن و فێربوونی داوە؟ ئەی ئەگەر وەڵامەکەی وەهایە کە ئەم ژنە قەشەیانن، من ئەوەش وەردەگرم بەڵام ئەم مەبەستە باسەکەی من دەسەلمێنێ: چوونکە یەکەم شیکردنەوەی پاول قەدیس جێی متمانەیە و هەموو ژنان

دەگرێتەوە، نە تەنیا ژنانی غەیرە قەشە، لە بەر ئەوەی لە سەردەمی ناوبراودا و لە گەرموگوڕی سەردەمی سەرەتاکانی کەنیسەدا مارتاو مەری، مارسلا، مەری دایکی یاکوب، سالومە و زۆر ژنی تر قەشە بوون و ناوبراو ئەوانی "مستثنی"(پەراوێز) نەخستووە. ئەمڕۆژ دەبینین کە کەنیسە ئیجازەی ژنان دەدا بە هەموو چین و توێژێکەوە کە بخوێنن و بنووسن، چوونکە ژنانی قەشەی وەکووئاگردا و ماریای ئانتیگوا قەشە نەبوون بەڵام نووسینەکانیان بەڵاو کرایەوە، هەر بەو جۆرەی کە تێرزای قەدیس و ژنانی تریش نووسیوویانەو بەڵاو کراوەتەوە. بەم جۆرە بەرگری پاول قەدیس تەنیا ئاماژە بە ئامۆژیاری لە بەرانبەر خەڵک و لە سەر شانۆی وتارخوێندنەوەدایە: ئەگەر ئامۆژیار نووسینی یاساغ کردبوو، کەنیسەش ئیزنی ئەم کارەی نەدەدا. ئیمڕۆ من هێندە تاوانبار نیم کە بتوانم دەرس بڵێمەوە ـ لە سەر من ئەمە ئەو پەڕی ئازایەتییە. نووسین پێویستی بە زانیاری زیاتری لە زانیاری من هەیە و بیری زۆریشی دەوێ. لە بەر ئەوەی سیبریا قەدیس دەڵێ: "ئەو شتانەی کە دەینووسین دەبێ زۆر بە سەرنجەوە هەڵبژێردرێن." تەواوی هیوای من خوێندنەوە بووە تاکوو لە نەزانینم کەم بێتەوە چوونکە هەربەو جۆرەی کە سەنت ئاوگوست دەڵێ، هەندێک شت بۆ کردەوە فێری دەبین و شتی تریش تەنیا بۆ زانیاری. بەو جۆرە چ کارەساتێک ڕووی داوە، لە کاتێکدا من داکۆکیم لە مافی ڕەوای ژنان کردووە، هەروەها چاوپۆشیشم لەوە کردووە کە خوێندن لە ڕێگای نووسینەوەیە لە بەر ئەوەی دەزانم کە زانیاری تەواوم بۆ ئەو کارە نیە و لە پەندی کوانتیلین پەیڕەویم کردووە: بێڵن با هەموو کەس فێر بێ و زیاتر لە ڕێگای وردبوونەوە و ناخی خۆتانەوە شت فێر بن تاکوو لە کەسانی تر پەند وەرگرن.

سەرچاوە: انسان و فرهنگ شناسی

# یادی ۱۰ی خاکەلێوە

لە دیرۆکی پڕ لە شانازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هەندێک ڕۆژی تاڵ و تفت هەیە کە ناخۆشترینیان ڕۆژی ۱۰ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوییە. ئەو ڕۆژە بۆ هەتا هەتایە وەک ڕۆژێکی ڕەش و تاریک یاد دەکرێتەوە. چوونکە لەو ڕۆژەدا پێشەوای کارێزما و کەڵە پیاوی مێژووی گەلی کورد قازی محەممەدی نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سەرەک کۆماری کوردستان لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی واتە سەیف و سەدری قازی بەدەستی گەورە دیکتاتۆری ئەو دەم واتە حەمە ڕەزای پاڵەوی و داروودەستە نفرەت لێکراوەکەی لە سێدارە دران. حکوومەتی حەمە ڕەزاشا بە هیوای ئەوەی کە بە لە سێدارەدانی پێشەوای گەلی کورد خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ هەمیشە کپ دەکاتەوە، دەستی دایە تاوانی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان. بەڵام هەر چەند تاوانی خۆی ئەنجام دا، بە هەڵەدا چوو، لە بەر ئەوەی ڕێبازێک کە پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، لە قووڵایی هەست و خواستی نەتەوەی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت و دەکرێ و ئەو میللەتەی پێشەوا قازی محەممەدی پێگەیاندووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی نە تەنیا لە درێژەدان بە ڕێبازی سڵ ناکا، بەڵکوو هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر خۆی بە درێژەدەری ڕێگای ئەو شەهیدانە دەزانێ و تاکوو گەیشتن بە ئاواتەکانیان خەبات لە کوردستان درێژەی دەبێ.

پێشەوا قازی محەممەد ڕۆشنبیرێکی نەترس و ڕێبەرێکی بە مشوور بوو. بە هۆی نزیکی لە گەلەکەی شارەزای تەواوی دەرد و مەینەتەکانی ئەوان بوو. پێشەوا بە هۆی کەسایەتی بەرزیەوە خۆی بە بەشێک لە خەڵک دەزانی و خۆی لەوان جیا نەدەکردەوە. بە زمانێکی سادە و ئاسایی لەگەڵ خەڵک دەدوا و گوێ بیستی قسەکانیان دەبوو. بۆیە وەک یەکەم ڕیبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد نازناوی پێشەوای پێبەخشرا. ئەو هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆی لە پێناوی بەختەوەری گەلی

کورد دانابوو. پێشەوا نیشتمانپەروەرێکی دیموکرات، ناسیونالیستێکی مرۆڤ دۆست و دۆستی هەموو گەلانی ئێران و لایەنگری ئاشتی و دادپەروەریی جیهانی بوو. لە پێناوی وەدیهێنانی باوەڕە مرۆڤایەتیەکانیدا، پێسەوا قازی محەممەد تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرا، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ڕێزی لە مافی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان دەگرت و کۆماری کوردستانی بە حکوومەتی هەموو دانیشتوانی کوردستان دەزانی.

پێشەوا دەیزانی بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا بەشداری چالاکانەی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵی کوردەواری و لاوان وەک هێزی دینەمۆی بەرەوپێش چوونی جڤاک، پێویستیەکی سەرەکیە. هەر بۆیە بە پێکهێنانی یەکیەتی ژنان و ناردنی لاوان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتوو لە کوردستانی دواکەوتوویی لێدراودا بوو. ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ڕۆژی شەهیدان ناسروە و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری دەگرن. جێی شانازییە کە بە شەهید بوونی پێشەوا و هاوڕێکانی بلێسەی گڕکانی خەبات دانەمرکایەوە و ڕێگای ئەو شەهیدانە بێ ڕێبوار نەمایەوە و زۆری نەخایاند کە ڕۆڵە ئازاو لە خۆبوردووەکانی نەتەوەکەمان بۆ خەباتێکی توند و درێژخایەن وەخۆ کەوتن و قۆڵی هیممەتیان بۆ بووژاندنەوەی تەشکیلاتی حیزب هەڵماڵی. زیاتر لە ٦٧ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دڕندەترین دوژمنانی ماف و ئازادی دا لە خەبات دایە و لە پێناوی دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دا هەزاران کەس لە ڕێبەران و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی گیانیان بەخشیوەو شەهید بوون. بەو حاڵەش حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژێک لە خەباتی خۆی ڕانەوەستاوە و بە چۆک دا نەهاتووە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ماوە دوورو درێژەدا تووشی هەوراز و نشیوی زۆر هاتووە و گەلێک قۆناغی سەخت و دژواری بڕیون، بە سەر زۆر تەنگ و چەڵەمە و کەندو کۆسپدا تێپەڕیوەو تێشکانی

به خۆیەوە دیون. ئەم حیزبە نە لە سەرکەوتنەکاندا لە خۆبایی بووە، نە لە تێشکانیش ناهۆمێد بووە. زیاتر لە نێو سەدەیە تێکۆشانی بێ پسانەوەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕوونی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە خوێنی شەهیدان گڕکانی خەبات بڵێسەدارتر و بەتین تری دەکا و دوژمنانی ئازادی لەگەڵ نائومێدی و ڕیسوایی بەرەوڕوو دەکاتەوە. لە کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" لە نووسینی ڕیچارد ئەی. مۆبلی Richard A. Mobley و لە وەرگێڕانی بەڕێز حەسەن قازی، لە لاپەڕی ٣٠ ئەم کتێبە (مۆبلی) لە سەر قازی محەممەد وەها دەنووسێ:

بە ئاوردانەوە لە رابردوو، دەردەکەوێ چالاکییەکانی قازی دەیسەلمێنن کە ناوبراو پیاوێکی ئەوتۆ بووە کە بە کارامەییەوە هێز و دەسەڵاتی بەکار هێناوە، مامۆستایەکی هونەری مومکین بووە، پیاوێکی ئەوتۆ کە ئامادەیی ئەوەی بووە لەتەک بەرنامەی گشتگری کوردی بێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئیئتلافێک کە بکرێ چەرخی کاری بگەڕێ، پێک بهێنێ. بە کورتی قازی کەف و کوڵی بزووتنەوەی گشتگرەوەی کوردی بەکار هێنا لە کاتێکدا بە ئاسانی لایەنی پێشەوەچوونی ئیفراتی وەلانا. شتێکی تر کە لە سەر قازی ئەوەیە کە ناوبراو وەک موتوری هێزی کۆماری کوردستان وەحیساب دێ. هەرچەند قازی بێ ڕەقیبیش نەبووە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە شاری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بە شکست کۆتایی هات بەڵام لە ڕاستیدا دامەزراندنی کۆمارێک کە لە ماوەی یانزە مانگدا قۆناخێکی پڕ بایەخ بوو لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەروەها وەرگرتنی چەندین وانەو پەند لە گۆڕانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و رزگاری نەتەوەی کورد. بەڕێز بێ یادی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلی کورد، بەتایبەتی سەرەوران قازی و قاسملوو شەرەفکەندی.

بڕۆخێ ڕێژیمی کۆنەپەرەست و تێروریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران

**هۆره، زەمزەمە ی لالانەوە، دەنگی حەماسی، ئاوازی ئەڤینداری**

نووسینی: رضا موزونی

نیشتمانی زاگرۆس جێگای ژیانەوەی کۆنترین و ڕەسەن ترین ئاواز و ئاسەواری جیهانە. منداڵانی دانیشتوی زاگرۆس لەگەڵ موسیقادا لە دایک دەبن، لەگەڵ موسیقادا گەورە دەبن و لەگەڵ موسیقاشدا پیرو کۆچی دواییش دەکەن. گەر سەرەنجێکی سەرپییانە بدەین بۆمان دەردەکەوێ بەڕاستی یەکەم دژکردەوە و پێچەوانەی مرۆڤ بە چاو کردنەوەی بە دنیای ڕووناک هەمان گریانی دوای لە دایک بوون دایە. سرووشت و ژیانی خەڵکی نیشتمانی زاگرۆس و بێستوون بووەتە هۆی ئەوەی تاکوو پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زۆر موسیقای جۆربەجۆری سرووشتدا هەبێ. هاژەی نەرمەی نەسیم، هاژە و هۆرەی ئاوی ڕەوانی نێو دڵی کێوەکان، دەنگی قاسپەی کەوە عاشقەکان و هاژەی ڕووبار و ئاو با دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و ڕۆحی خەڵکی ئەم نیشتمانەیان زیندوو جوانتر کردووەو داهێنەری ئاوازی کۆن و بێ هۆش نیە کە منداڵانی چکۆلەی کورد بە بیستنی دەنگی گونجاو ریتمیک گوێ قۆڵاخ دەبن و پاکانیان لە باوەشی دایکیان دا دەجووڵێننەوە.

لە پارێزگای کرماشان و ناوچەکانی تری کوردستان "دەنگ" لایەنگرێکی لە ڕادەبەدەر و جیددی لە فەرهەنگی خەڵکدا هەیە. مەتەڵ و پەندی پێشینیان و حکایەتەکانی ئەم نیشتمانە پڕە لە جۆرەها دەنگ و ئاواز. بە پێی لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەم نووسینە نزیکەی سەد جۆر دەنگ بە وتنی تایبەتی خودی دەنگەکە لەم پارێزگایەدا هەیە و بە وتنی هەر جۆر دەنگێک، جنس و سەرچاوەی دەنگەکە بە بێ هیچ شرۆڤەیەکی زیادە دیار دەبێ. بۆ نموونە "زرنگە" واتە پێکدادانی دوو جۆر "فلز" وە یان "قوڵپە" واتە شتێک کە بکەوێتە نێو ئاو. بەڵام باسی ئێمە لە سەر هۆرە ئەم ئاوازە ڕەسەن و خۆشەویستەی خەڵکی کەڵهۆر و گۆرانە. لە پێشەکی ئەم باسە

پێداچوونەوەیەکی کورت بە نێو "مور" و "سیاچەمانە" لە ئاوازە دێرینەکانی ئەم نیشتمانە دەکەین.

**مور**

لە ئاوازە ڕێشەدارەکانی زاگرۆسە و سەرچاوەی ئەم ئاوازە بە بێ هیچ گومانێک دەوروبەری ڕووباری سیمرەیە. نێوەرۆکی مور پێکهاتووە لە خەمباری و خفەت و دەردی گەورە و ئەم ئاوازە سووتێنەرە لە ڕووداوی گەورەی وەکوو مەرگی ئازیزان، سەرداران و گەورە پیاوان دەچڕن. ئەم ئاوازە بە شێوەی یەک نەفەرە و جاروباریش بە شێوەی کۆمەڵ یان گرووپ دەچڕن. ئاوازی "مور" تایبەتە بە خەڵکی لەک و بەڕاستی هیچ قەومێکی تر وەکوو لەک ئەم ئاوازە سۆزهێنەرە ڕەسەن و بەتوانا ناچڕن. لە هۆرەچڕانی مور دەتوانین ئاماژە بە غۆلام دەرگاهی، سەفەر بەرزوویی و عەینعەلی تەیموری بکەین.

**سیاچەمانە**

هەروەها سیاچەمانە ئاوازی کۆن و ڕەسەنی ناوچەی هەورامانە و بە سۆزو هەوایەکی خۆش دەخوێنرێ. نێوەرۆکی سیاچەمانە پێکهاتووە لە عەشق و هیجران و خەمباری و جاروباریش هاوار دژی زوڵمی خاوەن مڵک و ڕەعیەتی دەورانی ڕابردووی دووری ئەو ناوچەیە و خوێندنەکەشی هونەرمەندی تایبەتی خۆی دەوێ و تەنیا دەنگ خۆش و گۆرانی بێژانی هەورامی دەتوانن بیخوێنن. بە سەرهەڵدانی مەکتەبی "تەسەوف" لە ناوچەی هەورامان ئاوازی سیاچەمانە شێوازی عیرفانی بەخۆوە بینی و کە پێی دەڵێن شێخانە.

بۆ لێکدانەوەی سیاچەمانە بۆچوونی جۆراوجۆر باس کراوە کە مانای چاوی ڕەش و سیاجامە ڕاست ترە. لە سیاچەمانە خوێنەکانی هەورامان دەتوانین لە مامۆستا (عوسمان هەورامی) یادکەین.

**هۆرە**

له کۆنترین جۆری ئاوازی نیشتمانی زاگرۆس و له دێرینه ترین ئاوازی جیهانه. له سەر باکگروندی هۆره بەڵگەیەکی ئەوتۆمان به دەستەوه نیه بەڵام به سەرنجدان به تێکەڵ بوونی هۆنراوەکانی هۆره له باری وەزن و قافیه لەگەڵ ئەو هۆنراوانەی که له مقامی تەمورەوه دەژەنرێن، دەتوانرێ دێرینه و سابقەی تەموره بەیەکەوه گرێ بدرێتەوه. جگه لەمانەش هەندێک له مقامی هۆرەو تەموره وەکوو "سەحەری" تێکەڵن و بەم جۆره هاوکاتی و هاوبنەماڵەیی هۆرەو تەموره بێ شک له یەک نزیک دەکاتەوه.

له باری پێشینەی تەموره یان ساز بەتەواوی ڕیشه و بنەچەی هۆره مان پێی دەدا که دەتوانین به نووسینی سەر ئەو بەرده بکەین که له دەوروبەری شاری مووسڵ دۆزراوەتەوه و تەمەنی نزیکەی 5 تاکوو 7 هەزار ساڵ دەبێ. هەروەها پەیکەری "سەفالی" تەمووره ژەنێک که له شاری شووش دۆزرایەوه که تەمەنی دەگەڕێتەوه بۆ 1500 ساڵ پێش زایین و به پێی ئەم بەڵگانه دەتوانرێ مێژووی 6000 ساڵه بۆ تەمووره هەروەها هۆره دابنرێ.

وشەی هۆره له (ئەهوراوه) هاتووەو بۆ لاڵانەوه و خوێندنی تێکستی پیرۆز و کۆن و پاڕانەوه بۆ ئەهورا مەزدا چڕاوه، هێشتا هۆرەچڕانی کورد بۆ چڕینی هۆره دەست له سەر گوێیان دادەنێن و تەنیا ئاوازی پاڕانەوەیه که بۆ سنترالیزه کردن و پێوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆحانی دا بۆ خوێندنی دەست له سەر گوی دادەنێن.

هۆره له ڕیتمی ئازاد پێڕەوی دەکا و هۆنراوەکانی ده هیجائی و له سەر وەزنی "مستفعلاتن" دایه. پێکهاتەی هۆره به 14 مقام دادەنێن که زۆربەی لەگەڵ تەمووره و دوزەله تێکڵاون. بەڵام ڕاستی ئەوەیه که هۆرەچڕانی ئەمڕۆی کەڵهۆر تەنیا چەند هەوا یان مقام دەچڕن که دەتوانرێ به مقامەکانی "دوو دەنگی"، "قاچاخی چڕ"، "پایه مووری" و "غەریبی چڕ" ئاماژه بکەین. هۆنراوەکانی هۆره زیاتر له ئەدەبیاتی گشتی و فولکلۆر هەڵبژێردراوه، بەڵام جار و بار هۆره چڕەکان له جێگای گونجاوی وەکوو کۆڕوکۆمەڵی خۆماڵی هۆنراوەگەلێک که بۆ خۆیان دایدەنێن دەیچڕن، که

ئەم هۆنراوانەش تایبەتی لە مقامی "دوو دەنگی" کە لە نێوان دوو هۆرە چڕدا دەخوێنرێ، ڕوو دەدا. نێوئاخنی هۆنراوەی هۆرە لە ڕابردوویەکی دوور لالانەوەو عیرفانی بووە کە دواتر بە گوزەری زەمان بۆ سەردێڕی حەماسی، عاشقانە، هێجران و سرووشت و هتد گۆڕا. هەندێ جار بۆ هۆرە وشەی هاوناوی وەکوو "لۆرە" و "کزە" بەکار دەبەن کە هەر جار هۆرە چڕێک بە ڕیتمی قورس تر و بە دەنگی نەرمتر و هاوکات بە دڵ تەنگی و خفەت و نارەحەتەوە بچڕێ، ئەم دوو وشە بەتایبەت "کزە"ی پێی دەڵێن.
هۆرە بە بێ سی و دوو تایبەتی خەڵکی کەڵهۆر و قەڵخانی یە کە هۆرەچڕانی "کەڵهۆر" لە هۆرەدا ناوبانگیان هەیە. لە هۆرە چڕە بەنێوبانگەکان دەتوانین نەمر (عەلی نەزەر مەنوچێهری) ناوبەرین کە لە چڕینی هۆرەدا بێ وێنەو تاکوو ئێستاش کەس وەکوو ناوبراو نەیتوانیوە بەو شێوە جوان و دڵگیرە هۆرە بچڕێ. بەداخەوە تەنیا چەند هۆنراەیەک لە هۆرەی نەمر عەلی نەزەر کە لە ماڵی یەکێک لە خانەکانی کەڵهۆر چڕیوویە، ماوەتەوە. ئەم چەند بەیتەش توانایی و بێ وێنەیی ئەم هونەرمەندە نیشان دەدەن لە چڕینی هۆرەدا. خوالێخۆشبوان دارا خان، عەبدولعەزیز(ئەولەزیز) و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە چڕینی هۆرەدا دەستێکی باڵایان هەبووە، سەرەڕای ئەوەش سەید قولی کشاوەرز گوڵی سەر سەوەتەی هۆرە چڕانی ئەم نیشتمانی(زاگرۆس)یە. لە هۆرەچڕانی تر دەتوانین نێوی سلێمان (لە سەرپێڵی زەهاو)، حاجی تووتی، نەسور و ئیبراهیم حوسەینی و(ئەحمەد سەفەری) ناوبەرین و ئەم کەسانەش وەکوو عەزیز مەریدی، نجات کشاوەرز و خەلیل پەرواز لەو هونەرمەندانەن کە خەریکی ئەم هونەرەن و بە زەوق و شەوقێکی فەراوانەوە لەم ڕێگادا هەنگاو دەنێن و خزمەت بە هونەر دەکەن. لە بواری تێکست و تێگەیشتن دەتوانرێ دابەش کردنی خوارەوە بۆ هۆرە دابنێن و ئەم هۆنراوانەش وەکوو بەڵگە بهێنینەوە:
عاشقانە

مەنی وەکەلی وەمانشتەوە
داخد ها لە بان داخەیل گشتەوە
لە شیوەد نیە لە پای چەرخ کەو
قەیافە عەزیز ئاهو نەوایی ڕەو
ترسم بمرم بچم لە کیسد
کی بوودە باخەوان خەرمانەی گیسد
سرووشت
نەرگس لە چیمەن پایی پەل کردیە زەرد
هەی داد هەی بی داد وایەی گوڵ وەبەرد!
خوەزیەم وە ئەرجن چەویر هاوسایە
ترنگەی ئاو راخووز وەفراو لە پایە
بوو گوڵ، بوو عەتر، بوو ڕازان شەو
مەلەیل دانەو یەک چیو وەچگە مەرتەو
کۆچ
کووچ کوردە ماڵ دایم ها لە ڕەو
نازاران کیشن ناڕەحەتی خەو
ئیڵەیل بار کردن دوو لەیل بیون خالی!
سوزە چیەسەو ژیر، ترمەی متقالی
کووتی لی بار کەید کووتی بار وەنی!
کوتی ها لە فکر کیش گوڵ وەنی!!
نیایش ، پاڕانەوە
چەوم چەوەڕی ڕیەگەی ڕادە
زوان لە زکر دەس وە دوعادەوە
شوکورانەم پید بوو، بینای بان سەر
کورەی گلالان لافاو گرتە وەر
شوکورانەم پید بوو هەر وەخت مەیلد هەس
وەبی نم سەوز کەن گوڵان کەڵمەس

هجران، هێجران
تاکەی بکیشم غەریبی شاران
زەنجیر وەگەردن چیو گوناکاران
نە قاقەز دیرم نە قەڵام دەوات
تا ڕاز دڵەگەم بنویسم ئڕات
لە سەر کلاوان خوەم وەتەنیا دیم
زار زار مەگیرم پەی تەنیایی ویم
حەماسی
تەقەی دیول تێ لە تەرکە بانان
نیەزانم جەنگە یا ئوردوی خانان
ڕوڵەگەم بکوش هەر ئی جەنگەسە
سقان دوژمن پڕ ئی تەنگەسە
فەرەیدون فەڕ هەفت ئقلیم گیر کوو؟
بەرزو، فەرامەرز، تا زاڵ پیر کوو؟
دنیا گریزی، دنیا گیری
هەی دنیا داران، هەی دنیا دوسان!!
دنیا دەمیکە چوو شارو بوسان!!
دنیا شەش دانگە، هەر شەشی بایە!
ئەو لە ئەوو کەسە، وەی دنیا شایە!!
نە ڕوسەم زاڵ نە کەی کیانی!!
هیوچ بەقا نەیری، ئی دنیایی فانی!!

لێکۆڵینەوەی جوان و شوناسی هۆنراوەکانی هۆرە کاتی زۆر دەوێ. لێکدانەوەی جوانی ئەدەبی، شێوازی داهێنانی هونراوە، ڕازاندنەوەی ئەدەبی و تەکنیکی تری ئەدەبی بە تەواوەتی دەتوانی لە شیعری هۆرەدا بەدیی بکەی. بە کورتی "هۆرە" پسۆلەی فەرهەنگی و بەڵگەی کۆنی میللەتی کوردە. هۆرە هاواری غەریبی، ناڵەی ئەڤینداری، مۆرە مۆر و لاڵانەوە و دەنگی حەماسی خەڵکانی نیشتمانی زاگرۆسە. با ئەوەش بڵێم ئەگەر

کەسانێک خۆسیان لەم ئاوازە ڕەسەنەی کوردی واتە هۆرە نایا با نەیخەینە بەر تانەو توانجی کوێر کوێرانەی خۆیانەوە.
سەرچاوە: سایتی "بلوط

# ژن، زەوی و زەمان...



**لێکۆڵینەوەی: دوکتور درخشندە سادقی(حمیدی)**

ئەوەی کە دەیخوێنیەوە، وتارێکە لە سەر نیوەی حەشیمەتی سەر زەوی بە ناوی ژن کە لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و هەر جێگایەک تێدا ژیاوە کاریگەری لەسەر بووە. گومانی تێدا نیە لە هەموو وڵاتان و لەگەڵ هەر جۆرە بیرو بۆچوون، فەرهەنگ، بزووتنەوەی ژیان، دین، هەموو جۆرە سیستمێکی ئابووری و ڕامیاری لە پێکهاتەی یەکەمین کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی یانێ "پێکهاتەی بنەماڵە" نەخشی ژن لەم نێوەدا دیارە. لە لێکۆڵینەوە لەسەر پەیدا بوونی جیهاندا لە هەموو باوەڕ و کتێبە دینیەکاندا دەیخوێنینەوە کە خوا ئەم دونیایە لە شەش ڕۆژدا خولقاندووە و پاشان بوونەوەرەکانی سەر زەوی خەڵق کردووە. خوای گەورە هەموو بوونەرەرەکانی بە جووت هێنایە ئەم دونیایە و مرۆڤیش پێڕەوی ئەم یاسایەیە و ئەوە بوو "باوا ئادەم و دایا حوای" خولقاند. لە کتێبی دینی "تەورات" دا نووسراوە کە خواوەند لە پێشدا پیاوی خولقاندووە و پاشانیش لە پەراسوی پیاو ژنی خولقاندووە. لە "قورئان"دا هاتووە کە ئەی خەڵکینە "پەروەردگارتان" بپەرەستن، ئەوەی کە ئێوەی لە جسمێکی یەکە خولقاندوو و هاوسەریشی بۆ دۆزیەوە و لەو دوو کەسە، ژن و پیاوێکی زۆری خولقاند...(سورەی 4 ئایەی 1). یان لە جێگەیەکی تردا وتراوە: "ئەو کەسێکە کە ئێوەی لە جسمێکی یەگانە یان تاک دروست کردووە و هاوسەرەکەشی هەر لە خۆی دروست کردووە تاکوو لە تەنشتی ئەویاندا بە حەسێتەوە"(سورەی 7 ئایەی 189).

"لۆرد" ڕۆژهەلات ناسی ئینگلیسی دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە سەر خڵقەتی مرۆڤی سەرەتا و جێگەکەی، بۆی دەرکەوت کە چیرۆکی ئادەم و حەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەستی پێکردووە و سەرەتا لە نێو "ئاکادی و سومەرەکان"ەوە ناوبانگی دەرکردووە و لەوانەوە بە "کەلد و ئاشورەکان" گەیشتووە. ڕاستی ئەم چیرۆکەش دوای لێکۆڵینەوەی بەردێکی نووسراوە کە ئێستاش لە پیشانگای ئینگلستان چاودێری لێ دەکرێ، دەرکەوتووە. ئەم بەردە نووسراوە پیشاندەدا کە ئادەم و حەوا لە دوو لای دارە بە ناوبانگەکە دانیشتوون و ئەو مارەی کە "حەوا"ی هەڵنا بۆ خواردنی میوەی دارەکە لە پشتی سەری حەوادایە. خواردنی ئەم میوەیە عەقڵ و ماریفەتی بە مرۆڤ دا و لە بەر ئەوەی کە مرۆڤی بە جۆرێک بە شەریکی خوا دەزانی لە بەهەشت فڕێ دا دەرەوە. ئەم چیرۆکەش لە تەورات "سفر تکوین"، بابی سێهەم بە کەمێک جیاوازیەوە نووسراوە1. لە چیرۆکە هیندیەکان لە زەمان و چۆنیەتی دروست بوونی ژن ئاوا نووسراوە: "خوا بوونەوەرێکی بە هێزی دروست کرد و ناوی نا پیاو". لێی پرسی: ئایا بەمە ڕازیت؟

پیاوە وەڵامی دایەوە "هەرگیز".

خواوەند لێی پرسی چیت دەوێ؟

پیاوەکە وتی: ئاوێنەیەکم دەوێ کە لەوێ گەورەیی خۆم ببینم، سنووقچەیەکم دەوێ کە زێڕ و زیوەکانمی تێدا دانێم، سەرینێکم دەوێ کە لە کاتی هیلاک بوونمدا سەر بنێمە بانی، "نقابێک"م دەوێ کە لە کاتی پێویستدا لە پشتیەوە خۆم حەشار دەم، شتێکم دەوێ کە لە گەڵیدا شاد بم، مجەسمەیەکم دەوێ کە جوانیەکەی زاخاوی چاووم بدا. بیرێکی قووڵم دەوێ کە لە نێویدا مەلەوانی بکەم، مەشغەڵێکم دەوێ کە ڕێی پیشاندەر بێ. پاشان خوای گەورە "ژن"ی خوڵقاند.2 دوکتور "گیرشمەن" کە لەسەر ژیانی مرۆڤی دانیشتووی ئەشکەوت و پێش مێژوو قسە دەکا، لە سەر ڕۆڵی ژن

له نێو کۆمەڵی ئەو دەورانەدا دەنووسێ: "لەم کۆمەڵگا سەرەتاییەدا، سەرەڕای ئەوەی کە ژن نگابانی ئاگر و لەوانەیە دۆزێنەر و دروستکەری هەر جۆرە قاپی "سفالی"بووە، دەبوایە داری بەدەست گرتبا و لە کێوەکاندا بە دوای ڕیشەی گیای خواردن و کۆکردنەوەی میوەی کەژی بگەڕیابا. یەکەم تێکۆشانی ژن چاندنی دانەویلە بووە لە زەوی و پێدەشتەکاندا. لە کاتێکدا پیاو زۆر پێشڕەفتی نەکردبوو، ژن بە کشتووکاڵی سەرەتایی لە بەشی دوایین دەورەی بەرد، حجر (نئولتیک) کە هێشتا لە ئەشکەوتدا دەژیا، توانایی بیرو هۆشی خۆیی نیشاندا...لەوانەیە ئەم خسڵەتانی کە بە سەری پیاودا هەیبووبێ "دایک شاهی" لە هەندێک کۆمەڵگادا پایەی دا کوتاوە. لە کۆمەڵگای وەهادا ژنیش کاری تایفە و قەومەکەی خۆی ئیدارە کردووە و تەنانەت پلەو پایەی بە "روحانیت" گەیووە،3. لەم کاتەدا ژن زنجیری پێوەندی و سلسلەی بنەماڵە بووە، چوونکە ژن جێبەجێ کەری کاری تایفەکەی خۆیی لە پاکی و خاوینی خوێنی خۆییدا زانیوە.(...). بەڵام ئەم بوونەوەرە زەحمەتکێش و هاوکاری پیاو و بنەماڵەیە تاکوو پێش شەڕی جیهانی یەکەم کەم و زۆر لە کۆمەڵگای جۆراوجۆر کەوتووەتە بەر هێرشی دەستدرێژی، زوڵم، یەخسیر بوونی بە زۆر لە لایەن پیاوەوە. لێرەدا سەیری هەندێک بیروبۆچوونی گەورە پیاوان دەکەین: ناپلیون لە سەر کردنەوەی جێگەی ژن وتی: "ژن بەدەستێکی لانکەو بە دەستێکی تری دونیا دەهەژێنێ". فردوس عزیز فەرمووی: "زنان را بود در جهان یک هنر نشینند و زایند شیران نر" (ژنانن لە دونیادا کە هونەر دەنوێنن و نێرەشێریشیان لێ دەکەوێتەوە) نیچە وتی: "ژن، شتێکی خەتەرە بە دەستی پیاوانی سەرکەوتوو"ەوە. برناردشاو دەڵێ: "ئیرادە بۆ ژن مانای نیە. ئەوان لە جێگای ئەوە، لە ساعەقڵی پیاو بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن". وتەیەکی سویدی هەیە دەڵێ: "گەر تەڵە بەدوای مشک دا بڕوا، ئەوە ژنی نەجیبیش بە دوای پیاودا دەڕوا".هەر جۆرێک بووبێ لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا بە درێژایی مێژووی ژیانی مرۆڤدا، ژن جگە بۆ کاری جینسی و خۆشگوزەرانی پیاو و بەخێوکردنی ماڵ و مناڵ پلەیەکی تری

نەبووە و هەموو چالاکیەکانی ڕۆژانەی ژن لە لایەن پیاو (باوک، برا و شووەکەی)یەوە کونترۆڵ کراوە. چ بگا بەوەی کە لە سەدەی 21 دا هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگادا ژن بە مافی ئازادی و بەرانبەری پیاودا نەگەیشتووە و بە دوای جۆرێک باو و باوەڕی دینی فەرمانبەری پیاودایە. گوشار و زڵم و زۆر و زۆرەملی و پێشێل کردنی مافی ژن، ژنانی بڕێک وشیار کردەوە و دوای شەڕی جیهانی یەکەم کە ئەوە بوو خۆیی لە چنگی یاسای بێ سەرەو بەرەی کۆمەڵ نجات دا، دەنگی بەرز بووەوەی خۆی نیشان دا و لە کاری نێو کۆمەڵدا وەستایانە بەشداری کرد، دەرگای زانکۆ مەزنەکانی جیهانی بە ڕووی خۆیدا کردەوە و نیشانی دا کە شان بە شانی پیاوان دەتوانێ وەڵامدەری پێویستیەکانی کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا کۆڵەکەی ئەسڵی ماڵ و بنەماڵە بێ، تاکوو گەورەکان قبووڵ کەن ژن هەم دەتوانێ نێرە شێر بێنێتە دنیاوە و هەم لانکی جیهان بلەرزێنێ و هەم لە بە ئەستۆگرتنی کارو باری کۆمەڵایەتی بە جۆرێک پڕ بایەخ لەگەڵ پیاودا هاوکاری و بەرابەری بکا و نان دەرهێنەری ماڵیش بێ. بۆ تێگەیشتن لە جۆری ژیان، نفوز و ڕۆڵی ژن لە چاوی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، چەند وڵاتیان لەپەنج قارەی جیهان هەڵبژاردووە و لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کورتی، پێشکەشی خوێنەران و بەتایبەتی ژنان دەکرێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قارەی ئاسیا و لە ئێران دەستی پێکردوە.

# ژن لە دەورانی بەرد (نئولتیک) لە ئێران

دەورانی بەرد یان نئولتیک، دەورانێکە کە مرۆڤ هێشتا "فلز"ی نەناسیووە و لە وەسیلەی بەردی بۆ ژیان کەڵکیان وەرگرتووە. ماوەی زەمانی ئەم دەورانە لە بەشەکانی جیاجیای جیهان جیاوازە. لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین کە پێشڕەفتی تەمەدون خێرا بووە، لە 6000 ساڵ لەمەو پێش تەواو بووە. لە کاتێکدا لە ئۆروپا 4000 ساڵ و لە ئامریکا تاکوو 2500 ساڵ درێژەی کێشا. نزیکەی 6000ساڵ پێش مرۆڤ بە دەورانی بەردی نویَ (نو سنگی) گەیشت و لەگەڵ "فلز"دا ئاشنایی پەیدا کرد، لەو وەسایلە ژیان و کەرەسەی سادەی دروست کرد، کشتوکاڵی دەست پێکرد و لە ژیانی نێچیری ڕزگاری بوو و دەستی کردە کاڵینی زەویوزار. دەسکەوتی ئەم پێشەوەچوونە پێوەندی مرۆڤ بە زەوی و نیشتەجێ بوونی لە جێگایەک بوو. لە بەر ئەوەی کشتوکاڵ پێویستی بە زەمان و مانەوە لە جێگایەک بوو، هەر لەبەر ئەوە مرۆڤ لە کۆچ کردن بەم لاو ئەولا و بە دوای شکارکردندا دەستی هەڵگرت. لەم کۆمەڵەدا چاندن و کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان لە ئەرکی سەرشانی ڕۆژانەی ژن دا دەژمێردرا. »پرۆفیسور "ابلیف" دەڵێ: " ئیحتمالی هەیە کاڵینی گەنم بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤدا لە کنارەکانی ڕۆژئاوای (فلاتی) ئێران لە دەشتایەکانی ئیلام (کوردستان) ئەنجام درابێ و بەم جۆرە بۆ ژیانی خەڵکی "ئاریایی" وەسیلەیەکی خواردەمەنی بنەڕەتی پێکهێناوە.4

بەدوای چاندن و کۆکردنەوە یان هەڵگرتنی گەنم، کوتان و هاڕدنی ئارد و نان کردن بە هەویرترش پێویستی بوو و دەستیشی کەوت. "راوندی" دەڵێ: "نان کردن لە تەنووری تایبەتی، پێویستی بە زانیاری بیوشیمی بوو، تاکوو بتوانرێ هەویرترشی "کافی" ئامادە بکەن. ئەم زانیاریە سەرەتاییە لە بیوشیمی، ڕێگەی بەهەشتی نوێ یانی "مشروباتی تخمیر" کراوی بۆ خەڵک کردەوە... لەسەر بەڵگەی پێوەندیدار بە زانیاری ئاسەواری مادی مرۆڤ "ئانتوگرافی" دەتوانرێ هزر بکرێ کە ئەم دۆزینەوانە کاری ژن بووە. ژنان

به دروست کردنی "سفال" به زانستی شیمی، کاتی چنین و بەن رستن به زانستی فیزیک و له ڕێگەی چنینەوە لەگەڵ میکانیکدا ئاشنا بوون و به کاڵینی کەتان و پەموو، ڕێگەی ڕەووەک یان گیاناسی بۆ خۆش کردن.5

سەرچاوەکان:

1- مورتەزا راوەندی، مێژووی کۆمەڵگای ئێران، بەرگی یەکەم، ل. 78
2- تیمور حسام پور: هزار نکته در باره زن، تهران، 1363 (هەتاوی)،ل. 50
3- گرشمن: ایران از اغاز تا اسلام، ترجمه دکتر محمد معین، ل. 8
4- میراس ئێران ل. 13
5- مورتزا راوندی، تاریخ اجتماعی ایران جلد یکم، ل. 36
سەرچاوەی ئەم وتارە: گۆڤاری مانگانەی"پیام اشنا"، ژمارەی 181

# کیژۆڵە گوڵفرۆشەکە

نووسینی: عبدالکریم میثاق
کورتەیەک لە سەر نووسەری ئەم چیرۆکە.
ناوی (کریم میثاق) و لە دایک بوی ساڵی ١٣١٥ هەتاوی و لە گوندی "سربید جرمتوی جغتوی غزنی" ئەفغانستان لە دایک بووە. لە بەر ئەوەی لە گوندەکەیان قوتابخانە نەبووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ نیە، ناچار لای مەلای گوندەکەیان فێری خوێندن و نووسین بووە. لە تەمەنی لاویەتی دەچێتە شاری کابل و لەوێ دەست بە کار کردن دەکا. لە تەنیشت کارەکەیەوە دەست دەکا بە خوێندنی کتێبی ئەدەبی و زانستی و پاشان دەفتەرێک دەکاتەوەو کاری میرزایی (نووسینی شکایەت ...) دەست پێی دەکا. سەرئەنجام ڕوو دەکاتە نێو جووڵانەوەی چەپ و سیاسەت و لە کۆنگرەی حیزبی دیموکراتیکی خەڵقی ئەفغانستان و لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەو حیزبە هەڵدەبژێردرێ. لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی وەک وەزیری "مالیە" تاکو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لەو کابینەیە مایەوە. پاشان بە داگیرکرانی ئەفغانستان لە لایەن سپای ئەو کاتی سۆڤیەتەوە دەسگیرکراو لەگەڵ هەموو ئەندامانی کابینەکە خرانە بەندیخانەی "پل چرخی". پاش ئازاد بوونی لە بەندیخانە، نزیکەی دە ساڵ لە ماڵەکەی خۆی لە ژێر چاودێری و تەنانەت مافی نووسینیشی نەبوو. میثاق لە سەردەمی دەوڵەتی دوکتور نەجیب الله و لە ساڵی ١٣٦٩ وەک شارداری کابل دەستی بەکار کرد، بەڵام ئەم کارەشی زۆر دەوامی نەبوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی وەک پەنابەر چووە بریتانیا و لە لەندەن نیشتەجێی بوو. ناوبراو لە نووسینی چیرۆکی کورتدا لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا لە ئەفغانستان بەناوبانگە و چەندها چیرۆکی نووسیووەو کتێبی" دخترک گوڵ فرۆش" یەکێک لەو شاکارانەی نووسەرە. لەو کتێبەدا

من چیرۆکی کیژۆڵەی گول فرۆشم بۆ خوێنەرانی بەڕێز هەڵبژاردووە. ڕەنگە زۆر کەس پرسیار بکەن بۆ ئەم چیرۆکەت هەڵبژاردووە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە ڕاست ئەو دەرد و نەهامتیانە باس دەکا کە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردەواریشی گرتووەو زۆربەی خەڵک بە دەستی نەداری و بژیوی ژیان خۆیان بە ئاو ئاگردا دەدەن و دەسەڵاتداران و چڵکاوخۆرانی دەوروبەری رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستانیش بوونەتە هۆکاری ئەو هەژاری و ماڵوێرانی و نەبوونی خزمەت گوزاری بۆ خەڵک و خەڵکیش تووشی دەیان و سەدان نەخۆشی کوشندە بوونەتەوەو دەبنەوە و دەیان هۆکاری تر. هیوادارم ئەم کورتە جێرۆکە بەکەڵک بێ بۆ خوێنەرانی ئازیز!

**کیژۆڵە گوڵفرۆشەکە:**

فرمێسکە زۆلاڵەکان کە لە ڕۆخساری نەشۆراوی کیژۆڵە گول فرۆشەکە دەهاتنە خوارەوە، دڵۆپ دڵۆپ لە سەر پشتە دەستە چرچ و تەرەکاوەکانی دەڕژان لە بیر ناچێ. مووە خۆرماییەکانی پەلکە پەلکە بە دەوری ملیدا شۆڕ ببونەوە و چاوە بایەمیەکانی بە هۆی گریانەوە سوور ببوونەوە. لە سەر ڕۆخسارە زەردەکەی دڵۆپەی فرمێسک دەبینرا. بە هۆی برۆ لە یەک نزیکەکانی، ددانە مرواری و وردەکانی، لێوە نازکەکانی و قامەتی باریکی هێندەی تر کیژۆڵەکەی جوانتر کردبوو. پێیەکانی پەتی و قوڕاوی بوون، کراسە شۆڕ و دڕاوەکەی کە بۆ داپۆشینی لاقە لاوازەکەی کە بە هۆی دڕک و داڵەوە بریندار ببوون، دڵۆپەی خوێن لە سەر برینەکانی دەبینرا، غەمبار دەهاتە بەرچاو. چەپکە گوڵەکان کە هەموویان سوور بوون، سووری نوێ سیسراو، بەو جۆرەی گوڵە سیسراوەکان لە نێوان گوڵە نوێیەکان، دەستە دەستە دەبینران. هەموو هیوای کڕینی گوڵیان بوو. کۆمەڵێک دەستە گوڵەکانیان باش ئەم دیو ئەو دیو دەکرد و دەستە گوڵێک کە تازە و نوێ بوو، هەڵدەبژارد و کۆمەڵێک خەڵک بە دەستی بەتاڵ لە جێگاکانی خۆیان هەڵدەستان و دەیان وت: "بە کەڵکی کڕین نایە".من لە کیژۆڵە گوڵ فرۆشەکە پرسیم "ناوت چییە"؟زۆر بە سادە و ساکارییەوە

وتی: "بلپەک". "تەمەنت چەندە"؟ "دە ساڵە". هەر کەسێ کە لە "قەزەل قەلعە" لە "بغلان" ڕۆیشتبێ "جر خشک" ی بینیوە. مینی بووسەکەی ئێمەش لە "جر خشک" ڕاوەستا. لە نێو دڕکودالێی تەنیشت جادەکە کیژۆڵەیەک بەرەو لای مینی بووسەکە هەڵات، لە هەمان کاتیشدا بەدەم قسە کردنەوە دەگریا و بە گریانەوە وتی: " خێرا کەن، گوڵەکانم بکڕن!"

سەوەتە پڕ لە گوڵەکەی شەکاندەوە و هاواری کرد: "لەم گوڵانە بکڕن! لەم گوڵانە!" من بەرەو لای کیژۆڵە چووم. بە گریان و هاوارەوە هەڵات. لە جێگاکەی خۆم وشک بووم، کەسێکی تر بانگی کرد: " وەرە مەترسە، کاری پێتەوە نیە!" گەڕایەوە. دوورتر لە من ڕۆیشت بۆ نێو خەڵکەکە و بە گۆشەی چاوی سەیری دەکردم. منیش هێواشی نزیکی بوومەوە و لە سەرە خۆ دڵیم دایەوە. پاشان دەستم بە سەریا هێناو مووی سەری کیژۆڵەم ساف دەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە دوو دڵییەوە سەیری دەکردم. لێم پرسی "بۆ لە من دەترسی؟"چەند جار پرسیارم لێ کرد، بە ترسەوە سەیری دەکرد و هیچی نەوت. لاوێکی مسافر کە پیاوێکی جەسور بوو، وتی: " لەبەر ئەوەی پیاوانی کۆت و شەرواڵ لەبەر دژی ئەم خەڵکە زۆڵمیا زۆر کردووە، هەر لە بەر ئەم هۆکارەشە کە ئەم منداڵە هەژارە کە کۆت و شەرواڵت لە بەرە، لێت دەترسێ "

مرۆڤە بەتەمەنەکان  بە تووڕەیەوە سەیری ئەو لاوەیان دەکرد. سەیرکردنەکانیان ئەوەی نیشان دەدا کە لە قسەکانی ئەو لاوە ناڕازین و بە بۆچونی ئەوان دەربڕینی ئەو جۆرە شتانە چ قازانجێکی هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لاوە هەر بە ڕووی خۆشیا نەهێنا و سەیرە مانادارەکانی پیرەکان هیچ کاریگەری لە سەر بیرو بۆچوونەکانی  نەکرد، بە شێوەی وەستان و ژست گردنی دیارە دەیەوێ قسەی زۆرتر بڵێی. تفێکی قووت دا و ئەم جار نۆرەی ئەم بوو کە بە تەواشایەکی مانادار سەیری پیرەکانی کرد. پیاوە پیرەکان لە بەرانبەر ئەو تەواشا مانادارەی ئەم لاوە تاقەتیان نەگرت و هەر کەسێک و بەرەو لایەک بەڵاوەیان لێی کرد. لاوەکە دەستەکانی نایە کەلەکەو  سەیری جێگایەکی دووری دەکرد. مرۆڤ وای

هەست دەکرد کە لە دەروونی خۆی دا خەریکی باسێکی توونده. پاش هەڵکێشانی ئاهێکی قووڵ، دەستێکی بە سەری کیژۆڵەی گوڵ فرۆش دا کێشا. مشتێک پۆڵە وردەی ڕەشی کردە نێو کیسەکەی و دوو دەستە گوڵی هەڵگرت. گوڵە سیسیاوەکانی فڕی داو و لە گوڵە تازەکان دەستەیەک گوڵی پێچایەوەو و کەمێک بۆنی کرد . پاشان هێواش هێواش دوور کەوتەوەو و لە بەرە خۆی شتهایەکی دەوت. ویستم لەگەڵی قسە بکەم، بەڵام دیتم مەیلی قسە کردنی نیەو ئیتر نەمویست کاتی بگرم.لە کیژۆڵەکەم پرسی: "باوکت هەیە؟"فرمێسکەکانی بە خوڕ هاتنە خوار و وتی: "نە، مردووە."
"کەی مردووە؟""چەند مانگ لەمەوبەر، زستان نەخۆش بوو، کاتێک بەهار گەیشت ئەو هەروا نەخۆش بوو. ئەربابەکەش (خاوەن کارەکە) پێی وت، کار ئەکەی باش کار بکە، دەنا مزوورێکی تر دەگرم. باوکم وتی، کار دەکەم. هەر چەند دایکم پێی وت نەخۆشی دانیشە، باوکم قەبووڵی نەکرد. ڕۆژێکیان  چووە دەرەوە بۆ کار کردن، کەوت بوو، دایکم چوو هەواڵی بزانێ کە چی بێهۆش ببوو، کاتێک بۆ ماڵیان هێنایەوە، مردبوو.""ئێستا کێ ئێوە دەژێنێ؟" "دایکم، بەڵام ئەویش ئێستا نەخۆشە. دوو برای چکۆلەم هەیە ئەوانیش نەخۆشن. هەموو ڕۆژێک دایکم دەمنێری بۆ گوڵ چنینەوە. دەڕۆم گوڵە گوڵاویەکان دەچنمەوەو و دەیانکەمە چاکم بۆ ماڵ دەیانهێنمەوە. دایکە نەخۆشەکەم گوڵەکان دەستە دەکاو لە سەوەتەیان دەنێ و دەیدا پێم و منیش دەیان بەم بۆ "سرک" و بیانفرۆشم، ئایا لە یەک ڕۆژدا گوڵەکان دەفرۆشرێن، ئایا مسافرەکان لە ڕۆژێکدا ڕادەوەستن تاکو گوڵەکانم بکڕن، ئەمڕۆش تاکو کەمیک لەمەوبەر هەرچی دانیشتم، مینی بووسەکان ڕانەوەستان. بەرەو گوند دەڕۆیشتمەوە کە ماشینەکەی ئێوە ڕاوەستا. بە هەڵهاتن گەڕامەوە دواوەو ئێوەش خەیر دەستان بگرێ گوڵەکانمتان کڕی و دراوی زۆرترتان پێ دام. دایکم ئەمڕۆ باش دەبێتەوەو بێ کێشە دەڕوا ئارد بکڕێ."
کیژۆڵە گوڵەکانی فرۆشت. هەموو کەس بە بێ گوێدان بە نرخی گوڵەکان پارەیان پێدا. وا دیار بوو کە زۆر خۆشحاڵە و ڕوومەتی کرایەوەو بزەی

لێوەکانی دەهات. کاتێک ویستمان لەگەڵ کیژۆڵە خواحافیزی بکەین، دیتمان سی کەسی ئەسپ سوار بە ئەسپە بەهێز و گەورەکانیان کە بە شێوەیەکی جوان ڕازاندبوونیانەوە و بۆ خۆشیان جلی نوێیان لەبەر کردبوو.....
بە غاردانێکی خێرا بە لای ئێمەدا ڕۆیشتن. تەپ و تۆزی سمی ئەسپەکان و خێرا غاردانیان بەرز بوویەوە و هەر لەو ڕێگایە کە "بلپەک" هاتبوو، ڕۆیشتن. لە "بلپەک"م پرسی ئەمانە کێ بوون؟"
سەیرێکی کردم و هیچی نەوت. دیسان ئەو لاوە بە دەنگێکی پڕ لە ڕق و کینە وتی ئەمانە "کوڕەکانی ئەربابن!" هەواکەی هێواش هێواش گەرم دەبوو، نزیکی چێشتگە بوو، مینی بووسەکە ئامادەی ڕۆیشتن بوو. بلپەک سەوەتەکەی هەڵگرت و لە ئێمە خواحافیزی کرد. سەرەتا هێواش هێواش وەک مرۆڤێکی زانا لە کوێرە ڕێگاکانەوە و لە نێوان پووش و پەڵاشەکانەوە بەرەو گوند دەچوو. کەمێک کە لە ئێمە دوور کەوتەوە، دەستی کردە هەڵهاتن. کیژۆڵە رۆیشت بەڵام ئیتر باشم دەناسی. لە نێوان مسافراندا باسی کیژۆڵە گەرم بوو. زۆربەیان سکیان بۆیدە سووتاو سەریان دەجووڵاندەوە. بەڵام ئەو لاوە هیچی نەدەوت، وەک ئەوە بوو کە گوڵ فرۆشی لە بیر کردووە. کاتێک هەموو لایەک بێدەنگ بوون و بەڕاستیش "بەپەک" یان لە بیر کرد، ئەم لاوە دیسان بە دەنگی بەرز و سازگاری وتی: "نا، نا، بە دڵسۆزی و خێر پێی کردن کێشەکە چارەسەر نابێ، دەبێ..." هەموو لایەک بێدەنگ بوون، وەک ئەوی گوێیان لە وتەکانی ئەم نەبوو، یان خۆیانیان لێ گێل کرد. ئەگەر کۆمەڵێک گوێیان لێ بوو بێ، لێی تێ نەگەیشتن کە ئەم لاوە چی دەڵێ. بەڵام کەسانێکی لێ بوو کە دەیانزانی ئەم کوڕە باسی چی دەکا و واش دەردەکەوت کە لە ناخی دڵەوە ڕێزیان بۆ هەیە و ئامادەشن تاکو لێواری مردن پشتیوانی لێ بکەن. مینی بووس لیی دەخۆڕێ بەرەو جێگای دیاری کراو. مسافرەکان هێواشی دەچوونە خوار و تاکو دواین کەس و لاوەکەش ڕۆیشت.

دیسان گەڕاینەوەو لە "جر خشک" ڕاوەستاین. هەرچەند هەواکەی گەرم و تاقەت پڕۆکێن بوو، بەڵام هێدی هێدی بایەکی فێنکی دەهات و بۆیەکی خۆش و لەباری عەسرانەی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

هەر لەو جێگایە کە کیژۆڵە گوڵ فرۆشەکەمان بینی بوو، گاڕێیەکی نوێ و جوان و ڕازاوە وەستا بوو. چەند منداڵێک بە پێکەنینەوە کە جلی جوانیان لەبەر کردبوو هاوکات جانتای قوتابخانەیان پێی بوو دابەزین. لەوانم پرسی: "ئەرێ ئێوە "بلپەک" دەناسن؟"

پاش گتێک سەیری یەکتریان کرد و پێکەنین. یەکێک لە منداڵەکان وتی: "بەڵێ، سەر لە بەیان بۆ سەر قەوری دایکی دەچوو."

"ئێی قەوری دایکی؟" بۆ دایکی مردووە؟"

"بەڵێ، خزمی ئێوەیە؟"

"بەڵێ؟"

منداڵەکان بە پێکەنین لێرە دوور کەوتنەوە. لەبەر خۆ وتم:"ئاخخ! ئێستا ئیتر "بلپەک" بێ دایک وباوکە، ئەرێ چارەنووسی چی بێ؟"

بیرم لە چارەنووسی ئەو کیژۆڵەیە دەکردەوە. تاکو درەنگانێ هەر بیرم دەکردەوە. زۆر دڵم بۆی سووتا، بەڕاستی دەردێکی زۆر گران و ناخۆشە، بەڵام ئەوەی کە دڵی دەدامەوە، قسەی ئەو لاوە بەشەرەف و جوامێرە بوو کە دەیوت: "بە دڵسۆزی و خێر کردن کێشەکان چارەسەر ناکرێن، دەبێ ڕێگا چارەیەکیتر بدۆزینەوە...."



## مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەریتانیا و بێ مافی بێ ئەم لاو ئەولا لە ئێراندا



مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەریتانیا و بێ مافی بێ ئەم لاو ئەولا لە ئێراندا

**نووسینی: یوسف عزیزی بنی طرف**

دوێنێ خەڵکی سکاتلەند لە هەڵبژاردنێکی مێژوویی بۆ سەربەخۆیی بەشداریان کرد. ٨٤ لە سەدای ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان بوو، بەشداری دەنگدانیان کرد کە ٤٥ لە سەدای ئەم دەنگدەرانە دەنگیان بە سەربەخۆیی، بەڵێ و نزیکەی ٥٥ لە سەدای دەنگی نەیان بۆ سەربەخۆیی دا. من لێرەدا لە سەر خەڵکی سکاتلەند قسە دەکەم لەبەر ئەوەی سەرەک وەزیرانی ئەم وڵاتە واتە دەیڤید کامێرۆن، لە یەکەم وتاردانی دا لە دوای ڕێفراندۆم لە سکاتلەند لە نەتەوەکانی ئینگلیز، سکاتلەند، ویلز و ئیرلەندی باکووری وەک نەتەوەکانی پێکهێنەری پاشایەتی یەکگرتوو قسەی کرد.

ناوبراو له درێژەی قسەکانیدا وتی دەوڵەت لەمەوبەدوا مافی زۆرتر بەم نەتەوەانە و بەتایبەتی نەتەوەی سکاتلەند دەبەخشێ. دەتوانرێ بوترێ کە لەم پرسی هەڵبژاردنی گشتییە، سەرکەوتنی یەکەم دیموکراسی و سەرکەوتنی دووهەمیش نەتەوەی سکاتلەند بوون کە توانیان لە ژێر چەتری دێموکراسی، مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دەر بخەن و بیچەسپێنن.
لێرەدا نە لە توندوتیژی هەواڵێک بوو نە لە بەکارهێنانی وشەی خایەن بۆ سەربەخۆخوازانی سکاتلەندی. نە لە "قوم" سکاتلەند و سووک کردنی ئەم نەتەوە وتەیەک هەبوو نە لە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئیعدام بۆ دەرخستنی هەستی میللەتێک کە بڕیاریان دا بۆ چارەنووسی خۆیان بە بوون یان نەبوون لەگەڵ لەندەندا. زۆرینەی نەتەوەی سکاتلەند بۆ سەربەخۆیی نەیان وت بەڵام بەم هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیان و خواست خوازانەیان توانیان سێ حیزبی گەورەی سەرانسەری بەریتانیایان ناچار کرد کە بەڵێن بدەن، خودموختاری زۆرتر بە سکاتلەند ـ و ناوچە میللییەکانی تری وەک ویلز و ئیرلەند بدەن. هەرچەند ئەم هەنگاوەش بە دژکردەوەی ناسیونالیستەکانی ئینگلیزی وەک نایجل فاراج سکرتێری حیزبی سەربەخۆی بەریتانیا بەرانبەر بووەتەوە بەڵام دەتوانرێ تاکو ماوەیەکی تر ڕێگە چارەیەک بێ بۆ پرسی میللی لە بەریتانیا. بەڵام وادەردەکەوێ ئەم وڵاتە بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی هەستی لەیەک تەرازان لە نێوان نەتەوەکانیدا چارەیەکی جگە لە دانانی فیدراڵیزم نیە تاکو بتوانێ هەموو نەتەوەکان و لەوانەش میللەتی ئینگلیز قانع بکا.
بە بۆچوونی من، سەربەخۆیی خوازانی سکاتلەند و لەوانەشە چالاکانی سیاسی ویلز و ئیرلەندی باکووریش پێش هەموو شتێک لەم ئیدەو بۆچونەدا نزیک دەبنەوە. نیزامی فیدراڵ بۆ خودی ئینگلیزیەکانیش بەکەڵکە و دەتوانرێ بە دابەش کردنی هێز و سروەت و سامان لە نێوان ئەم چوار میللەتە، دڵەڕاوکێی ناسیونالیستەکانی ئینگلیزیش لە نێو بەرێ. لە ڕاستیدا گشت پرسی سەربەخۆیی کێبک لە کانادا لە چەند ساڵی پێشوو. گشت

پرسی ئێستای سەربەخۆیی سکاتلەند و گشت پرسی دوو ساڵی پێشوی باشووری سوودان پیشانی دا کە پرسی میللی پرسێکی جیهانیە و هۆکارەکانیان وەکو یەکە. واتە جیاوازی ئابوری و سیاسی، هویت یان پێناسە خوازی و وەک ئەمانە، هەڵبەتە چۆنیەتی ئەم جیاوازیە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر وەک یەک نین. وەک نموونە ئەگەر لە ئێراندا، جیاوازی دەرحەق بە میللەتی عەرەب تاکو ڕادەی ئاپارتاید نزیک دەبێتەوە. لە بەریتانیا جیاوازی دەرحەق بە میللەتی سکاتلەند لە پلەی یەکەمدا.. ئابوریە و لە پلەی دووهەمدا، هویت یان پێناسە یان شوناسە. شێوازی ئاشتیخوازانە، دیموکراتیک و پلەی فەرهەنگی کۆمەڵ لە چارەسەری پرسی میللی و مەیل بۆ لای سەربەخۆیی یان چەسپاندنی خودموختاری، ڕۆڵی کاریگەری دەبێ. بۆ نموونە لە گشت پرسی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی زەنگی باشووری سوودان، ٩٩،٤% بۆ سەربەخۆیی دەنگیان دا. بەڵام لە وڵاتانی دیموکراتیک وەکو کانادا و بریتانیا، نە کێبکیەکان بۆ سەربەخۆیی دەنگیان دا و نە سکاتلەندیەکانیش. میللەتی کێبک بۆ فیدراڵیزم رازی بوون و میللەتی سکاتلەندیش بۆ خودموختاری بەربەڵاوتر. لە وڵاتانی دیموکراتیک ئیسپانیاشمان هەیە کە بۆ دابین کردنی گشت پرسی نەتەوەی کاتالان بۆ سەربەخۆیی دژایەتی کرد. لە عێراق ـ بەلام ـ نەتەوەی کورد بە خەباتی دوورودرێژی خۆی توانی بە یارمەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی فیدراڵیزم لە کوردستان بچەسپێنێ. لە ئێرانی خۆمان جیرۆکەکە جۆرێکی ترە. لێرەدا ئێمە بە بانگەشەی "میللەتی نەزەر کردووی ئیمامی زەمان" ئیسلامخوازان و "میللەتی یەکپارچە یان یەکگرتووی هەتا هەتایی" ناسیونالیستەکان ڕووبەڕووین کە لەبنەڕەتدا نووسراوەی غەیرە مێژوویی و نازانستین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای فرە نەتەوەیی ئێران پابەندی هەمان هەڵسوکەتی مێژوویە کە وڵاتانی تری جیهان ئەوەیان بەجێهێشتووە.

لەم ڕۆژانەدا کە یەکەمی مانگی مهرە سەرەتای ساڵی نویی خوێندنە و ئێمەش لە زاهیردا لە سەدەی بیست ویەکدا دەژین، حاکمانی تاران زیاتر لە ٥٠% قوتابیانی غەیرە فارسیان خوێندنیان بە زمانی زگماکی لێ قەدەغە

کردوون. له پرسی سەربەخۆیی خوازی گەڕین که قسه کردن لەسەر ئەوه کفری بێ چون و چرای سیاسییه که نه تەنیا حاکمانی تاران بەڵکو زۆرینەی ئۆپوزیسیۆن وای لێک دەدەنەوه. هێشتا زۆربەی ڕۆشنبیرانی چەپ و ڕاست و دێموکرات، میللەتانی غەیره فارس به "قوم" ناو دەبەن و تەنانەت کەسێکیان به ناوی اسماعیل نوری علا له جێگایەکدا وتوویه "ئەگەر عەرەبەکان له ئێران سەربەخۆییان بوێ، ئیتر خەڵکی ئێران ئەوان دەخۆن". دیار نیه له بیری ئەم بۆچوونی چالاکی سیاسییه، ئەم ئێرانیانه حەیوانی مرۆڤ خۆرن یان مرۆڤی هاوشارین. دەمەوێ ئەوەی بڵێم که کۆمەڵگای ئێران له سەر پرسی میللی له قافڵەی تەمەدونی جیهانی چەندەها فەرسەخ له دوادایه. ئەوەشمان بینی که لەسەر جێ به جێی کردنی مادەی پانزه یاسای بنەڕەتی هەم ڕۆشنبیران و فەرهەنگیه ڕیش و سمێڵ دارەکانی فەرهەنگستان و سەرهەنگه سپاییەکانیش خوێندنیان به زمانەکانی غەیره فارسی له قوتابخانه سەرەتاییەکان چۆن دژایەتیان کرد.
ئێرانیش وەکو زۆر له وڵاتانی جیهانی، وڵاتێکی فره نەتەوەییه و سەردەمی صفویه تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوی "ممالک محروسه"ی بەدوای خۆیدا دەکێشا. له سەردەمی قاجار، جگه له "ئەیالەتەکان ولایەتەکان"، ئێمه شەش مەملەکەتمان له ئێران بوو: مەملەکەتی عەرەبستان (خوزستانی ئێستا)، مەملەکەتی لوڕستان، مەملەکەتی کوردستان، مەملەکەتی ئازەربایجان، مەملەکەتی گێلان و مەملەکەتی خۆراسان. سەرەڕای ئەمانەش له سەر بنەمای ڕاستی مێژوویی و ئەزمونی میللەتەکانی تری جیهانی دەتوانرێ ڕێگه چارەیەک بۆ پرسی میللی له ئێراندا بدۆزرێتەوه، لەبەر ئەوەی دژایەتی کردن و لەبەر چاونەگرتنی ئەم کێشەیه هیچ له مەسەلەکه ناگۆڕێ و دێر یان زوو دەبێ دەرمانی چارەکەی بدۆزرێتەوه. لەسەر مافی چارەنووس تاکو بێ مافی له ئێراندا مەودایەکی زۆر هەیه بەڵام ئەم مەودایه به کار و خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی بەدیی دێ و کورت دەکرێتەوه.

سەرچاوە: اخبار روز: www.akhbar-rooz.com
شنبه ۲۹ شهریور ۱۳۹۳ - ۲۰ سپتامبر ۲۰۱

## چاو خشاندنێک بە پرسی نەتەوەکان لە عێراق و سوریەدا

**نووسینی :یوسف عزیزی بنی طرف**

زۆرینەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد لە سوریە خوازیاری مافی چارە نووس و چەسپاندنی لە یاسای بنەڕەتی نوێی سوریەدان بەڵام ئەم کارەش دژکردەوەی بەدواە بوولە لایەن شۆرای میللی سوریەوە .ئەم گرووپانە مافی چارەنووس لەم کاتو ساتەدا لە پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی کورد لە سوریەدا لێک دەدەنەوە...

لە عێراقدا

بنەڕەتی ترین پرسی نەتەوەیی لە عێراقدا، باسی مافی نەتەوەی کوردە . تورکمەنەکان لە بواری کۆمەڵەوە پاش عەرەبەکان و کوردەکان سێهەمین نەتەوە لە عێراقدا پێک دێنن .ڕادی ۱۰ %لە سەدای پێکهاتەی عێراق، تورکمەن و بیست تاکو بیست و پەنج لە سەدای کوردە .تورکمەنەکان بەگشتی لە باکوری عێراق) کوردستان (و بەتایبەتی لە شارەکانی هەولێر، کەرکوک و خانەقین دەژین .٥٥ %لە سەدای تورکمەنەکان سوننی مەزهەب و ٤٥ %لە سەدای شیعە مەزهەبن .خەڵکی تورکمەنیش هەر وەکوو کوردەکانساڵیانێکی زۆرە لە عێراق زلمی نەتەوەیان لێ دەکرێ . جبهەی تورکمەنەکان لە عێراقدا گرنگترین ڕێکخراوی تورکمەنەکانە .من لە سەفەرێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و شاعێرانی ئێرانی لەساڵی ۲۰۰٥ بۆ شاری سلێمانی، بوونی کۆمەڵێک دەفتەر و مەقەڕی حیزبەکانی تورکمەنم لەم شارەدا بە چاوی خۆم بینی.

خەڵکی ڕاپەڕیوی دژی ئەسەد دەڵێن شاری" کۆبانی "لە کوردستانی سوریەیان ئازاد کردووە، ئەوەش دەبینم کە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر بە زمانی کوردی چاپ و بەڵاو دەکرێنەوە، سێ چوار کاناڵی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بەرنامە بەڵاو دەکەنەوە، لە خوێندنی سەرەتایی تاکوو دەورانی زانکۆ زۆرینەی دەرسەکان بە زمانی کوردی دەوترێنەوە .گەرچی لە ڕابردوودا لە دەورانی سەرەتایی، زمانی عەرەبی لە تەنیشت زمانی کوردی دا دەخوێنرا، ئێستا تەنیا لە دەورانی دواناوەندی چەند خاڵێک فێربوونی زمانی عەرەبی دەخوێنرێ .هەروەها ئەوەشم بە چاوی خۆم بینی کە جیلی نوێی کورد لە عێراقدا بەپێچەوانەی جیلی سەردەمی بارزانی و تاڵەبانی و زێباری، بە سەر زمانی عەرەبیدا زاڵ نیەن و هەندێکیشیان هەر زمانی عەرەبی نازانن.

لە هەمووی گرنگتر چالاکی بەربەڵاوی ئابوریە لە شاری سلێمانی و هەموو کوردستانی عێراق کە ئەوەش بووەتە هۆی پێکهێنانی کارێکی زۆر و زەبەنە .

کوردەکانی بندەستی عێراق لە دەیەکانی پەنجای میلادی بەم لاوە بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان لەگەڵ حکوومەتەکانی ناوەندیدا شەڕیان کردووەو بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەورانی عبدالكريم قاسم و لە سەرەتای دەیەی شەستی زاینی هەندێک مافی خۆیان بەدەست هێناوە .حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو هێزی گەورەی کوردەکانی عێراقن .هەر لەو بوارەدا دەبێ ناوی هەندێ حیزبی تر بەرین وەک :گۆڕان، حیزبی زەحمەتکێشان، هەندێک حیزبی ئیسلامی و حیزبی کۆمونیستی کوردستانی عێراق .ئەمەش یەکێک لەو حیزبانەی کۆمونیستی عێراقە کە لەت بووە.

خەڵکی کورد لە سەردەمی سەدام حوسەین جۆری خودموختاریان بەدەست هێنا، بەڵام بە هۆی هەندێک جیاوازی بۆچوون و نەچەسپاندنی لە دەستووردا، حیزبە کوردیەکان جارێکی تر دەستیان بە خەبات دژی حکوومەتی بەغدا کردەوە .کوردەکان پاش دامەزرانی بڕیاری" دژە فڕین "لە

لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا دژی رژیمی ڕۆخاوی سەدام لە عێراق لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زاینی شێوە سەربەخۆییەکی ناوخۆییان بەدەست هێنا .پاش هێرشی سپای ئامریکا بۆ سەر عێراق و ڕۆخانی سەدام حوسەین لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆماری فیدراڵی عێراق دامەزرا و کوردستان بە پێی یاسای بنەڕەتی نوێ بووە هەرێمێکی فێدراڵ .دەتوانرێ بووترێ کە کێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا بە جۆرێک چارەسەر کراوە و گەر تاکو چەند ساڵی تر بەردەوام بێ ئەوە دەتوانرێ ئەزموونێکی سەرکەوتوو و نموونەیەکی باش بێ بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی تر لە وڵاتانی دراوسێی عێراقدا.

پرسی نەتەوەیی لە وڵاتی سوریەدا

لەبواری ئێتنیکی، نزیکەی ١٠ %لە سەدای خەڵکی سوریە کورد و چوار لە سەدای تورکمەن و باقیشی عەرەبی سوننی، عەلەوی، درۆزی، شیعە، مەسیحی و هەروەها ئەرمەنین .ڕادەی دانیشتوانی وڵاتی سوریە نزیکەی ٢٣ ملیۆن کەس مزەنە دەکرێ .لە ڕاستیدا خەباتی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد لە سوریە وەک خەباتی کوردەکانی عێراق نیە، بەڵام لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی عێراق بۆ پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی و بوونی خۆیان لە بواری سیاسیدا پێشکەوتوون .کوردەکانی سوریە لە خەباتی خۆیاندا لە خەباتی کوردەکانی تورکیە، عێراق و ئێران ئەزموونیان وەرگرتووە .تورکمەنەکانیش وەک کوردەکان لە پرۆسەی تواندنەوەی دەسەڵاتدارانی حیزبی بەعسی سوریە بێ بەش نەبوون کە ئەمەش بۆ نەتەوەکانی غەیری عەرەب هەر وەکو" جبهه ملی "و" پان ئێرانیەکان"ە، وڵاتێک جگە لە فارسەکان لە ئێران بۆ باقی نەتەوەکانی تر لە نێوبردن و نژادپەرەستانەیە.

لە سوریە، دەبینین کە چۆن تورکمەنەکان، ئاشوریەکان، سریانی و کوردەکان حیزب پێک دێنن، هەڵبەتە کوردەکان مێژووییەکی کۆنیان هەیە و ئێستاش ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن بۆ لە نێوبردنی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و دەڵێن پاش ڕووداوی نیوەی ژوویەی ئەمساڵ) ٢٠١٢(، هەندێک شاری کوردنشینی سوریەیان ئازاد کردووە .نەبوونی سپای ئازادی سوریە لە

ناوچە کوردنشینەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی خەباتی خەڵکی کورد بەگشتی شێوەی ئاشتیانەی بەخۆوە گرتووە .لە دەیەکانی ڕابردوو لە ماوەی چالاکی چەکدارانەی حیزبی کرێکارانی کوردستانی تورکیە) پ .کا .کا(، کۆمەڵێک لە کوردەکانی سوریە چوونە ریزی ئەو حیزبەوەو دژی هیزەکانی تورک بەشداری شەڕەکانیان کردووە .لەم کاتەدا یەکێک لەو حیزبانەی کە هەندێک خەڵک لەگەڵیدان لە کوردستانی سوریە، حیزبی یەکێتی دیموکراتیکە کە لایەنگری) پێ .کا .کا(یە .ئەم حیزبە شۆرایەکی بە نێوی" شۆرای نەتەوەی ڕۆژئاوای کوردستان "پێکهێناوە تاکو لەگەڵ "شۆرای نەتەوەیی سوریە "و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیونەکانی تری بۆ هەنگاوی داهاتوو حەسێبیان لە سەر بکرێ .

لەم مانگانەی دواییەدا ڕیبەری هەرێمی کوردستانی عێراق تێکۆشاوە بە ڕاهێنانی نیزامی و ناوبژیوانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردی سوریە، یارمەتی سەرهەڵدانەکانیان لە سوریە بکا .لە یازدەی ژوویەی ئەمساڵ) ٢٠١٢ (حیزبەکانی کوردی سوریە ڕیکەوتننامەیەکیان لە ژێر چاودێری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق واژۆ کرد . بە هۆی ئەم بڕیارنامەیەدا" هەیئەتی بەرزی کورد "لە سوریە پێکهات کە "شۆرای میللی کورد "و" شۆرای خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان "لە خۆ دەگرێ .بارزانی بەم جۆرە توانی دوو گرووپی گەورەی کوردەکانی سوریە لەیەک نزیک بکاتەوە .ئەم کارەش، تورکیەی زۆر قەڵس و تووڕە کردووە . ڕەجەب تەیب ئەردوغان سەرەک وەزیرانی تورکیە، رژیمی سوریەی بەوە تاوانبار کردووە کە چەند ناوچەیەکی باکوری سوریە کە لەگەڵ تورکیەدا هاوسنوورن بە )پێ .کا .کا (ی داوە .ناوبراو قامک بۆ حیزبی یەکێتی دیموکراتیکی کوردەکانی سوریە ڕادەکێشێ کە لایەنگری) پێ .کا.کا (یە . زۆرینەی تاقمە سیاسیەکانی کورد لە سوریە خوازیاری مافی چارەنووس و چەسپاندنی لە یاسای بنەڕەتی نوێی سوریەدان، بەڵام ئەم کارەش دژکردەوەی بەدواە بوولە لایەن شۆرای میللی سوریەوە .ئەم گرووپانە مافی چارەنووس لەم کاتو ساتەدا لە پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی کورد لە

سوریەدا لێک دەدەنەوە .هەڵبەتە هەندێک لە کەسایەتیە کوردەکان وەک بەڕێز عەبدولباست سەیدا سەرۆکی ئێستای شۆرای میللی سوریە تەنیا خوازیاری چەسپاندنی نیزامێکی ناناوەندگەران لە سوریەدا .ئاڵوگۆڕەکانی سوریە و گۆڕانی دەسەڵاتداران نە تەنیا بۆ رژیمی ئاخوندی ئێران بەڵکو بۆ خەباتی نەتەوەکانی غەیرە فارس و بەتایبەتی بۆ خەباتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران کاریگەری دەبێ.

سەرچاوە :اخبار روزwww.akhbar-rooz.com

## نێوی پێشمەرگە بوو بە سەردێڕی وتاری زانستی

پێشمەرگە زاراوەیەکی جیهانی

ناوی پیرۆز و مەزنی" پێشمەرگە "پیرە پیاوێکی چاپەزی سەردەمی کۆماری کوردستان داهێنەری بووە .ئەو پیرە پیاوە کە لە مێژوودا بە" پیرەپیاوی چاپەزی کورد "ناسراوە و لە دەفتەری سەرەک کۆماری کوردستان کاری چاپەزی کردووە، یەکەمین بەردی بناخەی کۆشکی بەرزی وشەی " پێشمە رگە"ی داناوە و تاکو ئێستاش کەس نازانێ کێ بووەو لە کوێ ژیاوە و وە ک سەربازی ون بێ ناونیشانە .بەو هیوایە لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لە سەر ئەو پیرەپیاوەدا بکرێ.

پێشمەرگە وشەیەکی پیرۆزی کوردییە، بە واتای ئەو قارەمانە کوردە شۆڕشگێڕانە دێت کە لە پێناوی ئازادی و رزگاری کوردستان دا مەرگی خۆیان خستۆتە پێش هەموو شتێکەوە، پێشمەرگە هەردەم گیان لەسەردە ستن و شەهیدبوونیان لە پێناوی کوردستان دا لووتکەی شکۆداری و سە روەری و نەمرییانە، بۆیە پێشمەرگە ترس نازانێت و هەرگیز لە گیانبە خشین و مردن سڵی نەکردۆتەو و سڵ ناکاتەوە.

**مێژووی وشەی پێشمەرگە**

ئەم وشەیە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستانە .شەهید دوکتور قاسملوو لە کتێبی" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا لە سەر وشەی پێشمەرگە نووسیوویەتی" :پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئە دەبی لە مەهاباد پێک هات بۆ ئەوە لە باتی وشەی فارسی و عەرەبی وشە

ی کوردیی ڕەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە .یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی کە ئازە رایجانییەکان کردبوویان بە فیدایی .گۆیا ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترابۆوە تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پیی گوتن :کورد بە پیاوی لەخۆبردوویان دەگوت" پێشمەرگە) ".ل74 ،، چاپی دووهەم ساڵی .(1988 ئالەو کاتەوە وشەی پێشمەرگە بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازان و تیکۆشە رانی کورد کەڵکی لێ وەردەگیرێ .هەڵبەتە بۆ یەکەم جار وشەی پێشمەرگە لە ڕاپۆرتێکدا لە بارەی ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە2 ی ڕێبەندان دا لە ژمارەی10 ی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار لە ڕێکەوتی15 ی ڕێبەندانی ساڵی1324 ی هەتاوی دا بەڵاو کراوەتەوە .بەڵام بڕیار لە سەر ئەوەکە وشەی پێشمەرگە لە جیاتی سەرباز بەکار بێ، دەگە ڕێتەوە بۆ بڕیارێک کە لە ڕۆژی15 ی ڕێبەندانی ساڵی1324 ی هەتاوی واتە4) ی فیورییەی 1946 ز (لە کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماردا دراوە و لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی 12 و لە20 ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ لە لاپەڕەی 3 دا بە ئیمزای بەڕێز) مرادی (چاپ و بەڵاو بووەتەوە.

**شەڕی داعش**

سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا دژی تێروریستانی داعش لە میدیاکانی جیهاندا گرنگیەکی تایبەت بەو هێزە وە دەدرێ .هەموو میدیاکانی جیهان زۆر بە بایەخەوە باسی پێشمەرگە دە کەن و خودی وشەی پێشمەرگەش بە هەموو زمانەکان بۆ هێزی کوردە کان بەکار دەهێنن .هێزی پێشمەرگە تەنیا هێزی جیهانە کە ناوەکەی جیاوازە وەک هیزێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەوپێیەی هێزو سوپای هەر ولاتێک بە ناوی وڵاتەکەیەوە ناوی دەبرێت و وشەی سوپای لەگەڵ بەکار دەهێنرێ .بەڵام وشەی پیشمەرگە) کە ناوێکی ڕەسەنی کوردیە (لە سەر جەم ناوەندە میدیا جیهانییەکاندا تەنیا وشەی پێشمەرگەی بۆ بەکار دە هێنن .هاوکات ڕۆژانەش هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە میدیا

جیهانییەکاندا گرنگی تایبەتی پێی دەدرێ .نموونەی میدیاکانی وەک :زە گاردییەن و تێلگەرافی بەریتانیایی، شەرق الاوسەت، پێگەی ئێرونیوز، تەلە فزیۆنی ئێرونیوز، تۆری میدیایی الجەزیرەی ئینگلیزی، ئاژانسەکانی فرانس پرێس، ئینترناشناڵ، بیزنس تایمز و ڕۆیتێرز، پێگەکانی بی بی سی بە ریتانیایی و سی ئن ئنی ئامریکایی و تێ ڤێ و ڕۆژنامەکانی وڵاتانی سکاندیناڤیا وەک ئافتونبلادێت، داگێنزنیهێتر و ئافتۆن پۆست و تەنانەت پرێس تێ ڤێ ئێرانی داگیرکەر و ڕۆژنامە و تێ ڤێ کانی وڵاتانی عەرەبیش.

لە سەر پێشمەرگەو وشەی پێشمەرگە زۆر شت نووسراوەو تەنانەت ڕە حیمی قازی ڕۆمانی" پێشمەرگە"ی نووسیووەو بە تێر وتەسەلی لێکدانەوەی بۆ کراوەو زۆر جاریش لە لایەن شاعیران و نووسەرانەوە وشەی پێشمە رگە بووەتە هەوینی نووسین و هۆنراەکانیانەوە .بەڵام دوکتور نەبی فە تاحی کە بۆ خۆی شاعیر و نووسەرە زۆر جار لە هۆنراوەکانیدا بە بەژن و باڵای پیشمەرگەدا هۆنراوەی هۆنیوەتەوە .بەڕێزیان ئەم جارە وشەی پێشمەرگەی کێشایە نێو وتاری زانستی و بە چڕوپڕی لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە .بەریز فەتاحی لە وتارێکی زانستی لە ژێر ناوی" کاریگەری تێکچونی خەو بینینی کابوس لە سەر تەندروستی و لایەنی دەروونی : لێکۆڵینەوەیک لەسەر پێشمەرگەی دێرینی کورد کە لە وڵاتاندا نیشتەجێی بوون "کردووە.

“The Influence of Sleep Disorders and Nightmares on Mental Health: A Study of Former Kurdish Peshmerga in Resettlement Countries”

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەڕێز فەتاحی لەگەڵ کۆمەڵێک پیشمەرگەی دێرین کە لە وڵاتانی سکاندیناڤیادا نیشتەجێن وتوویژی کردووەو لە سەر کۆمەڵێک کیشە کە شەو و ڕۆژ لەگەڵیاندا دەژی تاکو ئێستاش چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ نەدۆزراوەتەوە لەم گۆشەوە چووەتە نێو کێشەکانیانەوە کە ئەویش کێشەی تێکچونی خەوەو کاریگەریەکانی لە سەر تەندروستی و دەروونیە وەیە .دوکتور فەتاحی لە بارەی ئەم توێژینەوەییە لە پەیجی فەیس بوکی خۆی دەنووسی" :

نێوی پێشمەرگە بوو بە سەردێڕی وتارێ زانستی ئەم جارەمان .٢١ ساڵ پێش ئێستا ویستم بۆ توێژینەوەیەک وا لە سەر پێشمەرگەی کەمئەندام کردبووم نێوی نپێشمەرگە بکەمە سەردێڕ، بەڵام پێیان گوتم نێوێکی نەناسراوە و کەس نازانێت مەبەستتت چیە .ئەمساڵ بووە سەردێڕی ٢٤ هەمین توێژینەوەی زانستیم و هاوڕێیانی تیمی زانستیی زانکۆیش زۆر پێیان گونجاو و باش بوو .ئەم توێژینەوە لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی زانستیی توێژینەوە لە بواری لەشساغیدا بڵاو بووەوە لەوێشەوە لە دەیان ماڵپەڕی زانستی و سەدان زانکۆ دا بڵاو دەبێتەوە .وتارەکە باسی بێخەوی و خەوی خراپ بینینی ئەو کەسانە دەکات وا پێشمەرگە بوون و هەر وەها کاردانەوەی لە سەرلەشساغیی دەروونی ئەو کۆنە پێشمەرگانە .هەرلە ئێستاوە بانگهێشتی چەن کونفرانس کراوم بۆ پێشکەش کردنی .کونفرانسی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم لە ١٢ تاکوو ١٤ مانگی ٦، هەر وەها کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامستردام لە هۆڵەند لە مانگی سێپتامبردا بەو هیوایە دەرفەت هەبێت لە چەن کونفرانسدا پێشکەشی کەم ."ئەوەی خوارەوەش لینکی گۆڤارە زانستیەکەیە...

http://www.ijhsr.org




## وەرگێڕانی سەرکەوتوو کامەیە؟

کتێبی "پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان" لە نووسینی "ڕیچارد ئەی. مۆبلی(Richard A. Mobley) و لە وەرگێڕانی بەڕێز حەسەنی قازی.

پێش ئەوە بڕۆمە سەر باسی سەرەکی وەرگێڕانەکە، پێم خۆشە بە کورتی ئیشارە بە هونەری وەرگێڕان بکەم و بزانین وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو کامەیە:

سەرەتا وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هۆنەرێکە بۆ خوێ، هیچ کەمتر نیە لە چیرۆک نووسین و شیعر ووتن و ڕەخنە گرتن. کەوابوو، ئەوەی نووسینێک وەرئەگێڕێ ئەبێ دەستێکی باڵای هەبێ لە هونەری وەرگێڕاندا، ئەگینا لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێ. چەند جۆر وەرگێڕانمان هەیە: وەرگێڕانی ووشە بە ووشە: بەو جۆرەیە کە لە زمانێک ووشە بە ووشە وەرگێڕینە سەر زمانێکی تر، بێ ئەوەی گوێ بدەینە سرووشتی تایبەتی ئەو دوو زمانە جیاوازە. وەرگێڕ ناچار ئەبێ خۆی ببەستی بە ڕیزی ووشەکانەوە. هەر بۆیە بە زۆری نووسینەکە نارەوان و پچڕپچڕ

دەر ئەچێ. هەندێ ووشە و "تەعبیر" هەیە لە زمانێکدا ئەگەر پێش خرا، بۆی هەیە لە زمانێکی تردا دوا بخرێ. هەندێ جاریش بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە بە جوانی دەربچێ بۆ خۆت لە تێکستە ئۆرگیناڵەکەی لادەبەی یان پێی زیاد دەکەی بێ ئەوەی ئەسڵی تێکستەکە بگۆڕیی. بەڵام بە پێی ووشە بە ووشە ناتوانی ئەو جوانکارییە پێک بێنی.

وەرگێڕان بە دەسکارییەوە: ئەوەیە کە وەرگێڕ خۆی بە ڕیزی ووشەکانەوە نابەسێتەوەو تەنیا مانا گشتیەکەی وەردەگێڕێ. لەم جۆرە وەرگێڕانانەدا بە زۆری بۆ چیرۆک و مێژوو بە کار ئەهێنرێ. لێرەشدا هەندێک جار وەرگێڕ لە ئەسڵی تێکستەکە لا دەدا و بۆخۆی شتی پێ زیاد دەکا.

وەرگێڕان بە دەسکارییەوە: ئەوەیە کە وەرگێڕ هەندێک بە تێکستە ئەسڵیەکەییەوە زیاد بکا و بە کوردییەکی سادە و ڕەوان شتە شاراوەکانی نێو تێکستەکە ئاشکرا بکا. لەم جۆرە کارانەدا تەنیا بۆ تێکستی کۆن و یان پەخشانێک بە زمانێکی سادە و ڕەوان کەڵک وەردەگیرێ.

وەرگێڕان بە کورت کردنەوە: ئەوەیە کە پۆختەی باسەکە بگری و بیکەیتە کوردییەکی ڕەوان.

وەرگێڕان بە ئیلهامەوە: لێرەدا وەرگێڕ خۆی بە تێکستەکەوە نابەستێتەوە و بە بیری خۆی فکری نووسەرەکە بە شێوەیەکی جوان وەر ئەگرێ و دای ئەڕێژێ. بە کورتی فۆرم بەندی لە وەرگێڕاندا زۆر گرنگە وەک: خاڵ(.)، ویرگۆل(،)، تەقەڵ(-)، داش و نیشانەی سەرسووڕمان(!) و نیشانەی پرسیار(؟) و هتد... چوونکە گەر ئەمانە لە بیر بچن بە تایبەتی لە شتی زانیاریدا ڕستەکان هەموو تێکەڵ دەبن و دەبێتە چێشتی مجێور. پاش ئەوەی لە وەرگێڕانەکە بوویتەوە دەبێ جارێکی تر بە وردی هەر دوو تێکستەکە ئۆرگیناڵەکە و وەرگێڕانەکە لەگەڵ یەک دا بەرئاورد بکەی و کەم و کۆڕییەکان پینە و پەڕۆ بکەی.

ئێستاش با بزانین وەگێڕ چۆن ئەو کتێبەی وەرگێڕاوە و ئایا تێدا سەرکەوتوو بووە؟

شێوەی داڕشتنی نێوەڕۆکی کتێبەکە.
نووسەر ئەم کتێبەی ئاوەها داناوە: "نێوەڕۆک"، "لیستەی نەخشە و وێنە"، "کورتکراوەی سەرچاوەکان"، "پێشەکی" و پاشانیش "میتۆدۆلۆژی (شێوەی کار). دیارە ئەم کتێبە لە چوار بەش یان چوار "بەند" پێکهاتووە. بەندی یەکەم لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوەیە؛ وەک: "هاندەری دەرەکی بۆ پێکهێنانی کۆماری مهاباد"، "تەرکیبی (پێکهاتەی) مهاباد"، "عەشیرەتەکانی ناوچەی (ژێر دەسەڵاتی شوورەوی)"، "پشتیوانانی ناوچەی بێلایەن"، "مەنجەڵی (چێشتی مجێوری) مهاباد"، "سازکردنی کۆماری مهاباد"، "داڕشتنی سیاسەت لە کۆماری مهاباد دا".
بەندی دووهەم: "ئازەربایجانی ئازەری: هێزی توانایەکی بۆ کێشە لەگەڵ کوردەکان"، "ڕیشەی کێشەکان"، "ئێتنیستی"، "جیاوازییەکانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری"، "دیمۆگرافی (پێکهاتەی دانیشتووان)"، "ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دیمۆکراتەکان"، "سیاسەتی دیمۆکراتی (ئازەربایجان) لە ئاست کوردەکان".
بەندی سێهەم: "پێوەندی گرژ"، "سەربەخۆیی کورد".
بەندی چوارەم: "بابەتی ئاو و خاک و کەوشەن"، "پێوەندی لەگەڵ تاران"، "گەمەی دیپلۆماتی"، "کێشە و گرا لە سەر خاک و ڕووبەر: تا ڕادەی شەڕ هەڵایسان!"، "نوختەی وەرچەرخان"، "چاوەڕوانی، هیواداری و پیلان نانەوە"، "سەرەتای لافاو"، "جێبەجێ بوونی گرێ و گۆڵی دیموکراتەکان (فیرقە)"، "ئەنجام" و لەگەڵ "کرۆنۆلۆژی مهاباد، بەرنامە و پەیمانەکان، بیبیلیوگرافی، لیستەی نەخشە و وێنەی هەر دووک سەرکردایەتی کۆمارەکان و بیانیان.
قەبارەی کتێبەکە. ئەم کتێبە لە قەوارەیەکی مامناوەندی و لە 188 لاپەڕە پێکهاتووە. بەرگەکەشی ڕەنگی پەمەییە و لە سەر بەرگی پێشەوەی، وێنەی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ پیشەوەری و هاوکارەکانیان دەبینرێ. ڕیچارد مۆبلی لێکۆڵینەوەییەکی زانستی چڕو پڕی لە سەر ئەم دوو کۆمارە ئەنجام داوە و دەرەجەشی لە سەر وەرگرتووە. نووسەری ئەم کتێبە بۆ خۆی خەڵکی ئامریکاییە و لە زۆر سەرچاوەی وەکوو ڕۆژنامەی

کوردستان، ئۆرگانی کومیته ناوەندی حدک و هتد... کەڵکی وەرگرتووە و ئاماژەش بەوە دەکا کە پشتی بە بەڵگە و ڕاپۆرتەکانی "سێرڤیسی ستراتێژی، ئۆ ، س، س OSS" ی ئامریکایی و سێرڤیسی ئاسایشی بریتانیایی بەستووە.

بە بۆچوونی من کتێبێکی زۆر باش و بە کەڵکە و لێکۆڵینەوەکانیش زۆر بە باشی مەبەستی خۆیانیان پێکاوە. ڕەنگە هەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی ڕەخنەی لە سەر هەبێ ئەوە قسەی تێدا نیە، بەڵام زۆرینەی لێکدانەوەکانی نووسەر سەنگی مەحەکیان داناوە.چەند ڕەخنە و بۆچوون لە سەر وەرگێڕانی ئەم کتێبە. یەکەم مەبەستم لە نووسینی ئەو نێوەڕۆکەی کە لە سەرەوە باسم کرد ئەوەیە کە زۆر شت هەیە لە نێو کتێبەکەدا لە نێوەڕۆکەکەدا نین. جا نازانم هۆی چییە؟ ڕەنگە بڵێن ئەوە هەڵەی تکنیکییە. بەڵام دەبوایە وەرگێڕ بە کتێبەکەدا چوبایەتەوە و ئەو هەڵانەی ڕاست کردبایاتەوە. من لە خوارەوە ئەو سەر وتارانەی کە لە نێو کتێبەکەدا هەن و لە نێوەڕۆکەکەدا نین  وەک خۆیان دەنووسمەوە:

-هاوپەیمانی سست و لە شکان هاتوو

-تەرکیبی پێکهاتەی مهاباد

-هەڵکەوتی مهاباد

-ویلیام ئیگلتن (دیارە مەبەستی قسەی ویلیام ئیگلتنە)

-ئانگۆس وارد

-پێوەندییەکانی کورد – ئازەری لە ئازەربایجانی داگیرکراودا

-مەسەلەی خاک

-بابەتی ئاو وخاک و کەوشەن

-لایەنی نێونەتەوایەتی

-سوێندنامەی بەڵێنی (ئەندامەتی) لە کۆمەڵەدا، ئەم دەقە وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (وەرگێڕ)

-بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

-بەیاننامەی کونگرەی فرقەی دیموکرات

-پەیمانی کورد- ئازەربایجان 23ی ئاوریلی 1946
-متنی پیمانی یەکیەتی و برایەتی حکوومەتی ملی کوردستان و ئازەربایجان
-داواکانی سەرەتایی دیموکراتەکان لە حکوومەتی نێوەندی سەبارەت بە کوردەکان
-ڕێکەوتنی تەورێز ـ تاران، 13ی ژووەنی 1946
-ڕێکەوتنی تەورێز ـ تاران، نۆڤامبری 1946

ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆربەی ئەدیب و ڕۆشنبیران و نووسەران تێدەکۆشن کە بە زمانێکی ڕەوان و سادە بنووسن یان لە زمانەکانی ترەوە شت وەرگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی کە هەموو کەس لێی تێبگا، یان زمانێکی ستاندارد داهێنن کە هەموو خوێنەرێکی کوردی لە نووسین و وەرگێڕانەکان تێبگا. بەڵام بە پێچەوانە زۆر کەس کە خۆیان بە زمان زان و ئەدیب دەزانن، بە جۆرێک دەنووسن یان وەردەگێڕن تەنیا خەڵکی ناوچەکەی خۆی تێیان دەگەن، ئەمەش گەورەترین هەڵەیە کە لە نووسیندا تووشی دەبن و زۆر کەسیش تەنانەت لە زاراوەی ناوچەکەی تێناگا. بەداخەوە لە وەرگێڕانەکەی کاک حەسەنی قازی شدا ئەو جۆرە حاڵەتە دەبینرێ. وەرگێڕانەکانی هەمووی بە زاراوەی مهابادی یە ئەویش نە زاراوەیەکی ئەدەبی بەڵکوو زاراوەی کەچەو و کۆڵانەکان، ئەویش زاراوەیەک کە ژن و پیاوە بەساڵداچووەکان پێی دەئاخفن. ئەمەش بێجگە لەوەی کە هەڵەیەکی زۆری ئیملایی و چاپیی لەم وەرگێڕانەدا دەبینرێ. خاڵێکی لاوازیتری نێو ئەم وەرگێڕانە ئەوەییە کە وەرگێڕ هیچ ئاگای لە شوێنی بەکارهێنانی خاڵ. نوختە، نیشانەی پرسیار و هتد... نەبووە و ئەم خاڵە گرینگەی لە بەرچاو نەگرتووە! زۆر جار ڕستەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن و خوێنەر ناچار دەبێ جارێکی تر بە سەریاندا بچێتەوە و لێکیان بکاتەوە.

لە باری ڕێزمانەوە زۆر شپرزە و وەرگێڕ بایەخێکی ئەوتۆی بە ڕێزمان و فۆرمی نووسینەکەی نەداوە. لێرەدا نموونەیەک کە بە پێویستی دەزانم وەک

خۆی بینووسمەوە:"... هەڵتەزینەوەی عەشیرەتی و دە مەترسی کەوتنی پەیتا پەیتا و نەپساوەی هێز و دەستەڵاتیان. مهاباد لەو دەور و بەرە بە تەواوی دوور بوو و جەلالییەکان ئاخرەکەی کەوتنە بەر نفووز و دەستەڵاتی گەورە سەرۆکی شکاکان، ئەمەرخان".(ل. 37) یان نموونەیەکی چووکەی تر. "ئینگلتن و وارد لە بناوانەوە دەیانەوێ لە حەقانی بوونی کۆمار بدوێن بە شێوەی زیمنی، توانایی سەرۆکایەتییەکەی بۆ ورووژاندنی سیاسەتیەکانی دەرەوە و نێو خۆیی بە گشتی جێی پەسند".(ل.45 یان ئەم ڕستەی خوارەوە دەنووسێ: "جیاوازییەکانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و هەروەها جیاوازی ئێتنیکی شوێنیان لە سەر پێوەندییەکانی کورد ـ ئازاری کردبوو".(ل.51). ڕاست ترەکەی وەهایە کە نووسیبای پێوەندییەکانی کورد ـ ئازەری دانابوو، نە کردبوو.

شتێکی تر کە دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە یاسای وەرگێڕاندا هیچ وەرگێڕێک بۆی نیە نووسینێکی تر بهێنێ و لە قالبی ئەو وەرگێڕانەدا بینووسیتەوە یان خود شتێکی تر بە وەرگێڕانەکەدا زیاد بکا، جگە لە جوانکاری خودی تکستەکە نەبێ. بەڵام لێرەدا کاک حەسەنی قازی لە سەر ئەو بەڵگە و نامەنەی کە لە پاشکۆی کتێبەکەدا وەری گێڕاوە زۆر لە بەڵگە و پرۆگرامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم و ئێستای هێناوەو لێرەدا نوسیوویەتەوە. بە بۆچوونی من نەدەبوو ئەو کارەی کردبا، چوونکە ئەو کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەر ئەو شتانە وەرگێڕە کە نووسەری کتێبەکە بۆ خۆیی نووسیوونی. ئەمەش نەپاراستنی ئەمانەتە لە وەرگێڕاندا.

بە کورتی کتێبەکە، کتێبێکی زۆر جوان و بەنرخە و وەکوو بەڵگە دەتوانرێ کەڵکی لێ وەرگیردرێ، بەڵام وەرگێڕانەکە تا بڵێی لە باری زمانەوانی و فۆرم بەندی، زاراوەی ناوچەیی، لەت و پەتی نێوەڕۆکەکەی، هەڵەی تکنیکی، نەپاراستنی ئەمانەت و هێنانەوەی بەڵگە و هتد... لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی

کوردستان و زیاد کردنی بەم وەرگێڕانەدا زۆر لە نرخ و قورسایی پەرتۆکەکەی کەم کردوەتەوە.

**تێبینی**: بۆ نووسینی ئەم بابەتە لە "وەرگێڕان هونەرە" نووسینی بەڕێز جەماڵ نەبەز ساڵی 1958 کەڵک وەرگیراوە.

## ڕێزبەندی سیاسی لە میسر

## چەپەکان و لیبراڵەکان دژی اخوان المسلمین و سەلەفیەکان

## نووسینی :یوسف عزیزی بنی طرف

کۆمەڵگای میسر دوای چەند دەیە بێ دەنگی، سەرئەنجام وەک شەپۆلێکی بەهیز هەستاو لە ژانویەی ٢٠١١ رژیمی دیکتاتۆری حوسنی موبارەکیان ڕۆخاند .لە شۆڕشی هەژدە ڕۆژەی مەیدانی" التحریر "واتە مەیدانی ئازادی و مەیدانەکان و شەقامەکانی تری پایتەخت و شارەکانی تری وڵات لە جموجۆڵ دابوون، هەر هەموویان مەبەستێکیان بوو :ئەویش خەڵک دەیویست رژیمی دیکتاتۆری بڕۆخێنێ .بەڵام پێش شۆڕشی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١١، قاهیرەی حوسنی موبارەک وەکو دمشقی بەشار اسد یان طرابلسی قذافی نەبوو کە کەس نەوێرێ بە دەسەڵاتداران و پیاوکوژان بڵێ بانی چاوتان کلی پێوەیە، بەڵکو دەنگانێک بە ناو و نیشان، خودی کەسایەتی حوسنی موبارەکیان بە دیکتاتۆر ناوزەد دەکرد و بە کردەوەش پیشانیان دەدا، هەر چەند ئەم کەسانە یان دەنێردران بۆ بەندیخانە و یان بە جۆرێک لە ناویان دەبردن .بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی میسر وەکو داری بیی نەبوو کە بە هەڕەشەی کوشتنی فلان ڕۆژنامەوان یان ڕۆشنبیر یان سیاسەتوان بلەرزێ .لەوانەیە بتوانرێ دەنگە نارەسەنەکان لەگەڵ دەنگی وەلی فەقیە لە ئێران لەگەڵ ئەوەی کە پێش شۆڕش لە میسر گوزەرا بەراورد کرد . سەرەڕای هەموو جۆرێ زەبروزەنگ و سەرکوت، دەنگە بوێرەکان، بێ باکانە چاو لە چاوی دیکتاتۆر دەیان وت :تۆ دیکتاتۆری و دەبێ بڕۆی . ئەمانەش هەموو تێکەڵ بوون لە مێ و نێر و لە مەدەنی و مەزهەبی.

شۆڕشی هەر دوو وڵاتی میسر و ئێران

ئەوەش بڵێم کە شۆڕشی ئیسلامی و کردەوە سەرنەکەوتووەکان و تۆقێنەرەکانی لە سەر کۆمەڵگای ئێران ، بۆ ماوەیەک لە ڕاستیدا حوسنی

مبارەکەی لە سەر دەسەڵات مسۆگەر کرد .چاوەڕوانیەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە میسر، پێکهێنانی پڕچەک کردنی گرووپەکانی وەکوو جیهادیەکان کردەوەی شەپۆلی ڕەشەکوژی و تۆقاندن و تەقینەوە لەو وڵاتە بوو .رۆشنبیران و کەسایەتیە پینووس بەدەستەکان و خاوەن بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگای میسر لە ترسی دووپات بوونەوەی سیناریوی ڕەشی ئێران، بە جۆرێک لە حکوومەتی حوسنی موبارەک لە بەرانبەری گرووپە چەکدارەکانی جیهادی پشتیوانیان کرد و یان لانی کەم دژی ناوبراو نەجووڵان .بەڵام لە دەیەی سیهەم و سەردەمی دەسەڵاتداری حوسنی موبارەک، شۆڕشی ئیسلامی ئێران کاریگەریە سەرەتاییەکانی خۆیی لە دەست دا و ئیتر بەو جۆرەی کە سەرەنج ڕاکێش بێ بۆ نەتەوەی عەرەب و بەتاییەتی خەڵکی میسر کاریگەری خۆی لە دەست دا .لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە لە جێگای لە دایک بوونی لەگەڵ بون بەست و بەڵکو لەگەڵ شکست دا بەرەوڕوو بووەوە .لەم سەردەمەدا حوسنی موبارەک کە لە شەڕی گرووپە چەکدارە ئیسلامیەکان  رزگاری ببوو، بەربەڵاوتر و نەترسانەتر حکومداری دەکرد .پاش ئەوەی حوسنی موبارەک بریاری دا کوڕەکەی لە جێگای خۆی دانێ و نیزامێکی بنەماڵەی" کۆماری پاشایی " وەکو مۆدیلی سوریە دامەزرێنێ، ڕۆشنبیران و سیاسەتوانان و زانایان و لاوەکانی دژی خۆی هەڵنا و لە ڕاستیدا گۆڕی خۆی هەڵکەند .جێگیرکردنی نیزامێکی بنەماڵەی)ئێرسی" (کۆماری پاشایی "بۆ کۆمەڵگای بەربەڵاوی سیڤیلی وەکو میسر زۆر قورس بوو .بە ئامادە بوونی یانزە ملیۆن میسری لە شەقامەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە لە دوارۆژەکانی رژیمی حوسنی موبارەک، شۆڕشیک پێک هات کە زایەڵەی تاکو واڵ ستریتی نیویورک و مەیدانەکانی سپانیا دەنگی دایەوە .مەیدانی التحریر واتە ئازادی ببووە نموونەی ئازادی خوازی لە جیهاندا .قاهیرە یەکەم مانگی بەهاری عەرەبی بوو، واتە سەرەتای مانگی بەهار .گوڵەکان بەڵام دڕکدار و کەم ڕەنگ .پێویستی بەوە نەکرد کە میسریەکان وەکو خەڵکی ئێران دوو سێ دەیە چاوەڕوانی بکەن تاکو هەڵسوکەوتی ئیسلام خوازەکان هەڵسەنگێنن .

ئەزموونی خوێناوی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان بە سووک و ئاسانی لە بەر دەست بوو هەڵبەتە کار و وتەکانی سەلەفیەکان و توندڕەوە میسریەکان هاتە یارمەتی دانیان .ئەمان چڕوچاوی ئیسلامی سیاسیان) ئیستلاحێک کە میسریەکان حەزیان لێ کرد (زوو ناسی درووشمی" اسلام هو الحل "واتە ئیسلام ڕێگە چارەیە تەنیا بەشێکی کەمی خەڵکی میسری فریو دا و نە خەڵکەکە بە گشتی .هەرچەند خەڵکی میسر بەگشتی موسڵمانن بەڵام لەم بوارەدا سەلیقەی یەکسانیان هەیە) .واتە زۆر خوازیاری دینی ئیسلام نین ( بە ڕۆخانی رژیمی حوسنی موبارەک، جموجووڵی خەباتی کۆمەڵایەتی چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە و ئەم کارەش بە بێلایەنی نیزامیەکان ئەنجام درا .بەڵام ئەمانەش لە ڕۆژگاری دوای ڕۆخانی رژیمی موبارەک چوونە پاڵی نیزامی نوێوە .بە ڕۆیشتنی سپا و نیزامیان جموجووڵی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆرتر سەری هەڵدا.

**هیزە مەدەنیەکان لە بەرانبەر ئیسلامی سیاسی**

ئێمە ئێستا شایەتی پۆلاریزەی کۆمەڵگای میسرین .لە لایەک چین و توێژی ئیسلامی سیاسی پێکهاتوو لە" اخوان المسلمین "و" سەلفیەکان "و لە لایەکی تر چەپەکان، سوسیالیستەکان، شۆڕشگێران و لیبراڵەکان .ئەمانە چەند ڕۆژێکە کێشەکانی خۆیانیان وەلاناوەو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ محمد مرسی سەرەک کۆماری میسر و ئەو دەسڵاتە زۆرەی کە بە خۆیی داوە، )جبهە الانقاذ الوطنی (واتە جبهەی نجاتی میللی یان پێک هێناوە .لەم جبهەیەدا هەم لیبراڵەکان، لە حیزبی" وفد "و حیزبی" میسری بەهێز " عبدالمنعم ابو الفتوح و حیزبی کۆنگرە عمرو مووسا و ناسریستەکانی "جنبشی، جموجووڵی خەڵکی "حمدین صباحی و هەروەها سوسیالیستەکانیش و چەپەکان کە لایەنگری گرووپە چەپەکانی میسرن ئامادەن .بەو جۆرە پیش بینی دەکرێ کە سوسیالیستەکان و لایەنگرانی چەپی میسری بە پیچەوانەی دوکتور سمیر امین تیوری زانی جیهانی و هاونەتەوە مارکسیستەکەیان، لەم کات و ساتەدا لیبراڵەکان بە" ڤیروس "

نازانێ و لەگەڵ ئەواندا لە بەرانبەر ئیسلام خواز و سەلەفیەکان دا یەکگرتووانە ڕاوەستاون.
هەموو ئەمانە لە دووپات بوونەوەی ئەزمونی ئێران دەترسن :دیکتاتۆری ئیسلام خوازی و بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای میسر .دەزانین کە عبدالمنعم وابو الفتوح و حمدین صباحی ناسریست لە یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی سەرەک کۆماری کەسی دووهەم و سێهەم و عمرو مووساش پێنجەم بوو .نەیارانی اخوان المسلمین تەقریبەن نیوەی دەنگی خەڵکی میسریان بەدەست هێنا .ڕۆژی سێ شەممە واتە ٢٧ی نۆڤامبری ٢٠١٢ بە ئامادە بوونی نزیکەی پانسەد هەزار کەس لە مەیدانی التحریر، هەموو لایەک باوەڕیان بە هێزو گەورەی ئۆپوزیسیۆنی سیڤیل و میللی میسریان هیناوە .ئەمانە لە شارە جۆراوجۆرەکانی میسر خۆیانیان بە خودی نیشان داوەو هەڵچوون و سووتاندن ڕووی داوەو کە هەندێ جاریش دەکێشرێتە لای توندوتیژی و زەرەرو زیانیشی بەدواوە بووە .دەبی ئەوەشی پێی زیاد بکەین مانگرتنی قازیەکانی میسر کە بووە هۆی لابردنی بەرپرسی دادگای گشتی لە لایەن محمد مرسی .زۆربەی دادگاکانی میسر کاری خۆیانیان ڕاوەستاندووە .لە خۆپێشاندانی ئەم ڕۆژانەی دواییەدا بەشداری ژنان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی میسری لەبەرچاوە .چادرهەڵدانی گرووپە نەیارەکان لە مەیدانی التحریر هەروەکو سیمبۆڵی بەردەوامی شۆڕشی ناتەواوی میسر لە جێگای خۆیان دان و لە بەرانبەری نەگۆڕی بۆچوونی سەرەک کۆمار و بیستنی درووشمی رادیکالانە بەردەوامە . درووشمی" بڕۆخی مرشد "جاروبار بەرزدەبێتەوە کە لە ڕاستیدا هەر هەمان ڕێبەر یان وەلی فەقیهی اخوان المسلمینە .هەندێ جاریش باسی سەرهەڵدانی خەباتی سیڤیل یان مەدەنی دەکرێ. هەرچەند هۆکاری ڕاپەڕینی ئێستای میسریەکان ئابوری نیە، بەڵام ئامادە بوونی بە کۆمەڵی خەڵک لە کۆڕوکۆبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکانی ڕۆژانی دوایی نەیاران بەتەواوەتی بەرچاوە .هەر جۆرێک بێ سەلەفیەکان و ئیسلام خوازەکانی توندڕەو بە پێویستی گەلالەی لە ناوبردنی ئەهرامی سێیانە و ابوالهول و

دژایەتی لەگەڵ توریسم، لە بەسیج کردنی خەڵک دژی دەسەڵاتداران ڕۆڵ بازی دەکەن، لەبەر ئەوەی ساڵانە پەنج ملیۆن توریست دەچنە میسر و ئەمەش بە مانای نان بڕینی نزیکەی سی لە سەدای خەڵکی میسرە کە لە بەشی توریسم کار دەکەن .ئێستاکە کۆمەڵگای میسر هەر لە هەژارەوە بگرە تاکو چینی مامناوەند و دەوڵەمەند بەتەواوەتی بوونەتە سیاسی و ترسیان لە حکومەتی نیمە ڕۆخاوە و ئیتر خەڵکی هیچ جۆرە حکومەتێکی دیکتاتۆری قەبووڵ ناکەن.

**ئامریکا و اخوان المسلمین**

اخوان المسلمین دوای هەڵبژاردنی محمد مرسی وەک سەرەک کۆماری میسر، هەیئەتێکی سی کەسی کە شارەزای زمانی ئینگلیسی بوون، بۆ ئامریکا نارد .ئەمانە لە زۆربەی وەزارەتخانە سەرەکیەکاندا ئامادە دەبوون و لەگەڵ وەزیری بەرگری و دەرەوە ومەسئولەکانی تری ئامریکا چاوپێکەتنیان کرد .ئەم هەیئەتە بەڵێنیان بە مەسئولانی ئامریکا دا کە اخوان المسلمین چاودێری لە بەرژوەندی ئامریکا لە میسر دەکا .ئەمانە قەولْیان بە ئامریکایەکان داوە لە بەرانبەر بەردەوامی یارمەتیەکانی ئامریکا کە زۆربەی لە بواری نیزامیدایە، ڕێزلە پەیمانی ئاشتی لەگەل ئیسرایل دا دەگرن و ئاسایشی کانالی سویز و ناوچەکە دابین دەکەن و لە بەرانبەر ئێرانیش ڕادەوەستن و خەتی خۆیان دیاری دەکەن .ئێستا لە کاتی خەبات لە نێوان هیزە مەدەنی و ئیسلامی خوازەکانی حاکمی میسر، واشنگتن دەکۆشێ فشارێکی کەم بخاتە سەر اخوان تاکو محمد مرسی لەو بڕیارانەی کە دەری کردووە پێداچوونەوەی بۆ بکا، هەر چەند ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئامریکا پشت لە اخوان بکا .چارەنووسی دیموکراسی لە میسر لە گرەوی ئاکامی خەباتی قورسی ئیستایە و دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو بین کە ئاوسی چ جۆرە پێشهاتێکە و بزانین اخوان المسلمین رادەی چەندە هێز لە خۆپێشاندانی ڕۆژانی داهاتوو) شەممە کە ڕۆیشت (لە قاهیرە کۆ دەکاتەوە .هەرچەند نەیاران دەڵێن، اخوان المسلمین بە کەم بوونەوەی هێزی خەڵکی ڕووبەڕوون، لە خۆپێشاندانی هەینی ڕابردوو لە بەرانبەر

کۆشکی سەرەک کۆماری، لایەنگرانی خۆیانیان بە شەممەنەفەر و ئۆتوبوس لە شارە جیاکان و گوندەکان بۆ قاهیرە هێنا بوو .بە پێچەوانەی دەیەی شەستی ئێران، هیج گرووپێکی سیاسی چالاک لە سەر شانۆی سیاسی میسر بە تەنیایی ئیتر ناتوانێ ئەوی تر لە مەیدانی خەبات دەرکا، جگە لەوەی کە لە هێزی نیزامی کەڵک وەرگرێ کە لە دەستی سپادایە .ئەم سپایەش بە دووری دەزانێ کە بە قازانجی لایەنێک دەست بە کاری وا بدا . لە کاتێک دەبی ئەویش گەر هەرج و مەرج و بشێوی و شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا هەڵگیرسێ و ئینجا ئەگەر سپا دەست بداتە کاری لەو چەشنە، هەڵبەتە من ئەمە لە داهاتووی سیاسی میسر نابینم، هەرچەند ئەمەش نامومکین نیە.

سەرچاوە:

اخبار رۆز HYPERLINK "http://www.akhbar-rooz.com/"_ www.akhbar-rooz.com :

## ساواک: دوکتور قاسملوو کۆمونیست بوو، دەمانزانی لە چیکۆسلڤاکیدایە...

کتێبی "**در دامگاه حادثه**" وتووێژ لەگەڵ پرویز ثابتی بەڕێوەبەری ئاسایشی نێوخۆی ساواک کە لە لایەن عیرفان قانعی فرد ئەنجام دراوە لە ئامریکا و بووەتە کتێبێکی ٦٧٠ لاپەڕەییدا، ساڵی چاپ ٢٠١٢ و شرکەتی کتێب چاپی کردووە. قەوارەی ئەم کتێبە گەورەیە و وتووێژێکی دوورو درێژە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک وێنەی مێژوویی تێدایە وەک وێنەی شای ڕۆخاو و سەرانی ساواک و وەزیرەکانی سەردەمی پاشایەتی.

"پرویز ثابتی" بەڕێوەبەری ئاسایشی نێوخۆی ساواک لە سەردەمی حەمە ڕەزا شادا و ساواک کورت کراوەی (سازمان اطلاعات و امنیت ایران)ە. ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی چووەتە ریزی ساواک تاکو ساڵانی ٤٠ و ٥٠کانی هەتاوی، سەرەڕای ئەوەش هەتا ڕۆخانی رژیمی پاشایەتی و تێکچوونی ساواک هەردەم لەگەڵ ڕووداوەکاندا بووە و لەو بوارەدا دژی نەیارانی شا چالاکی نواندووە، هەرچەند بۆخۆی دەڵێی شا خۆشی لە چارەی نەهاتووە و ئەوەش بە هۆی گوایا ئەو ڕاپۆرتانە بووە کە ڕەخنەی لە شا گرتووەو گوایا لە نێو کۆمەڵگای ئەو دەمەدا ناعداڵەتی بووە و شا پشتی گویی خستووە. زۆر لەو ڕێکخراوانەی کە دژی پاشایەتی چالاکیان کردووە وەک: (لایەنگرانی حیزبی توودە، جبهەی میللی، نهضت آزادی، مجاهدین خلق، چریکهای فدایی، کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران و هتد... )ناوبراو بە کەسێکی دڵ ڕەق و خوێنرێژ لە قەڵەم دەدەن.

لە دوای ڕۆخانی حەمەڕەزا شا چەند کەسێک باسی ساواکیان کردووە وەک حسین فردوس و لە دەرەوەش عیسا پژمان کە بۆ خۆی کوردە و خەڵکی سنەیە و ئێستا دانیشتووی پاریسە لە نێو ساواکدا چالاک بووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ شانازی پێوە دەکا. با ئەوەش بڵێم کە ناوبراو زاوای بنەماڵەی پاڵەویە، هەر بۆیە لەو بوارەدا چالاکە و خۆی بە نۆکەریان

دەزانێ. منوچهر هاشمی و علی اکبر فرازیان ساواک بە ڕێکخراوێکی گرنگ وەسف دەکەن. لە لایەن وەزارەتی ئیتڵاعاتی رژیمی ئاخوندی نزیکەی ٢٤٠ بەرگ کتێبیان لە سەر ئەو ڕێکخراوەیەدا بەڵاو کردووەتەوە.
پاش ڕۆخانی رژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی گەلانی ئێران، سەرانی ساواک کە ئەمانە بوون: حسن پاکروان، نعمت نصیری، ناصر مقدم لە لایەن ڕژیمی خۆمەینییەوە لە سێدارە دران. یەکەم سەرۆکی ساواک "تیمور بختیار" بوو کە پاش چەند ساڵێک حەمە رەزا شا لە سەر کار لای برد و ئەویش هەڵهات بۆ عێراق و دژی شا چالاکی دەنواند. بەڵام ناوبراو هەر لە لایەن ساواکەوە و بە دەستی "ئێگلن ماطاوسیان" کە دەرەجەداری ارتش و بە ناوی نهێنی فەرهەنگ و کەسێکی تیرهاوێژی باش بووە و بەڕەچەڵەکیش ئەرمەنییە، لە پارێزگای دیالە لە نێو خاکی عێراقدا تێرۆر کرا. تیمور بختیار بەڕەچەڵەک لوڕە و لە ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی لە چوارمەحاڵی بەختیاری و شاری کورد هاتوەتە دنیا و لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی تێرۆر کراوە.
من لێرەدا نامەوی باسی کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەی بکەم، تەنیا ئەو دێڕانە وەردەگێڕمەوە کە گرنگ و بە جۆرێک باسی کورد دەکەن یان هەندێ شت هەیە بۆ زانیاری لەم کتێبەدا خەراپ نیە کە خوێنەر بیزانێ. لە سەرەوەش باسم کرد کە ئەم کتێبە وتووێژێکە کە قانعی فرد ئەنجامی داوەو ناوی ئەم نووسەرەش بۆ گەلی کورد ناسراوە. قانعی فرد بۆ خۆی کوردە و خەڵکی شاری مەریوانە. لەسەر قانعی فرد بەڕێز محمەد ئاسنگران وەها دەنووسێ: "قانعی فرد نوێنەری ڕێبەری ناوەندی بەڵگە، اسناد کۆماری ئیسلامی ئێرانە... ناوبراو لە دایک بووی شاری مەریوانە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی باوکی یەکێک لە مەسئولانی "مکتب قرآن"ی شاری مەریوان و یەکێک لە هاوبیرانی نزیکی احمد مفتی زادە بووە. لە ساڵی ١٣٥٨ و دوای ئازادی شارەکانی کوردستان لە لایەن پێشمەرگەوە، سپای پاسداران و هێزە لایەنگرەکانی کۆماری ئیسلامی ناچار بوون لە شارەکان خۆ بکێشنەوەو ڕوویان لە پادگانەکان کرد و بۆ دارودەستەی

مفتی زادەش لە شاری هەمەدان جێگایان بۆ دابین کردن. باوکی قانعی فرد و بنەماڵەکەی هەر لەو شارەدا جێگیر بوون. پاش هێرشی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەر کوردستان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان دەست بەسەرا گرتنی شارەکان لە لایەن سپای پاسداران و ئەرتش، باوکی قانعی فرد بۆ شاری مەریوان گەڕایەوەو بۆ ماوەیەک بووە فەرمانداری شاری مەریوان و خزمەتی بە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. ئەمەش کورتەیک لە سەر قانعی فرد و بنەماڵەکەی و بۆ زانیاری کە ناوبراو لە چ هەلومەرجێکی ژیاندا پێگەیشتووە".
-mohamad-44/archiev-articles/comwww.rowzane.//:http
html.17-40-19-28-06-1391-11080/a

من بۆ خۆم هیچ لە سەر قانعی فرد و بنەماڵەکەی نازانم کاری منیش نیە و مەبەستی من کتێبەکەیە و ئەو زانیاریانەی کە ثابتی باسی کردوون. ثابتی سێ مانگ پێش سەرکەوتنی گەلانی ئێران و ڕۆخانی پاشایەتی، ئێران بەجێ دێڵێ و لە ئامریکا جێگیر دەبێ. هەرچەند بۆ خۆی دەڵێی کە شا لەو پۆستە لای بردووە. ناوبراو کوڕی حسین و لەدایک بووی ٤ی فروردینی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی و لە ناوچەی "تپە سر، سنگسر کە ئێستا بووەتە مهدی شار و سەر بە شاری سمنان"ە. ثابتی شتێکی کورتی وەک پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیووەو ناوی ناوە "یادداشت" و لەوێدا دەنووسێ "شک و گومانی تێدا نیە کە هەر دوو پاشا واتە حەمە ڕزا شاو وحەمە ڕەزای کوڕی لە ماوەی دەسەڵاتداریان تووشی زۆر هەڵە بوون. هەڵەکانی پاشای باوک ئەوە بوو کە زلهێزەکان هێرشی نیزامیان کردە سەر ئێران پاشایان لە ئێران دوور خستەوەو لە سەر کار لایان برد. هەڵەی کوڕەکەشی بە هۆی ناعەداڵەتی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵە چ لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە هتد... و ئەوە بوو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. ناوبراو دەنووسێ لە ماوەی خزمەتم لە ساواک واتە کەمتر لە سێ مانگ ڕاپۆرتێکم لە سەر پرسی سیاسی لە نێو وڵات بۆ سەرەوەی دەسەڵاتدارانی ساواک و خودی پاشا بەڕێ کرد کە

باسی ئەوەم کردبوو پاراستنی ئاسایش لە ڕێگای سەرکوت و کوشتن و دژایەتی لەگەڵ ڕێکخراو گرووپە دژەکان و لە نێوبردنیان بەو جۆرە پێویست ناکا، بەڵکو هەژاری و فساد و گەندەڵی و ناعەداڵەتی دەبێتە هۆکاری ناڕازی بوون و ئەوجار دژی ئاسایشی وڵات، خەڵک دەکەونە جموجووڵەوە. ناوبراو دەنووسێ بە خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتەی من نە ئەوەی کە پاشا گوێ بگرێ کەچی هەڕەشەی لێ کردم کە بمداتە دادگای نیزامی و سزام بدەن. هەر جۆرێک بێ ئەمەی خوارەوە کورتەیەک و پوختەیەکە لەو کتێبە ٧٠٠ لاپەڕەییە. بەو هیوایە کەڵکی هەبووبێت.....ناوبراو باسی ڕێبەری مجاهدین خلق مسعود رجوی دەکاو دەڵێی هەم خۆی و هەم براکەشی واتە کاظم رجوی کە لە ژنف لە لایەن رژیمی ئێرانەوە تێرۆر کرا هاوکاری باشی ساواکیان کردووە زۆر زانیاری بەکەڵکیان داوەتە ساواک لەو سەردەمەدا. لە درێژەی باسەکەیان لەگەڵ قانعی فرد، باسی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور قاسملوو دەکەن و ثابتی دەڵێی دوکتور قاسملوو هیچ کات هاوکاری ساواکی نەکردووەو بەڵام ساواک وەکو کەسایەتییەکی کۆمونیست چاوی لێی کردووەو زانیومانە کە لە چیکوسلواکی دایە و خەریکی چ کارێکە. ناوبراو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حیزبێکی کۆمونیست لە قەڵەم دەداو دەڵێی کوردەکان جیاوازی خوازن، هەرچەند ئێستا هیچ لایەنێک پشتیوانیان لێی ناکاو ئەوانیش دەڵێن کە جیوازی خواز نین. با ئەوەش بزانین کە ثابتی لە نێو ساواک بووەو زۆر دڵ ڕەقانە هەڵسوکەوتی کردووە زۆریش دژی کوردە و لە خوێندنی کتێبەکەیدا دەردەکەوێ کە زۆر سەرسەخت و نە هەر دژی کورد بەڵکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ دژی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەیە کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن لە ئێراندا و هێشتا بیروبۆچوونی لە دەوروبەری ساڵانی ٤٠ و ٥٠کانی هەتاوی و کاربەدەستی ساواک بووە، گێرە دەکا. جارێ با پێکەوە وتووێژەکانیان بە کورتی بخوێنینەوە:

لە وەڵامی پرسیارێک کە قانعی فرد لە سەر مجاهدین دەپرسێ لە ثابتی:

**"بڕیار بوو چیرۆکی مسعود رجوی باس بکەی؟**

ثابتی دەڵێی: "رجوی لە مانگی شهریوری ١٣٥٠ی هەتاوی گیرا و سزای سێدارەی بەسەردا سەپا. براکەی مسعود رجوی واتە کاظم رجویم دەناسی... لەساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی مانگێک پێکەوە بۆ دامەزران لە "آموزش و پرورش" لە دەورەیەکدا یەکمان ناسی. کاظم رجوی پاش ساڵیک یان دوو ساڵ بۆ خوێندن چووە ئۆرووپا و لە کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران چالاکی هەبوو. منیش لە لایەن ساواکەوە نێردرام بۆ وڵاتی سویس و هەرچەند هەشت نۆ سالیک لە خزمەتم لە نێو ساواک دا گوزرابوو. دەوروبەری ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، ویستم لەگەڵ کاظم چاوپێکەوتنێک بکەم و بزانم خەریکی چ کارێکە و تەلەفونم بۆ کرد و ناوبراو وەڵامی دامەوە و پێم وت کە دەمناسیٚ. وتی بەڵێ دەتناسم. پاشان لە جێگایەک یەکمان بینی و پاش قسەکردن بۆم دەرکەوت کە زۆریش سەخت نایگریٚ و بەڵام ڕەخنەی لە شا دەگرت و زۆریش ڕەخنەکانی گرنگ نەبوون. بەڵام لەو کاتەدا نەیدەزانی کە مسعودی برای لەگەڵ مجاهدین دا چالاکی هەیە. کاظم لێی پرسیم کە چی دەکەم و منیش وتم لە نێو دامودەزگای سەرەک وەزیراندا کار دەکەم. وتی هەر هەمان ساواک. منیش ڕاست و ڕەوان وتم بەڵێ. وتی ئەی لە وڵاتی سویس چی دەکەیٚ؟ بە کورتی دیتم کە زۆر مەیلی بۆ هاوکاری لەگەڵ ساواک دا هەیە. منیش هەر لەویٚ وەک نوێنەری ساواک لە باڵوێزخانەی ئێران داممەزراند و مانگی ١٠٠٠ فرانکی سویسیمان بۆی بڕیەوە ئیتر بوو بە پیاوی ساواک و ڕاپۆرتی بۆ ئێمە بەڕی دەکرد.

ئەوە بوو ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی مسعود رجوی گیرا و کاظمیش خێرا نامەیەکی بۆ ناردم و تەلەفونیشی کرد و وتی دەستم دامێنت براکەم رزگار بکە. منیش وتم بابزانم چ کارێکم لە دەست دیٚ. پاشان مسعود سزای سێدارەی بۆ بڕایەوە. هەرچەند کاظم دەچوو بۆ لای کەسایەتی جۆراو جۆر وەک ژان پۆل سارتر کە دژی لە سێدارەدان لە ئێران چالاکی ئەنجام بدەن و مسعود لە سێدارە نەدریٚ. منیش دەستم دایە قەڵەم و ڕاپۆرتێکم نووسی کە براکەی مسعود بۆ ساواک کار دەکا و با مسعود پلەیەک لە

سزاکەی کەم بێتەوە. پاشاش ڕازی بوونی خۆی پیشان داو ئەوە بوو مسعود لە سێدارە نەدرا.
پرویز ثابتی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ مسعود لە لێکۆڵینەوەکاندا هاوکاری زۆری کردین و هەواڵی لە سێدارەدانیشمان پێی دا و ئینجا لە ڕۆژنامەکاندا نووسیمان کە دە کەس سزای لە سێدارەیان بۆ بڕایەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی مسعود رجوی لەگەڵ ئێمە هاوکاری کردووە سزاکەمان کەم کردەوە.
لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەڵێ "**لە ڕاستیدا ئێوە ویستان کە کەسایەتی رجوی بشکێنن و بێئابڕوی کەن؟**
ثابتی دەڵێ: "بەڵێ. هەرچەند لە بەندیخانەدا وتبووی کە من چ هاوکاریەکم کردووە، بەڵام هاوکاری کردبوو، لە لێکۆڵینەوەکاندا، زۆر کەسی بە ئێمە ناساند و تەنانەت کۆماری ئیسلامیش چەند ساڵ لەمەوبەر لێکۆڵینەوەکانی بەڵاو کردەوە. لە بەندیخانەدا هەندێ جار بەندیەکان هەرایان دەنایەوە بەڵام مسعود دەچوو ئارامی دەکردنەوە و بەنهێنیش چالاکی خۆی لە بەندیخانەدا دەکرد و تەنیا کەسیش بوو لەو گرووپە کە سێدارەیان بۆ بڕایەوە، لە سێدارە نەدرا. (ل.٢٨١ و ٢٨٢ و ٢٨٣ و ٢٨٤).
لە درێژەی باسەکانیدا ثابتی ئاماژە بە ڕەشە کوژیە، یەک لە دوای یەکەکانی رژیمی ئاخوندی دەکا کە بە "قتلهای زنجیرەای" ناوبانگی دەرکردووە. ناوبراو دەڵێ ئەم تێرۆرانە لە لایەن سەرانی رژیمەوە بە ناوی "فتوای قتل به عنوان مهدورالدم" بڕیاری لە سەر دراوە کە دست درێژی بۆ سەر ئەو کچانەی کە میردیان نەکردووە و سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاندووە و لە لایەن پاسدارانەوە ئەنجام دراوە تاکو ئەم کچانە بەو کارەیان کە پێیان کردوون بە بۆچوونی ئەوان نەڕۆنە بەهەشت.
ئەو کەسانەی کە دەستووری تێرۆری یان (فتوا)ی کەسایەتیەکانیا داوە ئەمانەی خوارەوەن:
قربانعلی دری نجف آبادی وەزیری ئەو کاتی "اطلاعات" کە لە لایەن کارمەندانی وەزارەتی اطلاعات و بە دەستووری سعید امامی، جێگری

ئاسایشی ئەم وەزارەتخانەیە لە سەردەمی علی فلاحیان کە وەزیری اطلاعات بوو لە سەردەمی سەرەک کۆماری هاشمی رفسنجانی. دری نجف آبادی یەکەم وەزیری اطلاعاتی سەردەمی سەرەک کۆماری محمد خاتمی و مصطفی موسوی (کاظمی) جێگری ئەو کاتی وەزارەتی اطلاعات و مهرداد عالی خانی تێرۆرەکان ئەنجام دەدران.

ئەو کەسایەتیانەش کە بە دەستووری ئەمانەی سەرەوە تێرۆر کران ئەمانەی خوارەوە:

داریوش فروهر، پروانه اسکندری، محمد مختاری، محمد جعفر پوینده، حسین برازنده، احمد تفضلی، احمد میرعلایی، حمید حاجی زاده، ، غفار حسینی، ابراهیم زال زاده، کاظم سامی، هایک هوسپیان مهر، مجید شریف، پیروز دەوانی، فریدون فرخزاد، رضا مظلومان، مظفر بقایی، **عبدالرحمان قاسملو، (صادق شرفکەندی)**، فاطمه قائم مقامی، علی اکبر سعیدی سیرجانی، مهدی دیباج، سیامک سنجری، حمید حاجی زاده، معصومه مصدق، دکتر جمشید پرتوی، سید احمد خمینی، **ملا محمد ربیعی**، فاروق فرساد، حسین سرشار، (عبدالرحمان برومند، **بهمن کشاورز** و هتد...). (ل. ٣١٢)

لە وەڵامی پرسیاری " **لە سەر فروهر و کریم سنجابی قسەت نەکردووە؟ چوونکە هەندێ کەس وەک شاپۆر بختیار و ... سنجابی بە هەلپەرەست دەزانن.**

ثابتی دەڵێ:" لەسەر سنجابی هەرچییان وتووە زەربدەری ١٠ی بکە. من لەگەڵ فروهر و سنجابی چاوپێکەوتنم بووە و زۆرتر وەک کەسایەتی دەیانناسم. لەگەڵ شاپور بختیار پێوەندیم نەبووەو زانیاریم لە سەری نیە و تەنیا فایلەکانیم خوێندووە.

سنجابی لە دانشکدەی یاسای زانکۆی تاران، ئۆستادی یاسا (حقوق) ئیداری بوو. کلاسی وانە وتنەوەی زۆر وەک خۆی وشک بێ زەوق بوون. تەنانەت ئەو خوێندکارانەی کە سیمپاتیان بۆ (جبهه ملی) دەبوو، ڕقیان لە سنجابی بوو. ناوبراو ئۆستادی خانەنشینی زانکۆ بوو. لە ساڵی ١٣٤٩ی

هەتاوی نامەیەکی پەخشان ئاسا و بێ هیواو عاجز بۆ پێویستی ژیانی کە لە شا داوای کردبوو، نووسیبوو. پاشان مانگی ٥٠٠٠ تمەنمان بۆ بڕیەوە وەک مشاور لە وەزارەتی علوم و آموزش دایانمەزراند. کۆپی ئەو نامەیە لە ساواک دا هەبوو، پاشان سپهبد مقدم لەو مانگانەی دوایی ئەو نامەیەی بە داروودەستەی "نهضت آزادی" دابوو کە لەگەڵ خمینی پێوەندیان هەبوو. کاتێک کریم سنجابی ڕۆیشت بۆ پاریس و بۆ دیتنی خمینی کە شا رازی بێی ببێت بە سەرەک وەزیر لەگەڵ خمینی پێک بێن، بەڵام داروودەستەی خمینی کۆپی ئەو نامەیە کە بۆ شای ناردبوو، پیشان دەدەن و پێی دەڵێن کە هەرچی خمینی دەڵێی ئەنجامی نەدەی ئێمەش ئەم نامەیەت بەڵاو دەکەینەوە و لە نێو خەڵکدا ڕسوات دەکەین. سەرئەنجام سنجابی تەسلیمی خمینی دەبێ و بەبێ ئەم لاو ئەو لا دەبێتە پیاوی خمینی. کریم سنجابی کوڕی قاسم خان سردار ناصر، لە دایک بووی ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی شاری کرماشان و بە ڕەچەڵەک کوردە و لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە ئامریکا کۆچی دوایی کرد.(ل.٣٣٢ و ٣٣٣)

ثابتی لەسەر فروهر دەڵێی تاکوو ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی فروهر لە بواری سیاسی، مرۆڤێکی سادق و باوەڕی بە ڕێبازەکەشی هەبوو. بەڵام لە سەروبەندی شۆڕشدا ئەویش وەکوو کەسانی تر تووشی هەڵە بوو. لە ڕادەبەدەر خۆی بە خمینی و احمدی کوڕی هەڵدەواسی، ئەوە بوو وەهای لێی هات لە لایەن دژبەرەکانی لە مەیدانی سیاسەت وەدەریان نا. داریوش فروهر لەگەڵ محسن پزشکپور و عاملی تهرانی و چەند کەسێکی تر لە ساڵی ١٣٢٦ ی هەتاوی "حزب پان ایرانیست"یان دامەزراند. ئەم حیزبە تاکو ساڵانی پێش دەسەڵاتی مصدق، لەگەڵ حیزبی توده دا دژایەتیان دەکرد و لەگەڵ رکنی ٢ ستادی ارتش پێوەندیان هەبوو. پاشان ئەم حیزبە لەت بوو، ئینجا فروهر و پزشکپور و محمد رضا عاملی تهرانی  جیا بوونەوەو "حزب ملت ایران"یان دامەزراند.

لە سەر پرسی کورد ساڵی ١٩٧٥ و پەیمانی الجزایر و سەرنەکەوتنی کورد و خەیانەتی شای ئێران بە کورد بەگشتی و جووڵانەوەی حیزبەکانی

کوردستان باس دەکەن و پێموایە شتێکی نوێی تێدا نیە و هەمووشی دووپات کراوەتەوە. هەر بۆیە بەسر ئەوەدا باز دەدەم. ئەوەی کە زۆر گرنگە باسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتی دوکتور قاسملووە. هەندێک پرسیار لێرەدا دەکرێن و من بە وردی دەیانخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز.

قانعی فرد لە پرویز ثابتی دەپرسێ و دەڵێی: " **لەسەر یەکێک لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی مێژووی سیاسی کوردستانی ئێران دەمویست بپرسم ئەویش عبدالرحمان قاسملوویە.**

ثابتی لە وەڵام دا دەڵیی:"قاسملوو، کۆمونیست و ئەندامی حیزبی توودە و کۆمیتەی ئەیالەتی کوردستان و حیزبی دیموکراتیش حیزبێکی کۆمونیستی بوو، هەردەمیش قاسملوو بۆ ئێمە کەسێکی کۆمونیست و هەردەمیش جێگای سەرەنجی ئێمە بوو. بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ناوبراودا وتووێژمان نەکردووە و هیچ هاوکارییەکی لەگەڵ ساواک نەبووە و تەنانەت شێخ عزالدینیش هاوکاری لەگەڵ ساواک نەبووە.

**س. هیچ ڕاپۆرتێکتان لەسەر حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەبوو... ئایا بۆ ساواک زۆر گرنگ نەبوون؟**

و. هەرجۆرێک بێ، دەبوایا ئێمە زانیاریمان لە سەر ئەوان کۆکردبایەتەوە کە بزانین ئەوان خەریکی چین. قاسملوو لە چیکوسلواکی ئەو کات بوو. ئێمە زانیاریمان لەسەر چالاکیەکانی ئەو دەزانی بەڵام زۆر هەڕەشە نەبوون بۆ ئێمە.

س. **قاسملوو لەگەڵ ساواک هاوکاری هەبوو؟**

و. نە، چ هاوکارییەک؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەڵێ "**بۆ ئێوە حەزتان لە تاڵەبانی نیە"؟**

دەڵێی" چوونکە تاڵەبانی یەکێک لە دوژمنانی ئێمە بوو لەگەڵ رووسەکان و میسریەکان لە سەردەمی عبدالناصر هاوکاری هەبوو. هاوکاری گرووپە کۆمونیستەکانی ئێرانی لە کوردستان دەکرد وەک ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی

حیزبی توودەی ئێران کە لاشایی، پارسانژاد و کشکولی لە لای ناوبراودا جێگیر ببوون.
لە وەڵامی پرسی **جیاخوازی** ثابتی دەڵێ:" کوردەکان جیاخوازن و تاکوو چالاکی هەبێ ئەوانیش داوای سەربەخۆیی دەکەن. هەرچەند ناوبراو دەڵێ چوونکە ئێستا پرسی جیاخوازی ناگونجێ کوردەکانیش دەلێن ئێمە جیاخواز نین. هەرچەند جەنابت مەبەستی قانعی فردە کە جیاخوازنیت بەڵام لە ڕاستیدا کوردەکان داوای جیاخوازی دەکەن. (ل. ٥٤٧)
لەسەر کێشەی کوردی عێراق و سەدام حسین ثابتی دەڵێ " سەدام سەرکوتێکی وەهای نەکرد لە پاشماوەکانی بارزانی لە کوردستان و زۆر بە شێوەیەکی ئەرێنی و بە نەرم و نیان هەڵسوکەوتی دەکرد. بەڵام ثابتی ئەوەی لە بیر چووە کە سەدام ۸۰۰۰ بارزانی زیندە بەچاڵ کرد و ۱۵۰هەزار کوردی ئەنفال کرد و سەرەڕای ئەوەش نزیکەی ۵۰۰۰ گوند و شارۆچکەی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد. ئەی ئەوانە جینایەت نیە چییە؟
لە کۆتایی کتێبەکەدا پرویز ثابتی خۆی بە لایەنگری هیچ مەزهەبێک نازانێ و دەڵێی ڕێزی بۆ دینیش هەیە. هەرچەند بۆخۆی دەڵێی هەم ڕەگی بەهایی و هەمیش ڕەگی ئیسلامیم تێدایە. "بەڵام کەسێکی غەیرە مەزهەبی و نە بەهایی و نە موسڵمان و نە لایەنگری دینێکی ترم". ناوبراو دەڵێی لە بواری فەلسەفیشدا باوەڕم بە مرۆڤایەتیە واتە ئۆمانیستم. مەزهەبی شیعە بەخەرابترین مەزهەبەکان دەزانێ. بۆ نموونە دەڵێی شیعە فتوای "صیغە"ی داوە لە نێو ئیسلامدا، بەڵام کوا لە قورئاندا شتی وەها نووسراوە و قورئان ئیجازەی شتی وەها نادا. یان "تقیە" واتە هەر کاتێک پێویست بوو درۆ بکا، هەرچەند خمینی بە پشت بەستن بە تەقیە وادەی زۆر شتی بە خەڵکدا کاتێک لە پاریس بوو وەک ئازادی و هەلومەرجی ژیان و باشکردنی گوزەرانی خەڵک کە چی هیچی جێ بە جێی نەکرد. پاشانیش خمینی وتی "خدعە"م کردووە واتە درۆی مەسڵەحەتیم کردووە کە بە ئینگلیزی دەڵێن White lie. سەرەڕای ئەمانەش شیعەکان باوەڕیان وایە کە علی جێنشینی محمد ڕەسوڵی خودایە واتە علی خەلیفەی یەکەم بایا، بەڵام علی بۆ خۆی

ڕۆیشتووە لەگەڵ هەر سێ خەلیفەی جێگر بیعتی  یان پەیمانی بەستووە و ڕاوەستاوە کە پاش ٢٠ ساڵ بووەتە خەلیفەی چوارەم. زۆر جێگای سەرسووڕمانە کە ڕاستیەکان چەواشە دەکەن وەک "غدیر" کە شیعەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن محمد لەوێ بانگەشەی بۆ علی کردووە وەک جێگری خۆی، کە هەر لە ڕاستیەوە دوورە....(ل. ٦٤٨ و ٦٤٩ و ٦٥٢)

١٥ ـ ٣ ـ٢٠١٣

## ئەو ئەفسەرە سویدییانەی دژی سمکۆ شەڕیان کردووە

کتێبی "سوئدی ها در ایران (سویدییەکان لە ئێران) باسی سەفەری یەکەم سویدی بە ناوی "ئاکسێل ئۆکسن ستێرناس Axel Oxenstiernas" لە ساڵی ١٦١٧ تاکوو سەفەری "داگ هامەرشۆێلد Dag Hammarskjöld" سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1955 دەکا. ئەم کتێبە لە لایەن محمد مددی کە نزیکەی چوار ساڵ لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی کردووە، نووسراوە. هەرچەند بێ کەم و کۆڕیش نیە، بەڵام ئەوەش لێرەدا بۆ باس کردن نابێ. باسی سەرەکی ئەم کتێبە سەرەڕای پێوەندی سیاسی و ئابوری و نیزامی، سەفەری ئەو ئەفسەرە سویدییانە دەکا کە نێردراون بۆ ئێران و ژاندارمری و پاسگا و شارەبانیەکانی ئێرانیان لە شارو شارۆچکە و گوندەکان لە تەواوی ئێراندا دامەزراند و سپای ئێرانیان لە بواری نیزامیدا دژ بە ئازادیخوازان لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا، بەهێز کرد. بۆیە دەڵێم کوردستان چونکە لەم کتێبەدا باسی دوو لەو ئەفسەرانە دەکا کە بەرپرسایەتی هێزی ژاندارمیان کردووە و هێرشیان کردووەتە سەر سمایل ئاغای سمکۆ. با بزانین کاری ئەم ئەفسەرە سویدییانە چی بووە و چییان کردووە و چەندە بوون کە لەو سەردەمەدا سویدێکی چکۆلە بە سێ یان چوار ملیۆن کەسەوە یارمەتی ئێرانێکی گەورە و بە قەوڵی ئێرانیەکان بە تەمەدونێکی ٢٥٠٠ ساڵەوە داوە.

ئایا بەڕاستی ئەو ئێرانە کە دەڵێن کورش جاڕنامەی مافی مرۆڤی داناوە و لانکی مرۆڤایەتی و تەمەدونە چۆنە کە دەستەودامێنی سوێدی چکۆلە دەبێ لە سەرەوەی ئۆرووپاو لێرەوە و ئەفسەری سوێدی دەچن سپایان بۆ پێک دێنن و خۆیان بەهێز دەکەن. ئەی ئەگەر خاوەنی تەمەدونێکی دووردودرێژن هێز و سپایان بۆچییە، کەوابێ پێش ئەوە نەیبووە! ئەوەی کە لە مێژوودا هەیە هەر ئەوە بووە کە ئێران خاوەنی تەمەدون و هیچ جاڕنامەیەکی کورشیش نەبووە و گشتی درووشمی پڕوپووچی ئێرانیەکان بووە و ئەم لەخۆبایی بوونە هێشتاش بەردەوامە. ئەوەی کە لە لای ئێرانیەکان باوە درۆ و فرتو فێڵ، خۆفرۆشتن، بەرتیل وەرگرتن و کوشتن و ڕەشەکوژی و ئەو کارانەی کە قیزوونە دەستیان بۆ بردووە و بە شانازیان زانیوە. زۆر لە سەری ناچین و دەڕۆینە سەر باسی کتێبەکە:

هەرچەند لە پێکهێنانی دامودەزگای ژاندارمری و شارەبانی و هەموو پێکهاتەکانی سەرکوت و کوشتن و تۆقاندنی خەڵک لە لایەن ئەم دەزگایەوە، وڵاتانی فەرانسە، ئینگلیز، ڕووسیە، هۆڵەند و بلژیک، پۆلن و هەتا دوایی بەشداری ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرە بوون، بەڵام ئەو دەوڵەتانە بە بیانووی سیاسی و بەرژوەندی خۆیان کارەکانیان نیوەچڵ بەجێی هێشتووە و ئەفسەرە سوێدییەکان کارەکەیان گەیاندووەتە ئاکام و تەنانەت لە شەڕەکانیشدا بەشداریان لەگەڵ هێزی ئیرانیدا کردووە. بۆ دەڵەتی ئەو کاتی ئێران (قاجارەکان) ئەفسەری سوێدی هەڵبژاردووە، هۆکارەکانی لەم کتێبەدا وەها دەست نیشان کردووە:

١ـ بێ لایەنی دەوڵەتی سوێد لە شەڕەکانی جیهانیدا. ٢ ـ هەبوونی ژاندارمرییەکی کارامە و خۆگرتوو و بە دیسیپلین. ٣ـ نەبوونی پێشینەی ئیستعماری لە ئێراندا. ٤ـ هەبوونی کارخانەی کەرەسەی شەڕ. ٥ـ ڕق و

کینەی سوێدییەکان دژی ڕووسەکان. ٦- پێشکەوتنی سوێد لە بواری ئابوری و ڕامیاری و نیزامی... ٧- پشتیوانی وڵاتی سوێد لە کێشەی ئیتالیا لەگەل ئێران لەسەر داوای نابەجێی بازرگانێکی ئیتالیای لە سەردەمی ناصرالدین شای قاجاردا. سەرهەنگ یەلمارشۆن لەگەڵ ٤٦ ئەفسەری سوێدیدا لەساڵی ١٩١١ دەگەنە ئێران و کاربەدەستانی ئێرانی سەرهەنگ یەڵمارشۆن هەڵدەبژێرن بە بەرپرسی گشتی ژاندارمری لە ئێراندا. یەکەم کاری یەڵمارشۆن لە ژاندارمری پێکهێنانی کابینە (دەفتەری گشتی)، تەدارکات و پێوەندییەکان، ژمێریاری، ماڵی وەرگێڕان، محاکمە، سزادان، ڕاهێنان و بارهێنانی نیزامی، تەندروستی و بەیتەرە، دامپزشکی. (ل. ٧٨) لە ل. ٧٩ی کتێبەکە نووسراوە کە ژاندارمری دەوڵەتی ئێران کە ئەفسەرە سوێدییەکان بنیاتیان ناوە لە شەش هەنگ پێکهاتووە کە لەم جێگایانە جێگیریان کردوون وەک ولایەتەکانی فارس، ئەراک، ئیسفەهان و استرئاباد و هەتا دوایی... هەر هەنگ یان رژیمانێک پێکهاتووە لە یەکەکانی سوارە، پیادە، تۆپخانەی سەحرایی، تۆپخانەی کوێستانی، گرووپەکانی "مسلسل"ی قورس و گرووپی موزیک و تەندروستی. سەرەڕای ئەمانەش یەڵمارشۆن زانکۆی ئەفسەری دانا بۆ پێکهێنانی ئەفسەر لە ئێراندا و لەو کارەشی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەر لەو بوارەشدا دەورەیەکی دامپزشکی لە نێو ژاندارمریدا پێک هێنا و لەو بوارەشدا کادری دەرمانی زۆری پەروەردە کرد بۆ ئەوەی ئەو دامپزشکانە لەکاتی نەخۆشی و گیروگرفتدا، فریای ئەسپەکانی سپا کەون.لە درێژەی باسەکەیدا مددی دەنووسێ کە تەمەنی ژاندارمری کە یەڵمارشۆن بەرپرسی بووە یازدە ساڵی خایاند و پاشان بە کۆدێتای ڕەزاخان تەمەنی ژاندارمریش کۆتایی هات. بەڵام پاش ڕەزاخانیش سوێدییەکان دەستیان هەڵنەگرت و جارێکی تر ژاندارمریان زیندوو کردەوە. یەڵمارشۆن تاکو ساڵی ١٩١٧ لە ئێران کاری کردووە و لە ساڵی

١٩١٧ دەگەڕێتەوە بۆ سوێد و لە ساڵی ١٩١٩ لە ستۆکهۆڵم خۆی دەکوژێ. گوایە ناوبراو زۆر دژی ڕووس و ئینگلیزەکان و لایەنگری سەرسەختی دەوڵەتی ئێران بووە، کە ڕووسەکان و بەریتانیەکان پەیماننامەیەک لە ساڵی ١٩١٩ دژی ئیران دەبەستن، ئەم ئەفسەرەش لە ستۆکهۆڵم خۆی دەکۆژی. (ل.٨٨) ئەم ئەفسەرە سوێدیانە هەندێکیان لایەنگری ئینگلیز و ڕووس و فەرانسە بوون و هەندێکیشیان دژی ئەم دەوڵەتانە و لایەنگری ئاڵمان و نازییەکان بوون. بۆ نموونە سەرهەنگ ئیدواڵ یەکێک لەو ئەفسەرانە بووە کە زۆر توندڕەو و دژی ڕووس و ئینگلیزەکان و لایەنگری نازی ئاڵمان بووە. هەرجۆرێک بێ ڕووسەکان و ئینگلیزەکان دەوڵەتی ئێرانیان ناچار کرد کە سەرهەنگ ئێدواڵ کە بەرپرسی گشتی ژاندارمری ئێران بوو، دەست لەکار بکێشیتەوە و ئێران بەجێ بهێڵێ و ئەو کارەشیان پێی کرد. کۆلۆنل ئێدوارد لە ٢٩ی ژانویەی ساڵی ١٩١٦دا لەگەڵ ژنەکەی لە تاران بەرەو سوێد کەوتە ڕێ. سەفەرەکەشی وەها بووە کە بە ئەسپ بێتە ڕووسیە و ئینجا لەوێشەوە بۆ سوێد. کە دەگاتە شاری قەزوێن کە ئەو کاتە بەدەستی هێزی ڕووسیەکان بووە، سەرهەنگ ئێدوارد و ژنەکەی دەگرن و لە بەندیخانەی دەکەن. دەوڵەتی ئێران بەم ماجرایە دەزانێ و لە مانگی ٣ی فیوریەی ساڵی ١٩١٦دا سەرهەنگ و ژنەکەی ئازاد دەکەن و بەرە و سوێد ڕەوانە دەکرێنەوە. ئەم ئەفسەرە سوێدییانە زۆر جار کاری سیخوریان کردووە و زانیاری زۆریان لەسەر دامودەزگای ژاندارمری و تەنانەت دەوڵەتیش بە وڵاتانی ئاڵمان، ئینگلیز، ڕووسیە و ئامریکا داوە. سەرەڕای ئەمانەش زۆر جار بازرگانیان کردووە و زۆر فەرش و شتومەکی کۆن و عەتیقەیان لە ئێران دەرباز کردووە بۆ سوێد و لێرەش بە نرخێکی زۆر بە وڵاتانی تریان فرۆشتووە. جگە لەمانەش چەند ئەفسەرێکیان لە شەڕەکانی نێوخۆی ئێراندا کە بەشداریان کردووە

کوژراون و گۆڕەکانیشیان هەر لە ئێراندان. یان بۆ نموونە مەیجور یان سەرگورد شیلاندر تووشی نەخۆشی دەروونی و سەرئەنجام شێت بووە و دواتر لە ڕێگای قەسری شیرنەوە دەینێرن بۆ بەغدا بەشکم باش بێتەوە کە چی ئاکامی نابێ و هەر بەو دەردەوە دەچێ. تەنانەت شازادەی سوێد بە ناوی "کێنت لوون هۆپت" لە ناوچەی "کورە" لە دەوروبەری ساوە و زەرەنددا لە شەڕا لەگەڵ "عباس داغ داغ آبادی و شجاع لشکری" کوژراوە و جنازەکەیان بۆ سوێد بەڕێ کردووەتەوە. (ل. ١٦١ و ١٦٢) یەکێکی تر لەو ئەفسەرە سوێدییانە کە زۆر جنایەتکار و مرۆڤ کوژ بووە ناوی نیلس دۆمارە بووە و پلەی مەیجور یان سەرگوردی هەبووە. ئەم دۆمارە بە خۆی و هیزەکەیەوە دەنیردرێن بۆ بروجرد کە لەوێ خەڵک دژی زڵم و زۆری ژاندارمری ڕاپەڕی بوون. ئەم دۆمارەیە دەگاتە ئەوێ دەست دەکا بە کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی و سەرەڕای ئەوەش دەڕوا بۆ لوڕستان. خەڵکی لە لوڕستان دژی هیزی حکومەت وەزاڵە دێن و ڕادەپەڕن. خەڵکی گوندی حاجی ئاوای لوڕستان پاسگای گوندەکە دەگرن و حەوت ژاندارم کە تەسلیمی خەڵکی نابن، دەکوژرێن. لەو کاتەشدا ئەفسەری سوێدی مەیجور دۆمارە بە ژاندارمەکانی دەڕوا بۆ ئەو گوندە و هێرش دەکاتە سەر گوندەکە، لەو گوندە ٣٤ کەس ژن و منداڵ و پیر دەستگیر دەکا و لە دەرەوی گوندەکە هەموویان گوللە باران دەکا و ئینجا دۆمارە دەست دەکا بە قسە کردن بۆ هیزەکەی و دەڵێ دەزانم ئەمە جنایەتە و قەرەبوو ناکرێتەوە بەڵام لە باتی ئەو حەوت ژاندارمە کە کوژراون ئەم جینایەتە دەخوڵقێنم. پاش ئەوە دۆمارە بەرەو شاری نەهاوند دەڕوا کە ئەو شارە بەدەستی هێزی ڕووسیەوە بووە و ژاندارمری هێزی ڕووسیە دەست دەکەن بەشەڕ و دۆمارە تێکدەشکێ و بەرەو شاری کرماشان هەڵدێ، هەرچەند ئەم دۆمارەیە لایەنگری سەرسەختی نازی ئاڵمانی بووە.

پاس تێکشکانی له شاری نەهاوەند، دەوڵەتی ئێران حەوت ئەفسەری سوێدی له ئێران له مانگی ١٠ ئاوریلی ساڵی ١٩١٦دا دەردەکا که یەکێکیان ئەم دۆمارەیه بووه و له ڕێگای بەغداوه دەچێته بەرلین و له نێو سپای نازیدا خەریکی خزمەت دەبێ و خوێنی ئەو ٣٤ کەسەش هەروا ناحەق ڕژاو کەسیش ئاوڕی لیی نەدانەوه. له لاپەڕەی ١٣٨ی ئەم کتێبەدا جاریکی تر باسی شەڕی لوڕستان دەکا. له دریژەی باسەکەی محمد مددی دەنووسێ: "ستوان یەکەم کارڵسون (که یەکێک له ئەفسەره سوێدیەکانه) له هەنگی ژاندارمری لوڕستاندا خزمەتی دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێک له ژاندارم و هاوکارەکانی، له ڕێکەوتی یەکشەممه ٢٢ی ئوتی ساڵی ١٩١٥ هێرشکەرانی تایفه شۆڕشگێڕەکانی لوڕستان (بیرانوند، دیکوند، پاپی، سگوند، شێخه و مەردان) هەنگی ژاندارمریان غافلگیر کرد و هێرشیان کرده سەریان. لەم هێرشەدا ستوان یەکەم کارڵسون لەگەڵ ژاندارمەکانی هاوکاری کوژران که کۆی ئەو کوژراوانه دەگاته ٢٧ کەس و هەموو هەنگ و پاسگا و دامودەزگای ژاندارمریان تیک شکان و له نێویان بردووه". له لاپەڕی ١٥٥ی کتێبی "سوێدییەکان له ئێران" باسی دوو ئەفسەری سوێدی دەکا که چوونەته شاری مهاباد و لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ شەڕیان کردووه و له کوردستان دەستیان له هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانه نەپاراستووه و خەڵکی کوردیان به کۆمەڵ کوشتووه. له ل.١٥٦ ی کتێبەکه نووسراوه:" سەرهەنگ لۆمبێری لەگەڵ جێگرەکەی سەرگورد لارشۆن دەگەنه ئازەربایجان و پاش ماوەیەک پشوودان و ڕێک و پێک کردنی سپاکەی به شەمەنەفەر بەرەو شەرەفخانه دەڕوا و لەوێ لەگەڵ هێزی سەرداری عەشایری قەرەداغی که پیاوی دەوڵەت بوون بەرەو خۆی دەڕۆن و لەوێ لەگەڵ هێزی قەرەداغی چەند زەربەی کاریگەر له هێزی سمکۆ دەدەن و دەبێته جێگای شانازی بۆ دەوڵەت و ئازەربایجانیەکانی سەر به دەوڵەت". مددی له درێژەی باسەکەی

دەنووسێ کە "سمکۆ لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکەی سەریەک خستەوە و دەستی کرد بە هێرش کردن. هێزی ژاندارمری بە بەرپرسایەتی سەرهەنگ لۆمبێری لەگەڵ هێزی سەرداری عەشایری قەرەداغی لەگەڵ هێزی سمکۆ کەوتنەوە شەڕ و لەم شەڕەدا سەرداری عەشایری قەرەداغی کوژراو و هێزی ژاندارمری بە سەرپەرەستی سەرهەنگ لۆمبێری و جیگرەکەی سەرگورد لاشون تێکشکان و هەڵهاتن بەرەو شەرەفخانە و تەرمی قەرەداغیش ڕۆژێک بە دەستی هێزی سمکۆوە بوو. ئینجا هێزی سمکۆ دوای ژاندارمری کەوتن و هەموو هێزی ژاندارمریان تێکشکان. پاش ئەم شکستە پارێزگای ئازەربایجان (مخبر السلطنه هدایت) سەرهەنگ لۆمبێری و لاشونی بۆ تەورێز بانگهێشت کرد". نووسەر دەنووسێ لەو کاتەی کە لۆمبێری و لاشون لە تەورێز سەرگەردان بوون، گرووپێک لە ئەفسەرانی ژاندارمری جیگیر لە شەرەفخانە بە سەرکردایەتی ابوالقاسم لاهوتی کۆدێتایان کردووە و لۆمبێری و لاشون دەگرن و لە بەندیخانەیان دەکەن. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ئازاد دەکرێن و بەرەو تاران دەڕۆنەوە و پاش ماوەیەکی کورت بە هۆی ئەو تێکشکانەی لە لایەن سمکۆوە لە ئێران دەر دەکرێن و بەرەو سوێد دەڕۆنەوە. کەسێکی سوێدی تر کە جێگای سەرنجە لەم کتێبەدا ناوی "فۆکل کلۆ"یە. پیشەی ناوبراو لە سوێددا شۆفیری ئاگرکوژێنەوە، آتشفشانی یان فراکەوتن بووە، کە دەگاتە ئێران پلەی سەرگوردی وەردەگرێ و دەبیتە بەرپرسی شارەوانی قەزوێن. فۆکل کلۆ بە نەزانینی خۆی تووشی زۆر کاری ناشایست دەبێ و دەیگەڕێننەوە بۆ تاران و ئینجا لەوێشەوە دەینێرن بۆ تەورێز. لە تەورێزیش دەست دەکاتە گرتنی خەڵک و ئەشکەنجەی ئازادیخوازان دەدا. پاشان لە لایەن خەڵکەوە دەردەکرێ و بەرەو تاران دەڕۆنەوە و ئەوە بوو لە ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لەگەڵ زۆربەی ئەفسەرانی سوێدی ئێران بەجێ دێڵن و بەرەو سوێد

دەگەڕێنەوە. شتێکی تر کە لەم کتێبەدا بە وردی باسی لێوەکراوە و منیش بە کورتی دەیگێڕمەوە، سەفەری شازادەی سوێد (گۆستاڤ ئادۆلفGustav Adolf ) کە لەو کاتەدا تەمەنی ٥٢ ساڵ بووە لەگەڵ هاوسەرەکەی پرینس (لوویزLouise) و کچەکەیان (ئینگریدIngrid) و کوڕەکەیان (بەرتیلBertil) لە ١٣ی سێپتامبری ساڵی ١٩٣٤ لە ستۆکهۆڵمەوە بە کەشتی ڤاسالاندVasaland) بەرە و یونان دەکەونە ڕێ و لەوێشەوە بە ڕێگای سالونیک بە شەمەنەفەر بەرەو تورکیە دەڕۆن و لە تورکیەشەوە بە کوردستانی سوریەدا بەرەو شاری "حەلەب" و ئینجا بەرەو بەغدا دەکەونە ڕێ و پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلەک غازی لە بەغدا بەرەو کوردستان لە شاری خانەقین و لە شارۆچکەی خەسرەوی ئێرانیەکان پێشوازییان لێدەکەن و پاشان بە ماشینی ڤۆڵڤۆی سوێدی بەرەو قەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو و کرن، کرند و لە شاری شاەآباد ڕادەوەستن بۆ نان خواردن، ئینجا لەوێشەوە بەرەو شاری کرماشان. لە کرماشان پێشوازییان لێدەکرێ و بنەماڵەی شازادە گۆستاڤ دەڕۆن بۆ سەیری ئاسەواری تاقۆسان، لەوێشەوە بەرەو کرماشان دەڕۆن لە فەرمانداری کرماشان پێشوازییان لێدەکرێ. سەرئەنجام دەکەونە ڕێ بەرەو شاری هەمەدان و قەزوێن لە ڕێکەوتی ١١ی مانگی آبانی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی دەگەنە شاری تاران. بنەماڵەی شازادە گۆستاڤ نزیکەی ١٩ ڕۆژ لە ئێران دەمێننەوە و ئینجا لە ڕێگای خەسرەوی و خانەقینەوە دەگەڕێنەوە بەغدا و لەوێشەوە دەچنەوە بەرە ئورووپا. هەرچەند بنەماڵەی پاشای سوێد بە کوردستانادا ئەو هەموو گەشتەیانە کردووە بەڵام بەداخەوە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ هیچ وشەیەکیان لەسەر کورد نەدرکاندووە و دەبێ ئەو وێنە مێژووویانە لە ئاڵبومی شاهانەدا پاراستراو بێ. هیوادارین کەسانێک بتوانن ئەو وێنە مێژووویانە بەدەست بینن یان

بنەماڵەی گۆستاڤ ئەو وێنانە بخەنە بەردەستی کوردان کە لە ساڵانی ١٩٣٤دا ئەم بنەماڵەی پاشای سوێدە، کوردستانیان چۆن بینیوە. ئایا بەڕاستی ئێرانی خاوەن شارستانی و مێژینەی ٢٥٠٠ ساڵە و خاوەنی پاشای وەکو کورش کە گوایا دانەری جاڕنامەی مافی مرۆڤ بووە، کە هەمووشی درۆ فشقیاتی ئێرانیەکانە بۆ خۆیان دایان تاشیوە ئەوە بووە کە شۆفێری ئاگرکوژێنەوەی سوێدی بیت و وڵاتیان بۆ بەڕێوە بەرێ و قەوارەی دەوڵەتدارییان فێر کا؟ هەڵسەنگاندنی بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەجێ دێڵم. ئەمە پۆختەیەک لەو کتێبە بوو کە خستمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

سوێد ـ ستۆکهۆڵم

## ئاژاوە نانەوە لە ستۆکهۆڵم ـ مێژووییەکی کۆنە

**سوێدرمالم Södermalm ١٧١٩، گاملا ستان Gamla stan ١٨٤٨، کۆنگستریێدگۆردن Kungsträdgården ١٩٨٧ و هویسبی Husby ٢٠١٣ .بە وتەی مێژووناس ماتس بێریلووند Mats Berglund خاڵی هاوبەشی ئەم ئاژاوەنانەوە بێ هیوایی و خۆبەدەرەوەی کۆمەڵگا زانینە.**

لە سەدەکانی رابردوودا ئەو خەڵکانەی کە کێشەیان ناوەتەوە، دژی دەسەلاتداران ڕاپەڕیون .ئەو خەڵکانەی کە خۆپیێشاندانیان لە شەقامەکان کردووە دژی پۆلیس یان هێزی سپایی یان میلیتەر بووە .بەلام ئەم ئاژاوەنانەوەی هویسبیە Husbyجیاواز لەوانەیە .ئەم ئاژاوەیە لە کۆمۆنەکانی دەوروبەری ستۆکهۆڵم کاریگەرتر بووە، هەرچەند وێکچوونێک هەیە لەوەی کە لە ١٧٠٠ کانی سۆێدرمالم Södermalm دا ڕووی دابوو . ئەو خەڵکانەی کە لە دەوروبەری کەنیسەی کاترینا Katrina kyrka دەژیان، هەژارترین خەڵکانی نیشتەجێی دەوروبەری شاری ستۆکهۆڵم بوون .ئەم خەڵکانە شووشە و تەنانەت ماڵەکانی دەوروبەری خۆیان دەشکاند و دەڕۆخاند .ڕادەی بێکاری زۆر بەرز بوو، ئاستی ژیانیش زۆر دژوار بوو بۆ ئەو خەڵکانە بە پێی وتەی ماتس بێریلووند کە لەبواری ئاژاوەو خۆپیێشاندا و میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوەی کردووە. ماتس دەڵێی ئاژاوە و خۆپیێشاندان شتێکی گلۆباڵە واتە دنیاگرە و هەڵسوکەوتەکانیش ئاشکارن .ناوبراو دەڵێی لە زۆربەی ولاتان و شارە گەورەکان ئەمە ڕوودەداو تەنانەت ناوەندی شارەکانیش دەسووتێنرێن، بەلام پاش ماوەیەک هەموو شتێک هێور دەبێتەوە و ئەمانەش زۆر ئاسایین .

ـ دە، پازدە ساڵ بگەڕێنە دواوە دەمان بینی کە لە تەواوی ئۆرووپادا کێشە و ئاژاوەی لەم چەشنە بەردەوام بوو. خەڵکەکە دژی گلوبالیسێرین Globalisering، بزووتنەوەی وەک" Reclaim the streets" بە تەوای هێزیانەوە ڕژانە شەقامەکان .دانیشتنی لووتکەی ولاتانی 7- G واتە

هاوبەش لەوپەڕی دڵەڕاوکێدا بوون لە کاتی کۆبونەوەکانیاندا .بەڵام لەپڕدا هۆژمی خەڵک لە شار دەر دەچوون و دەبوو بە جۆرێک ئاژاوەنانەوە، بە وتەی بێریلووند .ناوبراو پێی وایە ئەمە جۆرێکە لە خۆپیشاندانی ئۆرووپاییەکان .بێریلووند ئیشارە بە دەوروبەری شاری پاریس دەکا کە ببوو بە مەیدانی ڕمبازێنی کێشەو ئاژاوە ماوەیەک و هەروەها لە شاری ئۆغ یان ئۆرهویسÅrhus ی دانیمارک هەمان شت ڕووی دا .ناوبراو پێی وایە ئەمەش جۆرێک لە هاودەردی ئەو خەڵکانەیە کە لە جیهاندا بەو کارە هەڵدەستن .پاریس شارێکە کە زۆر جیاوازی Segregerad stad تێدا دەبینرێ[1]. تۆ بڵێی مرۆڤ وابیر بکاتەوە کە ستۆکهۆڵمیش لەو جۆرە کێشەیە هەبێ.

**کێ شۆڕش دەکا؟**

زۆر جار خەڵکانی  هەژاری کۆمەڵگا ڕادەپەڕن دژی دەسەڵاتداران .بەڵام ئەمەی ئێستا خزمەت چییەکان، کرێکارەکان یان لاوەکانن کە هیچ شتێکیان نیە لە ڕاستیدا لە دەستی بدەن و هەر ئەمانەشن کە دەیان کێشن بەلای توندوتیژی و کێشەو ئاژاوەنانەوە لە نێو کۆمەڵگادا .کە سەیری دۆسیەی دادگا دەکەی لە کۆنەوە زۆر جار لاوەکانن کە دەستیان بۆ ئەم جۆرە کارانە بردووە و لاوەکان پێیوان وایە ئەمە کارێکی شیاو خۆشە.

ئەم کردەوانە چ ڕق و بێزارییەکی لێی دەکەوێتەوە؟ ئەمەش بۆ خۆی جیاوازە و هۆکارەکان زۆرن بەڵام زۆر جار هۆکاری سیاسی یان بێ هیواییەکی لە پشتەوەیە .زۆر جاریش کە پۆلیس توانای بەرگری نیە ئەوە هێزی نیزامی بە هاوکاری پۆلیس دێنە مەیدان و بەرگری لە کاری

---

[1] ئەو جێگایانەی کە جیاکراونەتەوەو لە بواری خزمەت کردندا لەگەڵ جێگاکانی تریدا جیاوازیان هەیە .جۆریک لە پشت گوێ خستنی ئەو جێگایانەوە لە لایەن دەسەڵاتدارنەوە .جیاکردنە وە لە بەشەکانی تری .ئەو جێگایانە زۆرینەی پەنابەر نشینن.

تێکدەرانە دەکەن. لە ١٨٠٠کاندا یاسایەک دەرچوو کە خەڵکانێک بیانەوێ کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن ئەوە دەسەلآت دەتوانێ بە پێی هێز ئەو ئاژاوەگێڕانە تێکبدا .لە ساڵی ١٨٤٨ لە بەردەروازەی گاملا ستان Gamla ١٨stan کەس لە لایەن هێزی سپاوە کوژران .لە ساڵی ١٩١٣ لە شەڕو پێکدادانی ئۆداڵ Ådalskravallerna چەندەها کرێکار لەو خۆپێشاندانەدا کۆژران .لە ساڵی ١٩٧٥ پۆلیس بە توندی هێرشی کردە سەر خەڵک کە دژی یاری تێنیس لە نێوان سوید و شیلی کە لە بۆستاد Båstad یاریان دەکرد و سێمیفیناڵSemifinal واتە نیوەنەهایی بوو، پاش دوو ساڵ ئاگوست پینوشە کۆدیتای نیزامی کرد ودەسەلآتی شیلی بەدەستەوە گرت . پاش ئەو توندوتیژییەی کە پۆلیس ئەنجامی دا لەو سەردەمەدا و هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە تاکتیک بگۆڕن و نەرم نیان لەگەڵ خەڵکدا بجووڵێنەوە .ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠١ دیسان پۆلیش بە توندی دژی خۆپێشاندانی خەڵک لە یۆتەبۆری و مالموێ کە ئەو کات سوید بەرپرسی وڵاتانی یەکیەتی ئۆرووپا بوو لە یۆتەبۆری کۆبوونەوەی وڵاتان بوو کە پۆلیس هێرشی کردە سەر خۆپێشاندەران و چەند کەسێکی کوشت و بریندار کرد. ئەم ئاژاوەنانەوە خۆپیشاندانانە زۆر جار کورتن و هەندێ جاریش درێژە دەخایەنێ .ماتس بێریلووند دەڵێی لە ساڵی ١٨٣٨ کە لە ستۆکهۆڵم خۆپێشاندان و کێشە تەواوی هاوینی خایاند .هێزی ئەرتش هاتنە نێو کێشەکە و و دوو یان سێ کەسیان کوشت و ئاوکرا بە ملی ئاگردا . هەرچەند کوشتن هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکا و لەم سەردەمەدا کوشتن ئاگرەکە خۆش دەکا.

**هۆکاری ئەم کێشانە چییە؟**

ماتس بێریلووند دەڵێی ڕق و کینە و خۆ لە دەرەوەی کۆمەڵگازانین بەشێک لەو هۆکارانەن .لە ساڵانی ١٧٠٠کاندا خەڵکی ستۆکهۆڵم ناڕازی بوون دژی هەژاری و کەم دەستی لەو سەردەمەدا .هەرچەند ئەمڕۆش زۆر جیاوزی لەگەڵ ئەو سەردەمەدا نیە .ئێستا باسی جیاوازی داهات و جیاوزی

نیشتەجێی بوون دەکرێ .هۆکاری ڕاپەڕینی لاوەکان و سووتاندنی ماشین و شکاندنی شووشە و دوکان و ماڵەکان لە هویسبی Husby بە هۆی کوشتنی پیاوێکی ٦٩ ساڵە لە لایەن پۆلیسەوە بووە .لەنموونەی ئەم کردەوانە دەتوانین ناوی پاریس و لەندەن و ئامریکا بێنین .ئێمە ئەمڕۆ لە جیهانێکی جیاوازدا ناژین بەڵکو هەموو جیهان هەر دەم ئاگایان لە هەڵسوکەتی یەکترە. تووندوتیژیەکان شەوی ڕابردوو واتە ٢٣ ـ ٥ ـ ٢٠١٣ چەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری شاری ستۆکهۆڵمی گرتەوەو ناوەندێکی پۆلیس و دوو قوتابخانە سووتێنراو پۆلیسیش بە توندی زۆربەی ئەو ناوچانەی کە کێشە و ئاژاوەی تێدا ڕووی داوە، گرتووەتەوە .سەرچاوەکان لە گرتنی ١٣ کەس و ١٧ کەس هەواڵ دەدەن. شەوی پێنج شەممەی ڕابردوو کاتژمێر ٨ی شەو بە کاتی سوید چەند ماشینێک لە ناوەندی رینکەبیی Rinkeby سووتێنران .بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی ئافتونبلادێت Aftonbladetپێنج ماشین لە ناوەندی ڕینکەبیی سووتێنراون و خەڵکێکی زۆریش لە دەوری ماشینەکان کۆبوونەتەوە .پاش ماوەیەکی کورت پۆلیس هەواڵی دا کە لە ئیستگای مێترۆی ڤەلینگبی Vällingby بشێوی نراوەتەوە . قوتابخانەیک و ژوورێکی کۆگای ئەشغاڵ و زبڵ لە تێنستا ئاگری تێبەردراوە .هاوکات لە لایەن پۆلیسەوە بەڵاو بووەتەوە کە ماشینێک لە هاگسێترا Hagsätra سووتێنراوە .و لە ناوچەی فاشتا Farsta بشێوی نراوەتەوە .لە نانەوەی ئەم کێشەو ڕووداوانەدا شەوی ڕابردوو ٦ کەس گیراون بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی ئافتونبلادێت .شووشەی کتێبخانەی گشتی ئەلڤخوێ Älvsjö لە لایەن گەنجانەوە بەتەواوەتی تێکشکاون و پۆلیس و تیمی فریاکەوتن لە جێگای ڕووداوەکانن .هەشت کەس لە ئەلڤخوێ Älvsjö گیراون بە تۆمەتی ئاژاوەنانەوەو شکاندنی شووشەو کردەوەی تووندوتیژی .لە ناوچەی شێرهۆڵمن Skärholmen جۆرێک تووندوتیژی ڕووی داوە و لە ناوچەی فورنهۆیدن Fornhöjden لە کۆمۆنی سوێدرتەلیە Södertälje ماشینێک سووتێنراوە .لە ناوچەی شیستا Kista قوتابخانەی مۆنتەسوری Montessoriskola

سووتێنراوه .هەر لە شەوی پێنج شەممە دوو ماشین لە گاراجێک لە ناوچەی توورەبێری Tureberg لە سولنتوونا Sollentuna سووتێنراون .کاتژمێر ١٢ و ٢٨ خولەکی دوای نیوە شەو دوو ماشین لە ناوچەی نۆشبۆری Norsborg سووتێنران و لە هەمان کاتدا تیمی فریاکەوتن لە جێگاکاندا ئامادە بوون .پاش نیو سەعات هەر لە ناوچەی نۆشبۆری چوار کەس دەست بەسەر کران .لە ناوچەی یوردبرو Jordbro بە هۆی سووتانی ماشینێک گڕ بەربووە دوکانێک لەو ناوەندە، پاش ماوەیەک تیمی فریاکەوتن ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کردوە .ئەم کێشەو ئاژاوەیە تەنانەت ناوچەیکی یۆتەبۆری Göteborg بەناوی فروێلووندا Frölundaی گرتووەتەوەو لە دوو جێگای ئەو ناوچەیە ئاگر کەوتووەتەوە .هەڵبەتە ئەم ئاژاوەیە زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری ستۆکهۆڵمی گرتووەتەوە کە بۆ دووهەمین هەفتە دەچێ.

**دوایین زانیاری**

بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی ئافتونبلادێت تاکو ئێستا ١٦ لاو دەستگیر کراون لە دەوروبەی شاری ستۆکهۆڵم و لەو لاوانە ١٣ کەسیان پێشتر لە لایەن پۆلیسەوە سزایان بەسەردا سەپاوەو ناسراون .بە پێی وتەی جرزی سارنێکی، سزاناس ئەوانەی کە لەم ئاژاوەنانەوەدا بەشداریان کردووە، پێشتر تاوانیان لە جۆری توندوتیژی و سزاکردندا ئەنجام داوە. لە هەواڵەکان و وتووێژی خەڵکی باسی ئەوە دەکەن کە سەرهەڵدانی ئەم ئاژاوەیە بە هۆی کوشتنی ئەو پیاوە ٦٩ ساڵەیە کە لە هویسبی لە لایەن پۆلیسەوە هەفتەی ڕابردوو کوژرا، بەڵام بە پێی وتەی سارنێکی کوشتنی ئەو پیاوە هۆکاری ئەم ئاژاوەنانەوەیە نیە بەڵکو ئەو لاوانەی کە تووشی توندوتیژی سزا بوون زۆر ڕقیانە لە پۆلیس تاکو خەڵکی سیڤیل و هەر بۆیە دەست دەدەن کاری ئاژاوەنانەوە لە نێو کۆمەڵگادا و لەگەڵ پۆلیسدا بە جۆرێک بەربەرەکانێ دەکەن. سارنێکی دەڵێی شتەکەش وەهایە کە زۆر

جار هۆکار دەدۆزنەوە بۆ نانەوەی ئاژاوە وەک هۆکاری بێکاری، کێشەی خوێندن و ڕازی نەبوون لە هەڵسوکەوتی پۆلیس .پاشانیش ئەم جۆرە ناڕازی بوونە دەکەنە بیانوو دەست دەدەنە کاری توندوتیژی و ئاژاوەنانەوە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە خۆیان پێشتر سزایان ئەنجام داوە . ئەم کارانەش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەنجام دەدەن و بە جۆرێک هێز و توانای خۆیان پیشان دەدەن و خۆیان لە بەرانبەر هاوڕێکانیاندا دەردەخەن .ئەم کردەوانە بە هیچ جۆرێک مەرامی سیاسی لە پشتەوە نیە و تەنیا ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە ڕق و کینەی خۆیان دژ بە پۆلیس نیشان دەدەن و کاری ئاژاوەگێڕی ئەنجام دەدەن.

سەرچاوەکان:

ڕۆژنامەی داگێنزنیهێتر .Dagens Nyheter ڕۆژی هەینی ٢٤ ـ ٥ ـ ٢٠١٣

ڕۆژنامەی ئافتونبلادێت
.Aftonbladet ڕۆژی هەینی ٢٤ ـ ٥ ـ ٢٠١٣

## کتێبی" پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە "و پێداچوونەوەیەک بە نێو وەرگێڕانە کوردیەکەیدا

کتێبی "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە" ( Assassians of the Turquoise Palace) لە نووسینی " رۆئیا حەکاکیان( Roya Hakakian) و لە وەرگێڕانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی فارسی بەڕێز فەتاح کاویان و بۆ سەر زمانی کوردیش بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادە. ئەوەی کە مەبەستی منە لێرەدا وەرگێڕانی کوردیەکەیەتی و چەند تێبینیەک دەخەمە بەر چاوی خوێنەرانی ئازیز.

لە مێژ بوو بە دوای ئەم کتیبەدا دەگەڕام، ڕۆژێک ڕێگام کەوتە کتێبخانەیەکی گشتی دەوروبەری شاری ستۆکهۆڵم و چاوم بە نێو کتێبە کوردیەکاندا دەگەڕاند، لە پڕدا ئەم کتێبە واتە "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە"م بینی و خێرا وەرم گرت و لەبەر ئەوەی زۆر تامەزرۆی خوێندەوەی بووم  لە کتێبخانە بەرەو ماڵ بۆی دەرچووم. بۆی دانیشتم و دەستم بە خوێندنی کرد، بەڵام هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتادا وەرگێڕانەکەی لە زەوقی دام، چوونکە وەرگێڕانەکەی زۆر شپرز و تێکەڵ و پێکەڵێکە هەر نەبێتەوە. هەر بۆیە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی تاکوو دوا لاپەڕەکانی بیخوێنمەوە و هەڵەکانی دەست نیشان بکەم و بە کورتی شتێکی لەسەر بنووسم. ئینجا هەڵسەنگاندنەکەشی بۆ خوێنەران بەجێی دێڵم. جارێ با بزانین وەرگێڕان چییە؟

## وەرگێڕانی سەرکەوتوو کامەیە؟

پێش ئەوە بڕۆمە سەر باسی سەرەکی وەرگێڕانەکە، پێم خۆشە بە کورتی ئیشارە بە هونەری وەرگێڕان بکەم و بزانین وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو کامەیە:

سەرەتا وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هۆنەرێکە بۆ خویێ، هیچ کەمتر نیە لە چیرۆک نووسین و شیعر وتن و ڕەخنە گرتن. کەوابوو، ئەوەی نووسینێک وەرئەگێڕێ ئەبێ دەستێکی باڵای هەبێ لە هونەری وەرگێڕاندا، ئەگینا لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێ. چەند جۆر وەرگێڕانمان هەیە: وەرگێڕانی وشە بە وشە: بەو جۆرەیە کە لە زمانێک وشە بە وشە وەرگێڕینە سەر زمانێکی تر، بێ ئەوەی گوێ بدەینە سرووشتی تایبەتی ئەو دوو زمانە جیاوازە. وەرگێڕ ناچار ئەبێ خۆی ببەستی بە ڕیزی وشەکانەوە. هەر بۆیە بە زۆری نووسینەکە ناڕەوان و پچڕپچڕ دەر ئەچێ. هەندێ وشە و "تەعبیر" هەیە لە زمانێکدا ئەگەر پێش خرا، بۆی هەیە لە زمانێکی تردا دوا بخرێ. هەندێ جاریش بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە بە جوانی دەربچێ بۆ خۆت لە دەقە ئۆرگیناڵەکەی لادەبەی یان پێی زیاد دەکەی بێ ئەوەی ئەسڵی تێکستەکە بگۆڕیی. بەڵام بە پێی وشە بە وشە ناتوانی ئەو جوانکارییە پێک بێنی.

وەرگێڕان بە دەسکارییەوە: ئەوەیە کە وەرگێڕ خۆی بە ڕیزی وشەکانەوە نابەسێتەوەو تەنیا مانا گشتیەکەی وەردەگێڕێ. ئەم جۆرە وەرگێڕانانە بە زۆری بۆ چیرۆک و مێژوو بە کار ئەهێنرێ. لێرەشدا هەندێک جار وەرگێڕ لە ئەسڵی تێکستەکە لا دەدا و بۆخۆی شتی پێ زیاد دەکا.

وەرگێڕان بە دەسکارییەوە: ئەوەیە کە وەرگێڕ هەندێک بە تێکستە ئەسڵیەکەییەوە زیاد بکا و بە کوردییەکی سادە و ڕەوان شتە شاراوەکانی نێو تێکستەکە ئاشکرا بکا. لەم جۆرە کارانەدا تەنیا بۆ تێکستی کۆن و یان پەخشانێک بە زمانێکی سادە و ڕەوان کەڵک وەردەگیرێ.

وەرگێڕان بە کورت کردنەوە: ئەوەیە کە پۆختەی باسەکە بگری و بیکەیتە کوردییەکی ڕەوان.
وەرگێڕان بە ئیلهامەوە: لێرەدا وەرگێڕ خۆی بە تێکستەکەوە نابەستێتەوە و بە بیری خۆی فکری نووسەرەکە بە شێوەیەکی جوان وەر ئەگرێ و دای ئەڕێژێ. بە کورتی خاڵبەندی (فۆرم بەندی) لە وەرگێڕاندا زۆر گرنگە وەک: خاڵ(.)، ویرگۆل(،)، تەقەڵ(-)، داش و نیشانەی سەرسووڕمان(!) و نیشانەی پرسیار(؟) و هتد... چوونکە گەر ئەمانە لە بیر بچن بە تایبەتی لە شتی زانیاریدا ڕستەکان هەموو تێکەڵ دەبن و دەبێتە چێشتی مجێور. پاش ئەوەی لە وەرگێڕانەکە بوویتەوە دەبێ جارێکی تر بە وردی هەر دوو تێکستەکە ئۆرجیناڵەکە و وەرگێڕانەکە لەگەڵ یەک دا بەرئاورد بکەی و کەم و کۆڕییەکان پینە و پەڕۆ بکەی. ئێستاش با بزانین وەرگێڕ چۆن کتێبی " پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە "ی وەرگێڕاوە و ئایا لە وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتوو بووە؟**قەوارەی کتێبەکە.**
ئەم کتێبە لە قەوارەیەکی ئاسایی و لە ٢٧٧ لاپەڕە پێکهاتووە. بەرگەکەشی ڕەنگی سپی و ڕەش و دلۆپەی خوێن داچۆڕاوەو وێنەی دەوانچەیەکی لە سەر بەرگی پێشەوەی دەبینرێ و پشتەکەشی هەر بە هەمان شێوەیە.
ئەم کتێبە لە لایەن خاتوو ڕۆئیا حەکاکیان کە دانیشتووی ئامریکایە و بە زمانی ئینگلیزی نووسیوویە. ناوبراو هەم نووسەرو هەم شاعیرە و نزیکەی پێنج ساڵ کار و هەڵدانەوەی ئارشیڤەکان و وتووێژ لەگەڵ دادوەرەکان و پارێزەرەکان و ئەو کەسانەی کە لە تێرۆری میکۆنۆس گیانیان بەدەر بردووە، بەرهەمێکی ئەدەبیی کەم وێنە کە پەردەی لە سەر زۆر لایەنی نادیاری تیرۆری میکۆنۆس و دادگای میکۆنۆس هەڵداوەتەوە و بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاو کردووەتە کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوو بە یەکێک لە پڕ فرۆشترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ساڵی ٢٠١١ لە ئامریکادا. هەرچەند خاتوو حەکاکیان لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد دا پێوەندییەکی نزیکی نیە، بەڵام لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێ کە ڕێزی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەو بەشەی ئێراندا هەیە. ئەم کتێبە بەڕێز فەتاح کاویان

وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و ئینجا بەڕێز حەسەن زادەش کردوویە بە کوردی. هەرچەند ئەم دوو هاوڕێیە لە نێوان خۆیاندا ڕێک کەوتوون کە یەکەمیان بۆ فارسی و دووهەمیشیان بیکاتە کوردی. دەتوانرا کاک فەتاح بۆ خۆی راستەوخۆ وەریگێڕایاتە سەر زمانی کوردی و ئەم دەست بە دەستەشی پێی نەکردایا، ڕەنگە بۆ خۆشیان وایان پێی خۆش بووبێ و ئەوە شتێکیترە و کارم بەو سەودایە نیە. کێشە لە دەقی کوردیەکەیدایە. بەڕاستی کە ئەم وەرگێڕانە دەخوێنێتەوە هەندێ جار مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە کە بۆ بەڕێز حەسەنزادە وەهای وەرگێڕاوە کە تێکەڵ و پیکەڵی کردووەو رستەکانی بەرودوا خستووە. زۆر جار وشە فارسیەکانی هەر بە شێوەی کوردی نووسیووەتەوە. بۆ نموونە وشەی "کمک" فارسیەوە و ناوبراو تەنانەت وشە فارسیەکەشی لێی تێک چووەو نووسیوویە "کۆمەگ"، هەرچەند وەرگێڕانی وشەی "کمک" کە فارسیە، بە کوردی دەبێتە یارمەتی. ناوبراو نزیکەی ٤٥ جار وشەی "کۆمەگ"ی بەکاری هێناوە بێ ئەوەی بۆ تاقە جارێک بیری لێبکاتەوە کە وشەکەشی نە بە فارسی داناوەو نە بە کوردیش "کۆمەگ". شتێکی تر کە وەرگێڕ بیری لێ نەکردووەتەوە وشەی ئاسمانە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٦٦ بە دوو جۆر نووسیووە وەک: "عەرزو عاسمان" کە دێتە خوارتر دەسنووێ "ئاسمان". ئایا بەڕاستی وشەی "سینونیم، هاومانا" ئاسمان، عاسمانە"؟ یان وشەی "اغلب" کوردیەکەی دەبێتە زۆربەی، بەڵام وەرگێڕ وشەی "اغلب"ی هەر بە شێوازی کوردی نووسیووە "ئەغڵەب" لە لاپەڕەی ٧٩ و ٨١ و لە چەند جێگای تر دوو پاتی کردووەتەوە. لە لاپەڕەی ٤٨ رستەیەکی وەرگێڕاوە کە من وەک خۆی لێرە دەینووسمەوە: "*بۆ ئەوەی بایەکی لێ بدا بۆ لای بەرهەیوانەکە چوو*". خوێنەر چۆن ئەم رستەیە وەردەگری. وەرگێڕ دەیتوانی بنووسێ بۆ ئەوەی بایەک هەڵمژێ بۆ لای بەرهەیوانەکە چوو. وشەیەکی تر کە وەرگێڕ بیری لێی نەکردووەتەوە و زۆر جار تێکستەکەی ناشیرین کردووە ئەم وشەو هاوشێوەی ئەم وشانەیە: "دەچوو،و"، "بوو،و"، "هەبوو،و"، "گرتبوو،و"، "دەبوو،و". لەکاتێکدا کە "واو" لە زمانی کوردیدا وشەی پێوەندیە و دەبێ بە

سەربەخۆ بنووسرێ. ئەم جۆرە وشانەی لە سەرەتاوە تاکوو دوا لاپەرەکانی کتێبەکە چەند پاتە دەکرێنەوە. ئەمن سەرپێیانە ژماردوومە کە نزیکەی ١٢٩ جار ئەو جۆرە وشانەی نووسیوون، ڕەنگە وەرگێڕ بڵێی ئەمە هەڵەی تێکنیکیە. ئایا بەڕاستی ١٢٩ جار هەڵەی تێکنیکی ڕوو دەدا؟ یان بەرانبەری وشەی "خطرناک" یان "خبر" بە کوردی دەبیتە مەترسیدار و هەواڵ کەچی کاکی وەرگێڕ وەک خۆی بە شێوەی کوردی نووسیوویە "خەتەرناک" ، و "خەبەر"! لە لاپەڕەی ١١٠ ئەم ڕستەیە وەها وەردەگێڕێ:" بڕوونو یۆست وەک زۆربەی دەرس خوێندووە ڕۆژئاوایەکان" وەرگێڕ دەیتوانی لە باتی وشەی "دەرس خوێندوو" بنووسێ "خوێندەوارە ڕۆژئاوایەکان. بە داخەوە لە رستەکاندا وشە فارسییەکەی داناوەتەوە و ئەو جاریش دەڵێن وەرگێڕ و کەڵە نووسەر. بەڕاستی ئەم جۆرە وەرگێڕانانە جێگای تێڕامانن. لێرەدا دەمەوێ هەندێ لەو وشانە کە وەرگێڕ بە شێوازی کوردی نووسیوونی بنووسمەوە: "شوروشەوقی، قاڕڕە، خەتەرناک، کۆمەگ، غەڵەت، ئارەزوو، موناقشە، عەمەلیات، دەرس خوێندووەکان، کەم توانا، پڕڕوویانە، تەڵەفاتێک، هیچ وەخت، هەقت نیە، سولەیمانی" و هەتا دوایی. یان ناوی دوکتور قاسملووی نووسیووە "عەبدورڕەحمان".

لە لاپەڕەی ٢٥٥ ئەم رستەی وەها وەرگێڕاوە:"*ڕاستتان دەوێ، ئەمن کەسێکم کە کەڵکی لێ وەرگیراوە*" ڕاستیەکەی دەبێتە: ئەمن کەسێکم کە کەڵکیان لێی وەرگرتووم. سەرەڕای ئەمانەش تێکستی کتێبەکە بە دوو شێوازە، شێوازێکی بە خەتی ١٢ نووسراوەو ئەویتریش بە خەتی ١٠ نووسراوە کە ئەمە بۆخۆی زەق و بەرچاوە. جگە لەوانەش زۆر جار وشەکان بەدوای یەکدا ریز کراون و بێ ئەوەی لە یەک جیا بکرێنەوە کە ئەمەش وەرگێڕانەکەی زۆر ناشیرینتر کردووە. وەک نموونە:"غەموخفەتڕامالین، ل.76، دداندەچیرەوەبردنەوە، ل.144، ژانەسەردروستکردن، ل.145 *ڕاپۆرتنووسانوتماشاچییان ل. 164*،

*بەشێوەیئەستوونیپێکەوەبەستراویان ل. 162*" هتد... دیارە لەو بابەتەی زۆر تێدایە من تەنیا وەک نموونە ئەوانەی دەنووسم.

ڕۆئیا حەکاکیان لێکۆڵینەوەییەکی زانستی چڕو پڕی لە سەر تێرۆری میکۆنۆس ئەنجام داوە و بە شێوەیەکی ئەدەبیی دایڕشتووەتەوە و لەو بوارەشدا سەرکەوتوتنی بەدەست هێناوە. هەرچەند نووسەر بە ئینگلیزی کتێبەکەی نووسیووە و بۆ خۆم دەقی ئینگلیزیەکەم نەبینیووە.
بە بۆچوونی من کتێبێکی زۆر باش و بە کەڵکە و لێکۆڵینەوەکانیش زۆر بە باشی مەبەستی خۆیانیان پێکاوە. ڕەنگە هەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی ڕەخنەی لە سەر هەبێ ئەوە قسەی تێدا نیە، بەڵام زۆرینەی لێکدانەوەکانی نووسەر سەنگی مەحەکیان داناوە.
ئەوەی دەبێ لەم نووسینەدا باس بکرێ ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم وەرگێرانە لە وەرگێڕان ناچێ و پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی، دەولەمەند نەبوونی وشەی کوردی و تێکەڵ و پیکەڵ کردنی رستەکان، ریزکردنی وشەکان بە دوای یەکدا بە بێ جیاکردنەوەیەک، لە بەر چاونەگرتنی خاڵ، کۆما، داش و خەت هەتا دوایی. هەرچەند ئەم وەرگێڕانە لە نێوەڕۆکی کتیبەکە کەم ناکاتەوە، بەڵام خودی وەرگێڕانەکە و دەقە کوردیەکە مرۆڤ دەخاتە گومانەوە کە بۆ دەبێ بەڕیز حەسەنزادە ئەو وەرگێرانەی وەها ناشیانە وەرگیڕاوە. ئەوەی کە بۆ منی خوینەر جێگای شک و گومانە نزیکەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە بەرێزیان کاری ئەدەبی دەکەن و لە هەمان کاتیشدا کاری سیاسی و حیزبایەتی دەکا و زۆر جاریش دەڵێن کەڵە نووسەر و شاعیر و سیاسەتوان هتد... بەڕاستی کە ئەم کارەیەم بینی پێم سەیرە. تۆ بڵێی ئەو کتێبانەی تاکوو ئێستا وەریگێراون کاری خۆی بن یان ئێستا تاقەتی نووسین و شتی وەهای نەماوە، ئەم کارەی وەها دێتە بەرچاو کە بە زۆر پێیان کردبێ و هەر بۆیە خۆشی نازانی چی کردووە. بەڕاستی دەبوایا پێش ئەوەی چاپی کردبا بە باشی و پێداچوونەوەیەکی چروپڕی بۆ ئەم کتێبە کردبا.

بەڕێز حەسەنزادە پێشەکییەکی دوو لاپەڕەو نیوی بۆ ئەم کتێبە نووسیووە و لە دوا لاپەڕەی دا وەها دەنووسێ:" *بۆ کەم کەس شاراوەیە کە بەداخەوە بۆ خۆم زمانی ئینگلیزی نازانم و هەر بۆیە ئەگەر هەوڵ و مشووری هاوڕێی شارەزا و ڕووناکبیر و زمانزانم کاک فەتاحی کاویان نەبوایە ئاسان نەبوو کەسێک لە نیزیک خۆم کتێبەکە لە ئینگلیزییەوە بکاتە فارسی تا ئەمنیش بەوەخت لە فارسییەوە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی.... لە حاڵێکدا خۆشحاڵم کە ئەم بەرهەمە بەکەڵکە بەزوویی ئامادەی چاپ بووەو ئێستا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد، ئاواتە خوازم لە دوارۆژێکی نیزیکدا فارسییەکەشی دەرەتانی چاپ ە بڵاوبوونەوەی بۆ بڕەخسێ*".

دیارە تاکو ئێستا فارسیەکەی چاپ نەبوو، من بۆ خۆم نەمبینیووە، ڕەنگە چاپ بووبێ. بەڵی لەو کورتە نووسینەی بەڕێز حەسەنزادە دەر دەکەوێ جەنابیان زۆر بەپەلە بوون بۆ ئەوەی ئەم کتێبە بە هەر شێوەیەک بێ چاپ و بڵاو بکرێتەوە. هەر بۆیە ئاوا بە شپرزەیی و بێ سەرەو بەرە دەستێکی لێ خستووە و بڵاوی کردووەتەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بیری خۆیدا نەوەکو کەسانێک یان لە هاوڕێکانی ئەم کتێبە وەرگێڕن و ئەوەش ببێتە مەراق لە دەروونی ناوبراودا. ئەمن پێموایە ئەم وەرگێڕانە نە هەر سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو لە کڤالیتەی کتێبەکەی هەڵبەتە کوردیەکەی هێناوەتە خوار، چوونکە مرۆڤی خوێنەر کە سەیری دەکا یەکسەر ناشی بوونی وەرگێڕانەکەی بۆ دەردەکەوێ. ئەگەرچی لە لایەن کەڵە نووسەرو سیاسەتوان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی کوردستانەوە وەرگێڕاوە.

ستۆکهۆڵم

٣٠ - ٤ - ٢٠١٣

## ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

له ساڵی 1911 زاینیەوە ڕۆژی 8ی مانگی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن دیاری کراوە. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا هەموو ساڵێک ژنانی زۆربەی وڵاتانی دونیا لەم ڕۆژەدا بە گرتنی جێژن و ڕێوڕەسمی تایبەتیی، ئەو دەستکەوتە مێژووییە یاد دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵدا دەخەنە بەر باس و خواس.ئەگەر بمانەوێ ٩٣ ساڵ پاش ئەم ڕووداوە مێژووییە، لە پێشکەوتەکانی خەباتی ژنان بە مەبەستی گەیشتن بە ماف و ئازادیەکانیان بکۆڵینەوە و لەگەڵ رابردوودا بەراوردیان کەین، دەتوانین بە سەرکەوتنی بێ وێنەی ئەوان لە بواری جۆراوجۆری ژیاندا چ لە بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و هتد...دەست نیشان کەین. بێ گومان جیهانی ئەمڕۆ 90 ساڵی پێشوو نیە و ئەمڕۆکە دنیا لە هەموو بوارێکدا پێشکەوتوویی زۆری بەخۆوە دیوە. لە ئاکامدا پێکهاتەی گۆڕان لە شێوەی ژیانی ژناندا کە نیوەی کۆمەڵ پێک دێنن و گەیشتنیان بە ماف و ئازادی شتێکی سەیرو سەمەرە و چاوڕوان نەکراو نیە. بەڵام ناتوانین لەم بارەوە ڕادەی دەسکەوتەکانی ژنانی هەموو جیهان وەکوو یەک هەڵسەنگێنین. ئێستا ژنان لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا توانیویانە بە ماڤی بەرابەری لەگەڵ پیاواندا لە چالاکی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابوری بەشدار بن. لەم وڵاتانە بۆ ئەنجام دانی کار و تێکۆشانێک لە بەرانبەر ژندا هیچ گرفتێک پێک نایا و ژنان لە هەموو بوارێکدا لە مافی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا سودمەندن. بەم هۆیەوە لەم وڵاتانەدا خەبات بۆ لە نێو بردنی نابەرامبەری جینسی کەم بووەتەوە و یان دەتوانین بڵێن خەبات بۆ ئەم مەبەستە باوی نەماوە. خەبات و تێکۆشانی ژنان لەم وڵاتە پێشکەوتوانەدا بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی سالمە لە باری ژینگە و تەندروستی و پەروەردەی گشتییە و لە نێو بردنی هەر مەترسییەکی جیددی کە کۆمەڵگا و ئاسایشی مرۆڤ تەنگاو دەکات. هەر بەم کردەوانەشیان ڕێبەرەکانیان مەجبوور دەکەن کە چەکی شیمیایی و ئەتۆمی

له نێو بەرن و بە کورتی خەباتێکە بۆ گەیشتن بەو مەبەستانەی کە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا شیاوی مرۆڤایەتییە. بێ گومان ژنان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی خەباتیان بۆ گەیشتن بەو دەستکەوتانە کە ئاماژەمان پێ کرد شان بەشانی پیاوان هەنگاویان ناوەو لەم بارەدا هیچ جیاوازیەک لە نێوان ژن و پیاودا بەدیی ناکرێ. لە هەندێک لە وڵاتانی تردا کە نایانەوێ دیمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگاکەیاندا دامەرزێ، ژنان توانیویانە تا ڕادەیەک بە مەبەستی خۆیان بگەن. بەڵام گرفتی گەورە لە سەر نەکەوتنی ژنان لە خەباتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگاکە لە لایەک و بوونی یاسایەکی نا عادلانە لە لایەکی ترەوە. بەڵام بەداخەوە وڵاتانێک هەن کە هێشتا پێوەندی کۆمەڵایەتی ئەوان لە سەر یاسا و نەریتێک دانراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. ئێران کە مشتێک ئاخوند بە سەریدا حاکمە یەکێک لەو وڵاتانەیە کە مەیدان بە ژنان نادا بۆ بەدەست هێنانی ماڤی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن. گەرچی دەتوانرێ بوترێ کە ڕادەی زانیاری فەرهەنگی خەڵکی ئێران تا ڕادەیەکە کە بتوانرێ لانی کەم بەشێک لە ئازادی ژنان قبووڵ بکا، بەڵام بە پێی کردەوەی سیاسەتی دواکەوتوانە و دژی گەلی ئەو ئیمکانەی لە خەڵک سەندووە کە بتوانن ئازادانە ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. لە نێو ڕژیمی ئاخوندیدا هەر کارێک دەبێ بە پێی یاسا و ئوسولێک ئەنجام بدرێ کە ڕژیم بەوانەوە پێ بەندە. ئەم یاسایەش کە لە لایەن ڕژیمی مەلاکانەوە لە ئێراندا کاری پێ دەکرێ  و وەکو تەوق کردویەتیە ملی خەڵک، نە هیچ پێوەندی بەم زەمانەوە هەیە و نە هیچ گرفتێکیچ چارە سەر دەکات لە بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوری هتد... ژنانی ئێران لە ڕاستیدا یەخسیری دەستی ڕژیمی ئاخوندین و تا ئەم ڕژیمەش لە سەری کار بێ بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ ڕۆژگارێکی خۆش و پڕ لە ئازادی و خۆشبەختی بۆ ژنان بەدیی بکرێ. هەر بەم هۆیەش  گەر لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا ڕۆژی 8ی مارس لە لایەن ژنانەوە جێژن دەگیرێ، لە وڵاتانی وەکوو ئێران ئەم ڕۆژە وەکوو خەباتێک دژی کۆیلایەتی و لە بەند ئازاد کراو دەژمێردرێ.

گەرچی ژنانی ئەو بەشەی کوردستان بەشێکن لە ژنانی ئێران و بە هەمان چارەنووس تووش بوون، وەزعیان لە هەموو بارێکدا لە ژنانی ئێران باشتر نابێ. ڕوون و ئاشکرایە کە ژنانی کوردستان لە سەختترین وەزعیەتدان. هەرچۆنێک بێ، دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێین کە خەڵکی کوردستانی ئێران چ ژن و چ پیاو کەوتوەنەتە بەر هێرشی وەحشیانەی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی و لە هیچ کردەوەیەکی مرۆڤانە سڵ ناکەن، چ بگا بەوەی کە ژنانی کوردستانی ئێران داوای مافی خۆیان بکەن لە نێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوانەو مەلا زەدە دا. لە لایەکی ترەوە ژنانی کورد لە ئێراندا لە ژێر باری دیکتاتوری و دواکەوتوویی ئاخوندی دەناڵێنن کە بە سەر هەموو ئێراندا زاڵە و لە لایەکی ترەوە وەکوو بەشێک لە ژنانی ئێران لە نابەرابەری جینسیدا لە عەزابدان و لە هەمانکاتدا وەکوو مرۆڤێکی کورد لەژێر ستەمی میللی دەناڵێنن و ئیمکانی ئەوەیان نیە کە لە ئازادی و ماڤی خۆیان داکۆکی بکەن. بە بەراورد کردن لەگەڵ ژنانی تری ئێران، ژنی کورد لە چەند بارەوە زڵمی لێ کراوە و ئەو ئیمکانیاتەی کە بۆ ژنانی بەشەکانی تری ئێران هەیە بۆ ژنی کورد لە کوردستانی ئێراندا نەرەخساوە کە لە باری ئازادی بیروڕا لێ بکۆڵێتەوە چ لەباری تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، پەروەردەیی و تەنانەت دامودەزگایی دەوڵەتی و شتیتریش... بەڵام بە ڕوونی جێ دەستی ژنی کورد لە خەبات دژی دیکتاتۆری لە کوردستان و بۆ پێشەوە چوونی خەباتی ڕەوای کورد و بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی و ماڤی چارەنووسی کورد لە کوردستان بەردەوام و دیارە. ئەمڕۆ دەبێ ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستان بەتایبەتی دژی دەسەڵاتی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی تا گەیشتن بە ئازادی و دیمۆکراسی خەبات بکەن. ئەم خەباتەش خەباتێکی پیرۆزە و دەبێ ژن و پیاو لاو و پیر وەکوو یەک تێکۆشن بۆ ڕۆخانی کۆشکی ئیستبدادی لە ئێراندا.

سەرکەوێ خەباتی ژنان دژی نابەرامبەری.

بۆ نووسيني ئەم بابەتە، کەڵک لە کردستان ژ. 183 ، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حدکا وەرگیراوە.

## هەندێ زانیاری لە سەر ناودارانی کورد

"ابن خلکان" لە کتێبی (وفیات الاعیان) لە سەدەی دووهەمی هیجری لە خۆراسان دەنووسێ کە "ئەبوموسلمی خۆراسانی" لە بنەچەدا کوردە و لە نێو کوردانی خۆراسان دا دەستی داوەتە ڕاپەڕین و شۆڕشی کردووە.



پەیکەری: ئەبوموسلمی خۆراسانی

ملک الشعرای بهار لە پیاهەڵوتنی "بەسامی کورد" لە دەرباری یعقوبی لەیس دەنووسێ کە ناوبراو یەکەم شاعیری کورد و دووهەمین یان سێهەمین کەسە لە هۆنینەوەی شیعری فارسی، کە بە زمانی فارسیش دا شیعری نووسیووە.

ئەبورەیحان بیرونی دەنووسێ کە (تاهریان، سەفاریان و سامانیان) لە نەوەی بارامی چووبینن و لە بنەچەدا کوردن.

**بارامی چووبین و کوردیە**

بارامی چووبین یەکێک لە ناسراوانی شاری (خفر)ی (جهرم) و بۆخۆی کورد بووە و خۆشکەکەی بارام کە ناوی "کوردیە" یە ژنی ئەردەشیری بابەکان بووە. خاتوو کوردیە پاش براکەی دەبێتە فەرماندەی سپا و لە مەیدانەکانی شەڕدا هێندە بە جربەزەو لەخۆبوردوو زیرەک بووە کە سەرنجی هەموو لایەک بۆ خۆی ڕادەکێشێ. ناوبراو شان بە شانی سپاسالاری سپای براکەی لە شەڕی "تن بە تن" یان خود دەستەو یەخە لەگەڵ "تور" کە فەرماندەی هێزی خاقانی چین بووە، دەشکێنێ و سپاکەشی لەت و پەت و تێکی دەدا.



وێنە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: تەنگەی بارامی چووبین (پارێزگای ئیلام) ـ خاتوو کوردیە خۆشکی بارامی چووبین

حکوومەتی "دەیلەمیەکان"

دەیلەمیەکان دوو حکوومەتیان پێکهێنا : ئال زیار و ئالی بویە.



وێنە: سکەی هاوبەشی (عضدالدولە و رکن الدولەی دەیلەمی)


(لە سەر سکەی دەستی ڕاستەوە ناوی عضدالدولە و لە سەر سکەی دەستی چەپەوە ناوی رکن الدولە نووسراوە)



وێنەی: پوران دۆخت سی هەمین پاشای سەردەمی ساسانی و یەکەم پاشای ژنی کورد.

مادەکان یەکەم دەسڵاتداری کورد بوون کە لە ئێران دا حکوومەتیان پێک هێناوە. پێتەختی مادەکان شاری هەگماتان یان هەمەدانی ئیمڕۆ بووە. قەومی ئاریایی بە دوو دەستەی مەزن دابەشکران، مادەکان و پارسەکان. مادەکان کوردەکانن و پارسەکانیش فارسەکان. ئەم حکوومەتی مادە کە

حکوومەتێکی ڕەسمی ئێران بووە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش پێک هاتووە. بە پێی مێژوو ساڵنامەی کوردی دامەزرانی حکوومەتی ماد دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧١١ ساڵ پێش کە یەکەم پاشای کورد واتە دیاکۆ ئەم حکوومەتەی دامەزراندووە لە شار هەمەدان.



وێنەی:ئارامگای دیاکۆ (هەمەدان) ڕۆژهەڵاتناسان دەنووسن کە بێگومان زمانی مادەکان کوردی بووە. باسیلی نیکیتین دەنووسێ: ڕەچەڵەی کورد لە ئاسەوارە کۆنەکانەوە کە لە کەژوکێوەکانەوە دۆزراونەتەوە دیارە وەکوو ئاسار سەردەمی گۆتی، لۆلۆ، کاسی، میتانی، سوباری، نایری، مانایی، کوردۆک، و ئۆرارتوویی کە هەمووی ئەمانە لە نەژادی ئارییایی و زمانەکەشیان مادی یان کوردی و هەر قەومێکیش زاراوەی خۆی هەبووە. لە کتێبی "عشق و سلطنت"یشدا هاتووە کە زمانی مادەکان کوردی بووە و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دانیان بەوەدا ناوە. دامستتر ئێران ناسی بەناوبانگ دەنووسێ کە کتێبی زەردەشت واتە ئەوەستا لە سەردەمی مادەکان نووسراوەو زمانی کوردیش پاشماوەی هەر هەمان زمانە. پرۆفیسۆر ن. مەکەنزی دەنووسێ کە مەبەست لە زمانی مادی هەر هەمان زمانی کوردیە. ناودارترین زمان ناسی زمانی کوردی ولادیمیر مینورسکی

هەر هەمان بۆچوونی هەیە و دەنووسێ کە ئەگەر کوردەکان لە نەژادی مادەکان نین، ئەی چی بەسەر ئەو نەتەوە کۆنە و بەدەسڵاتە هاتووە و ئەم هەموو قەوم و تیرە و تایفەی جۆراوجۆرە کە بە زمانێک قسە دەکەن و دوور لە زمانی خەڵکانی تری ئێرانی قسە دەکەن، لە کوێوە هاتوون؟ (مینورسکی ۱۹۷۳). لە ژێرەوە نەخشەی ئیمپراتۆری مادەکان دەبینرێ.




وێنەی: نەخشەی حکوومەتی مادەکان

سەرچاوە:http://kurdkurdistan.blogfa.com

## تێرۆر و تێرۆریزم لە کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ

تێرۆر گەر بە مانای گشتی وشە- براکوژی بە هۆی ڕق و کینەوە بگرین، هۆکاری بە سەرتای پێکهاتەی مرۆڤ دەگا و کوشتنی هابیل بە دەستی قابیل و یان بە شێوەیەکی تر یەکەم کەس کە لە سەر زەوی تووی مرۆڤ

کۆژی چاند کوڕی"ئادەمەلبەشیر" بوو. مسعودی لە "مەروەج الزەهەب"شین گێڕی مرۆڤ، لە بۆ هابیل وەهای هۆنیوەتەوە:

جێگاو خەڵکەکەی وێرانە بووە
ڕوی سەر زەویش پڕە لە ڕق و کینە
هەموو ڕەنگەکان و بۆنەکانی گۆڕاوە
لە جوانی و ڕوومەتی سروشتی کەم کردوەتەوە

* * *

خەڵکی لە باتی دارستانی بەرین
داری تەلبەن و دڕکاویان هەیە
دۆژمنی لە بیر ناکەن
مەلعونەکان نامرن تاکوو ئاسودە بین و دەوروبەرمانیان تەندوە.

* * *

قابیل، هابیلی بە دەستم کوشتووە
ئەی هاوار لەو ڕوومەتە دڵگیرە!
بۆچی من تێر تێر نەگریم
کە هابیل لە قەوردا نووستووە
ژیانی درێژ مایەی ناڕەحەتی منە،
و من
لە ژیانی خۆمدا تۆزقاڵێک ئاسودە نیم!

بەڵام تێرۆر بە مانای تایبەتی، یانی کۆشتنێکی گەڵاڵە داڕێژراو بە مەبەستی سیاسی، گەر لەدایک بوونی ئێران نەبووبێ بێ گومان بەناوبانگترین نموونەی مێژوویی ئەو ڕێکخراوە تێروریستیەی "حەسەن سەباح"ە لە سەدەی یازدەی زاینیدا. وشەی "ئەساسینەیت، " لە زمانی ئۆروپایی بە مانای کوشتنی ئەنقەست و لە پێشدا گەڵاڵە بۆ داریێژراو، و گۆڕیویانە بۆ "حشاشین" کە بە لاینگرانی "حەسەن سەباح" وتوویانە. بە وتەی ناوبانگەکان حەسەن سەباح لاینگرانی خۆی هاندەدا بۆ کێشانی حەشیش و کاتێک کە "نەشئە، مەست" دەبوون ئەو کات ئەوان دەستیان لە هەموو شت

دەكێشایەوەو دەستیان دەدایە كردەوەی تێروریستی. ئەم بۆچوونەش زەحمەتە قبوڵ بكرێ، لە بەر ئەوەی بۆ نموونەحەشیش هێزی خەیاڵی مرۆڤ تا ڕادەیەك بە هێز دەكا كە بەرەو ئاسمان بڕوات و بە بەهەشتدا بگەڕێ و بەرەو ژیانی بەهەشتی ڕاكێشرێ و بە هەوای گەیشتن بەو جێگەیە دەست لە ژیانی زەوی بشۆرێ. لە لایەكی ترەوە هێزی ئیرادە لاواز دەكا و لە حەشیشی و ئەفیونی نایات كە بە ئیرادەیەكی بە هێز لە "الموت قزوین" بكەوێتە ڕێگا و بڕوات بۆ "بەعدا و بە پێی گەڵاڵەی دارژراو لە دامو دەزگای خەلیفە خزێت و خەلیفە لە ناو بەرێت.

بە هێزتر لە نەشەی حەشیش و هەر جۆر ئەفیون یان هەویری بێ هۆشكەری تر، بە دوای بۆچونێكیتردا چ لە باری دینی بێ یان پێڕەوی شتی تر دایە كە بەنگی نیە و كاتێك كەسێك بە دوای ئەو بیرەدا چوو نە هەر گیانی بەڵكو هەموو شتێكی بێ گومان لە ڕێگای ئەنجام دانی فەرمانی ڕێبەرەكەی فیدا دەكا.

حەسەن سەبا لە تەواوی تایبەتمەندیەكی ڕێبەرێكی بە توانا یان بە وتەی ئەمرۆژی"كاریسماتیك"دا بەرخوردار بوو. كاتێك لە گەڵ دامودەزگای حكومەتی سەلجوقی و وەزیری بە توانای ئەو كات، "خاجە نیزام الملك" تێك چوون، ڕێكخراوێكی دانا كە هەموو نەیارەكانیانی بە پروپاگەندە ئیدئۆلۆژی و مەزهەبی لەو ڕێكخراوەیە كۆ كردەوەو بە ڕاهێنانی سەخت و دژوار ئامادەی بە كوشتدانی دەكردن. "فیدائیان،گیان بەختكەران" كە زۆربەیان لە تیپی لاوانی چینی هەژاران هەڵدەبژارد، دوای ئەوەی كە دەورەی نهێنی و نهێنیپاراستنیان دەگوزەراند ئامادەی ئەنجامدانی فەرمان دەبوون و دەگەیشتنە خزمەتی "سیدنا، گەورەمان" و لە ناوبراو دەستوریان وەردەگرت كە بەرەو كام لا بڕۆن و كام وەزیر یا گەورە یان كەسایەتی بەناوبانگ بە زەبری كارت یان خنجەر بكۆژن. دوایین پلە، بە پێچەوانەی پلەكانی پێشووتر، دەبوایا بە ئامادەبونی گشتی بە شێوەی ڕوونتر ئەنجام بدرێ تاكو دژ كردەوەی زیاتری هەبێ و ترس و تۆقین لە نێو دڵی خاوەن دەسڵاتدارەكاندا بخا.

بەم جۆرە دەتوانرێ حەسەن سەبا بە پایە دانەری ڕێکخراوی تێروریستی و تێروری گەلاڵە بۆ دارژراو بە مەبەستی سیاسی و پۆششی مەزهەبی دا بنرێ. "فدائیانی، گیانبەختکەرانی" ئیسمائیلی دواتر فەلەستین و شام و حلەب(سوریە و لبنان)یان بە پایگای تێروریستی خۆیان کرد و لە شەڕەکانی مۆسلمان و مەسیحی دەوریان گێڕاو و وشەی "حشاشین" لەو ڕێگەوە و لە لایەن خاچەکان هاتە نێو فەرهەنگ و زمانی ئەوروپاییەکانەوە.
تێرورە سیاسییەکانی ئەم دواییانە شەڕێک بوون دژی هێزی دەسڵاتداران و بە مەبەستی ترساندن و لاواز کردنی حکومەتەکەیان. ڕاست یان هەڵە، ڕوو کردن بەم کارە و کەڵک وەرگرتن لەم شەڕەدا هۆیەکە لە کاتێکدا بۆ لە نێوبردنی ئەساسی زاڵمان دەسلاتێ نەبێ لانی کەم ئەم هەقە بە خۆی دەدا کە لەم ڕێگەوە زاڵم بپێکێ. لەم ڕووەوە مەبەستی تایبەتی و بازنەی کردەوەکان سنووردار بوون، بەڵام ئێستا تێروریزم شێوەیەکی تری پەیدا کردوە؛ یەکێک لە گرفتەکانی ئێستا تێروریزمی دەوڵەتیە.
لەم جۆرە تێروریزمە لە جێگای ئەوەی کە دژەکان بە کەڵک وەرگرتن لە شەڕی دژە تێرور دەوڵەت لە نێو بەرێ، دەوڵەت بۆ لە نێو بردنی دژەکان لە شەڕە تێرور کەڵک وەردەگرێ. ئەم جۆرە تێروریزمەش لە گەڵ هیچ عەقڵ و مەنتقێک پێوانە ناکرێ. نە شەرعی، نە زانستی، نە یاسایی، نە ئیخلاق، هیچکام لەمانە ئیجازەی کەڵک وەرگرتنی تێروری بە دەوڵەت نەداوە دژی مخالفەکان. فەلسەفەی بوونی دەوڵەت دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و چاودێری کردن لە حەق و حقوقی مرۆڤە لە کۆمەڵگادا. دەوڵەت دادەمەزرێ بۆ ئەوەی کەس زۆر لە کەسی تر نەکا و ماڤی یەک بپارێزن. لەوە ترسناکتر نیە لەوەی کە دەوڵەت بەو کەرەستە و ئیمکانەی کە لە دەستی دایە دەست بداتە مرۆڤ کوشتن و مرۆڤ ڕفاندن و پۆلیس بکات بە پیاو کوژ و قازیش بکات بە مەئموری ماسماڵی ون کردنی پەروەندەکان. ئەم جۆرە دەست تێوەردانە کردەوەی تێروریستیە کە ئیعتبار و حەیسیەتی بۆ هەندێک لە وڵاتاندا نەهێشتووە و کەسێک کە بە پاسپۆرتیێک لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە، وەکوو پاسپۆرتی خزمەت(مەئموریەتی سیاسی) سەفەر

دەکەن لە فڕۆکەخانە نێونەتەوەیەکاندا بە چاوی تێروریزم سەیریان دەکرێ و وەکوو قاچاقچیەک یان پیاوکوژێک لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکرێ.
جۆری تازەتری تێروریزم ئەوەیە کە ئۆسامە پایەی دانا. زاڵبونی تەشکیلاتی تێروریزم بە سەر دەوڵەتدا. لێرەدا دەوڵەت نیە کە دامودەزگای تێروریزمی لە دەستدا بێ، بەڵکو ڕێکخراوی تێروریستیە کە دامودەزگای دەوڵەتی دەخاتە ژێر دەستی خۆی و دوای ئەوەش لەو دەسڵات و ئیختیارەی کە هەیەتی کەڵک وەردەگرێ. بن لادن بە دوای وڵاتێکی بێ خاوەن دەگەڕا کە پایگای کردەوەکانی خۆی لەوێ دانێ. سەرەتا سودانی هەڵبژارد و پاشانیش ئەفعانستان، چونکە ئەفعانستانی لە بارتر و جێگایەکی باشە بۆ کەسانی وەکو ئەم، هەر بۆیە گۆزایەوە بۆ ئەفعانستان. لەم وڵاتەدا "کردەوەی جیهادی" لە لایەن هێزەکان و سیاسەتەکانی دەرەوە پشتیوانی لێ دەکرا و بە هاتنە سەر کاری دەسڵاتی تاڵەبان، ئیمکانی هەموو جۆرە کارێک، کۆکردنەوەی خەڵک و مسۆگەر کردنی ماڵی کۆ کردنەوەی چەک و لە ڕاهێنانی تێروریستی تاکوو گۆڕەپانی واقیعی شەڕ بۆ نموونە بن لادن هەی بوو. حکومەتی تاڵەبان بە تەواوەتی لە ژێر دەستی بن لادن دا بوو تا ئەو ڕۆژەی کە ڕوسەکانیان لە خاکی ئەفعانستان وەدەرنا. هەم تاڵەبان و هەم بن لادن و تەشکیلاتەکەی لە ژێر چەتری چاودێری ئامریکادا بوون. ئەو مارەی کە ئامریکاییەکان بەخێیان کرد وەکو بن لادن و هتد...، کاتێک کە شەڕ نەما، ئەمانە بکەنە گیانی دوژمن، خۆیان بە خەتەر و زەرەرەکەی پەییان برد و بۆ لە نێو بردنی هەستان، بەڵام مارەکە دەستی خۆی خستە بەر و ئەوە بوو لە یازدەی سێپتامبری 2001 دا گازی قەپی ژەهراوی خۆی لە دڵی نیویورک دا گرت.
یەک و دوو ڕۆژێک دوای ڕووداوی یازدەی سێپتامبر لە ماڵی دۆستێک مێوان بووم. مێوانی تری هەمە جۆرەی لێ بوو چ لە باری تەمەن و چ لە باری کارەوە. بە هەر حاڵ باسی بن لادن و تێک ڕۆخانی جووتە بورجەکانیان دەکرد و باسێکی گەرم بوو.(.......)باسی قارەمانیەتی بن لادن کردەوەکانیم بیست. وتم هاوڕێیان لەوەی کە ئامریکای خۆ بەزلزان کە لە

نێو خاکەکەی خۆیدا دەستی لێ وەشراوە خۆشحاڵن. هەر ئەو کاتەی کە خۆمەینی ئامریکاییەکانی بە بارمتە گرت، خۆشحاڵ بوون. بەڵام ئەوەی بزانن ئەو ئاگرەی بن لادن هەڵی کردووە، دووکەڵەکەی بە چاوی یەکەیەکەماندا دەچێ. لەمەو لا ئێرانی و عەرەب و ئەفعانی، هەر کێش بن یان پاسپۆرتی ئامریکایی و ئۆروپاییان پێ بێ و هەر کۆی بڕۆن گرفتی گەورەیە. لە هەموو جێگایەک بە چاوی تێروریست سەیریان دەکەن. هاتو چۆیان، قسەکردنیان، هەڵسوکەوتیان هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵدایە و بۆ هەر ئیدارەیەکیش بڕۆن بە زەحمەت وەڵامیان دەدەنەوە.(....).

ئەم جۆرە تێرورە تازەیە، تێروریزمێکی کوێرە کە مەبەستێکی تایبەتی دیاریکراوی نیە، هەر کەسێک لە هەر جێگایەک بێ لەوانەیە ببێتە قوربانی ئەم جۆرە تێروریستانە.لەوەی کە دامودەزگا و دابینکردنی ئاسایشیان پێکا، کەسایەتی و بنیاتی گرنگی دەوڵەتیان سنوردار کردوە. تێروریزم بریندار بووە(وەکو ماری برینداری لێ هاتووە) و تووڕەیە و بە هەر جێگا، هەر کەسێک بکەوێتە بەری هێرش دەکا و باکی لەوەدا نیە کە کێ دەکوژرێ و چ شتهایەک لە نێو دەچن.

سەرچاوە: کیهان ژ. 989 لە نووسینی: احمد احرار

## فریشتەی سلولی هەشتم



هەر وەکو پەپولەیەک باڵە چکۆلەنازکەکانی لێ کەندرابێتەوە لە پەنجەرەی سلولی هەشتم سەیری دەشتی دەکرد. تێدەکۆشا و دەیویست باڵ بیگرەتەوە. دڵی لە خفەتا پڕ ببوو. نەیدەویست فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس بمێنێت چونکە زوڵاڵی بیلبیلەی چاوی تێک دەچوون. نەیدەویست فرمێسک بە سەر گۆناکانیدا بڕژێتە خوار، نەکا سەر گۆناکانی لەکەدار بکا. لە راستیدا ئەو فریشتە بوو. ئەو فریشتەیەکی بەندی و لە گەمارۆی ساتەکانی ژیانی بێ وەفادا بوو. وای هەست دەکرد کە هەر چرکەیەک لە ژیانی دەڕوا، دەست درێژ کردنە بۆ سەر ژیانی و بوونی لێی دەستێنن. وای هەست دەکرد هەر دەم لە فریشتە بوونی خۆیدا وردەوردە کەم دەبێتەوە. سەیری هەورە چڵکنەکانی کرد و ئاخێکی هەڵکێشا. گۆی لە دەنگی رمبە رمبی پێڵاو بوو کە بەرەو سلولی هەشتم دەهاتن. رمبە رمب نەما و دەرگا، بە بێ لێدان کرایەوە. هەنگاوەکان بۆ لای فریشتە دەهاتن. فریشتە هێشتا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. ئاوری نەدایەوە دواوە. هەنگاوەکان گەیشتنە فریشتە. دەستەکان بە دەوری ملی نیمە خەم بوی فریشتەدا هەڵقەیان داو دەوری ملیان گرت. هەناسەیەکی گەرم کە لە لووتێک دەهاتە دەرێ، هێرشیان کردە نێو مووەکانی سەری فریشتە. فریشتە نەگەڕایەوە، دەستەکان لە پشتەوە بەسرابوون و دوو لیمۆی بێ لایەن و نەرمیان دەگوشی. فریشتە هەستی دەکرد لە نێوان ئەرد و ئاسمان موعەلەقە. وای دەزانی باڵ دەگرێتەوە. دوو دەست ئەویان فڕێ دایە سەر تەختەک. لاشەی لە نێو سەرمادا ون بوو. پێیەکانی لێک کرانەوە. وتبووم بۆ هەمیشە لە ئەردم دانە تاکوو قەدری لە ئاسمان بونمدا بزان. وتبووم بە یەکجاری باڵەکانم بکەنەوە تاکوو قەدری رێگە رۆیشتن بزانم. وتبووم بە

هەوەسی خۆت لە جێگای مرۆڤی دوو پێم دانێ بەڵام... بەڵام ئیتر... قەیدی ناکا. تۆ سەرپشک بوی لە جێگای هەر مرۆڤێک دامت نابا. من خۆم ویستبوم. دەتووت: گۆناحە، مرۆڤەکان لە پێناوی خۆشیدا نرخی هەموو شتێک دەدەن. وتبووت کە مرۆڤەکان هەمیشە دونیای خۆیان دەکەنە بەهەشت و جەهەنمەکەی تۆش دەکڕن. وتبووت... ئەی میهرەبان! نابێ جارێکی تر وەکوو فریشتە بمێنمەوە؟

دەرگاکە جارێکی تر بە بێ تەق و پۆق کرایەوە. هەنگاوەکان، وەکوو نێچیرێکی سەرکەوتوو دەچوون و بەرەو لای نێچیر دەهاتن. نێچیرەوان چەکی دەرهێنا. پاکانی فریشتە لە یەک بەڵاو بوونەوە. فریشتە وەکوو پەپولەیەکی باڵ بڕاو لە سەر تەختەکە سەیری پەنجەرە و هەورە چڵکنەکەی دەکرد.

نووسینی: سیاوش بریرانی

**ئۆریانا فالاچی، جارێکی تر دەنگۆی لە نێو هەواڵنێرەکاندا**



میلان کوندێرا: فالاچی بنیاتنەری ژۆڕنالیستی مۆدێڕنە
ئۆریانا فالاچی لە ناودارترین و هەراوهۆریا پێکهێنەرترین هەواڵنێرانی مێژووی ژۆڕنالیستەکانی جیهانە. لە ماوەی ساڵەکانی 1960 تا 1980 جگە لە ناردنی ڕاپۆرت لە شەڕی ویەتنام و نووسینی چەند کتێبی پڕ بایەخ لە گەڵ سەران و بەرپرسانی زۆر وڵاتان لەوانە شای ئێران و سەرۆکەکانی کۆماری ئامریکا و چەند وڵاتی ئۆروپایی، ئاریەل شارۆن و خۆمەینی وتووێژی کردوە.
چاوپێکەوتنی فالاچی لە گەڵ شا و خۆمەینی بە هۆی قسەی ڕەق و ڕۆک بوونی بە خۆشی و باشی تەواو نەبوو. کەمتر هەواڵنێرێک هەیە کە وەکوو فالاچی لە گۆڕەپانی شەڕی ویەتنامدا ڕاپۆرت ناردنێ و لێکدانەوەی لە سەر کردبووبێ. ناوبراو ساڵانێکە بە تەنیا دەژی و وەکو پیاوەکان سیگاری بەرگ دەکێشێ. فالاچی پێش چەند ڕۆژ هەفتاو سێهەمین مۆمی ژیانی هەڵکرد. ئۆریانا لە 20ی ژۆئیەی ساڵی 1930 لە فلورانسی ئیتالیا هاتوەتە دنیا و سەرەتای ژیانی هەر لەوێ تێپەڕ کردوە. بەڵام ئێستا لە ئاپارتمانێک لە مەنهەتانی نیویۆرک ڕۆژگار دەداتە سەر و خەریکی کتێب نووسینە.
فالاچی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە. باوکی دارتاش و دایکیشی کابانی ماڵ و لە هەمان کاتیشدا سەر قاڵی چالاکی سیاسی بووە. لە دایک بوونی ئۆریانا هاوکاتی سالەکانی دیکتاتۆری رژیمی فاشیستی ئیتالیا بە ریبەری بنیتو موسولینی و لە هەمان کاتدا دەست پێکی شەڕی

جیهانی دووهەم بووە و باوکی ئۆریاناش لە گەڵ ئەو گرووپە نەهێنیە کەوت کە دژی موسولینی بەربەرەکانیان دەکرد. ئۆریانا لەم کاتەدا تەنیا تەمەنی 9 ساڵ بوو. ناوبراو بە لایەنگری لە باوکی پێوەندی بە هێزی دڵخوازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گرت و لەو شەڕەشدا ئەزمونی سەیر و پڕ بەرەکەتی دەست کەوت. بە تەواو بوونی شەڕی جیهانی دووهەم و لە نێوچوونی فاشیزم، ئۆریانا کە 15 ساڵی بوو بەو ئەزمونانەی کە لەو ماوەیەدا بە دەستی هێنا بوو، دەستی بە نووسین کرد. لە سەرەتا دا فالاچی لە رۆژنامەیەکی ناوچەیی کاری دەست پێی کرد و بڕیار بوو کە لەوێ ستونێک بە نووسینی چیرۆکی جەنایی بە ئەستۆ بگرێ. بە گوزەری زەمان لە گەڵ ئەو هێز و توانایەی کە هەی بوو، وردە وردە کاری باشتریان پێی پێشنیار کرد. ئۆریانا جگە لە زمانی ئیتالیایی کە زمانی دایکییە، شارەزایەکی باشی لە زمانی ئینگلیزی، ئێسپانیای و فەرانسەوی هەیە. هەر ئەم شارەزاییی لە سەر زمانگەلی بێگانەدا بوە هۆی ئەوەی کە گۆڤارە ئۆروپاییەکان داوای لێی بکەن کاریان لە گەڵدا بکات. بەم شێوەیە بوو کە ئۆریانا فالاچی ببوە ژۆرنالیست و هەواڵنێرێکی نێونەتەوەیی. لە بۆلیڤی، مکزیک، لۆبنان و ڤییەتنام و هەر گۆشیەک لە جیهاندا کە ڕووداوێکی تایبەتی ڕووی دەدا کە پێوەندی بە سیاسەت و هێزەوە ببوایا ئۆریاناش لەوێ ئامادە دەبوو. بەڵام خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە فالاچی وەکوو ژنێکی ژۆرنالیست ئیرادەیەکی زۆر بە هێزی هەیە. خۆی لەم بارەوە باوەڕی وایە*کاتێک کە ئێوە ژنن دەبێ زیاتر شەڕ بکەن*. ئۆریانا وەکوو وتووێژ کەرێک کەسایەتیەکی جیددی، زیرەک و بە هۆشە. ناوبراو بە پرسیارگەلی جۆراوجۆر سەری لە وتووێژکەرەکەی دەشێواند و لە گەلاڵە کردنی هیچ جۆرە پرسیارێک شەرمی نەدەکرد و هەر ئەم شێوەیەشە کارەکەی هێندەی تر بەناوبانگتر دەکرد.

هێنری کیسنجر وتووێژی لە گەڵ ئۆریانا بە سەختترین و لە هەمان کاتدا خرابترین وتووێژی چاپەمەنی بە حیساب دێنێ. ئەم شێوەکارەش لە هێندی بواردا دەردەسەری بۆ هێناوەتە گۆڕێ کە لەوانە جارێکیان لە کاتی وتووێژ

له گەڵ پادشای حەبەشە لە ژورەکەی دەری کردووە. فالاچی لە سەرەتای شەستەکاندا ساڵێک لە ویيەتنام ژیاوە و هەر لەوێش کتێبێکی بە ناوی * ژیان * ، شەڕ و ئیتر هیچ * نووسیوە کە بۆ ئەو خەڵاتی زۆری بۆ بە دەست هێنا. لە ساڵی 1974 کتێبێکی بە ناوی وتوویژ لە گەڵ مێژوودا لە دوو بەرگ بەڵاو کردەوە کە لە کتێبەکەدا باسی وتوویژەکانی لە گەڵ کەسایەتی گەورە و جۆراوجۆری سیاسی مێژوو دەکات. لە سەرەتای ساڵەکانی هەفتادا لە گەڵ شاعیر و شۆڕشگێڕی یونانی * ئالکووس پاناگولیس * زەماوەندی کرد، عەشقێک کە بە وتەی خودی خۆی گەورەترین عەشقی ژیانی بووە. پاناگولیس لە ساڵی 1976 کوژراوە. فالاچی دوای مردنی مێردەکەی دەستی کرد بە نووسین و بەڵاوکردنەوەی کتێبێک لە سەر مێردەکەی بە ناوی * پیاوێک * کە لە کتێبەکەیدا باسی بیرەوەری ژیانی خۆی لە گەڵ پاناگولیس و وتوویژەکانی لە گەڵ ناوبراو دەکات. لە کارەکانی تری دەتوانین رۆمانە بەناوبانگەکانی تری ناوبراو کە لە ماوەی ساڵیانی پڕ لە هەوراز و نەشێوی ژیانی نوسیوە ناو بەرین وەکو * بە منداڵێ کە هەرگیز لە دایک نەبووە* و * پنە لۆپە دەڕواتە شەڕ* . هەروەها کتێبێکی تری لە ساڵی 1991 لە لۆبنان ، لە کاتی شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە نووسی. فالاچی لە کاتی شەڕی کەنداودا سەفەری ڕۆژهەڵاتی ناوینی کرد، بەڵام ئیتر نە وتوویژی کرد و نە لە تەلەفزیۆنیش دەرکەوت. ئۆریانا فالاچی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە وەزعی زۆر گۆڕاوە و ئیتر ئەو ژۆرنالیستە هەراوهۆریا سازەی ساڵەکانی رابردوو نیە. هۆکەشی خۆی لە هەموو کەس باشتر دەیزانێ. فالاجی لەم ساڵانەی دواییدا هەمیشە دەیویت لە ژۆڕنالیستی سیاسی هیلاک بووم و تەنیا شتێک کە بیری لێی دەکاتەوە نووسینی کتێب و چیرۆکە.

بەڵام بە رووداونی رووداوی 11ی سێپتەمبر ناوی فالاچی جارێکی تر لە سەرەوەی هەواڵەکان و بیروڕای گشتی جیهانی نووسرایەوە. کتێبی تازەی ناوبراو بە نەوی * ڕەق و لە خۆبایی* کە لە ژێر کاریگەری رووداوی 11ی سێپتەمبر و ڕەنگدانەوەی بەڵاو ببوەوە بوە هۆی ئەوەی جارێکی تر

نووسینە هەراوهۆریاسازەکانی دەردەسەریان بۆی ساز کرد و کاریش تا ئەو جێگایەی چوو کە پۆلیس بۆ بەرگری لە کوشتنی ناوبراو لە دەوروبەری ئاپارتمانەکەی لە نیویۆرک چاودێریان لێی دەکرد. فالاچی ئێستا لە ئاپارتمانی خۆی لە مەنهەتانی نیویۆرک دەژی. ناوبراو بە بەڵاوکردنەوەی دوایین کتێبی تێ دەکۆشێ کە بە هەموو کەس پیشان بدا لە درێژایی تەوای ئەم ساڵانە و لە نێوان شەڕ و ئاگر و خوێن وەکو ژۆرنالیستێک، تەنیا بە شوێنی * ڕاستیەکاندا * بووە. میلان کوندرا کەڵە نووسەری بەناوبانگ لە سەرەتای ناسیاوی خۆی * هەمیشە زیندوو* لە وەسفی ئەودا دەڵێی:

بە ڕاستی چ کەسێک بنیاتنەری ژۆرنالیستی مۆدێرنە؟ ئەو کەسە بێ گومان * همینگوای* نیە کە لە مەتەرێزەکان ئەزمونی بە دەست هێنا. * ئۆرۆلی* ش نیە کە ساڵێک لە گەڵ خەڵکی هەژاری پاریسدا ژیا. ئەو کەسە *ئۆریانا فالاچی * یە کە بە ناوبانگترین وتووێژەکانی لە گەڵ بەناوبانگترین سیاسەتوانانی جیهاندا ئەنجام داوە.

سەرچاوە: کیهان چاپ لندن * ژ. 976




## کتێبی خراپ

وتووێژی گۆڤاری ئاڵمانی "شپیگل" لەگەڵ نووسەری بەناوبانگی ئینگیلیسی دووریس لیسینگ لەسەر کەیفیەتی کتێب.
لە کاتێکدا چەندەوچۆنی بڵاوبوونەوەی خراپی چاپ و، بەرگی خراپ و "سەحافی" خراپ و خەتی ناشیرین، هەڵەی نووسین و "ئینشا" دارەشتن و سەبک و شێوە لە نێوان ئێرانیەکان [کوردەکان] زۆر ئاساییە و وەکوو فەرهەنگی لێ هاتووە، ئاشکرایە ئیتر هیچ کەسێک تەنانەت ئەدیبەکانیش ناڕەحەت ناکا. نووسەرانی زۆر وڵات کە هێشتا بەم شێوەیە رانەهاتوون لە بەرامبەر ئەم لاوازیەدا دژ کردەوە نیشان دەدەن. لە هەر وڵاتێک ئەم لاوازیانە هۆی خۆیان هەیە، لەوانەیە هۆی ئەم لاوازیە لای ئێمە نەبوونی مرۆڤی کارامە و دووهەمیش ئیخلاقی فەرهەنگی ئێمە بەگشیی یە. یانێ بە سادە گرتن و سوورنەبوون لە سەر فەرهەنگ، شل بوونەوە و گرنیگی نەدان و هتد. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کارەساتی سیاسی و رامیاری کاریگەری نەبێ. لە ئاڵمانیا رووداوەکە بەم شێوەیە کە لەم ساڵانەی دوایدا ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە بەر لەسەرەوەبوونی حەقدەستی کاری "ویراستار" بەو جۆرەی کە لە قەدیمدا هەیانبووە و هێشتا لە ئێراندا بەو جۆرە دەناسرێ، لە راستیدا ئەوەیان لابردووە. لە نێوەڕۆکی وتوێژەکەدا وەها دەردەکەوێ کە لە بریتانیاش بە هەمان شێوە بێ. "دوریس لسینگ" لە ساڵی 1919دا لە کرماشان لە دایک بووە و هەر بە منداڵی لەگەڵ باوکی کە لە سوپادا بووە بەرەوە "روودیزیا (زیمبابڤە) کۆچی کردووە و لە ئینگلیس و بە گشتی ئورووپادا نووسەرێکی باش و سەرکەوتوو بە حیساب دێ.

“شپیگل“: خاتوو لسینگ ئێوە لە گۆڤاری “تایمز“ دا گلەییتان کردووە کە ستاندارد و چۆنیەتی بڵاو کردنەوەی کتێب لە دابەزین دایە.
لسینگ: “ساڵیانێکە کە دەبینم هەڵەی نووسینی کتێبەکان بەردەوام زۆرتر دەبن و منیش لەوە ناڕازیم کە ئەم وەزعیەتە تایبەت بە ئینگلیس نەبێ و جیهانی بێ.
شپیگل: “ بۆ چی ئیمڕۆ کتێبەکان بە بێ سەرنجدان و لێکۆڵینەوە بڵاو دەبنەوە؟
لسینگ:“ پێشتر لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی ئینگلیس دا پیشە ویراستاری هەبوو. مرۆڤی زۆر کارامە و رووناکبیر هەبوون کە سەرچاوەی نووسراوەکانیان دەخوێندەوە و راستەوخۆ بە دوای وشەی دووپاتە کراو و لاواز و شێوەی داڕشتنی جیاوازدا دەگەڕان و ئەگەر سترۆکتۆری نووسراوەکە غەیری مەنتقی بووایە، ئاگاداریان دەدا.
شپیگل: “ ئێوە ئەم جۆرە ویراستارانە ناو دەنێن ئەژدەها.“
لسینگ:“ ئەمانە لە راستی زۆر لەسەرەوە و بە شێوەی زاڵ و دیاری کەر هەڵسووکەوت دەکەن. گرفت ئەمەیە کە ئەمانە هەمیشە لە گۆڕەپانی چاپەمەنیدا لە نێوچووندان. هەر دوێنێ کتێبێکی نوێم بە بەرگێکی زۆر جوان و باش، چاپێکی زۆر لەبار، بەڵآم نێوەرۆکێکی پڕ لە هەڵەم بەرچاو کەوت. هەروەها لە دوایین رۆمانی خۆم “The sweetest dream“ دا کە پێش لە ساڵێک لە ژێر چاپ هاتە دەر، چەند هەڵەی چکۆلەی تێدا بوو، بۆ وێنە دووپاتکردنەوەی وشەیەک کە ئینسانی تووڕە دەکرد. شپیگل: ئایا بۆ تۆش ویراستار دانانێن؟
لسینگ: “ منیش دانێکیم هەبوو، بەڵآم لە خراپەکان.“
شپیگل: کێ بە بەرپرسی ئەم دابەزینی چۆنیەتی کتێبەکان دەزانی؟
لسینگ: “لەو کاتەوە شیرکەتە گەورەکان (کنسرنها) و یەکیەتی هاوبەشی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە کە بازاڕی کتێبیان بەدەستەوەیە. حەساودارەکان حکومەت دەکەن. بۆ ئەمانە لە رادەیەی یەکەمدا گرینگ ئەوەیە کە خەرجەکان کەم بکەنەوە و ئەمانەوە پێیان وایە ویراستار پێویست نییە.

هەر بۆیە ویراستارەکان لادەبەن یان کارەکە دەدەن بە ویراستارە هەرزان و خراوەکان.
شپیگل: ئایا خوێنەرەکان دەبێ بۆ دژایەتی لەم کارە جموجۆڵێکی یەکگرتوو ڕێک بخەن؟
لسینگ: "ئەی بۆ نە؟ بەڵام دڵەخورپەی من لەوە دایە کە خوێنەرەکانی ئیمڕۆ ئەو ستانداردە بەرزەی کە جاران لە بەرچاو دەگیرا، ئێستا هەر نایناسن و بە هەڵەکانی نێو کتێبەکان ڕاهاتوون."
وەرگێڕان لە ئالمانیەوە:
خۆسرەو سابت قەدەم.
سەرچاوە : کەیهان _ لەندەن ژمارە 934



## کۆخ

"دۆزینەری میکرۆبەکان"

دەڵێن ژنەکەی کۆخ بەو دراوەی پاشەکەوتی کردبوو، مایکرۆسکۆپێک لە چەرچێک دەکڕێ و هەر بەم مایکرۆسکۆپەش کۆخی مێردی کەوتە لێکۆڵینەوەی مایکرۆبەکان و ئەم کارەی کردە پیشەی ڕۆژانەی خۆی. کۆخ لە 11ی مانگی دیسەمبری ساڵی 1843 لە دایک بووە و لە زانکۆی "کوتینگن" پزیشکی خوێندوە و لە چەند شاریشدا وەکوو دوکتۆر کاری کردوە و سەرئەنجام لە شاری "وەلەشتین" بە یەکجاری گیرساوەتەوە. هەر لەم شارەش دا بوو کە توانی "ئەنتراکس باسیلوس" بەخێو بکا. بەم کارەشی ناوبانگی جیهانی دەرکرد و لە ساڵی 1880دا لە شاری بەرلین بوو بە ئەندامی شۆرای سەڵتەنەتی لەشساغی بەرلین. کۆخ ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە باشتر لە جاران لێکۆڵینەوە زانستیەکانی خۆی درێژە پێ بدا و شێوازی نوێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەکار بێنێ و بەمجۆرە توانی مایکرۆبی "دەردەباریکە" (سل) بدۆزێتەوە. ناوبراو لە ساڵی 1883دا رایگەیاند کە دەکرێ بە لێدانی دەرزی، هەموو گیانداران لە تووشبوونی "ئەنتراکس" بپارێزرێ. لە هەمان ساڵدا بە سەرپەرستی گروپێک لە زانایان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مایکرۆبی "وەبیا" (تاعون) نێردرا بۆ وڵاتانی هیند و میسر. ئەنجامی ئەم لێکۆنیەوەش هەرچێک بووبێ دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی ناوبرا. کۆخ لە ساڵی 1890دا ماددەیەکی پێک هێنا و هیوای وابوو کە بتوانێ بۆ چارەسەری نەخۆشی "وەبیا" کەڵکی لێ وەرگرێ. هەرچەندە کۆخ بۆ خۆی هێندە شانازی بەم دۆزینەوەیە نەدەکرد، بەڵام لەم لاو لەولا خەڵکیتر زۆریان باس کرد و سەرئەنجام دەرکەوت کە ئەم ماددەیە، نەک هەر بۆ دەرمان بەڵکوو بۆ دۆزینەوەی نەخۆشی بەکەڵک دێ. کۆخ تاکوو

ساڵی 1906 به مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر "مالاریا"، "وەیبای ئاژەڵ" و نەخۆشی خەو، سەفەرێکی زۆری بۆ ئافریقا کرد. لە کۆتایی دا بۆی دەرکەوت کە نەخۆشی خەو بە هۆی پێوەدانی مێشک بە ناوی "تسە تسە"وە یە.

لە ساڵی 1905دا شانازی خەڵاتی پزیشکی نۆبیلی پێ بەخشرا. ئەم زانا مرۆڤ دۆستە کتێبگەلی بەکەڵکی زۆری نووسیوە و دوایین بەرهەمیشیی وتارێکە لەسەر تووش بوونی نەخۆشی دەردەباریکەوە کە شەش حەوتوو پێش مردنی لە فەرهەنگستانی زانستی بەرلین دا خوێندرایەوە. رۆبەرت کۆخ لە ساڵی 1910دا کۆچی دوای کرد.

سەرچاوە: چهرەهای درخشان تاریخ ل. 62
2003/7/9

## سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی "جۆرج ئۆرێل".

25ی ژوئیەی ئیمساڵ بەرامبەر بوو لەگەڵ سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی جۆرج ئۆرێل، نووسەری هەڵکەوتووی بریتانیایی و داهێنەری کتێبی "کێڵگەی ئاژەڵان" و "1984". بی بی سی لە هەواڵەکانیدا بەم بۆنەوە باسی ژیان و چالاکیەکانی جۆرج ئۆرێلی کرد کە لێرەدا بەشێکی دەخوێنینەوە.

ناوی راستە قینەی جۆرج ئۆرێل "ئێریک بلێر"ە و لە ساڵی 1903 لە بنەماڵەیەک کە لە دوایدا خۆی بە بنەماڵەیکی چینی هەژار لە قەلەم داوە لە دایک بووە. ناوبراو لە ساڵەکانی سەرەتایی ژیانی دا بۆ دەست پێکردنی پیشەیەک چووە نێو کاری دەوڵەتی یەوە بەڵام لە دواین ساڵەکانی 1920دا دڵی لە کارەکەی سارد بووە و لە باتی ئەو چەند ساڵ لە تەمەی ژیانی لە نێو چینی کرێکارانی دەوروبەری لەندن، باکووری رۆژئاوای ئینگلستان و پاریس تێپەڕ کرد. تێپەڕ کردنی ژیان لەم سەردەمەدا بوو بە هەوێنی نووسینە سەرتاییەکانی وک "خوارەوە و دەرەوەی پاریس و لەندەن" و "رێگای لەنگەرگای شاری ڤیگان".

جۆرج ئۆرێل لە بواری سیاسی دا بەشێک لە جوڵانەوەی رادیکاڵی کرێکاری (سوسیالیسی ئازاد یا سەندیکالیزم) بوو. ئەو لەو باوەڕدا بوو کە نابێ کەس بەسەر خەڵکدا حکومەت بکا، بە پێی ئەم دروشمە کرێکارەکان خاوەنی شیرکەتەکانن و خەڵکیش لە بیر کردنەوەدا سەربەخۆن و لە هەڵەکانی خۆیان پەند وەردەگرن و لە دونیای جێگای ژیانی خۆیان باشتر لە خۆیان دەگەن. ناوبراو وەکوو زۆربەی نووسەران و رۆناکبیری هاوچەرخی خۆی لە دەیەی 1930دا رووی لە سپانیا کرد، بەو مەبەستەی کە دژی سوپای فاشیستی ژنرال فرانکۆ شەڕ بکا. ئەو لەو شەڕانەدا بریندار بوو، دەگێڕنەوە کە گوایە هەرگیز برینەکەی ساڕێژ نەبوو و هەر ئەم برینەش بوو بە هۆی نەخۆشی دەردە باریکە لە لەشی دا و لە ساڵی 1950 دا کۆچی دوایی کرد. ئەم کۆچەش لە کاتێکدا بوو کە تەمەنی هێشتا

نەگەیشتبوو بە 50 ساڵ. ئەزمووونی جۆرج ئۆریل لەو دەورانەدا کە لە سپانیا بوو، هاندەر بوو بۆ ئەوەی کە بە نووسینەکانی لەیەنگری لە دینی کاتالۆنیا بکا. جۆرج ئۆرێل لە کات و زەمانێکی پڕ لە هەراو هوریای مێژووی سەدەی بیستەم دا دەژیا کە بەشە گرنگەکانی لێ ئەزموون کردبوو. ئیمپراتۆری بریتانیا، تووندی رکۆردی رامیاری ئامریکا، شەڕی نێوخۆی سپانیا، سەرهەڵدانی فاشیزم لە رۆژئاوای ئوروپا لە دەیەی 1930، شەڕی جیهانی دووهەم و سەرەتای شەڕی سارد لە رووداوە گرینگەکانی ئەو سەردەمە بوون. جۆرج ئۆرێل ئەمڕۆکە بە بۆنەی نووسینی دوو رۆمانی "کێڵگەی ئاژەڵ" و "1984" ناوبانگی جیهانی هەیە. ئەم کتێبانە باسێکی بەردەوام و دەلیل هێنەرەوە و دژە کومۆنیستین و هەروەها رەخنەی تووندن و تیژن لە کۆمەڵگای رۆژئاو و کەم کردنەوە رەنگ و بۆی ئەو کۆمەڵگایە. رەنگە ئێستا کتێبەکانی جۆرج ئۆرێل کە لە گرینگترین کتێبەکانی سەردەمی دوای شەڕی جیهانین، خوێندنەوەیان وەک جاران بە تام و چێژ نەبن...

کەسایەتی جۆرج ئۆرێل سەرنج راکێش و لە هەمان کاتیشدا دژبەری هەبووە، پیاوێکی خەڵکی و لە توێژی سەرەوەی چینی مامناوەندی بوو کە لە ژیاندا تێدەکۆشا بە سەر خووڕەوشتی و داوەری کردن و بارهێنانی خۆیدا زاڵ بێ. ئەمڕۆکە جۆرج ئۆرێل بە چاوێکی مێژوویەوە شایانی لێکۆڵینەوەیە. وەکوو نمونەی کەسێک کە بە بینی تاکە کەسی و تایبەتمەندی خۆی لە مەیداندا بوونی هەبێ تاکوو زۆربەی خاڵە گرینگە مێژوویەکانی سەدەی بیستەم شی بکاتەوە.

**دوو ڕۆمانی گەورە**

ناوبراو بە پێچەوانەی هاودەورەکانی خۆی لە بەشی چینی چەپی سیاسی دا هەرگیز دەرفەتی نەبوو کومۆنیزم لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، بەتایبەتی لە دەورانی ستالین ئەزموون بکا. جۆرج ئۆرێل پێش بینی دەکرد کە دەسەڵاتێکی نیزامی وەها هەرگیز ناتوانێ دەسەڵاتی لە بارودۆخێکی ئاوەها دا درێژە پێ بدا. لە رۆمانی گەورەی خۆیدا تێ دەکۆشا پیشان بدا

کە چۆن دوو نیزامی سیاسی تەکڕەوی زەمانە واتە کومنیزمی چەپ و فاشیزمی راست لە راستی دا یەکن و بۆ بیر کردنەوە نابن. شێوەی کاری جۆرج ئۆرێل مەترسی یەکپارچەیی خواستن و دیکتاتۆری بوو بە گشتی و نە مەترسی یەک لە جۆری تایبەتی لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی.

لە کتێبی "کێڵگەی ئاژەڵ" دا کە بە کتێبێکی سادە دێتە بەرچاو، ئاژەڵەکانی کێڵگەکە دەست دەدەنە شۆڕش و حاکم لە نەخشی خاوەن کێڵگە "جۆنز" دەردەکەون و لە نێوی دەبەن. بەرازەکان رێبەری شۆڕشن کە رێبەرەکەیان ناپولئۆن و بەرازێکی دیکەش نەخشی ستالینی هەیە. سەرەتا هەموو ئاژەڵەکان هاومافن، بە پێی داب و نەریت، بەرازێکی دیکە بە ناوی "پیری گەورە" پێشنیاریان پێ دەکا کە پێکەوە بژین. " پیری گەورە" لە راستی دا نوێنەری "مارکس"ە، هەر بەم جۆرەش بەرازەکان دەبن بە حاکم. "فرامین" (پیری گەورە) لەسەر دیواری هوماری کێڵگەکە کێشراوەتەوە و پاشان بە لەسەرخۆیی دەگۆڕدرێ. ئەم گۆڕانکاریانەش هێندە بە خاوی دەڕۆنە پێش تەنانەت ئەو ئاژەڵانەش کە تێگەیشتنیان زۆرە سەریان لێ بشێوە. تەنیا ئاژەڵێک کە لە شەڕەنگێزی بەرازەکان تێدەگا کەرێکە بە ناوی "بنیامین"، بەڵام لە رەخنەگرتن خۆدەپارێزێ. بنیامین زۆرجار بە نوێنەری روناکبیرانی بەدبین لە قەڵەم دەدرێ. ئەمەش بەو مانایە یە کە ئەو نوێنەرە خودی نووسەرە.

کتێبی "1984" باسی ژیانی جۆرج ئۆرێل لە داهاتوو دا دەکا و تەواوی وڵاتانی جیهان لە یەکێک لە سێ دەستەی زلهێزەکان کە لە دژایەتی یەکتردان، گرێ دەدا. کەسایەتی سەرەکی کتێبەکە "وینتستۆن سمیت"ە لە وڵاتی "ئۆشیانا" کە لە ژێر کونترۆڵی حیزبی "ئینک سۆک" بە رێبەری براگەورەی دا دەژی. زمانی ئینگلیزی لە زمانێکی بەربلاوتر بە ناوی "وتەی نوێ" دا خنکاوە، کە هۆیەکی ترە لە نێوان کەرەستەی حیزبی بۆ کونترۆڵی وتەکان. وینستۆن بۆ "مینی ترۆ" کار دەکا و کارەکەشی دەست تێوەردانە لەو بەڵگانەی وەکوو رۆژنامەکان کە بە جۆرێک پیشان حیزب هەمیشە راستەو بێ خەوشە. ناوبراو سەرئەنجام لە مانای راستی حیزب تێدەگا و

لەگەڵ شۆڕشگێران پێوەندی دەگرێ. کتێبی "1984" وەکوو "کێڵگەی ئاژەڵ" لە راستی دا ئیلهام بەخشی پەیدا بوونی ستالین بە "ئۆرۆل"ە. لە کاتێدا لە سەر ستالین وەکوو مرۆڤ دۆست قسەی لێ دەکرا، "ئورۆل" بۆ ناسینی هۆیەتی دیکتاتۆری رووس و بوێری و گێڕانەوەی راستیەکان بۆ جیهانی ساکاری نووسی.

سەرچاوە: کیهان چاپ لندن، ژ. 962
2003/8/18

## وتوویژ لەگەڵ خاتوو "تابان"
## بەرپرسی یەکیەتی ژنان _ لقی کەلار



لە درێژەی سەفەری کوردستان چوومە سەردانی رێکخراوی یەکیەتی ژنان لقی کەلآر و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی ژنان لەو شارۆچکەیە پێکهێنا. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکە لە خوارەوە:

پ: تکایە دەتوانی خۆت بە گۆڤاری لاوان بناسێنی؟

و: من ناوم تابان شێخ عەبدولآیە و دانیشتووی شارۆچکەی کەلارم. خوێندنم تا سێی ناوەندی تەواو کردووە و هێشتا ڕەبەنم. 5 خۆشک و برام لە تەمەنی 7 تا 17 ساڵ ئەنفال کراون. ئێستاش بەرپرسی ژنان ـ لێژنەی کەلارم.

پ: دەتوانی باسی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی لقی کەلارمان بۆ بکەی و ئامانجتان چی یە؟

و: یەکیەتی ژنانی لقی گەرمیان ـ کەلار لە 1992/11/12 دامەزراوە لقی ژنان پێک هاتووە، لەچەند کومیتە کە دابەش کراوە بەسەر مەڵبەندەکاندا واتە ئێمە بەشی کەرکوکین و لەگەڵ کومیتەکانی کفری و شارۆچکەکانیتر کەسەر بە سلێمانین لە 45 کەس پێکهاتووین. ئەرکی سەرەکی ئەم رێکخراوە هوشیار کردنەوەی ژنانە، هانیان بدەین بۆ خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری، چارەسەری کێشەی خێزانی و بنەماڵی، چارەسەر و گرفتی تەندروستی بەتایبەتی مندالآن، کچان و ژنان، لە باری یاسایشەوە تێدەکۆشین بۆ وەدەست هێنانی مافی ژنان و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان. هەروەها چارەسەر کردنی کێشەی کچان و بەزۆر بەشوودانیان. بلآو کردنەوەی زانیاری لەو چەشنەنە لە راگەیەنێرە گشتیەکان دا. پێک

هێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە بۆ چارەسەری گرفتەکان. دیارە 50 لە سەدی ئەم کێشانە تاکوو ئێستا بە ڕای من چارەسەر کراون. دیارە بنەماڵەکان بە ڕێزەوە سەیرمان دەکەن و هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئێمە ئاساییە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە عەشیرە دەوری سەرەکی دەبینێ و ژنەکان زۆر ئازاد نین. ئەو چاوەڕوانیەش کە ئێمە لە ژنانی دەکەین بەو جۆرە نییە و ڕێژەی نەخوێندەوانی لە نێو ژناندا زۆرە. زۆربەشیان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان نایەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مادی و مادەش لە کەلاردا دەورێکی سەرەکی دەبینێ. لە 12 گەڕەکی ناوچەی کەلاردا بنکەی چالاکی ژنان هەیە. بەڵام زۆر کەرەستەی وەرزشی و کامپیۆتەر و زۆر شتی ترمان نییە و بۆ وەدەست هێنانی ئەم کەرەستانەش داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە کە یارمەتیمان بدا.
وەک وتم ژنان لە ژێر کاریگەری بنەماڵەدا زۆر خۆیان تێکەڵی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە ناکەن.
پ: ئایا ڕێکخراوەکەتان هیچکام لە ڕاگەیەنێرە گشتیەکانی بە دەستەوەیە؟
و: بەڵێ، ئێمە گۆڤاری تایبەتی ژنانمان هەیە و بەم زووانەش پرۆژەی دامەزراندنی ئیسگەی رادیۆکەمان سەردەگرێ.
پ: ئایا ژنان و کچان بۆ چارەسەری کێشەی بنەماڵەیی خۆیان ڕوودەکەنە ناوەندەکەتان؟
و: بەڵێ، بەداخەوە کێشەی بنەماڵەیی زۆر ڕوودەدەن و ژنان و کچانیش بۆ چارەسەریان ڕوومان لێ دەکەن. یان خۆ ئێمە دەچینە نێو بنەماڵەکان و لە ڕیشەی کێشەکانیان دەکۆڵینەوە، بێجگە لەمانە ئەو کچانەی کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ هانا تێرنە ئێرە و ئێمەش ئەو کچانە لای خۆمان ڕادەگرین و جێگای تایبەتیمان بۆیان هەیە. جاری واش هەیە ئەو کچانە ئەگەر حەزیان لە کەسێک بێ، ئێمە کەسەکە بانگ دەکەین و پێکەوەیان دەبەستینەوە. بەڵام بنەماڵەکانیان هەڕەشە لە کچەکان دەکەن و لەهەمان کاتیشدا ڕێزی ئێمە دەگرن. ئێمە زۆر جار لەگەڵ دوکتۆری دەروونناس پێوەندی دەگرین و ئەو کێشانە دەخەینە بەر دەستی ئەوان و ئەوانیش بە

پێی توانا یارمەتی ئەو بنەماڵانە دەدەن. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناوچەی گەرمیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. کاریگەری لیژنەی ژنان لەم ناوچەیەدا زۆر بەرچاو بووە. دیارە وەکو لقی ژنان ئێمە گرێ دراوین بە یەکیەتی ژنانی کوردستان و ناوەندەکەشی لە شاری سلێمانی دایە و حکومەتی هەرێمیش بە تەواوی هێزەوە لە پشتمانە.

پ: بە گشتی داواکاریتان لە حکومەتی هەرێم و ئەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن چین؟

و: داواکاری ئێمە ئەوەیە کە نوێنەران سەردانی لیژنەکەمان بکەن و بێنە نێو ئەو کێشانە کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئێمە دەبنەوە، سەنتەری کار دامەزرێنن بۆ ژنان و کچانی بێکار یان ئەوانەی کە ڕوویان لە ناوەندەکەی ئێمە کردووە، وەکو کردنەوەی دووکان، کۆرسی فێربوونی لێخوڕینی ماشێن، دانانی سمینار و باس کردن لە سەر ئەنفال و هۆکارەکانی، دیبات و باس کردن لە سەر گرفتی کچان و ژناندا هەبێ، دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پێکهێنانی بنەماڵە بۆ گەورەچان، چارەسەر بۆ ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری، دیارە پۆلی تایبەتی بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەواری دامەزراوە، بەڵام دەبێ بەربڵاو تر بکرێ و زانیاری زۆرتر بدرێ بە خەڵک. داوا دەکەین کە حکومەت نوێنەری تایبەتی بنێرێ بۆ گەرمیان کە لە ڕاستیدا ئەم ناوچەیە پشتگوێ خراوە. ڕێگا چارەسەرێک بۆ بنەماڵەی شەهیدان بدۆزرێتەوە کە بە ڕاستی مافیان پێشێل کراوە و لەو پەڕی ناڵەباریدا دەژین. بۆ وێنە بنەماڵەی ئەنفال کراوەکان زۆربەیان لە "سموود" دەژین و لەوپەڕی بێدەرەتانیدا ژیان دەبەنە سەر کە چی نوێنەری حکومەت هەر گوێش نادەنە ئەم گرفتانە. زۆر جاریش لە تەلەفزیۆنی کوردسات دەڕۆنە لایان، بەڵام هیچ چارەسەرێکیان بۆ نادۆزنەوە. منداڵانی ڕەش و ڕووت و هەتیو و پیر و بەساڵداچووەکان لەو پەڕەی ناڵەباریدا دەژین. دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرتر و بێلایەنانە کێشە کۆمەڵایەتیاکانی ئەم ناوچەیانە بە خەڵکی ناوچەکانیتر پیشان بدەن. تیرۆری ژنانی کورد بنبڕ بکرێ، سووتاندن و خۆکوشتنی کچان نەمێنێ، چارەسەر و ژیانێکی ئاسایی

بۆ کەم ئەندامان، بەساڵداچووان و بێ کەسان، یارمەتی بە بێکەسان بدرێ، بنەبڕ کردنی بەزۆر بەشوودانی کچان. جیا کردنەوەی دین لە داب و نەریتی کوردەواری. دەربڕینی بیروڕا ئازد بێ و دیموکراسی لە کوردستان بچەسپێ.

پ: خاتوو تابان بەرنامەی داهاتووت چی یە؟

و: نووسین و دێبات، لێکۆڵینەوەی دەروونی، پێکەوەنانی خێزانێکی بەختەوەر.

پ: ئاوت؟

و: رزگار بوونی کوردستان بە یەکجاری، یەکسانی ژن و پیاو، نەمانی نەخوێندەواری.

پ: حەزت لە چییە؟

و: جوانی، سەیرو سەفەر، وێنەگرتن، نووسینی بیرەوەری.

پ: خۆشی؟

و: تاریکی، ڕۆژ.

پ: تاڵی؟

و: گرتنی بەندی و ئەنفال.

پ: کەی دواین جار گریای؟

و: بۆ بێنازی منداڵێک کە باوکی لە هەندەرانە.

پ: چی خۆشحاڵت دەکا؟

و: کاتێک کەسێکم لە خەم و پەژارە و گرفت ڕزگار کردبێ.

پ: زۆرتر حەزت لە دەنگی کام گۆرانی بێژی پیاو و کام گۆرانیبێژی ژنە؟

و: لە پیاواندا حەسەن زیرەک لە ژنانیش دا مەرزیە فەریقی.

پ: دواین کتێبێک کە خوێندبێتتەوە؟

و: کتێبی "شایەت حاڵەکانی کارەساتی ئەنفال".

پ: ئەی نووسینت؟

و: نووسنێکم بەدەستەوەیە لەسەر کێشەی ژنان.

خاتوو تابان زۆر سپاست دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

تابان: منیش زۆر سپاسی ئێوە و گۆڤاری لاوانیش دەکەم کە زەحمەتتان کێشا و هاتنە ئێرە و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

❊ ❊ ❊

## ڕۆنتگن Rontgen
دۆزینەوەی تیشک (ئەشەعە)ی ئیکس X.



گوایە 100 ساڵ لەمەوبەر کابرایەک بە ناوی "ویل هەلم کونراد ڕۆنتگن" یان ڤیلیام مۆرگان تیشکی Xی دۆزییەوە. بەڵام ئەو بە گرنگی کەڵک وەرگرتنی ئەم تیشکەی نەزانیبوو. لە راستی دا دۆزینەوەی ئەم تیشکە لە ناکاو دا بوو. ڕۆنتگن لە ئاکامی کارەکەی دوو دڵ بوو، هەر بۆیە ناوی xی (واتە نادیار، مجهول) لێ نا. دیارە تاکوو ئێستا ئەو ناوە وەک خۆی ماوەتەوە. ڕۆنتگن خەڵکی وڵاتی "پرووس" یان ئاڵمانیای ئێستا بوو. لە 27ی مانگی مارسی ساڵی 1845 لە "لەنپ" (Lennep) لە دایک بوو، لە هولەند و "زوریخ"ی سویس خوێندوویەتی و هەر لە تەمەنی منداڵیەوە حەزی لە بابەتی زانستی کردووە. دواتریش بوو بە جێگری پرۆسفۆر "کۆندت" و پاشانیش پلەی ئوستادی پێ بەخشراوە.

لە ساڵی 1875 ناوبانگی دەرکرد و لە زانکۆی کشت و کاڵی "هۆهن هایم"دا وانەی ماتماتیک و فیزیکی وتووەتەوە، دواتریش لە زانکۆی "ورسبرگ"دا دەستی بە کارکردن کردوە و هەر لەوێش ناوبانگی بە دۆزینەوەی تیشکی X دەرکردووە.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی 1895 ڕۆنتگن خەریکی لێکۆڵینەوە بوو، کارەبای لە نێو لوولەیەک قوڕۆڵی شوشەیی کە دورەکەی بە کاغەزی رەش پێچابوو، کێشا. بە سەرسوڕمانەوە دیتی کە رووناکیەک لە نێو لوولەکەدا دیارە. هەر بۆ دڵنیایی کاغەزێکی لە قوڕۆڵی لوولەکە نا و شتی تریشی لە نێوانیان نا. سەرەڕای ئەم کارانەش، کارەباکە بە نێو لوولەکادا دەڕۆیشت و سێبەری ئەو شتانەش لە سەر کاغەزەکە دیار بوو. دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر روون

بووەوە کە لە نێو لوولەی قوڕۆڵدا تیشکێک دیار دەبێ کە کارەبا لە سێبەری شتەکان دەڕوا.
کەڵک و گرنگی تیشکی X دواتر لە دامودەزگای پزشکی و نەخۆشخانەکاندا دەرکەوت. یەکەمین جار لە ئامریکا بەکاریان هێنا و لە سەر مرۆڤێک کە گوللەیەک لە پێیدا مابووە و هەر بەهۆی تیشکی X دۆزیانەوە. زانایانی دونیا هەر بە دوای ئەو کارەی رۆنتگن دا رۆیشتن، لەوانە دەتوانین زانای بەناوبانگی ئینگلیزی، "سر هربەرت جاکسن" ناوبەرین، کە بۆ تەمەرکوزی تیشکی X لوولەی تایبەتی بە دەزگای رۆنتگن زیاد کرد و هەر ئەویە کە ئیمڕۆ لە دوینادا بەکاری دێنن.
رۆنتگن لە سەر کارەبا و فیزیک زۆر شتی دۆزیوەتەوە. ناوبراو لە ساڵی 1896 میداڵیای "رمفۆرت"ی لە لایەن رێکخراوی سەلتەنەتی و لە ساڵی 1901 لە بەشی فیزیا خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشراوە. رۆنتگن لە ساڵی 1923دا لە شاری "مونیخ"ی سویس کۆچی دوایی کردووە. رۆحی شاد.
سەرچاوە: چهرەهای درخشان تاریخ لە نووسینی ڤیلیام ا. دویت.

## وتووێژێک لەگەڵ کچە سویسییەکی کوردیزان



لە سەفەرێک دا بۆ وڵاتی سویس لە شاری "بازل" بە هۆی ئەحمەدی ئامۆزامەوە لە گەڵ کچێکی سویسی ئاشنا بووم. ئەم کچە ناوی"تانیا دۆنکێر "( Tania Duncker)ە و لە گەڵ دایک، باوک و براکەی لە شاری بازل گەورە بووە. تانیا لە ساڵی 1985 لە گەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بووە و لە ساڵی 1988دا لە سەری خوێندوویە و زمانی کوردیش فێر بووە. جا هەر بەم بۆنەشەوە تانیا نێوی کوردی"غەزالی" بۆ خۆی هەڵبژاردوە. منیش لە گەڵ ئەم کچە بە دەرفەتم زانی و وتوێژێکم پێک هێناوە کە لە ژێرەوە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشم.

پرس: چۆن فێری زمانی کوردی بووی؟

وەڵام: دیارە لە پێشدا بە تەواوی لە گەڵ مەسەلەی کورددا ئاشنا بووم، بێجگە لەوەش 4 ساڵ لە زانکۆی"برن"دا ئیسلام ناسیم خوێندووە و لە گەڵ زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبیدا شارەزاییم پەیدا کردووەو و دەتوانم تاڕادەیەکیش بخوێنمەوە. لەم شارەی کە من تێیدا دەژیم، کوردی بەشی تورکیای زۆر لێیە و لە گەڵیان ئاشنا بووم، ئیتر لەو کاتەوە حەزم لە فێر بوونی زمانی کوردی کرد. دیارە"کۆمکار"ەکانییش پێشتر کورسێکی زمانی کوردیان لێرە کردبووەوە و منیش بەشداری ئەم کورسە بووم و فێری زمانی کوردی بووم. بۆ خۆشم گەڕام و ڕێزمانی بەدرخانەکانم پەیدا کرد و بە چاکی خوێندم. دیارە ئەگەر مرۆڤ زمانی کوردی لە گەڵ زمانەکانی فارسی، تورکی عەرەبیدا هەڵسەنگێنێ، بە لای منەوە کوردی

هاسانترینیانە. دوای ئەوەی کە بەتەواوی فێری زمانی کوردی بووم، لە پاییزی ساڵی 1994دا چووم بۆ پاریس و لەوێش کوردولۆژیم خوێند.
پرس: بێجگە لە زمانی دایکی خۆت کە ئاڵمانییە، چەند زمانی دیکە دەزانی؟
و: من جگە لە ئاڵمانی، فەرانسی، ئینگلیزی و کوردی بە نووسین و خوێندن بە باشی دەزانم.
پرس: ئایا لە ماوەی فێربوونی زمانی کوردیدا سەردانی کوردستانت کردوە؟
و: بەڵێ، تەنیا جارێک لە ساڵی 1994دا چوومە کوردستان و مانگێک لە دیاربەکر مامەوە.
پرس: بەوەی کە سەردانی کوردستانت کردووە، بە ڕای تۆ جیاوازی نێوان کوردەکانی وڵات و دەرەوە چییە؟
و: دیارە من تەنیا چوومەتە دیاربەکر و بەشەکانی دیکەی کوردستانم نەبینیوە، بەڵام لە کوردستانی تورکیەدا خەڵکەکە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دینی ئیسلام کاریگەری زۆری لە سەریان هەبووە. ژن و مێرد، کوڕ و کچ جیان، دیارە لە کوردستاندا سەرەڕای سەختی ژیان، شەڕ و کێشە خەڵکەکە دەترسێنێ، بێکاری و هەزاران گرفتی تر چاوەڕێیان دەکا و خەڵکەکە بە تەمای خۆیان نین. بە پێچەوانە لە ئورووپادا کوردەکان ئازادن، بە کەیفی خۆیان دەگەڕێن و پڕوپاگەندەی خۆیان دەکەن و ژیانیان لە ئاسایشدایە. هەڵبەتە لە ئورووپاشدا بێ گرفت نین، لە بەر ئەوەی لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدان و زمانەکەش بۆ خۆی گرفتی گەورەیە و هەروەها منداڵانیش داب و نەریتی خۆیان لە بیر دەکەن.
پرس: بە بڕوای تۆ لاوانی کورد لە دەرەوە چ بکەن باشە؟
و: لاوانی کورد دەتوانن فێری زۆر شتی وەک خوێندنی باڵا، فێربوونی تەکنیک و کاری لێکۆڵینەوە و هتد ببن. لاوەکان دەڵێن ئێمە وڵات پەروەرین، بە بڕوای منیش ئەمە لە جێگای خۆیدا پێویستە. بەڵام تەنیا پێشمەرگایەتی شەرت نیە و لە هەمان کاتدا دەتوانن بۆ بردنە سەرەوەی پلە و پایەی زانستی خۆیان تێبکۆشن و فێری یاسا دانان بن. چوونکوو داهاتووی

کوردستان پێویستی بەمانە و هەر ئەمانیش دەتوانن یاسا دانەر و بەڕێوەبەری بن. لاوەکان دەتوانن گرفتی کورد بۆ خەڵکی دەرەوە بە تایبەتی کاربەدەستانی وڵاتەکان بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

پرس: بە بۆچوونی تۆ وەکوو سویسی یەک بۆ کوردستان ڕزگاری نابێ؟

و: یەکەم شت کە بووەتە هۆی سەر نەکەوتنی گەلی کورد، ئەوەیە کە داگیرکەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان گەورە و بە هێزن، سەرەڕای ئەمەش ئامریکا و ئورووپا نایانەوێ کوردستان ڕزگاری بێ و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مەسڵەحەت. هەموو دەزانین کە دونیا بۆ ئازادکردنی کوێت چیان کرد، مەسەلەکەش هەموو بۆ نەوت بوو. بەڵام هەرچەند دەزانن گەلی کورد 25-30 میلیۆن دەبن و بێ وڵاتن، مەسەلەی سەرکەوتنی کوردیان بەلاوە گرنگ نییە. لێرەدا دوو هۆی گرنگ دەبینم، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو هێزەی کە بە "هێزی چەکوش" ناسراوە و لە بەشی باشووری کوردستاندایە و چاوەدێری لەو بەشە دەکا، ئەویش خەڵکی دەرەوە زەختیان خستە سەر ئامریکا بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە. دووهەمیش گرفتی کوردەکان خۆیانە و دژایەتی لە گەڵ یەکتر دەکەن و قەدیش لە دەرفەت کەڵک وەرناگرن و نایانەوێ وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێ. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەن کە کوردەکان تاکتیکیان زۆر باش نیە و ستراتیژیشیان زۆر لاوازە. بەداخەوە حیزبە کوردیەکان زۆر خۆیان بە مەزن دەزانن و تاکوو ئێستاش هیچکامیان بۆ ئەوی تریان سەری دانەنواندووە و دژایەتی یەکتر دەکەن. بۆ وێنە، هەر ئەم وڵاتی ئاڵمانە پاشایەکی هەبوو بە ناوی"فریدریش" کە دەیگووت:"من غولامی دەوڵەتم"، بەڵام ڕێبەرانی کورد دەڵێن دەبێ هەموو خاڵک و وڵات غۆلامی ئێمە بن.

پرس: خاتوو غەزاڵ"تانیا" پێشنیازی تۆ بۆ کوردان چییە؟

و: کوردەکان دەبێ یەکتریان قەبووڵ بێ و هەموو دەبێ هەستی وڵاتپەروەریان زۆر بێ و دەست لە دژایەتی یەکتر هەڵگرن. ڕێبەرەکانی کورد دەبێ ئەوەی باش بزانن کە کوردستان چوار پارچەیە و هەر پارچەیەکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، کوردەکانیش دەبێ داب و نەریتی

هەر چوارپارچەکە بناسن. بۆ وێنە دۆستی کوردی ژێر دەسڵاتی تورکیەم هەیە، کە هیچ شارەزایەکی لە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە. کوردەکان بە گشتی دەبێ پلەی زانستی خۆیان بەرنە سەرێ و بەتایبەت لاوەکان دەبێ خۆیان فێری زمان و ئەدەب و سیاسەت و داب و نەریت بکەن و یاسا کە زۆر گرنگە دەبێ بە باشی لێی بکۆڵنەوە. هەروەها کوردەکان نابێ بۆ دڵخۆش کردنی داگیرکەرانیان، مامڵە بە چارەنووسی پارچەکانی تر بکەن.

پرس: ئایا دەتەوێ لە داهاتوودا سەردانی کوردستان بکەی؟

بەڵێ، لەبەر ئەوەی من تەنیا زاراوەی کرمانجی لە زمانی کوردیدا فێر بووم و زاراوە سۆرانیەکەم زۆر باش نییە، بە نیازم بڕۆم و سەردانی هەر چوارپارچەکەی کوردستان بکەم و لە گەڵ بەشەکانی تریشدا ئاشنا بم و زاراوە سۆرانیەکەشم بەهێزتر بکەم.

پرس: غەزاڵ خانم ئێستا چی دەکەی؟

ئێستا خەریکی گرتنی دوکتۆراکەمم لە سەر ئەدەبیاتی کوردی، وەکوو ڕۆمان، چیرۆک و پەخشان و هەروەها چۆنیەتی ڕەوشی ژن و مێردایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

دوای ئەم وتوێژە، منیش پڕ بە دڵ سپاسی خاتوون غەزاڵم کرد و دوای بە هیوا خواستن و سەرکەوتنی لە خوێندنەکەیدا ماڵئاویم لێ کرد.

ئەم وتووێژە مانگی 8ی 1996 کراوە.

## نامەیەکی سەرئاوەڵا



ئەم نامەیەی کە لە ژێر دەیخوێننەوە، لە لایەن ناوبراوان کە لە ژێر ناویان ئیمزا کردوە بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کراوەو بە هۆی "ئەنا ڕۆدبێری" کچێکی سویدیە و بۆ ماوەی دوو حەوتوو لە لایەن ڕیکخراوی پارێزگاری لە ژینگە چووبوو بۆ بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک، نامەکەی دا بە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێز "کوفی ئەنان".

بە ناوی ئازادی و دیموکراسی بۆ تەواوی میللەتانی ژێر دەستی ستەم، بە تایبەت گەلی ژێر دەستی کورد لە کوردستاندا!
بۆ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز کوفی ئەنان
سڵاو!

کوردستان لە ساڵی 1514ی زاینی دا، دوای شەڕی نێوان ئێران و تورکیە لە ناوچەی "چاڵدڕان" لە زەمانی شا ئیسماعیلی سەفەوی بە دوو بەش و پاش دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە چوار بەش واتە لە نێوان تورکیە، ئێران، عێراق و سوریەدا دابەش کرا. تاکوو ئێستاش لە ژێر زوڵم و چاوەدێری ئەو دەوڵەتانەدایە کە کوردیان تێدا دەژی. دوای دابەش کردنی کوردەکان گەلێک سەرهەڵدان لە کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام مخابن چوونکە زۆربەی گەلی کورد موسڵمانە و ناوچەکەش بۆ ئەو دەوڵەتانە ناوچەیەکی ستراتیژییە هیچ سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە.
مەسەلەی کوردستان دوای پرسی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرنگترین ڕووداوی سیاسی یە. کاتێک سەیری نەخشەی چوار پارچەی

کوردستان دەکەین دەبینین کە لە نێوەڕاستی ئەو چوار دوڵەتە دیکتاتۆرە جۆرێک هەڵکەوتووە، هەر کام لەو بەشانەی کوردستان بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئوتۆنۆمی دەست بدەنە شۆڕش، دەوڵەتانی ناوەندی بە تەواوی هێز و توانایانەوە و بە بێبەزەییترین شێوە سەرهەڵدان و خەباتی گەلی کورد تێک دەشکێنن. دیارە لە بەر شاخاوی بوونی ناوچەکە لە کوردستاندا شۆڕشی پارتیزانی هەر درێژەی هەیە. پارتە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی کورد، بۆ ئازاد کردنی بەشەکانی کوردستان بە بیرو باوەڕی جیاواز، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ یەک ئامانج واتە ئازاد کردنی کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەراندا تێدەکۆشن. هەر یەک لەو دەوڵەتانە بە دڕندەترین شێوە ساڵانێکی دوورو درێژە گەلی کورد سەرکوت دەکەن. کاتێک مرۆڤ سەیری کوردستان دەکا، وەکوو ناوچەیەکی نیزامی دێتە بەرچاو، لانی کەم لە نێوان هەر کیلومیترێک بنکەیەکی نیزامی دروست کراوە و لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ئۆردوگای سەربازیان داناوە و پۆشتە(مجهز)ە بە هەموو کەرەسەیەکی پێشکەوتوو هێزی ئامادە کراو بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ هێزی پێشمەرگە و هێزە سیاسیەکانی کوردستان. لە هەمان کاتدا گاردی تایبەتیان هێناوەتە کوردستان بۆ ئەوەی شەڕی پارتیزانە کوردەکان بکەن لە ناوچە شاخاویەکاندا. ئەم چوار دەوڵەتە داگیرکەرە، یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە بە هیچ جۆرێک و هەر جۆرە شەرتێک ئامادە نین کێشەی کورد چارەسەر بکەن و تەنیا ئامانجی ئەوان لە نێو بردنی گەلی کوردە. هەروەها لە نێوخۆی شارەکاندا مرۆڤە سیاسی و ئازادیخوازەکان بە سزای بیروبۆچوونی ئازاد، بە ئیعدام و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە لە کوردستان مەحکوم دەکەن. لە هەر ناوچەیەک لە کوردستان چوار شێوەی زوڵم و ستەم دەبینرێ:

ڕەگەزپەرەستی

ستەمی فیزیکی

ستەمی میللی و نەتەوەیی

ستەمی مەزهەبی
گەر مرۆڤێکی ئازادیخواز بە سزای بیروڕا دەربڕین و بە لایەنگری یەکێک لە حیزبە کوردیەکان گومانی لێ بکەن و بگیردرێ، بە بێ پرسینەوە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەبڕنەوە و تەنانەت جل و بەرگەکەشی بە بنەماڵەکەی نادەنەوە و لە گۆڕستانی تایبەتی، جیا لە گۆڕستانی گشتی کە خۆیان ناوی "لەعنەت ئاوا"یان لێ ناوە دەنێژرێ. ئەمانە نموونەی چووکەن لە چیرۆکیی سەرکوتی میللەتێک کە بۆ سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆی خەبات دەکا، کە چی لە لایەن داگیرکەرانەوە تاوانی لە ناوچوونی بۆ دەدرێ. ئەم دەوڵەتانە سەرکوت و کوشتنیان گواستوەتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش، بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لە نێوبردنی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆرووپا دەستی بە تێرور کردن کرد. بەداخەوە لە ساڵی 1989 دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتی حدکای لە شاری "وییەن" پێتەختی ئۆتریش لە گەڵ هاوڕییانی شەهید کرد و لە ساڵی 1992دا دوکتور سادق شەرەفکەنی و هاوڕییانی لە شاری "بەڕلین" کە بۆ بەشداری کردن لە کونگرەی ئینترناسیونالٚ سوسیالیست چوبووە ئالٚمان تێرور کرد. بەڵام بە خۆشیەوە خەباتی گەلی کورد خەباتێکی ڕەوا و بێ وچانە و بە دەوڵەتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو ناچێ. بە کورتی داخوازیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئەمانەن:

* زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی بێ لە ناوچەی خودموختار، لە تەنیشت زمانی کوردی زمانی فارسی وەکو زمانی دووهەم بۆ پێوەندی لە گەڵ حکومەتی ناوەندی و بەشەکانی تری ئێران بەکار بێنن.

* زمانی کوردی تاکوو پلەی زانکۆ، لە کوردستاندا بە وانە بوترێتەوە.

* لە تەمەنی 7 تاکوو 16 ساڵە دەرس خوێندن لە کوردستاندا ئیجباری بێ.

* لە کوردستاندا نەخۆشخانە، باخچەی منداڵان و قوتابخانەی گشتی بە خۆڕایی بێ * پێکهێنانی سوپای میللی لە

ناوچەی خودموختار و پاراستنی نێوخۆی کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە بێ.

* حکومەتی خودموختار بەرپرسی پاراستنی ژینگەیە و بڕینی دار لە دارستانەکان و ڕاوکردنی شکار قەدەغەیە.

* حکومەتی ناوەندی دەبێ بودجە بۆ دروست کردنی ڕێگا و بان و کارگە لە ناوچە خودموختارەکاندا تەرخان بکا و بە پێی ژمارەی دانیشتوانی کورد، داهاتی مەوادی ژێر زەوی وەک نەوت و گاز دابین کا.
* پێکهێنانی پارلەمان لە ناوچەی خودموختار و هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیر و وەزیران بۆ بەشداری کردن لە پارلەمانی حکومەتی ناوەندیدا.
* هەموو داهاتی نێوخۆی ناوچەی خودموختار دەبێ خەرجی ئاوەدانی بکرێ.
* حکومەتی خودموختار بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە ڕێز لە کەمایەتیە نەتەوەکانی تر لە ژێر دەسەڵاتی ناوچەی خۆیدا بگرێ.
* کەمایەتیە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی خودموختار ئازادن زمان، دین، داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و قوتابخانەیان بە زمانی خۆیان هەبێ.
* حکومەتی خودموختار ئازاد و سەربەخۆیە بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر و ئورووپاش.

* حکومەتی خودموختار بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ کە بە هەموو ڕێکخراوی دیموکراتیک و پێشکەوتن خواز و بۆ پەرە پێدانی دیموکراسی و ئازادی یارمەتی بدا
* حکومەتی خودموختار دەوڵەتێکی "لائیک"ە، شوعاری ستراتیژی حدکا دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە.

* له حکومەتی خودموختاردا ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە.
هیوادارین کە تەواوی میللەتانی مرۆڤ دۆست و ئازادیخواز و دیموکرات لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستاندا پشتیوانی بکەن.

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی دووبارەماندا

کاترینەهۆڵم ـ سوید

2001 10 17



**ئاوگوست ستریندبێری**

له ساڵی 1849 له شاری ستۆكهۆڵمی پێتەختی سوێد هاتووەتە دنیا و یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی سوێدە. لە بنەماڵەیەکی نیوە بورژوا پێگەیشتووە، باوکی لە کۆمیسیونی کەشتی بوخوار کاری کردووە و دایکیشی لە ماڵەوە یارمەتی باوکی داوە. ئاوگوست لە شاری ئوپسالا خوێندوویە بۆ ئەوەی ببێ بە ئەکتەر، بەڵام وازی لە ئەکتەری هێناوە و بووە بە ژۆرنالیست. دوای خوێندن لە کتێبخانەی پاشایەتی دەستی بەکار کردووە و هەروەها زۆر کاری جۆراوجۆری تری کردووە. لە نێوەڕاستی ساڵی 1880 دا بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەرە لاوەکانی سوێد کە هەم ڕادیکاڵ و هەم ئاتایست بووە و نووسەرانی وەکوو "برانتینگ" و "لیڤرتین" لە دەستەی نووسەراندا کاریان کردووە. لەو زەمانەدا چەند کەسێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەران گیران و کەوتنە بەندیخانە، برانتینگ ساڵێک بەند کرا و "ستریندبەری" ئازاد کرا. ئاوگوست یەکەم بەرهەمی خۆی بە ناوی "مەستر ئولوف" لە ساڵی 1872 لە تەمەنی 23 ساڵاندا بڵاو کردەوە. ئەم بەرهەمەی ئاوگوست درامایەکی ڕەفورمیستانەیە و پڕە لە خەیاڵاتی جوان و خەباتگێڕانە. لە ڕاستی دا گۆڕانێکی گەورە بوو لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە و یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی ناوبراو بوو. لە ڕۆمانی "ژووری سووردا" کە ساڵی 1879 نووسیوویەتی هەم ڕادیکاڵ و هەم تەنز (گاڵتەجاڕ)ی کۆمەڵایەتی یە و ڕۆمانی "یفتاس" کە مانای زەماوەندی ژن هێنان دەدا، لە دوو بەرگ پێکهاتووە و ساڵی 1886-1884 و "ناوچەی نوێ" کە ساڵی 1879 نووسیوویەتی زۆر گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. "خاتوو ژولی" یەکێک لە جوانترین شانۆنامەکانیەتی کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1889 لە کوپنهاگ پێتەختی دانمارک لە لایەن خوێندکارانەوە لە سەر شانۆ پیشان دراە. هەر

ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی 1892دا لە شانۆی "لیبر" لە پاریس و لە ساڵی 1904 لە سوێد پیشاندراوە. دواتریش وەکوو فیلم و سەمای "باله" هاتە بازاڕەوە. ئەم شانۆنامەیە بە چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوە. "هێمسو بۆرنا، واتە دانیشتوانی "هێمسو" ناوی ڕۆمانێکی فولکلۆری تری نووسەرە کە لە ساڵی 1887 دا لە سویس نووسیوویەتی. ئاوگوست لە ساڵی 1877 لە گەڵ "سیری ڤۆن ئیسن"دا ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و لە ساڵی 1889-1883 لە فەرانسە، سویس و دانیمارک ژیاوە. لە ساڵی 1891 لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە و چووەتە بەڕلین و لەوێ ژیاوە، دوای ماوەیەک لە گەڵ کچێکی ئوتریشی بە ناوی "فریدا ئۆهل" زەماوەندی کردووە، لە دوایشدا لە "فریدا" جیا بووەتەوە و لە ساڵی 1896-1894 ڕۆیشتووەتە فەرانسە و لەوێ دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوەی زانستی وەکوو لێکۆڵینەوەی شیمی و چاک کردنی زێڕ، ساڵی 1899 گەڕاوەتەوە بۆ سوێد. ستریندبەری سێ جار زەماوەندی کردووە و هەر سێ جاریش جیا بووەتەوە. لە ڕوانگەی ئاگوستەوە ژن بێجگە لە دایک و هاوسەر بوون، دێوێک بووە کە ویستوویە بە سەریدا زاڵ بێ، هەر بۆیە قەد لە گەڵ ژن نەسازاوە و دژایەتی لە گەڵ کردوون. پاش جیابوونەوە لە هاوسەرەکانی تووشی هێندێ گرفت هاتووە و دەستی لە نووسین هەڵگرتووە، دوای ماوەیەک مێشکی بەرەو لای ئیدەی دینی ڕاکێشراوە. ئاوگوست دوای ئەم ماوەیە دەستی کردووە بە نووسین و لە ساڵی 1898 دا شانۆنامەیەکی بە ناوی "بۆ دەمشق" و لە ساڵی 1899 دا شانۆنامەیەکی مێژووی لە سەر "گۆستاڤ ڤاسا"ی چواردەهەم و ساڵی 1902 دا "یاری خەیاڵ" کە یاریەکی خەیاڵی یە نووسیووە. سەرکەوتنی گەورەی ئاوگوست ئەوە نەبووە کە نووسەر بووە، بەڵکوو شێوەی نوێی لە نووسیندا بەکار بردووە و کاری لە ناخی مرۆڤ کردووە و لە هەموو بارێکەوە دواوە و خوێنەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

گەرچی ستریندبەری سوێدی بە دنیای دەرەوە ناساند، بەڵام لە نێو کۆمەڵگای سوێددا ڕێز و حورمەتیان نەدەگرت و تەنانەت ڕقیشیان لێ بوو.

لەو سەردەمەدا بە دەگمەن خەڵک بە هانایەوە دەهاتن و یارمەتیان دەدا. گەرچی باشترین بەرهەم و کتێبی بۆ خەڵکی سوێد نوسیووە، بەڵام هەرگیز ناویان نەخستە لیستەی کاندیدای خەلاتی نۆبلەوە. ئاوگوست ستریندبەری ساڵی 1912 لە شاری ستۆکهۆڵم کۆچی دوای کردووە و ماڵەکەشی لە شەقامی شابانوودا هەڵکەوتووە و ئێستا کراوەتە پێشانگا. ستریندبەری بێجگە لەوەی بلیمەتێکی بەتوانا و نووسەر و دراما و شانۆنامە نووسێکی ناودار بووە، وێنەکێش و وێنەگرێکی زۆر باشیش بووە، لە وێنەکێشانیشدا لایەنگری "ئیکسپرۆشونیسم" بووە. ناوبراو لە ساڵی 1910 دا بە نووسینی زەنجیرە وتارگەلێکی ڕادیکاڵانە لە ڕۆژنامەکان، هێرشی هەمەلایەنەی کردووە سەر دامودەزگای پاشای سوێد، کلیسا، سوپا و ئاکادەمی سوێد و هتد...

## ئەرکی لاوان

گەر مێژووی نەتەوەی کورد بخوێنینەوە پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن. گەلی کورد زیاتر لە 5 هەزار ساڵە لە سەر ئاو و خاکی خۆی ژیاوەو دەژی. بە درێژای ئەم ساڵانە نەیتوانیوە بۆ خۆی بە ئاسودەیی بژی و کەوتووەتە بەر پەلاماری دڕندانەی دوژمنە جۆراوجۆرەکان. پانایی خاکی کوردستان بە قەدەر وڵاتی فەرانسە دەبێت و (500000 کیلومیتری چوارگۆشە)یە و لە نێوان ئێران، تورکیە،عێراق و سوریەدا دابەش کراوە. ئەم وڵاتانە نە تەنیا خاکەکەیان دابەش کردووە، تەنانەت لە وەحشیترین و پیسترین و ئەشکەنجە و زەبرو زەنگ دەستیان نەگێڕاوەتەوە. دوژمنان بە کەیفی خۆیان کوشتوونیان و دووریان خستوونەتەوە بۆ ئۆردووگا زۆرە مللیەکان و دەستیان بە سەریاندا گرتووە و دەنگی کوردیان کپ کردووەتەوە.
گەلی کورد زیاتر لە 30 میلیۆن حەشیمەتە و بەو حاڵەش بە تەواوی هێز دیفاع لە ئاو و خاکەکەی دەکا، لەم دەربەدەریەدا زیاتر لە میلیۆنێک کورد پەڕیوەی هەندەران بووە. ئەوانەیش کە لە هەندەران جێگیر بوون تووشی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی بوون. هەموو دەزانین لە وڵاتانی دەرەوە فەرهەنگ و کولتوور و داب و نەریتیان وەکوو یەک نیە. ئەم کوردانەش لە گەڵ ئادابی ئەم وڵاتانە ڕانەهاتوون و دەبێ فێری ئاداب و تەقالیدی ئەم وڵاتانە بن. بۆ ئەم گیروگرفتانە باوک و دایکان ئەوەیان لە ئەستۆدایە کە چۆن مناڵەکانی خۆیان پەروەردە بکەن لە نێو کۆمەڵگای بیانیدا، کە مندالان و لاوان داهاتوی خۆیان بناسن و کێی و لە کۆی وە و بۆ چی گەیشتوونەتە ئەم وڵاتانە؟ گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە مندالان زمانی زگماکی خۆیان لە بیر نەکەن و دابو نەریتی کوردەواری خۆیان ڕابگرن.
زۆر لاو و منداڵ هەیە، بە داخەوە زمان و فەرهەنگی کوردەواری یان لە بیر چوەتەوە و تووشی گرفت بوون. ئەو گرفتانەش دەگەڕێتەوە سەر

باوک و دایکان، لە بەر ئەوە منداڵانی کورد لە نێو کۆمەڵگایەکن کە 24 سەعات بە زمانی ئەوان قسە دەکەن و ئەوەش گرفتێکە دەبێ چارە سەر بکرێت. جا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، لاوان دەبێ چی بکەن؟
ئەرکی لاوان لە دەرەوەی وڵات ئەوەیە کە دەبێ لە زۆر شتی ناجۆر خۆیان بپارێزن. ئەرکی لاوان ئەوەیە کە لە دەوری یەک بۆ نموونە لە وڵاتی سوید کۆ بکەنەوە و بیرو ڕاو گرفتی خۆیان بۆ یەک باس بکەن. مەسەلەی فەرهەنگی و گرفتی لاوان لە کوردستان و چۆن دەکەونەوە بەر پەلاماری دوژمنان لە وڵات بخەنە بەر باس و لە جێگە گشتیەکان بۆ خەڵکی بیانی بەس بکەن و لە گەڵ ئەنجمەنە بیانیەکاندا لە هەموو بارێکەوە چالاکی بنوێنن، ئەوەش دەبێ بزانین کە ئەم سەردەمە، سەردەمی زانست و تکنۆلۆژیایە. لاوی کوردیش دەبێ بۆ زیاترکردنی پلەی زانستی خۆی تێبکۆشێ. لاوان دەبێ چالاکانە لە گەڵ خەڵکی دەرەوە تێبکۆشن تاکوو لەو پرۆژانەدا کە دژی نارکۆتیکا و گرووپی ڕەگەزپەرەست بەڕێوە دەچن چالاکتر بن. لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی سوید زۆر ئەنجمەن و ئۆرگانیان دامەزراندوە و لە زۆر باریشەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێناو و ئەو سەرکەوتنانەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو هاوڕییانە کە چالاکی دەنوێنن و خۆیان بەو ئورگانانەوە هیلاک دەکەن. گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە هاوکات لە شارەکانیش ئەو ڕێکخراوانە بە ناوی ئەو یەکیەتیەوە ساز کراون و دەکرێن. بە کورتی لاوان لە نێو کۆمەڵگای سویددا جێگای خۆیانیان کردووەتەوە و شان بە شانی ئەوان چالاکی دەنوێنن. سەرەڕای ئەو چالاکییەی کە لاوانی کورد لە هەندەران دەیکەن بێ گیروگرفتیش نەبوون و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی ئەو ڕێکخراوانە، چوونکە تا ئێستا نەیانتوانیوە لاوان بۆ وێنە لە وڵاتی سوید لە دەوری یەک کۆبکەنەوە یا خود لە هێندێک لە شارەکان ئەو ڕێکخراوانە تێکچوون. جا سەنتەری لاوان دەبێ زیاتر تێبکۆشێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکا. لاوان دەبێ بگەڕێن بە دوای ئەو گرفتە سەرەکیانەی کە تووشی گرفتیان دەکا، بیاندۆزنەوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن. بۆ ئەوەی لاوان چالاکتر بن و لە

گەشەکردندا بن بە کوڕ و کچەوە لە هیچ پێوەندیەکدا دریغی نەکەن و تاکوو توانایان هەیە و شتیان لە دەست دێ تێبکۆشن بۆ بەرەوپێش بردنی ئەرک و چالاکیەکانیان. هەر سەرکەوتووبن.

## یادێک لە خاڵە عەزیز مراد مهرابی



"ئەم شەو دیارەن دەردم کاریەن
هوناو جە زامم چون سەیل جاریەن"
"مەولەوی تاوەگۆزی"

خاڵە عەزیزمراد سیمایەکی پیاوانە، مرۆڤێکی ێکۆشەر و سەوداسەری ئازادی بۆ میللەتە بەشخوراوەکەی بوو. کەسێک بوو کە لە تەمەنی 19 ساڵیدا خۆی فێری خوێندن و فارسی نووسین کردبوو، قوتابخانە و زانکۆی نەدیبوو، بەڵام خوێندەوارێکی بە سەلیقە، بەئیستعداد و ڕووناکبیر بوو. لە هۆنینەوەی هەڵبەستدا بە زاراوەی کەڵهوڕی و هەورامی دەستێکی باڵای بوو. بۆ یەکەم جار کە ئەم مرۆڤەم بینی، لە ئۆردوگای "ئەلتاش"ی ڕۆمادی بوو، خۆش بەرخورد و قسە خۆش بوو، گەردوو غوباری زەمانە بە ڕوومەتیەوە دیار بوو، قەت کۆڵی نەدەدا و جەسورانە بۆ سەرکەوتنی میللەتەکەی تێدەکۆشا.

خاڵە عەزیز مراد لە ژیاندا چەرمەسەری زۆری دیبوو، سووتاوی کوردەواری و ئازادی بۆ کوردستانەکەی بوو، شەو و ڕۆژ بە نێو لاوەکاندا دەگەڕا و ئەوانی بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هان دەدا و هەروەها ڕێنوێنی دەکردن کە نەتەوەکەیان، ئاوخاکەکەیان و کوردستانەکەیان خۆش بوێ. ئەم مرۆڤە بە تەواوی خوورەوشتی و هەیبەتی پیاوانەی و ڕۆشنبیرێکی بەتوانا و

کوردپەروەرێکی ئازا، چووە دڵمەوە و بووینە هاوڕێ. لە هەر کوێ و لە هەر کۆبوونەوەیەکدا دادەنیشت باسی ئازایەتی پێشمەرگە و حدکای دەکرد، ئاخر بۆ خۆی جگەرگۆشەیەکی پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردبوو، شەهید "سوبەت"ی کوڕی لاوێکی 20- 22 ساڵە بوو کە گیانی خۆی فیدای خاک و نیشتمانەکەی کرد. وەکو بنەماڵەش 4 شەهیدیان پێشکەش بە ڕێگای ئازادی و دیموکراسی کرد. هەر وەک وتم، خاڵە عەزیز مراد لە هۆنینەوەدا زۆر بە توانا بوو، زۆر لە هەڵبەستەکانی بۆ خاک و زێد و نیشتمانەکەی دەهۆنیەوە، با بزانین چۆن دەرد و کوڵی دڵە بە سۆزەکەی بۆ داڵەهۆ هەڵدەڕێژێ:

هەی هوو یە کەی بوو، دوارە لە نـوو
شاد بوم وە دیدار، خاک داڵەهـــوو
مەر ئەوسا بچوو، خەم لە خـــەیاڵم
خاک داڵەهوو، وە چەو بـــــماڵم
بەڵی یە من گشت، ئینتزاریمـــــە
پەری وەتەنم، شین و زاریمـــــە
شین و زاری من، نە هەر یەکجـــارە
واوەیلای بێ شو، سوو تا ئیـــوارە
هەر لەهزە کیشم، ئاخ لە بان ئـــاخ
گوشەی دەروونم، بی وە سیـــا زاخ
کەی بوو عەلاج بوو، دەردم لە غوربەت
لە دووزەخ دەرچم، بچم وە جەنـــەت

نەمر خاڵە عەزیز مراد لە 25 مانگی 6ی ساڵی 1925 لە ناوچەی گۆرانی سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایک بوو. لە تەمەنی 19 ساڵیدا بە یارمەتی "سوبەت" ناوێک فێری خوێندن و نووسینی زمانی فارسی بوو، زۆربەی هەبەستەکانی "سەعدی" و "حافزی شیرازی" لە بەر بوو. لە سەرهەڵدانی دوکتور "موسەدق" یەکێک لە لایەنگرانی ئەو سەرهەڵدانە بوو و چالاکانە بەشداری سیاسی دەکرد. پاشان دڵسۆزانە دژ بە مالکەکان دەجولاَیەوە و

پاڵپشتییێکی باشی چینی جوتیار و هەژاران بوو. لەساڵی 1970 تاکوو ساڵی 1978 لە لایەن خەڵکی ناوچەی زەهاو و گۆرانەوە وەک نوێنەر و ئەندامی بەڕێوەبەری شیرکەتی زەراعی زەهاو دیاری کرا و تاکوو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەر لەو ڕێگەیەوە خزمەتی بە هاووڵاتیان دەکرد. مرۆڤ دۆستی و میهرەبانی خاڵە عەزیز مراد سنووری نەبوو و لە نێو هەموو چین و توێژێک و هەموو ئاین و هۆزەکانی ناوچەی زەهاو و گۆراندا جێگای تایبەتی خۆی هەبوو و هەموو لایەک خۆشیان دەویست.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیشدا، ئاوارەی عێراق بوو، لە ئۆردوگای "ئەلتاش"ی ڕۆمادی گیرسایەوە و لەوێش بێ دەنگ دانەنیشت و چالاکانە دەجوڵایەوە و یەکێک لەو کەسانە بوو کە کومیتەی حدکایان لە "ئەلتاش" دامەزراند و بە هاوکاری چەند کەسێک هێزی داڵەهۆی سەر بە حدکا، دەنگی خۆیان گەیاندە دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە. سەرئەنجام ئەو ئۆردوگایە بوو بە یەکێک لە بنکە گەورەکانی حدکا کە بە دەیان لاویان پێشکەش بە ڕیزەکانی پێشمەرگە کرد. کە شەهیدان بەهمەن، عەزیز محمەد، کاکە و ئەردەشیر خوسرەوی خوارزا و ئامۆزای خاڵە عەزیز مراد چەند کەس لەم لاوانە بوون.

خاڵە عەزیز مراد زۆر جار لە لایەن حیزبی بەعسەوە ئازار درا و تەنانەت زیندانی کێشا، بەڵام لە خەبات دژی داگیرکەران دەستی هەڵنەگرت. لە ساڵی 1992 وەک پەنابەری سیاسی لە لایەن "یوئن"ەوە ڕەوانەی وڵاتی هۆلەند کرا و لەوێ نیشتەجێ بوو. خاڵە عەزیز مراد هیواو ئاواتی ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە زێدی باو و باپیری خۆی لە ناوچەی "گۆران" و چاوێک بە دەشتی زەهاو و بناری کێوی داڵەهۆدا بخشێنێ و تاسە و ئاواتی مێژینەی کە لە دڵە بە سۆزەکەیدا مەراقی دابوو، ئازادی کوردستانەکەی بە چاوی خۆی ببینێ. بەڵام مەرگ مەودای نەداو سەرئەنجام لە 2ی 2ی 2002 لە وڵاتی هۆڵەند دا بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک نا و ماڵئاوای لە هەموو لایەک کرد و تاسە و ئاواتەکەی بردە ژێر خاک. لە سەر وەسیەتی خۆی

تەرمەکەی ڕەوانەی کوردستان کرایەوە و لە دێکەی لە ناوچەی گۆران کە لە بناری کێوی داڵەهۆوە هەڵکەوتووە لە نێو خەم و ماتەمی قوڵی بنەماڵەکەی و خەڵکی دڵسۆزی نواچەی زەهاو و گۆراندا بە خاک سپێردرا. شایانی باسە کە خەڵکی ناوچەکە بە سەدان ماشین تاکوو دوا مەنزڵ هاوڕێیەتی تەرمەکەی خاڵە عەزیز مرادیان کرد.

منیش دەڵێم خاڵە عەزیز مراد، سەرێک هەڵبڕە و بڕوانە بە داڵەهۆدا، چۆن خەڵکی گۆران و سەرپێڵ و زەهاو تا دەگاتە کرماشان بە پێشوازیتەوە هاتوون، بزانە خەڵکی تینووی ئازادی و دیموکراسی، ڕەشپۆشی شارەکەت بە لاو و پیر و ژن و پیاو دەنگ لە گەروودا کپ کراو و دێنە قسە و ڕق و تووڕەیی خۆیان بە داگیر کەراندا دەپێچن و پڕ بە دڵ هاوار دەکەن نفرەت لە کۆنەپەرەستی. سەرێک هەڵبڕە و سەیری هاوڕێیانت بکە چۆن لێوبار بە دەورتدا چمۆڵەیان داوە، چاوێک بە دەشتی زەهاو و کێوی بەمۆ و قسڵاندا بخشێنە و هیلاکی یەک دەرکە، سەیرکە چۆن خاکی کوردستانەکەت باوەشی بۆ کردویتەوە و بە تاسەوە بە خێرهاتنت دەکا. هاوڕێ گیان ئاواتەکەت هاتە دی و لە ئامێزی داڵەهۆکەتدا نیشتەجێ بووی، بە ئارامی سەر بنێوە  دڵنی بە هاوڕێکانت لە بیرت ناکەن.

منیش لە لایەن خۆم و هاوڕییانی ڕادێو دەنگی کوردستان لە گەڵ دەربڕینی داخ و کەسەر، سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی نەمر خاڵە عەزیز مراد دەکەین. یادت نەمر و ڕۆحت شاد.

# ناسینی ئامرازێکی موسیقا
# ساز یان تەموورە



تەموورە جۆرە ئامرازێکی ژەندنە لە بنەماڵەی موسیقا، بەو تاڵە باریکە دەنگدارانەی(ژێ) وەکوو تار، سێتار و عوود و... تەموورە یان ساز لە باری قەوارە و شێوازەوە کاسەی دەنگدانەکەی چووکترە لە عوود یان (باربوود)ی یونانی، دەسکەکەی کورتتر و لە جیهاندا ناوی جۆراوجۆری هەیە. لە ئێرانیشدا پێی دەڵێن تەنبوور(تنبور).
ئەم ئامرازە لە وڵاتانی دەوروبەری ئێرانیشدا بە"تەنبورە" ناسراوە و بە گووزەری زەمان، گەیشتووەتە وڵاتی چین و لەوێش پێی دەڵێن"تەنپوولە"، لە وڵاتی یونان"تام بووراس" و لە ئاڵبانی"تامموورا" و لە ڕووسیە"دومرا" و سیبری و مەغوولستان بە "دۆمێرە" یان"دەمبوورە" ناسراوە.جۆریتری ئەم سازە وەکوو سێ تار لە وڵاتانی دەراوسێ وەکوو هیندووستان و تورکیە گرنگیەکی تایبەتیان پێداوە و هەروەها لە وڵاتانی چین دا بە "سێ تەرە" ناوبانگی دەرکردووە.
کۆنترین ئاسەوارێک لە تەموورە یان ساز کە بەدەستەوەیە، ئەو وێنانەیە کە لە بەرزاییەکانی"بەنی یونس" و "کێونجیک" کە لە دەوروبەری شاری موسڵ دا هەڵکەوتوون، بەدەست هاتووە، لە ڕووی ئەو وێنانە دەردەکەوێ کە قەوارە و شێوازی لە سێ تاری ئەمڕۆ دەچێ. لە کتێبی فەرهەنگی ئامرازی موسیقای "زکس" نووسراوە: تەموورە یان تەنبوور لە زمانی کوردی و فارسی و تورکی، عوودێکە کاسەکەی وەک هێلکەی مریشک و دەستەکەی درێژە، لە ڕاستیدا ستروکتوری تەموورە هەنگاوی دووهەمە کە مرۆڤ لە ڕێگای بەرەو پێشەوە چوونی ئەم جۆرە ئامرازانەدا هەڵی هێناوە.

یەکەم هەڵبژاردنی کاسەی ئەم جۆرە سازانە لە شتوومەکی سروشتی وەکوو نارگیل، کوولەکە و کاسەی پشتی کیسەڵ دروست کراون. هەروەها بە پێی زەمان و بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵ و هەلوومەرجی هەمە چەشنەی ناوچەکان وای کردووە کە بۆ دروست کردنی کاسەی ئەم جۆرە ئامرازانە لە دار کەڵک وەرگرن. هەر وەک لە شێوازی ئەم ئامرازانەدا دەردەکەوێ، لە زەمانی ئاشووریەکانەوە تاکوو ئێستا، زۆر ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆکە تەمووره گرووپێکی گەورە و بەربەڵاو لە کۆمەڵدا خۆیان بە خاوەنی ئەم ئامرازە کۆنە دەزانن، سنووری ئەم گرووپە خەڵکە لە باکووری ڕووسیە و لە ڕۆژئاواشدا تاکوو دەگاتە زەریاکانی ئادریاتیک و لە باشووریشەوە میسر و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە چین دەگرێتەوە. لە هەر یەک لەو وڵاتانەدا ناوی جۆراوجۆریان بۆ ئەم ئامرازە داناوە وەکوو "تەنبووری خۆراسانی"، "تەنبووری بەغدادی" و"تەنبووری بۆڵغاری" و هتد.
بەلووجەکان بەم ئامرازە دەڵێن"تەنبوورەک"، تەنبوورەک سێ تاڵی هەیە و بە چوار قامک دەیژەنن. تەنبوورەک بە تەنیا بەکار ناهێنن و هەمیشە لە گەڵ سازی "ڕەباب" یان سرودە و سازیش پشتیوانی ڕەبابە. تورکمانەکان بە دووتار دەڵێن: دووتار ئامرازێکە وەکوو سێ تار و پەردە چنینەکەی شێوەیەکی تایبەتی هەیە و بە دەنگی تورکمانەکان و شێوەی گۆرانی وتنیان دێتەوە. هەروەها تەموورەیەک لە ئێراندا برەوی زۆرترە و هەر لەم بنەماڵەیە و کاسەکەی وەک هەرمێ گوڵاوییە و دەسکەکەی درێژترە و لە سەر دەسکەکەیەوە 10 تاکوو 15 تاڵ دابەسراوە. تاڵەکانی ئەم ئامرازە چوار دانەیە و هەریەکە بە شێوەی جۆراوجۆر کۆک دەکرێن و زۆر جاریش بە دەستی چەپ دەیژەنن. نەمر ڕۆحەلای خالەقی لە سەر ئەم ئامرازە وەهای نووسیووە: تەمووره پێشکەوتووترین ئامرازی ژێی هیندیە و لە هەموو جێگایەک دەبینرێ. کاسەکەی لە دار دروست کراوە و لە کوولەکەش چاک دەکرێ. خرک(ئێسکێکی چکۆلەیە کە لە نێوەڕاستی کاسەکەدایە و لە ئێسکی فیل ساز کراوە). ئەم ئامرازە چوار تاڵی هەیە کە سێدانەی هەوەڵی پۆڵایە و چوارمینەکەی برنجیە. هەرگیز دەست ناخەنە

سەر تاڵەکانی و پەنجە دایم بە شێوەی بەر بڵاو دەیژەنێ. لە کاتی ژەندنی تەموورەدا سەری ئامرازەکە لە سر شان دادەنێن و بە پەنجەی دەستی چەپ دەیژەنن و تەنیا دەستی ڕاست بە ئامرازەکەوەیە و ئەویش لە بەر ئەوەیە کە باڵانسی سازەکە ڕاگیرێ.

سەرچاوە: حەوتوونامەی کیهان چاپ لندن، ژ. 871

## ساڵی 2004 لە فەرانسە، بە ساڵی (ژۆرژ ساند) ناسرا



وەزارەتی فەرهەنگی فەرانسە بە مناسبەتی دووسەدمین ساڵی لە دایک بوونی ژۆرژ ساند، ساڵی 2004ی زایینی  بە ساڵی ژۆرژ ساند ناودێری کرد. ژان ژاک ئایاگوون وەزیری فەرهەنگی فەرانسە لە پێوەندی دووسەدمین ساڵی لە دایک بوونی ناوبراو، خاتوونی بەناوبانگی ئەدەبیات و ئەدەبیاتی سیاسی فەرانسە کە لە ساڵی 1804ی زایینی لە دایک بووە، ساڵی 2004ی زایینی بە ساڵی ژۆرژ ساند ناساند. ڕێوڕەسمی بیرەوەری ئەم نووسەرە گەورەیە ڕەسمەن لە ڕۆژی 3ی مانگی فێبرووەری بە خوێندنەوەی کتێب، کۆنفرانس، پیشانگای کتێب و بەرنامەی تایبەت دەست پێی دەکا. مەجلیسی میللی فەرانسە لە کردنەوەی ئەم ڕێوڕەسمەدا بەشداری دەکا. لە دوایین حەوتەی مانگی ژانوویەی 2004 ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی میللی لەم خاتوونە لە ناوچەی لە دایک بوونی لە لوبری و بەتایبەت لە ملکی تایبەتی خۆی لە نووهان بەڕێوەدەچێ.

سەرچاوە:ئافتاب

2004 01 09

# ڕەشەکوژی بەنهێنی لە"وییەن



نووسینی: توماس هاماربێری Thomas Hammarberg
ئەمە وەڵامێکی پڕ لە ڕق و کینە بوو. ئەو دەستەی کە بۆ ئاشتیخوازی درێژ کرا، لە داو خراو بە گوللەی چەکی ئۆتوماتیکی وڵامیدرایەوە. ئەو ڕەشەکوژیە قیزەونە لە وییەن زەربەیەکی کاریگەر بوو هەم لە کورد و هەم لە پرسی رەوای کوردیش، هەروەها دژی چارەسەری ئاشتیخوازانە و خەباتی مافی مرۆڤ. تێروری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵا قاردیئازەر و فازڵ ڕەسوڵ کاردانەوەی نێونەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە.(لێکەوتەوە(
ئەو رژیمەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە فشاری لەسەرە بۆ ئەوەی ددان بە ئاشتی و مافی کۆمەڵایەتی خەڵکدا بێنێ، بە رەشەکوژی نهێنی هەموو ئەو مافە نێونەتەوەییانەی پێشێل کردووە. جەلادەکانی تاران هیچ بایەخێک بە بیروبۆچوونەکانمان نادەن.
ئەم تێرۆرە ناجوامێرانە مێژوویەکی تاڵە کە بووە هۆی وەستان و قەتیس مانەوەی پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانە. کاتێک قاسملوو لە سەردانێکدا بۆ ستۆکهۆڵم لە مانگی ژونی ساڵی ١٩٨٩ دا باسی هەندێک مەرجی نوێی کرد کە بەتەمان لەگەڵ رژیمی تاراندا دەست بە وتووێژ بکەن. ناوبراو ئاگای لە

مەترسییەکانی ئەو وتوویژەش بوو، بەڵام بۆچوونەکەی وابوو کە دەیوت ئەمە ئەرکێکە و دەبێ بەجێی بگەیەنم. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێکی لێهاتووی گەلی کورد بوو کە لە باری سیاسیەوە بە سەر دەسەڵاتدارانی ئێراندا زاڵ بوو. ناوبراو لە سەرەتای ساڵانی هەفتاوە سکرتێری یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە گەورەترین حیزبی کوردیە لەو وڵاتەدا (ئێران ). بەو پێوەندییە بێ وێنانەی کە ناو براو لە بلۆکی ڕۆژهەڵات و هەروەها لە ڕۆژئاوادا هەیبوو، وایان لێ کردبوو کە لە جیهاندا تاکە ریبەرێکی کورد بێ کە لە بواری کێشەی کورددا بایەخ بە قسەکانی بدەن. قاسملوو سوسیالدێموکرات بوو هەر لەو پێوەندیەشدا بۆ کۆنگرەی ئێنترناسیونالیست لەمانگی ژونیدا بۆ ستۆکهۆڵم بانگهێشت کرابوو. (ساڵی ۱۹۸۹)

سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی کە بە ناچاری لە دەرەوەی وڵات ژیا بوو، پێوەندی لەگەڵ نێوخۆی وڵات هەر بەردەوام بوو. بەناوبانگ بوونی قاسملوو لە کوردستاندا لە پلەی یەکەم نە تەنیا لەسەر ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بەڵکو لەسەر گۆڕنکای قوتابخانەکان و کلینیکی تەندروستیش بوو.

ناوبراو بیرێکی پان - کوردیستی هەبوو، بەڵام لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێراندا سەرکەوتوو نەبوو. ئەو کاری زۆر و ڕێگای نوێی گرتبووە بەر بۆ باش کردنی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان لە وڵاتانی تردا و بەتایبەتی کوردستانی عێراق. قاسملوو ڕێبەرایەتی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێرانی دژی رژیمی شا لە ئەستۆ بوو و هیوای بە شۆڕشێک بۆ باشتر کردنی ژیانی داهاتووی گەلان لە ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کوردەکان ئەو بەشەی کوردستان هەبوو. بەڵام رژیمی خومەیەنی پێشنیاری ئاشتیخوازانەی قسملووی رەد کردەوە و بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەوان،داوایلێ دەرکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن. قاسملووی دوور ئەندێش دژی ئەم بۆچوونە بێ نێوەڕۆک و توندڕەوانە ڕاوەستا. حیزبەکەی ئەو نەیدەویست بە تەواوەتی لە ئیراندا جیا ببێتەوە،

هێڵە گشتیەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە کورد مافی چارەی خۆ نووسینی لە کوردستان لە نێو چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا بە دەستەوە بێ. ئەو جۆرە سیاسەتوانانەی کە سیاسەتێکی وەها (ئاشتیخوازانە) رەد دەکەنەوە و جگە لە سیاسەتوانانیشێت وگێژوویژ شتێکی تر نیەن.
ئەی ئێستا چارەنووسین چ دەبێ؟ توورەیی، تاڵی و تفتی و شکوگومان برینێکی وا قوڵیان پێک هێناوە کە تاکو ماوەیەکی درێژ سارێژ نابێت.
تێرۆری وییەن کارەساتێکی نوێ نیە کە لە لایەن رێبەرانی سەرەڕەو و کۆنەپەرەستی ئیران دژ بە کورد ئەنجام دەدرێ: چۆن مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ رەشەکوژە تێرۆریستانە بئاخفێ؟
بەڵام لە هەمان کاتدا، لەوانەیە ئەم تێرۆرە بێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆش و خورۆش و هەڵچوونێکی نوێ، لێرەدا دەبێ ئەگەری هەلێک پێک بێ بۆ یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسیەکانی گەلی کورد. ئەمەش شتێکی زۆر پێوست و گرنگە. سەرەڕای ئەمانەش بەم زوانە بۆ رێبەرانی تاران دەردەکەوێ کە ئەو تێرۆرە خوێنڕێژانەی وییەن چەندە کارێکی نەزانانە و شێتانە بوو. بەم کردارانەیان سەروەری و ئابڕۆی وڵاتەکەیان قیزەون و لاواز کردووە. بەم کردەوانە خۆیان و حکومەتەکەیان لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێوەنەتەوەیەوە خستووە و دووریش نیە لە داهاتوودا لە نێوخۆی وڵاتدا دەسەڵادارانی ئێران ببن بە چەند دەستە و تاقم. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا هیوادار بێ کە ئەو بەشانەیان کە باشتر بیر دەکەنەوە بتوانن هەلومەرجێکی گونجاوی وا برەخسێنن کە حکومەتەکەیان بە ئاقارێکی باشتردا بەرن.
ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە: گرنگی و پشتیوانی لە مافی گەلی کورد ئەمڕۆ لە هەموو شتێک گرینگترە.
سەرچاوە((Kurdistan bulletinen. Nr.2 – 89 :

## نسکۆ و داپڕان



له خوێندنی کتێبی "نسکۆ و دابڕان"ی بەڕێز هیجری بوومەوە. کتێبێکە دەبایا زووتر نووسرابا و زۆوتر خەڵکی لەو دابڕان و لەتبوونەوانەدا ئاگادار کردبایەتەوە. ئەم کتیبە لە سێ بەش پێکهاتووە کە بەشی یەکەم و دووهەم باسی تێرۆری ڕیبەرانی حیزب واتە شەهیدان دوکتور قاسملوو دوکتور سەعید دەکا بە وردەکاریەوە... بەشی سێهەمیش کە بۆ من گەلێک سەرنجڕاکیش بوو کەڵکم لێی وەرگرت، بەشی ئینشعاب و دابڕانەکانی حیزبە. لە گرووپی حەوت کەسی و ئینشعابی کۆنگرەی هەشت و کۆنگرەی سێزدە..لەم بەشەدا بەڕێز کاک مستەفا هیجری زۆر بە جوانی و بە وردی ڕووداوەکانی لێکداوەتەوەو بە بەڵگەوە شی کردووەتەوە. بەڕاستی ئینشعابی دوای کۆنگرەی هەشت ئەم کۆنە برادەرانە چۆن شەرمیان لە خۆیان نەکردووە کە "مەهدی ئەبرێشمچی" هەردەم دەستووری پێیان داوەو ئەمانیش وەک نەوکەر جێ بە جێیان کردووە. بەڕاستی نێوەڕۆکی ئەم کەسانە کە خۆیان بە فیلسۆف و شارەزای بواری سیاسەت دەزانن دەردەکەوێ. هەرچەند کە مجاهد و ئەبرێشمچی پشتی لەم دابڕاوانە کرد، هێجیان پێنەماو بە پەلە گەڕانەوە نێو حیزب بۆ ئەوەی ئیعتبار و ئابڕوو بۆ خۆیان بسێننەوەو لە بەرانبەر گەلی کورددا ڕسوا نەبن...هەر چەند گەڕانەوکەشیان پڕ بوو لە کینە و ڕق و دوو دڵی و کار شکێنی و خۆبەزلزانین، هیچی تریان لە باردا نەبوو. سەرەرای ئەمانەش لە دەرفەت دەگەڕان بۆ دابڕانێکی تر کە ئەم جار مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادەیان کردەی

بەرپرسی خۆیان و سیناریۆی دابڕانی تریان داڕشتەوە. بەڕاستی لەم کتێبەدا کەسایەتی حەسەنزادە چاک شی کراوەتەوە، هەرچەند لە چەند سەفەری بۆ وڵاتی سوید کە ئەودەم وەک سکرتێری حیزب دەهات کەسایەتی و خۆبەزلزانین و رق و کینە لە دڵ بۆ زۆر ئەندامی حیزبی دەرکەوت... با لێرەدا دوو شتی حەسەنزادە باس بکەم کە بۆ خۆم لە جەریانیدا بووم دوور ونزیک. یەکەم جار کە ببووە سکرتێر و سەفەری سویدی کرد، ئەودەم من لەگەڵ کاک حامید دروودی و کاک کەماڵ گەرویسی لە ڕادیو کوردستان کە لە سوید بە ناوی ڕێکخراوی نووسەران دامەزرابوو کە بەڕێز دوکتور خەلیقی بەرپرسی بوو،سەردانی کاک حەسەنزادەمان کرد کە سەرەتای بەهار بوو بەو نیەتەش ناوبراو وەک سکرتێری حیزب پیرۆزبایی نەورۆز لە خەڵکی کورد گەلانی تر بکا. دیارە بەڕێز دروودی بڕیار بوو وتووێژەکە ئەنجام بدا، جەنابی سکرتێر لە وەڵامی ئەوەی کە دەبێ خۆشحاڵ بێ کە ڕادیۆ کوردستان هاتووە بۆ لای و وتووێژی لەگەڵ دەکاو ڕادیۆکەش سەر بە حیزبی دیموکراتە، دەڵێ " من چۆن لەگەڵ ڕادیۆیەکی محەللی واتە ناوچەیی قسە دەکەم"، بڕۆن خوا حافیزتان... هەرچەند بە گاڵتە وتم کاک حامید ئەگەر من بایام لە باتی تۆ میکروفۆنکەم دەکێشا بەدەمیا. ئەمە ئیتر چ جۆرە دەعبایەکە، ئەمەیە جێگای دوکتور قاسملوو دوکتور سەعیدی گرتووەتەوە... بەڕاستی کابرایەکی زۆر خۆبەزلزان و کاڵفامە... جاری دووهەم حەسەنزادە زۆر ڕقی لە بەڕێز دوکتور خەلیقی بوو لە بەهانە دەگەڕا کە چۆن دوکتور لە حیزب دەربکاو لە دەسڵاتی خۆی وەک سکرتێر کەڵکی وەردەگرت. لە کۆبوونەوەیەک لە شاری لینشۆپینگ بە ئامادەبوونی کومیتەی سوید، دەستووری دابوو بە کومیتە کە دوکتور خەلێقی لە حیزب بۆ وەدەرنا نێن، بەڵام خۆشبەختانە کومیتە نەچووە ژێرباری حەسەنزادە و ئەو گرێیە لە دڵی هەر مایەوە. کەچی لە دایرانەکەدا بەڕێز دوکتور خەلێقی دەیووت چەند جار تەلیفۆنی بۆ کردووەم و گریاوەو مەزڵۆم نمایی کردووە... ئەوەیە خسڵەتی مەلا کە ئێستا دەڵێی بووەتە "ڕەمزی بزووتنەوە" کام بزووتنەوە. منیش دەڵێم

بووەتە ڕەمزی سەرشۆڕی، دۆڕاو، خاین بە حیزب گەلی کورد لە ڕۆژهەلات... ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵ ئەم بۆچوونەی مندا نەبێ بەڵام ئەوە بۆچوونی منە. لە وەرگێڕانەکانیشی من گومانم هەیە، چوونکە کتێبی "کۆشکی فیروزە"ی روئیا حکاکیانی وا تێکداوە بە کوردیەکی زۆر سەقەت و شپرزە مەگەر خۆی سەری لێدەرکا. هەرچەند پێشتر لەسەری باسم کردو نموونەشم لە کتێبەکە هیناوەتەوەو هەر لە سەر فەیسبوکی خۆم دامناوە. ئاکامەکەی هەر لە گرووپی حەوت کەسی و کۆنگرەی هەشت و کۆنگرەی سێزدە بۆ خۆشیان نازانن چ پلانێکی سیاسیان هەبووە کە دابڕاون، تەنیا لەبەر پۆست و مەقام و خۆبەزلزانین و خێرا گۆلی دوژمنیان خواردووە. دەنا هیچ هۆکارێکی سیاسی، تەشکیلاتی و فیکریان نیە...هەرچەند هیچیش لە هەگبەیاندا نیە... من شانازی بەو ڕێبەرایەتیە دەکەم کە لەبەرانبەر دوژمنێکی دڕندەدا ڕاوەستاوەو و حیزبی دیموکراتیان ڕاگرتووە و خەبات دەکەن و چۆک دانادەن، نەلەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی خۆبەزلزان و مقام پەرەست و پاوەنخواز و دڵی دوژمن خۆشکەر و تێکدانی یەکڕیزی حیزب...

## سەردانی کەمپی کاوە و سمیناری دەروونناسی



دەمەو ئێـــوارەیەک پـــاش تەواو بـــوونی کـــونگرەی دووهەمـــی جیهـــانی زانســـتی کـــورد لە هەولێـــر بە دەرفەتمـــان زانـــی بـــۆ دوو کاتژمێرێـــک لەگەڵ هـــاوڕێی بەڕێـــز کـــاک دوکتـــور نەبـــی فەتـــاحی ســـەردانی خزمـــان و هاوڕێیـــان لە کەمپـــی کـــاوە بکەیـــن. هەرچەنـــد کـــاک یەدولـــلا و کـــاک جهـــانگیر بە ماشـــین هـــاتبوون بـــۆ لامـــان بـــۆ ئەو هـــۆتیلەی کە لەو چەنـــد ڕۆژەدا جێگـــای حەوانـــدنەوەمان بـــوو. لەگەڵ خانەخوێیـــان بە ترومبیـــل بەڕێـــی کەوتـــین و نـــزیکەی کـــاتژمێر ٦ و ٧ی ئێـــوارە گەیشـــتینە کەمپـــی کـــاوە کە لە نـــاوچەی قوشـــتەپەی نزیکـــی هەولێـــر هەڵکەوتـــووە. پـــاش دیتنـــی خزمـــان و هاوڕێیـــان و هەواڵپرســـی هەلـــومەرجی ژیـــانی ئەم کـــوردە ئـــاوارانە کە نـــزیکەی ٣٢ ســـاڵە لە زێـــدی بـــاب و بـــــاپیران بە دەربەدری ژیـــــان تێـــــپەڕ دەکەن هێشـــــتا لە کوردســـتان خۆیـــان بە ئـــاوارە و پەنـــابەر دەزانـــن. هەڵـــبەتە ئەم کـــوردانە کە زۆریـــنەی خەڵکـــی نـــاوچەی ســـەر ســـنووری ڕۆژهەلاتـــی کوردســـتانن و ســـەر بە پارێزگـــای کرماشـــانن، لە

هەشـــــتاکاندا لە ئۆردوگـــــای ڕۆمـــــادیە و لە ژێـــــر دەســــــەڵاتی ڕەشـــی ڕژیمـــی بەعســـدا ژیـــاون.ئەم کـــوردانە ســـەردەمانێک کە لە ڕۆمـــادیە بـــوون لە ســـەر کـــوردایەتی و داکـــۆکی کـــردن لە مـــافی چارەنووســـی گەلـــی کـــورد زۆر جـــار تووشـــی چەرمەســـەری بـــوون لە لایەن رژیمـــی بەعســـەوە و لە کـــاتی داگیرکردنـــی عێـــراق لە لایەن ئامریکـــا و هاوپەیمانـــانی و ڕۆخـــانی رژیمـــی بەعـــس بە یەکجـــاری و بـــۆ هەتـــا هەتـــایە، زۆر کەس لە کـــوردانی ئەو ئۆردوگـــایە کـــوژران و ســـەربڕان لە لایەن عەرەبە شووینیســـتەکانی شـــاری ڕۆمـــادیە و وروبەری. هەر بـــۆیە کـــوردانی ئاوارەنشـــینی کەمپـــی ئەلتـــاش بەرەو کوردســـتان گەڕانەوەو لە کەمپەکـــانی شـــێرەوەن لە نزیـــک شـــارۆچکەی کەلار و کەمپـــی بـــاریکە و عەربەت و زەڕایەن لە نـــزیکەی شـــاری ســـلێمانی و کەمپـــی کـــاوە کە هەڵکەوتـــووە لە قوشـــتەپەی نزیکـــی شـــاری هەولێـــری پـــایتەختی کوردســـتان. بە وتەی زۆریـــنەی خەڵکـــی ئەم ئۆردوگـــایە ژیـــانی ئۆردوگـــای ڕۆمـــادیە پـــاش ڕۆخـــانی ســـەدام و رژیمـــی بەعـــس لەو پەڕی شـــپرزەیی و نـــاخۆش و بێـــدەرەتانی بـــووە و هەردەم ژیانیـــان لە مەترســـی دا بـــووە لە لایەن تـــاقمی بەنـــاو ئەلقاعیـــدە و عەرەبە شووینیســـتەکان و هەتـــا دوایـــی ...ئەم کـــوردانەی کەمپـــی کـــاوە بەشـــێکن لە کـــوردە ئاوارەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان کە لە ئۆردوگـــای ڕۆمـــادیە ژیـــاون. ئێســـتا لەم کەمـــپەدا لە ژێـــر دەســـەڵاتی حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتانن و حکـــومەتی هەرێـــم مـــاڵی پێـــداون و کارەبـــا و ئـــاو و تەنـــانەت لە نێـــو کەمپەکەشـــدا ئینترنێـــت بەکـــار دێـــنن. حکـــومەتی هەرێـــم ئەو مـــاڵانەی پێـــداون و تەنـــانەت پـــارەی ئـــاو و کارەباشـــیان لـــێ ناســـێنن. هەرچەنـــد بـــۆ خۆیـــان دەڵێـــین کە پـــارەی کارەبایـــان داوەو مـــاوەیەک لەمەوبەر ئـــاو پارەشـــیان بە ئیـــدارەی کارەبـــا

نەداوەو لەو بوارەشدا معاف کراون. ئەمەش بۆ خۆی جێگای سپاس و پێزانینە. خەڵکی ئۆردوگاش بۆ خۆیان ئازادن و خەریکی کارو کاسپین لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری و هەر کەسەو بە کارێک سەرگەرمە، بەڵام بە وتەی خەڵکەکە هەندێک جار مودیر ناحیە بە ۆرێک ئیرادیان لێی دەگرێ و ڕەنگە ئەمەش لە بەر ئاسایش و پاراستنی خەڵکەکە بێ. بەڵام خەڵکەکە ئەم هەڵسوکەوتە بە باش نازانن و دەڵێن مادام ئێمە لە لای حکومەتی هەرێمی کوردستانین، دەبوایا وەکو هاووڵاتیەکی کورد کە بۆ کورد و کوردستان و کوردایەتی تووشی چەرمە سەری بووین، سەیریان کردبایان.لە نێو ئەم کەمپی کاوە خەڵکانێک هەن کە بێکارن و کاریان نیە. بۆ خۆیان دەڵێن داوای کاریان کردووە، بەڵام بەڕێوەبەرانی شارەوانی کاریان پێی نادەن و دایان نامەزرێنن. هەرچەند هیچ مووچەیەک لە هیچ لایەنێک وەرناگرن. ئەم خەڵکانە گلەییان ئەوەیە کە باشە کۆمپانیەکانی کوردستان دەڕۆن لە هێندستان، فیلیپین، ئالبانی، چینی و وڵاتانی تر کرێکار دەهێنن و لە جێگا گشتیەکان و هۆتەیلەکان و هتد کاریان پێی دەسپێرن، ئەی بۆ ناتوانن هەر ئەو کارانە بە براکانی خۆیان کە لە کەمپەکان بە بێکاری کەوتوون و پێویستیان بە کار هەیە ئەو کارەیان پێی بسپێرن، دڵنیام زۆر لەوان باشتر کار دەکەن و لانی کەم دڵسۆزی وڵات و نیشتمانیشیانن و لە دواڕۆژیش دەبنە کۆڵەکەی پشتیوان بۆ کوردستان بەڵام کابرای بێگانە کە یارمەتیەکەی لێی بڕا بۆی دەردەچێ و لە تەنگانەدا پشت لە کورد دەکا. هیوادارم واش نەبێ. هەرچەند ئەم خەڵکانە لەو کەمپانە زۆر سپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەو یارمەتی، هەر ئەوەش کە جێگاو

ڕێگەیـــان پێـــداون جێگـــای پێـــزانینە و حکـــومەتی هەرێـــم بە هـــی خۆیـــــان دەزانـــــن، بەڵام چـــــاوەڕوانیەکی لەوە زۆرتـــــر لە حکـــومەتی هەرێـــم دەکەن.ئەوەی کە مەبەســـتی مـــنە لێـــرەدا، ئەوەیە کە لەگەڵ بەڕێـــز دوکتـــور نەبـــی بەڵێنمـــان بە هاوڕێیـــان دا کە پـــاش کـــۆنگرەکە ســـەردانیان بکەیـــن و بەڕێـــز دوکتـــور نەبـــی ســـمینارێکیان بـــۆ بگێـــڕێ. ئەوە بـــوو ڕۆژی ســـێ شـــەممە ١٦ ـ ١٠ ـ ٢٠١٢ دوو بـــارە چـــووینەوە بـــۆ کەمپـــی کـــاوە، ئەم جـــارە بە ئیجـــازەی (مـــدیر نـــاحیە) و بـــۆ نیوەڕۆکەشـــی مێـــوانی یەکێـــک لە هاوڕێیـــان بـــووین و پاشـــان هاوڕێیـــان لۆکاڵیـــان ئامـــادە کردبـــوو بـــۆ گێڕانـــی ســـمینار. ئەوە بـــوو لەگەڵ هاوڕێیـــان بەرەو لۆکـــاڵی ســـمینار بەڕێـــی کەوتـــین کـــاتژمێر چـــوار لە لۆکـــاڵ ئامـــادە بـــووین. کـــاتژمێر چـــوار و بیســـت خـــولەک بەڕێـــز دوکتـــور نەبـــی باســـەکەی دەســـت پێـــی کـــرد بـــۆ ئامـــادەبوانی کەمپـــی کـــاوە. بـــابەتی ســـمینارەکەش "دەروونناســـی" بـــوو.بەڕێزیـــان باســـی کێشـــە و گرفـــت و هەســـتی مـــرۆڤ لەســـەر ژیـــان و کێشـــەکانی ڕۆژانەی هێنـــایە بەر بـــاس. لەدرێـــژەی باســـەکەی دا بەرێزیـــان ئەوەی بـــاس کـــرد کە کێشـــەکان دژکـــردەوەی لەســـەر مـــرۆڤ دەبـــێ و هەر ئەو کێشـــانەیە کە مـــرۆڤ تووشـــی نەخۆشـــی دەروونـــی دەکـــا. هەر لەو بـــوارەدا بەڕێزیـــان وتـــی " گەر کێشـــە دەروونیەکـــان چارەســـەر نەکـــرێ ئەوە نەخۆشـــیەکە دەبێـــتە نەخۆشـــی جەســـتەیی، هەر بـــۆیە زۆر جـــار مـــرۆڤ بە ئاســـانی تـــووڕە و قەڵـــس دەبـــێ یـــان لە بیـــری تـــۆڵە ســـەندن دایە بە شـــێوەیەک کە لە جێگـــایەک ئـــازار و ئەزیەتیـــان دابـــێ، هەر بـــۆیە قەد ئامـــادە نـــیە مـــرۆڤ ڕۆحـــی خۆبەخشـــینی تێـــدا بەدیـــی بکـــرێ. نـــاوبراو وتـــی ئەم جـــۆرە کێشـــانە هۆکـــاری خـــۆی لە پشـــتەوەیە وەکـــوو پەروەردەی ســـەقەت، کە زۆر جـــار بـــاوک و دایکـــان وەهـــا دەکەن کە منـــداڵەکان شـــەرمن بـــن کە ئەمەش بـــۆ خـــۆی جـــۆرە نەخۆشـــیەکی دەروونـــیە. هەڵـــبەتە پـــاش قســـە کـــردن کۆمەڵێـــک پرســـیار ئـــاڵوگۆڕکران وەک پەروەردەی کچـــان و کـــوڕان، پیاوســـالاری، دیـــن و داب و نەریـــت، لەســـەر شـــەرم کردنـــی کچـــان و کـــوڕان، خۆشەویســـتی و

داهـــــاتووی لاوان و پرســـــی نێـــــوان دوو مـــــــرۆڤ کە هەر یەکە و بۆچـــــوونێکی هەیە هەتـــــا دوایـــــی. دیـــــارە لەو کـــــۆڕە دۆســـــتانەدا هەر کەســـــەو بۆچـــوونی خـــۆی بـــاس دەکـــرد و لە لایەن بەڕێـــز دوکتـــور نەبـــی وەڵامیـــان درایەوە. ســـمینارەکە نـــزیکەی کـــاتژمێر هەفتـــی ئێـــوارە کۆتـــایی پێی هات.

## دوکتور نەبی فەتاحی و ئۆردوگای "الطاش"ی ڕۆمادیە و خزمەتەکانی



شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی مانگی ١١ی ساڵی ٢٠١٢ تەلەفزیۆنی "ئاسۆسات" بەرنامەیەکی هەیە بە ناوی "ئالبوم". لەم بەرنامەیەدا هەر جارێک هونەرمەند یان شاعیر یان کەسایەتێک بانگهێشت دەکەن بۆ ئەو بەرنامەیە و باسی ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە یان شاعیرە دەکەن و بە نێو ژیانی ئەو کەسایەتیە دا جەولەیەک دەکەن و لە لا شاراوەکانی ئەو کەسانە دەکۆڵنەوەو دەیخەنە بەر دەستی بیسەران و بینەران. بەڕێوەبەری ئەم بەرنامەیە کاک هیوا زەکەریاییە و ئەم جارە بەڕێز دوکتور نەبی فەتاحی بۆ ئەم بەرنامەیە بەنگهێشت کردبوو. هەر چەند بە تەلەفونی پێوەندیان بە منەوە کرد کە باسی ژیانی دوکتور نەبی لە ئۆردوگای "الطاش"ی ڕۆمادیە باس بکەم بەڵام بە نیوەچڵی باسەکە تەواو بوو، ئەوەی کە دەبوایا بووترا ناتەواو بوو. جا ئەمەی خوارەوە تەواوکەری ئەو پێوەندی تەلەفونیەیە کە دەیخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز... ناسیاری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆردوگای الطاش لە ڕۆمادیە. ئۆردوگایەک کە بێبەش بوو لە هەموو کەرەستەیەک کە بۆ مرۆڤایەتی بژی. نزیکەی ٤٥ تاکوو ٥٠ هەزار کەس لەو ئۆردوگایە دەژیا. دەوری ئۆردوگا بە تەل و سیمی خاردار تەنرابوو. بۆ هەموو ئەو خەڵکە تەنیا دەرمانگایەکیان دانا بوو سەرەتاکان کە ئەویش تاکوو نزیکەی کاتژمێر ١٢ کاریان دەکرد، لەو دەرمانگایە پەرەستارێک و دوکتۆرێک کاریان دەکرد. تەنیا شتێک کە دەیان کرد ئەویش ئەو حەبە سپیانە بوو کە لە کیسەیان دانابوو لە بەری دەستیان. هەر کەسە باسی نەخۆشی دەکرد ئەوان دەستیان دەکردە

کیسەکە و گوێلاکێ حەبیان دەکردە نێو کاغەزێک کە بۆ خۆیان هەڵیان دەپێچاو و نەخۆشیان بەو جۆرە بەڕی دەکرد. هەڵبەتە بۆ خۆم سەرەتاکان ماوەیەک بە خۆڕای کاری وەرگێڕانم دەکرد لەو دەرمانگایەدا. دوکتور نەبی لە ساڵانی ١٩٨٥ لە ئۆردوگا دەستی دایە کار وخزمەت کردن و فریای زۆر خەڵک کەوت و زۆر کەسی لە مردن رزگار کرد. تاکو وەهای لێهات کە مەتبێکی چکۆلەی کردەوەو زۆرینەی ئەو خەڵکە کە نەخۆش دەکەوتن ڕوویان لەو دەرمانگایە دەکرد. ئەوە بوو مخابرات کە بەو کارەیان زانی هاتن ئەو دەرمانگایانە پێچایەوەو ماوەیەکیش دوکتور نەبیان لە بەندیخانە هاوێشت. پاش ماوەیەک دوو بارە دوکتور نەبی گەڕایەوە ئۆردوگا و دەستی دایەوە خزمەت کردن لە بواری تەندروستی و فریای خەڵک کەوت. ئەوەش لەبیرم نەچێ کە من ئەو کات لە دەواخانە یان لە صیدلیە الرمادی کارم دەکرد زۆرینەی ئەو نوسخانەی کە دوکتور نەبی دەینووسین بۆ لای منیان دەهێناو منیش دەواکانم بۆیان سەرف دەکرد. دوکتور نەبی کەسێک بوو کە چەند جار تووشی کێشە هات لەو ئۆردوگایە بە هۆی ئەو خزمەتەی کە بە ئەو خەڵکەی دەکرد. هەرچەند خەڵک پێیان ناخۆش بوو بەڵام خەڵکێکی دەست بەسەر و ئۆردوگانشین ئەویش لە خواروی عێراق چی لە دەست دەهات .

دوکتور نەبی کەسێک بوو کە باسم کرد زۆر نەخۆشی لە مردن رزگار کرد هەر لە منالەوە بگرە تاکوو لاو و ژن و پیاوی پەک کەوتە. کەسێک بوو بە دڵەوە دەیویست خزمەت و بەو خەڵکە هەژارە بکا کە کردیشی، کەسێک بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لە هیچ کەس قەڵس نەکردووە و ئەوەی لە دەست بایا بۆ نەخۆشی دەیکرد. کەسێک بوو کە ڕۆژ و شەو بەلایەوە گرنگ نەبوو، هەر کاتێک خەلک دەچوون بۆ لای لە نیوە شەو بایا و دەمەو بەیان بە ڕووییەکی خۆشەوە پێشوازی لە نەخۆش دەکرد. بە پێی توانا یارمەتی دەداو دەوای بۆ دەنووسین. کەسێک بوو کە لە دڵەوە هەستی بە هەژاری و لێقۆماوی ئەو خەڵکە کردبوو هەر بۆیە گوێی نەدەدا بە هەڕەشەی مخابرات و ئیستخباراتی نێو ئۆردوگا کە دەیگرن و لە

بەندیخانەی دەکەن. بەندیخانەی بۆ گرنگ نەدەبوو کە نەخۆشی ڕووی تێ کردبا و یارمەتی دانی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی. سەرەڕای ئەوەش چەند جارێک گرتیان و تەنانەت بۆ شاری سەماوەش دووریان خستەوە، بەڵام ئەم لە کارەکانی خۆی و یارمەتی بە نەخۆشان دریغی نەدەکرد. تەنیا شتێک کە دوکتور نەبی هەیبوو بۆ یارمەتی دانی نەخۆشان لەو کەمپە بە پێچەوانەی دوکتورەکانی تری کە هەموو کەرەسەی پزشکیان لە بەردەستدا بوو، قەڵەمێک و دەفتەرێک و ستێتسکوپێک کە مەعاینەی نەخۆشی پێی دەکرد.

کەسێک بوو کە خۆی لەو خەڵکە جیا نەدەکردەوە، چوونکە زۆر کەسان هاتنە ئەو ئۆردوگایە و ئەو خەڵکەیان بە نەزان و نەخوێندەوار و تەنانەت بە عشایریان دەزانی. یان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا خۆیانیان تێکەڵ نەدەکرد، بەڵام دوکتور نەبی کەسێک بوو کە لەگەڵ خەڵکەکەدا تێکەڵ ببوو، خۆی بە کوڕی ئەو خەڵکە دەزانی، هەر بۆیە خەڵکی ئۆردوگای ڕۆمادیە ڕێزێکی زۆر و تایبەتیان لێی دەگرت و هەردەم تامەزرۆی بینینیان دەکرد. دوکتور نەبی کەسێک بوو بەڕاستی جیاوازی نەدەخستە نێوان ئەو خەڵکەوە کە چ بیروباوەڕێکیان هەیە، یارمەتی دانی نەخۆشانی بەلاوە گرنگ بوو نە بیروبۆچوونی جیاواز. ناوبراو کەسێک بوو کە کوردایەتی زۆر بەلاوە گرنگ بوو، کەسێک بوو کە شانازی بەوە دەکرد کە یارمەتی کورد دەکاو ئەو ئۆردوگایەش کورد بوون. هەر بۆیە ئیستاشی لەگەڵ بێ خەڵکی ئەو ئۆردوگایە لە هەر کوێ بن باسی یارمەتیەکانی دوکتور نەبی دەکەن و ئەمەش بە بۆچونی من گەورە ترین شانازیە لە ژیانی دوکتور نەبی دا. شانازیەکە کە لە مێژووی ژیانی ناوبراو تۆمار کراوە. زۆر کەسی پەنابەر وەک دوکتور، ئەندازیار، دەروونناس و هەتا داویی... هاتنە ئەو ئۆردوگایە، بەڵام بە ئەندازەی نووکە دەرزیەک یارمەتیان بەو خەڵکە نەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەو خەڵکە یارمەتی ئەوانیان دەکرد لە بواری ماڵ و خوردن و کەل و پەل و جێگا بان و ڕیزیشیان لەو کەسانە دەگرت، ئەوانیش بە پێچەوانەوە پشتەملە قسەی ناشیرینیان بەو خەڵکە

دەوت.
سەرەڕای ئەمەش کە دوکتور نەبی کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، هەموو ئەو خەڵکە بە چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکرد. یارمەتیەکانیان لەبەر چاوبوو. جگە لەمانەش دوکتور نەبی قسە خۆش بوو هەر بە پێکەنینەوە پێشوازی لە نەخۆش دەکرد، وەهای دەکرد کە خودی نەخۆشەکەش، خۆشەویستی دوکتور نەبی دەچووە دڵیەوەو هەردەم تامەزرۆی بینینی ئەوی دەکرد.
ناوبراو کەسێک بوو کە حەزی دەکرد ئەوەی بۆ خۆی دەیزانی لە ئیختیاری خەڵکی بنا هەر بۆیە لە ساڵانی دەوروبەری ١٩٨٦ دوو سێ کورسی کردەوە کە یارمەتیە سەرەتایەکانی فێری خەڵک دەکرد. مەبەستم خەڵک ئەو کەسانە یە کە لە کورسەکانیدا بەشدار دەبوون ئەمەش یەکێک لەو خسڵەتانەی دوکتور نەبیە کە بەرچاوە و لەو بوارەشدا زۆر کەس لە ئەمەوە فێری یارمەتیە سەرەتاییەکان بوون و ئەوەش شانازیەکی ترە کە بۆ دوکتور ماوەتەوە.
شتێکی تر کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆر لەو منداڵانە لەو سەردەمەدا منداڵ بوون یان یەک ساڵ دوو سێ ساڵان بوون بە جۆرێک تووشی نەخۆشی بوون و ئەو دەم بردویانەتە لای دوکتور نەبی و چارسەری کردوون ئێستا تامەزرۆی ئەوە دەکەن کە دوکتور نەبی ببینن، دیارە لە باوک و دایک و دەوروبەرەوە بیستویانەتەوە و کە بۆخۆم چەند لاوێکم بە دوکتور ناسیوەو لەگەڵ دوکتوردا وێنەی یادگاریان کێشاوە. سەرەڕای ئەمانەش لە مانگی ئۆکتۆبر ساڵی ٢٠١٢ یان مانگی ڕابردوو لەگەڵ دوکتور نەبی بانگهێش کرابووین بۆ کۆنگرەی زانستی کورد لە هەولێر و بووینە هاوسەفەر. دیارە بە دەرفەتمان زانی سەردانی کەمپی کاوە بکەین ئەوە بوو چووین بۆ ئەوێ و خەڵکەمان بینی کە لە مێژە تامەزرۆی بینینی دوکتور نەبیان دەکرد. هەر لە کەمپەکەدا دوکتور نەبی سمینارێکی بۆیان بەڕێوە برد لەبواری دەروونناسی و کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ.

لەوانەیە دەیان ناویان لە خۆشەویستی دوکتور نەبی بە منداڵەکانیانەوە نابێ. سەرەڕای ئەمەش جگە لەوەی کە لەو بوارەدا شارەزایە، لە بواری نووسین و هۆنراوەوە دەستێکی باڵای هەیە و چەند بەرهەمی ئەدەبیشی بەڵاو بووەتەوە. لێرەدا دوکتور نەبی جێگای خۆی دەدا بە پەشێو مەریوانی، چوونکە لە بواری ئەدەبی یان وێژەیی ناسناوی "پەشێو مەریوانی" بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەو بوارەشدا دوو بەرگی هۆنراوەی منداڵان بە ناوی "مام ڕێوی"، دوو بەرگ هۆنراوەی بە ناوی "کڵپەی شۆڕش" و "ڕازی دڵ" و لە هەفتەی ڕابردووش بەرهەمێکی زانستی بە ناوی "خەمۆکی" بەڵاو بووەتەوە کە یەکەم کتێبی کوردیە لە بواری خەمۆکی و کێشە دەروونیەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی زانستی خستوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو چارەسەرەکانی دەست نیشان کردووە. سەرەڕای ئەمانەش دەیان وتاری زانستی بە زمانی ئینگلیزی و کوردی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بەڵاو کردووەتەوە. دوکتور نەبی فەتاحی دوکتۆرای لە بواری رادیولۆژی و مێدیسین و دەروناسی دا هەیە و ئێستا لە نەخۆشخانەی "سالگرێن"ی شاری "گۆتنبرگ" یان "یۆتەبۆری Göteborg"کار دەکا و لە هەمان کاتدا لە زانکۆش وانە دەڵێتەوە. هیوای سەرکەوتن بۆ دوکتور نەبی و هەر ئەوە ماوەتەوە بڵێن تەمەن درێژ بی و خەرمان بەرەکەت...

ستۆکهۆڵم

٥ - ١١ - ٢٠١٢

## پەردە لابردن لە سەر (لوح)ی بیرەوەری قوربانیانی دەستی تێرور لە رستۆرانی میکونوسی بەڕلین!

سەرئەنجام دوای تێپەڕبوونی 11 ساڵ لە تێروری چوار ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (د. سادق شرفکندی، فتاح عبدلی، همایون اردلان و نوری دهکردی*) و 7 ساڵ دوای تاوانبار کردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، پەردە لە سەر (لوح)ی بیرەوەری ئەم قوربانیانی دەستی تێرورە هەڵدەدرێتەوە. لەم ڕێورەسمەدا شارەداری ناوچەی شارلوتنبورگی بەڕلین خاتوو "مۆنیکا تیمن"، کەس و کاری قوربانیەکانی دەستی تێرور و کەسایەتیە سیاسی و یاساناسەکان بەشداری دەکەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لە دژە سەرسەختەکانی دانانی بنیاتنانی (لوح)ی بیرەوەری بوو، کە تەواوی هێز و توانای خۆیی بەکار هێنا بۆ پێشگرتنی ئەم پرۆژەیە. دواین چاوپێکەوتنی باڵوێزی تازەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاڵمان لەگەڵ شارداری ناوچەی شارلوتنبرگی بەرلین بە ئاکامێک نەگەیشت و ئەوە بوو ئەم بنیاتی بیرەوەریە گەیشتە مەرحەلەی پەردە لە سەر لابردنی.

شایانی باسە کە حیزبی دیموکرات مەسیحی و حیزبی لیبراڵی ئاڵمان بە هۆی ئەوەی کە "ئەم ڕووداوە پێوەندی مێژوویی بە ناوچەکەوە نیە" دژی دانانی بنیاتی (لوح)ی بیرەوەری بوون. خەرجی ئەم (لوح)ی بیرەوەریە بە ئەستۆی خەڵک بووە و خەڵکەکە یارمەتیان داوە.


ڕێورەسمی پەردە لە سەر لابردنی ئەم (لوح)ە لە ڕۆژی 31 ی مانگی 3 ی 2004 لە کاتژمێری 5ی ئێوارە لە جێگای رستۆرانی پێشوی میکونوس لە Pragerstr.2a هەڵکەوتبوو، (ئێزگەی شەمەنەفەر U- Günzlerstraße)) دادەمەزرێ. ئێمە لە هەموو ئازادیخوازان داوا دەکەین کە لەم ڕێورەسمەدا بەشداری بکەن.

کۆمیتەی دیفاع لە بەندیە سیاسیەکانی ئێران - بەڕلین

16 مارسی 2004

سەرچاوە: سایتی ایران امروز

*- نوری دهکردی، ئەندامی حدکا نەبوو، بەڵکوو دۆستێکی نزیکی ئەو حیزبە بوو، بەڵام لە بەر پاراستنی ئەمانەت لە تکستەکەدا، من وەک خۆیم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. - وەرگێڕ-



## هەواڵنێرێکی ئیتالیایی: 600 هەزار ژن و کچی تەمەن لاوی تارانی خەریکی خۆفرۆشتنن

فریبا مودت (رادیۆ فردا): بە بۆنەی 8ی مارسەوە، ڕۆژی جیهانی ژنان، بە چاوخشاندنێک بە هەواڵی ئیتالیایی "کرونوس ئینترنەشنال" لە هەواڵێکدا پرسی ژنان و گیروگرفتەکانیان لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێران دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لەوانەش بە کردەوەی خۆفرۆشی ئاماژە دەکا. هاوکاری رادیۆ فردا لە ڕۆم پێتەختی ئیتالیا، ئەحمەد رافت، کورتەیەکی ئەم هەواڵەی وەرگێراوتە سەر زمانی فارسی و با پێکەوە بیخوێنینەوە.

ئەحمەد رافت (رادیۆ فردا): گرنگترین هەواڵی غەیرە دەوڵەتی ئیتالیا، کرونوس ئینترنەشنال لە هەواڵەکەیدا دەنووسێ: تەنیا لە پێتەختی کۆماری ئیسلامی ئێراندا 600 هەزار ژن و کچی تەمەن لاو بە لەشفرۆشیەوە خەریکن و لە تارانیش بە پێی ئەو ئامارەی کە لێکۆڵینەوەی بە ناو "لەکەدار بوونی کۆمەڵایەتی" پێشکەش کراوە، زیاتر لە هەشت هەزار ناوەندی لەشفرۆشی بەو کارەوە خەریکن. ئەم هەواڵنێرەی ئیتالیاییە لە زمانی سهیل معین، کارناسی "لەکەدار بوونی کۆمەڵایەتی" دەنووسێ: لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا تەمەنی مامناوەندی لەشفرۆشان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە 28 ساڵ هاتوەتە خوار بۆ 20 ساڵ و لەم ساڵانەی دواییدا تەنانەت کچانی 13 ساڵیش لە شەقامەکاندا خەریکی لەشفرۆشین. سهیل معین هەر لەم بارەوە دەڵێ: لەشفرۆشی لە نێو لاوەکاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو سەرێ دەچێ و زۆربەی قوتابیانی دواناوەندی بەم کارە ناشایستەی نێو کۆمەڵ تووش بوون.

ژمارەی 600 هەزار لەشفرۆش بە وتەی کارناسان کە بەشێوەی ئاماتۆری بەم کارەوە خەریکن، ئەو کچە تازە پێگەیشتوانە ناگرێتەوە کە بە بەردەوامی نایەنە نێو شەقامەکان یان ناوەندی (فحشا) لە تاران و لە شارستانەکانی تری خەریکی ئەم کارەن. کارناسانی ئێرانی لەو باوەڕەدان کە بە پێی ئەم ئامارەی ئێستا ئێران گەورەترین بازاڕی خەرج کردنی خواردنەوەی ئەلکۆلیە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدایە و مەسرەفی

خواردنەوەی ئەڵکوڵی ڕۆژ دوای ڕۆژ لەم وڵاتەدا زیاد دەکا. زیاتر لە یەک سێهەمی ئەو کەسانەی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە بەردەوامی خواردنەوەی ئەڵکوڵی دەخۆنەوە ژنان پێکی دێنن.
هەر لەم هەواڵەدا بە کارەساتی کچانی هەڵاتوو ئاماژە دەکرێ. کرونوس ئینترنەشناڵ دەنووسێ: بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ئەنوەر حمدی راد، ئۆستادی زانکۆی علامە تەبا تەبایی تاران کردوویە، لەم دوو ساڵەی دواییەدا تەمەنی مامناوەندی کچانی هەڵهاتوو لە 16 ساڵ هاتووە بۆ 14 ساڵ. بە پێی هەر ئەم لێکۆڵینەوەیە 70 لە سەدی کچەکان و ئەو کچە پێگەیشتوە هەڵهاتوانە لە 48 سەعاتی یەکەمدا دەکەونە بەر ئازار و تجاوزی جینسیی. ژمارەی کچانی هەڵهاتووی ساڵی ڕابردووی هەتاوی بە بەرئاورد لەگەڵ ساڵی 1365ی هەتاوی هەڵهاتووەکان 20 لە سەدا زیادیان کردوە. هەروەها کرونوس ئینترنەشناڵ دەنووسێ: ڕادەی ژنان و کچانی ئێرانی کە لە وڵاتانی کەنداو، تورکیە، یان تەنانەت پاکستان و ئەفعانستان بە خۆفرۆشییەوە خەریکن زیاتر لە 100 هەزار کەس مزەنە دەکرێن. داهاتی ساڵانەی باندە مافیایەکانی ئێرانی و عەرەب لە سەندن و فرۆشتنی ئەم ژنانە، میلیاردێک دولار مزەنە دەکرێ.
بە پێی ئەم هەواڵەی ئیتالیا، کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەکو وڵاتێک ڕکۆردی شکاندوە و لە ڕادە بەدەری تەڵاقدانی ناو بردوە. کرونوس ئینترنەشناڵ بە پێی سەرچاوەی ئێرانی دەنووسێ: لە ساڵێکی ڕابردوودا رادەی ژنانی تەڵاق دراو لە ئێراندا بە 6،13 لە سەدا زیادی کردوە. هاوکات لەگەڵ زەماوەندی سەرنەکەوتوو، ژمارەی زەماوەندی کاتیش لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا زیادی کردوە. کرونوس ئینترنەشنال بە پێی سایتی" بازتاب" دەنووسێ: لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ژمارەی زەماوەندی کاتی بە بەرئاوردی شەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا 13 لە سەدا زیادی کردوە.
سەرچاوە: سایتی سوبحانە (بەرە بەیان)
٢٠٠/٣/١١

**سمیناری بەڕێز ئیسماعیل بێشکچی لە ستۆکهۆڵم**
**هەڵەبجە و تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ئۆتریش، ناوەندی ئۆرووپا و بێ دەنگی وڵاتانی زلهێز...**



خوێنەری بەڕێز ئەوەی کە لەژێرەوە دەخوێنیتەوە کورتەیەک لە قسەکانی بەڕێز ئسماعیل بێشکچییە کە لە ڕێگای وەرگێڕانی قسەکانی ناوبراو لە تورکیەوە بۆ سەر زمانی سویدی لە لایەن خاتوو هدیە وەردەگێڕان .هە رچەند بۆخۆشی وتی کە ئەویش کورتەیەک لە قسەکانی ناوبراو وەردە گێڕێتەوە .
بەڵام زۆر لە بەشدار بوان لە وەرگێڕانەکەی ڕازی نەبوون و بۆ خۆمیش کە تورکی نازانم هەستم بەوە دەکرد .هیوام وایە ئەم پۆختەی قسانە بەکە ڵک بێ بۆ خوێنە ر. ڕۆژی شەممە 28 ـ 9 ـ 2013 ڕێکخراوی" وەقفا چاندا کوردی لە ستۆکهۆڵم " سمیناریکیان بۆ بەڕێز ئیسماعیل بێشکچی لە ناوە ندی ستۆکهۆڵم لە بینای ئا بێ ئێف ABF پێک هێنا .هەرچەند هەر ئەم ڕێکخراوەیە بەڕێز بێشکچیان بۆ وڵاتی سوید بانگهێشت کردووە .سمینارە کە کاتژمێر1 ی پاش نیوەڕۆ بە بەشدار خەڵکێکی زۆر دەستی پێکرد، سە رەتا لە لایەن بەڕێز ساڵح بەخێر هاتنی بەڕێز بێشکچی کرد و لە هەمان کاتیشدا کورتەیەکی لە ژیانی ناوبراو باس کرد کە بەڕێز بێشکچی 17

ساڵی تەمەنی خۆی لە بەندیخانەکانی تورکیەدا لە سەر پرس و کێشەی کورد و داکۆکی لە مافی ئەم گەلە بەسەر بردووە .کاک ساڵح ئەوەشی باس کرد کە لەو سەردەمەدا بەڕێزیان پارێزەری مامۆستا بێشکچی بووە و لە داواکاریەکانیدا لە دادگادا داوای ئازادی بەڕێز بێسکچی کردووە .بەڵام ناوبراو وتی لەو کاتەدا بەڕێز بێشکچی وتوویە کە" من کەی داوای ئازادیم کردووە ."پاشان بە چەپڵە لێدانی ئاپۆرەی بەشدار بوانی خەڵکەکە بەڕێز بێشکچیان ڕێنمایی کرد بۆ سەر شانۆی لۆکاڵەکە و دەست بە قسەکانی بکا .ئەوەش لە بیر نەچێ کە لۆکاڵی گەورەی ئا بێ ئێف لە خەڵک پڕ ببوو تەنانەت خەڵکیش بە دەوردا بە پێوە ڕاوەستابوون، سەرەڕای ئەوەش تەلە فزیۆنیان لە لۆکاڵێکی تر دانابوو کە خەڵک لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە گوێ بیستی قسەکانی ناوبراو بن.

بەڕێز بێشکچی سەرەتا مێژووییەکی نەتەوەکانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتانی ناوچە و ئەو نەتەوانەی کە لەوی ژیاون و دابەش کردنی وڵاتانی لە مێژوودا خستە بەرباس .پاشان باسی مێژووی ئیمپراتۆری عوسمانی و خۆ بەهیز کردن و پەلهاویژتن بەرەو هەموو لایەک کرد .سەرەڕای ئەوەش عوسمانیەکان هەوڵی خۆ بە هێزکردنیان داو داخوازی ئەوە بوون کە ئابوریەکەیان ناسیونالیستە بکەن لە تورکیەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە کەمە نەتەوەکانی تریشیان دا کە لە سەر ئەو خاکەدا دەژیان وەکوو کورد و ئەرمەنی و ئاشوری یونانی و عەلەوی خەڵکی پۆتینسیەر ئەو سیاسەتە شیان سەری گرت و تاکو ئێستاش بەردەوامن .ناوبراو باسی سێ کەسایە تی سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی کرد کە تیوریسیەن و داڕێژەری سیاسەت بوون بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی .ئەم سێ کەسەش بریتین لە دوکتور نازم و بەهائەدین شاکر و زەکی گوێلاپ .ئەم سێ کەسە داخوازی ئەوە بوون پێش هەموو شتێک کەمە نەتەوەکان کە موسڵمان نیەن لە تورکیەدا نەمێنن یان لە نێو تورکەکاندا بیانتاوێننەوە .چوونکە دینی ئیسلامیان کردبووە بنەڕەتی سیاسەتی داگیر کردن و کوشتنی نەتەوەکانی غەیرە موسڵمان .پلانەکەیان ئاوا بوو کە ئەرمەنیەکان و یونانیەکان و

ئاشوری و سریانیەکان پۆتەنسیەکان پاڵ پێوە بنێن بە زەبری زۆرو زەنگ و تاکو ئەو جێگایەش بۆیان دەکری لە نێویان بەرن .بەڕێز بیشکچی باسی کورد و عەلەوی بەو جۆرە کرد کە گوایا کورد موسڵمانن دەتوانین لە نێو تورکاندا بیانتاوێننەوەو خاک و نیشتمانەکەیان داگیر بکەن .عەلەویەکانیش بە هەر جۆریک بووە بکرێنە موسڵمان .کە شەڕی یەکەم هەڵگیرسا ئەمان ئەو پرۆژەیانە لە بەر دەست بوو بۆ تاواندنەوەو لە نێوبردنی کەمە نەتەوە کان و هەنگاو بە هەنگاو نزیک دەبوونەوە لە ئەنجام دانی پرۆژەکەیان .بە هەلگیرسانی شەڕی یەکەم نزیکەی 700 هەزار گرێکی یان یونانی  کە لەو ناچانە دەژیان کوژران یان بەرەو ئۆرووپا هەڵهاتن و ئەمەش دەست پیکی هەنگاوی یەکەم بوو .پاشانیش کۆمەڵ کوژی ئەرمەنەکان و ئەوەش کە مایەوە هەڵکشان بەرەو ئەرمەنستان .دوای ئەوانیش ئاشوری و سریانیە کان نۆرەیان هات و ئەوانیش ئاسەواری ئەوتۆیان لە تورکیا نەماو ناوچە کانیشیان تورک داگیری کرد و بەتەواوەتی لە مێژووی تورکیەدا سڕانەوە . ئینجا نۆرەی کوردیش هات و ئەوە بوو ئەتاتۆرک سەرانی کورد و میرە کان و بەرپرس و سەرەک هۆزەکانی بانگهێشت کرد بۆ لای خۆی و وادە ی دەوڵەتی کوردی پیدان .سەڕای ئەوەش ئەوەی بە گوێیاندا پچاند کە بە ریتانیا دەیەوی کوردستان بخاتە سەر ئەرمەنستان و ئێوەی کوردیش کە موسڵمانن لەگەڵ ئێمەی تورک بکەون با ئەرمەنیەکان لە نێو بەرین و نەکە ونە بندەستی ئەرمەنستان .بەڵام بەداخەوە کورد گۆڵی خوارد و بە قسەی ئەتاتۆرکیان کرد و بۆ خۆشیان لە نێو چوون .پاشان هێزە زلهێزەکانی وە کوو فەرانسە و بەریتانیا و ڕووسیەش یاریان بە کورد کرد و ئەوە بوو لە پەیمانی لۆزان کوردیان خستەوە بن دەستی تورکیا و ئێستاش کورد پێیە وە دەناڵێنێ .سەرەڕای ئەوانەش دەیان سەرکردەی کوردیان لە سێدارە دا کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتیان دەکرد وەک :شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزای درسیم هتد...

ئینجا دەچینە شەڕەی 30 ساڵی دوایی ئەم سەردەمە کە تورکیە دژی کورد و حیزبی کرێکارانی کوردستان و کورد هەڵیگیرساندووە .بە دەیان

کەس لە تورکیە تێرۆر کراون و ڕۆژانە تێرۆر دەکرێن و دنیاش شاهیدیە
تی .دەڵەتی تورکیە پەنجە بۆ لای پی کا کا و موساد و ڕێکخراوی تر دە
کێشێ .ئەمانە هەمووی سیناریوی دەوڵەت تورکیە خۆیەتی و درێژەدەری
پرۆژەی ساڵی 1910 و 1911 عوسمانیەکانە کە نیو میلوێن ئاسوریان لە
وڵات دەرکرد، تێکۆشان عەلەویەکان بە زەبرو زۆر بکەنە موسڵمان و
کوردەکانیش لە نێو تورکەکاندا بتاوێننەوە .هەر وەکو پێشتر باسم کرد
تورکیەی مودێرن لە ساڵی 1919 و لە سەردەمی ئەتاتۆرک دەستی پیکرد
و ئەتاتۆرکیش کوردی بە هەموو جۆرێ گوڵداو و کوردیش فریوی
درووشمی بریقەداری ناوبراویان خوارد، بەڵام هیچ لە بەڵێنەکانی تورکان
نەهاتە دێی بە قازانجی کورد و بەڵکو لە نێویشی بردن .تورکەکان لە زۆر
ناوچەدا جبهەیان پێک هێنا دژی ئاسوری، سریانی، یونانی و ئەرمەنی بۆ
ئەوەی پێشی ئەو نەتەوانە بگرن و نەگەڕێنەوە بۆ جێگاو ئاو خاکی خۆیان .
لە ڕاستیدا لە دوو جبهەدا شەڕ دەستی پێکرد .لە ڕۆژهەلاتەوە دژی ئەرمە
نیەکان و لە ڕۆژئاواش دژی یونانیەکان .کوردیش دوو دەستە بوون دە
ستەیەک لایەنی تورکیان گرت و لەیەنێکیش ناسیونالیستی کورد بوون و
خوازیاری سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد .ئەوە بوو تورک بە سەر ئە
رمەنی و یونانیەکاندا لە تورکیە زاڵ بوو ساڵی 1923 و 1924 بەتەواوە
تی هەم بوونی کورد و هەم زمانی کوردی لە تورکیە قەدەخە و نەفی کرا .
پەیماننامەی لۆزان بۆ تورکەکان مسۆگەری دەوڵەتی تورکی بەدوادا بوو،
بەڵام بۆ کوردیش نەهیشتن کیانی کوردی و نەبوونی دەوڵەتی کوردی و
پارچە پارچە بوونی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا .ئەوەش لە بیر نەچێ هەر
لە ساڵی 1910 عوسمانیەکان شەڕیان دژی کورد واژۆ کردبوو .سەرەڕای
ئەمانەش دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکوو بەریتانیا و فەرانسە و ڕووسیەش کە
لە ناوچەکەدا بوون گرنگیان بە مەسەڵەی کورد نەدا و هەردەم قازانجی
خۆیانیان لە بەر چاو بووەو لەگەڵ دەسەلاتدا خۆیانیان گونجاندووە و نەتە
وە هەژارو بندەستەکانیان بۆ قازانجی خۆیان بەکار هێناوەو پاشانیش
دژایەتیان کردوون .هەر وەکوو ئەوەی لە ساڵی 1919 شێخ مەحمودی بە

رزنجی بانگەشەی مەلکی لە باشوری کوردستان کرد، بەڵام هەر ئەو بە ریتانیا دژی ڕاوەستا و بە زۆری هێز و سپا زەبری کوشەندەیان لە کورد دا و شێخ مەحمودیان لە نێو برد .کارەساتێکی تر کە لە پەیکەری کورد کە وت لەم سەردەمە مودێرنەدا کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە بوو بە دەستی سەدام حوسەینی ڕۆخاو لە بەر چاوی جیهان و هیچ وڵاتێکی دنیا و زلهێزەکانی وەک ئامریکا، بەریتانیا، فەرانسە، ئاڵمان، سپانیا و ئیتالیا تەنانە ت وڵاتانی ئیسلامی هیچ ئیشارەتێکیان بە هەڵەبجە نەکرد کە چی زیاتر لە 5هەزار کەس لەو شارەدا بێکەس کوژران .هەر لەو سەردەمەدا 51 وڵات کونفرانسی ئیسلامیان بەست، هەر لەوێش هیچ وڵاتێکی ئیسلامی وەک تورکیە و ئیران و ئەوانی تر هیچ وشەیەکیان لە سەر کورد و هەڵەبجە نە درکان .کە باسی دین دەکرێ هەموو وڵاتانی ئیسلامی دەڵێن کورد برای دینی ئێمەن بەڵام کە باسی نەتەوە دەکرێ هەموویان بە گەورەترین چەک تێدەکۆشن کورد لە نێو بەرن .بەداخەوە کورد لە مێژوودا و سەردەمی ئیسلامی و ئێستاشی لە گەل بێ گوڵی ئیسلامی خواردووەو هیچ وڵاتێکی ئیسلامیش داکۆکی لە بوونیان ناکا.

بەداخەوە کوردیش بۆ خۆی بواری ناسیونالیستی زۆر لاوازەو دینەکەی بە سەر نەتەوەکەیدا زاڵە .هەرچەند من دژی هیچ ئاین و مەزهەبێک نیم .بەڵام با کوردیش وەک ئەوان لە هەموو مافێکی ئینسانی نەتەوەیی هاوبەش بێ . ئەوەش لە بیر نەکەین وڵاتانی زلهێزیش بۆ قازانجی خۆیان هەردەم پرسی مافی مرۆڤیان کردووە بە بەڵگە و دژی وڵاتانی ناوچە بۆ قازانی خۆیان بە کاری دێنن و کوردی هەژاریش چی لێدەکرێ کەس لایەک ناکاتەوە لایان . کۆماری مهابادیش یەکێک لەو دەستکەوتانە بوو کە کورد شانزی پێوە دە کرد کەچی هەر ئەو کۆمارەش بەدەستی زلهێزەکانی جیهان و بەریتانیا و ئامریکا و ڕووسیە بۆ قازانجی خۆیان لە نێویان برد لەگەڵ نەوتدا گۆڕیانە وە و پرسی مافی مرۆڤیش لە تاقچەی ئەو وڵاتانەدا تۆز نیشتە سەری.

کارەساتێکی تر کە بۆ کورد گران تەواو بوو کارەساتی تێرۆری دوکتور قاسملوو بوو لە ساڵی 1989 لە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش و ناوەندی

ئۆرووپا .بەداخەوە کاربەدەستانی ئۆتریش تێروریستەکانیان بەرەو تاران بەڕێ کردەوە کە چی مافی مرۆڤ کە لە ئۆرووپادا زۆری لەسەر دەڵێن و هەر لەم سوید و ستۆکهۆڵمەش هیچیان باسیان نەکرد و خستیانە پشت گوێ .ئەوەش لەبیر نەکەین ولاتانی زلهێز هەردەم هاوپەیمانی ولاتانی دیکتاتۆرن، گەر شتێکی چووکە لە خۆیان ڕوو بدا هەر هەموویان بەیەکجار دێنە قسە و بە جۆرێک داکۆکی لەو شتە بچکۆلەیە دەکەن و بە دەیان بەڵگە و بیانوو دەهێننەوە، بەلام بۆ مەسەڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو هاوکارە کانی و گازی کیمیایی هەڵەبجە جیهان خۆی لێ کەڕ کرد، تەنانەت بۆ پرسی کورد و کوردستان بێ دەنگیان هەڵبژاردووە .خێزانی دوکتور قاسملوو خاتوو هێلێن زۆر تێکۆشا و زۆر لە سەر پەروەندەی قاتڵەکان کاری کرد بۆ ئەوەی قاتڵەکان بە دنیا بناسرێن کەچی ئاوڕێکیان لێی نەدایە وە .ولاتانی دەسەلاتدار و لەسەرووی هەموویانەوە ئۆتریش پشت گوێیان خست .کاتێک دوکتور قاسملوو شێخ عیزەدین لەگەڵ خۆمەینی کێشەی کوردیان هێنایە گۆڕێ، خومەینی پیی وتن بەخێر بێن کە ئێمە هەموو موسڵمانین و برای یەکین، بەلام بۆ مەسەڵەی کوردایەتی و کوردستان ئێرە جێگای ئێوە نیە و بۆ دەرەوە .باشە 57 دەوڵەتی ئیسلامی چۆن سەیری مەسەلەی کورد و کوردستان دەکەن .هەموویان دەڵێن ئێمە برای موسڵمانی یەکین و هیچ جیاوازیەکمان نیە، کە باسی نەتەوە دەکرێ هەموو پشتی تێدەکەن .دەبا کوردی برای موسڵمانی دینی ئێوە با وەک ئێوە خاوە نی ماف و دەوڵەتی خۆی بێ.

لە کۆتاییدا بەرێز بێشکچی باسی سەربەخۆیی هندستانی کرد لە ژێر دەسە لاتی بریتانیەکان لە ساڵی .1947 ئینجا خەڵکی موسڵمانی پاکستان خە باتیان کرد دژی هندیەکان بۆ سەربەخۆی پاکستان و ئەوە بوو پاکستان سەربەخۆیی بەدەست هێنا و بووە دەوڵەتی سەربەخۆ .پاشان بەنگاڵیەکان هەستیان بەوە کرد کە هیچ مافێکیان لە دەوڵەتی پاکستان نیە و هەموو شتێکیان وەکوو پاکستانیەکان نیە و بە کورتی لە ژێردەستەی ئەواندان .ئە وە بوو بەنگاڵیەکان دەستیان دا خەبات دژی پاکستانیەکان و داخوازی

ئازادی و سەربەخۆیی بەنگلادشیان کرد، هەرچەند ئەوانیش موسلامان بوون .کە دەهاتە سەر مەسەلەی ئیسلام پاکستانیەکان دەیان وت ئێمە هەر دووکمان موسڵمانین و برای دینین، کە دەهاتە سەر مەسەڵەی نەتەوایەتی پاکستانیەکان هیچ مافێکیان پێ نەدەدان و دژی بەنگالیەکان ڕادەوەستان . ڕەنگە بەشدار بوان بڵێن ئەمە چ پێوەندیەکی بە کوردەوە هەیە .من دەڵێم ئەم پرسە بۆ من زۆر گرنە چوونکە بەنگالیەکان خەباتیان کرد و تا رزگاری بەنگلادش وازیان نەهێنا، بەڵام کورد زۆر کات لە مێژوودا گۆلی برایانی موسڵمای خواردووەو بەردەوامیش دەبێتەوە .ئەی ئەگەر وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە موسڵمانن و کورد بە موسڵمان و برای دینی خۆیان دەزانن بۆ کە پرسی نەتەوەیی دێتە ئاراوە بە کیمیاوی هیرش دەکەنە سەر کورد و ڕزگاری کوردستان بە ڕەوا نازانن بۆ برا موسڵمانە کوردەکانیان .ئەی بۆ لە مێژووی 200 ساڵی ڕابردوودا هیچ نەتەوەیەکی داگیر کەر ئاوڕێکی لەم برا موسڵمانانە نەدایەوەو بەردەوام خاک و نیشتمانیان کاول دەکەن و بە زیندووی دەیانکەنە ژێری خۆڵەوە و کۆمە ڵکوژیان دەکەن .بە هیوای سەرکەوتنی کوردستان...

ستۆکهۆڵم

30. 9 .2013

## جادووگەری رووەک



لۆتر بۆربەنک لە سەردەمی لاوەتی دا رۆژێک بە نێوی باخچەیەک دا دەگەڕا کە پەتاتەیەک سەرەنجی ئەوی بۆ لای خۆی راکێشا. پەتاتەکەی هێنا و چاندی و سەرئەنجام 23 جۆر پەتاتەی دیکەی لێ وەدەست هێنا. جۆرێکی هێشتا بە ناوی خۆی واتا "بۆربەنک" ناسراوە و بە دایکی هەموو پەتاتەکانی ئیمڕۆ دەناسرێ. لۆتر لە 7ی مارسی ساڵی 1829 لە دایک بووە و تاکوو گەیشتە تەمەنی 19 ساڵی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کرد. لەبەر زیرەکی و بیر تیژیی، دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێب و لە سەرەتادا کتبێکی "داروین"ی بە ناوی "ئەو ئاڵوگۆڕانەی دوای ماڵی کردنی رووەک و ئاژەڵکان بە سەریان دا دێ" وەدەست خست و هەر لەوێشەوە رێگای داهاتووشی روون بوەوە. لە تەمەنی 21 ساڵیدا دوورگەیەکی چکۆلەی لە نزیک "لۆتنبەرگ" کڕی و دەستی بە لێکۆڵینەوەی گژوگیا کرد. پاش ماویەک پەتاتەی " بۆربەنک "ی بە جوتیارێک فرۆشت و بۆ خۆی لە ساڵی 1875 چوو بۆ کالیفورنیا و لە "سانتارۆزا" باخچە و رووەکخانە (گرمخانە) پێکهێنا و 50 ساڵ تەمەنی بە لێکۆڵینەوە لە سەر رووەکەکان تێپەڕ کرد. ناوبراو لە لێکۆینەوەکانیدا مەبەستی روون کردنەوەی باری خەراپی زانست نەبوو، بەڵام ناراستەوخۆ لە کارەکانیدا بۆی دەرکەوت کە ئەم کارانەی ئەو بووەتە هۆی پەسند کردنی بیربۆچوونەکانی "داروین" بەتایبەت لە بەشی "هەلبژاردنی

سروشتی" (ئینتخابی تەبیعی). بۆربەنک لە لێکۆڵینەوەکانیدا، مەبەستێکی تایبەتی بوو ئەویش ئەوە بوو کە بتوانێ جۆری باشتر لە رووەکە بەکەڵکەکان، بدۆزێتەوە و زۆریان بکا. ئەم لێکۆڵینەوانەش بوونە هۆی ئەوەی کە ناوبراو سەدان هەزار جۆری رووەک بەدەست بێنێ و هەر ئەم کارەش بوو بە هۆی ناوبانگ دەرکردنی.
کاکتووسی بێ درِک کە خوراکی ئاژەڵانە و پەتاتەی "بۆربەنک" نموونەی ئەو رووەکانەیە کە بەدەستی هێنا. لە میوەش دا جۆری زۆری دۆزیەوە و ناوەکانیانی خستە سەر زمانی خەڵک. ناوبراو 40 ساڵی رەبەق لەسەر تەماتە، شێلانە (قەیسی) و توورِک (تووترِک) لێکۆڵینەوەی کرد و جۆری زۆری لێ بەدەست هێنان و بایەخی تجاری پێدان. بۆ بەدەست هێنانی کاکتووسی بێ درِک، 16 ساڵ تێکۆشا. لە دەورانی بەساڵداچووندا لەسەر پێشکەوتنی قانوون (قانون تەکامل) لە زانکۆی "ستاندفۆرد" دا وتاری پێشکەش کردووە و کتێبێکی زۆری لە چاپ داوە لەوانە دەتوانین 2 کتێبی "لۆتر بۆربەنک و شێوەی کار و دۆزینەوەکانی"، " چۆن دەتوانرێ رووەکەکان بار بهێندرێن و بۆ مرۆڤ بەکەڵک بن" ناو بەرین. بۆربەنک لە ساڵی 1926 لە تەمەنی 77 ساڵیدا لە "سانتارۆزا" کۆچی دوای کرد.
سەرچاوە: چهرەهای درخشان تاریخ و هێندێک زانیاری لە ئینترنێت
2003/8/14

## تێروریسم، ئەفیونی دیمۆکراسی



کوشتنی خاتوو ئانا لیند لە خۆیدا ناتوانرێ ڕووداوێک بێ تەنیا بۆ میللەت و دەوڵەتی سوید کە لە باکووری ئوروپادا هەڵکەوتوە، بەڵکو ئەم تێروره، تێرورێکی نێونەتەوەیی یە کە هەموو جیهان دەگرێتەوە. تێروری خاتوو لیند بۆ گەلی کورد روداوێکی دڵتەزێن بوو کە پارێزەری سەرسەختی مافی مرۆڤ و لایەنگری بە هەقی دیموکراسی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا و پشتیوانێکی گەورەی کوردمان لە کیس چوو. هەر بەو جۆرەی کە لە کاناڵەکانی تیڤیێ دیتمان و لە رۆژنامەکان لە سەر خۆیندمانەوە(سەفەری 16 سەعاتەی بۆ ئیران) لە لایەنگرانی مافی مروڤ لە ئیران و دژ بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی هەڵدێنا. لە هەمان کاتیشدا یەکێتی ئوروپای هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە فشار بخاتە سەر ئیران و ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ، ئەوە بوو یەکیەتی ئۆروپا ئەو ماموریتەیان دا بە ئانا و ئەویش چوو بۆ ئیران و کاری خۆی بە جێی گەیاند و بە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئیران ڕای گەیاند کە دەست لە کوشتن و پایماڵ کردنی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئیران وەکو کورد...و ڕێز لە مافی ژنان بگرێ بە بێ هیچ جیاواخیەک.

خەڵکی ئیران و بە تایبەتی کورد دەبێ خۆیان بە قەرزاری ئەو خاتووە لێهاتووە بزانن کە بۆ ئازادی میللەتی ئیران و خەڵکی کورد تێی دەکۆشا. لیند یەکێک لەو مرۆڤ دۆستانە بوو کە باوەڕی تەواوی بە ئازادی و دیموکراسی بوو کە بێ وچان تێی دەکۆشا بۆ رزگاری تەواوی ئەو نەتەوانە کە لە ژێر زڵم و ستەم دەیانناڵاند کە کوردیش یەکێک لەو نەتەوانە بوو کە ئانا بۆ ئازادیان دەکۆشا. لە لایەکی تریشەوە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە کە چەقوی ژاراوی تێروریسم چۆن لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی لە جیهاندا ئاوەها لە بەر چاوی دونیادا لە خوێن دا سور دەکەن و دەیانکوژن و هەڕەشە لە سەر جەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن.

تێرور کردنی خاتوو لیند لە 11 سێپتەمبری 2003 بەرابەرە لە گەڵ هێرشە تێروریستیەکە بۆ سەر بورجە لفانەکەی نیویورک لە ئامریکا لە سێپتەمبری 2001 کە زیاتر لە 5000 کەسی تێدا کوژرا. ئەم کارە تێروریستیانە لە خۆی دا تەنگ بە ئازادی و دیموکراسی لە جیهاندا هەڵدەچنێ و لە سەر کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیدا کاریگەری دەبێ.

وڵاتی سوید یەکێک لە دیموکراسیترین وڵاتانی جیهانە کە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی وەکو کسێکی نۆرماڵ، بێ هیچ تەکەبرێک، بێ هیچ سکۆرتێک  و بێ ترس دەگەڕاو لە گەڵ خەڵکیدا دەردە دڵی دەکرد، یان دەچوو بۆ شت کرین بۆ ئەوەی شتێک بە خەیاڵیدا بێ کە تێروریستێک بە دوایەویە و بە کارتێک هێرش دەکاتە سەری و دەیکوژێت و دڵە چکۆلەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان دەخات. ئەم کارتە نە هەر ئەوە کە بە دڵی لیندا چوو بەڵکو لە پەیکەری دیموکراسیشی کوتا. ئەمەش ڕاستییەک بوو کە هەموو دونیا بە چاوی خۆیان بینیان. ئەم ڕووداوە بەڕاستی هێرشێک بوو بۆ سەر دیموکراسی لە وڵاتێکی دیموکرات دا.

لە ساڵی 1986 ئۆلۆف پاڵمە سەرەک وەزیری  سوید لە کاتێکدا لە گەڵ خەڵک لە سینەمادا دەهاتە دەرو لە گەڵ خێزانەکەی لیسبت بە کۆلانی شاردا پیاسەی دەکرد هەر وەکۆ خاتوو لیند کەوتە بەر هێرشی پیاوێکی

نەناس و پە دەوانچە تێروری کرد و ون بوو، تا ئیستاش نەزانراوە کێ تێروری کیرد، و خەڵکی سویدی لە نێو خەم و پەژارەدا نوقوم کرد. ئەو کردەوە تێروریستیە کارێکی تازە بوو بۆ کۆمەڵگای ئەو کاتەی سوید. ئەم جارەش ئانا بۆ کڕینی تایبەتی خۆی ڕووی لە فیلیپا کۆ کرد و بێ بەزەییانە کەوتە بەر هێرشی تێروریستێکی ترو بە چەقۆ لە ناویان برد. بەهەر حاڵ دوای ئەم کردەوە تێروریستییانە ئیتر سوید وڵاتێکی ئەمن و ئاسایش نابێ کە سیاسەتوانان و پادشا و کەسانی بەناوبانگ بە کەیفی خۆیان بە کۆڵان و شەقامەکاندا بسوڕێنەوەو لە گەڵ خەڵکدا بن و دەردە دڵیان لە گەڵدا بکەن.

هەر لە هەمان مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1992 دا بوو کە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە بەر هێرشی تێروریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕەستۆرانی میکونوس و شەهیدیان کرد. هەر لە هەمان ڕۆژدا بڕیار وابوو کە لە گەڵ هەیئەتی سویدی واتە سەرەک وەزیری ئەوکات بەڕێز ئینگڤار کارڵسون و پییەر شوری و مۆنا سالین چاوپێکەوتن بکەن. بەڵام بەداخەوە ئەو چاوپێکەوتنە سەری نەگرت و بووە بڵقی سەر ئاو. ئەوە بوو حەوتەی پێشوو ئینگڤار کارڵسون لە کاناڵی چواری سوید باسی ئەو ڕووداوەی کرد. جێگەی داخە کە کارڵسون دوای 13 ساڵ بێ دەنگی ئێستا ئەو نەهێنییە دەدرکێنێ. پێم وایە ئەوەش یەکێک لەو مامڵە و سەودایانەیە کە لە پشتی پەردەوە مامڵەیان لە گڵ کروە.




**جولیا وارد هو**

**"شانازیم به چاوی خۆم بینی"**

"جولیا وارد هو" ژنێک بوو کە تەواوی تەمەنی لە پێناوی پاریزگاری لە مافی ژنان و هاندانی خەڵک دا تەرخان کرد و لە هەموو جولاّنەوەی ئازادیخوازانەی سەردەمی خۆیدا بەشداری کردووە. بەلاّم جێگای سەرسوورمانە کە تەنیا بە هۆی سرودی "شەڕی کۆماری" ناوبانگی دەرکردووە. بنەماڵەکەی خەڵکی "نیویۆرک" بوون، بەلاّم خۆی لە ساڵی 1819 لە "مانهاتان" لەدایک بوو. ناوبراو هەر لە منداڵیەوە هۆنراوەی دەهۆنیەوە کە دوایش لە چاپی دان. مێردەکەی ناوی "ساموئێل گردلی هو"ە و خەڵکی "بۆستن"ە و پیاوێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست بوو، لە شەڕی یۆنانیەکان دژی عوسمانیەکان وەک سەرباز بەشداری شەڕەکەی کرد و هەر لەو شەڕەشدا بریندار بوو، پاشان گەڕایەوە ئامریکا و تێدەکۆشا یارمەتی بە بەندیەکان، شێتەکان و قەرزدارەکان بدا. لە هەموو ئەم کارە خێرخوازانەدا هاوسەرەکەی هاوکار و یارمەتیدەری بوو، بەلاّم پشتیوانی ژنەکەی بەربلاّوتر و مەبەستەکەشی باشتر دەپێکا.

خاتوو "هو" بە یەکێک لە لایەنگری سەرسەختی مافی ژنان و بە یەکێک لە تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە دەژمێردرێ. لە بوارەکانی فەلسەفە، ئەدەب و هونەر، خاوەنی زۆر وتارە. ساڵی 1876 مێردەکەی کۆچی دوای کرد و کتێبێکی بە ناوی "بیرەوەری دوکتۆر ساموئێل هو" نووسی و دوو کتێبی

دیکەی بە ناوەکانی "ژنانی ناوداری نیو ئینگلاند" و " بیروەریەکان" نووسی کە هێشتا بۆ خوێندنەوە بە تام و چێژن. بەڵام "سەفەرنامە" و "شانۆنامە"کانی زۆر سەرنج راکێش نەبوون. "هو" لەو بوارانەدا کە دەبووە هۆی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی هیچ درێخی نەدەکرد و بۆ بەرەو پێش چوونیان بە توندی تێدەکۆشا. بێجگە لەمەش ناوبراو زۆر سەرسەختانە بۆ پێک هاتنی ئاشتی لە جیهاندا هەنگاوی دەنا. تاکوو لە ساڵی 1910 بۆ دوایین جار چاوی لێک نا.

سەرچاوە: چهرەهای درخشان تاریخ

## یادی هەڵەبجەی شەهید

کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ لە 16ی مارسی 1988 یان 15 ساڵ لەمەوبەر لە شارەکەی مەولەوی دا هەزاران منداڵ، لاو و بەساڵداچوو لە چاوتروکانێکدا لە نێو چوون.
هەڵەبجەی شەهید کە نزیکەی 70 هەزار کەسی تێدا دەژیا بوو بە کەلاوەو وێرانەیەک. هەرچەند دەتووت کە ئەو مردووە و لە ماڵە هەتیوان مردووە و لە چوارچێوەی کۆڵیت و کوختەی خۆی بەدەر کەم کەس کرژی بۆ بە نێو چاوان هێناو و ئاخێکی پڕ لە تاسەی بۆ هەڵکێشا، بەلآم دڵنیام ئەگەر گەل و هۆزێکی پاڵپشت زێڕین و چاو و برۆ ڕەش ئەو کارەساتەی بەسەر هاتبا بە دیان زمان لاوک و حەیران و بەند و باویان بۆ هەڵدەبەست و بە سەدان رۆژ شین و گابۆڕیان بۆ دەگێڕا و بە هەزاران نێو کۆڕ و کۆمەڵیان بۆ دەبەست. سەد مەخابن کەم کەس گەلی کورد بە هێند دەگرێ و هەر کەس دەستی بە کلآوی خۆی گرتووە با نەیبا و کەس خۆی لە جێی خوڕین نادا. رۆژ نیە زایەڵەی ناڵە و زاڵەی گەلی کورد دۆڵ و دەرەی کێوەکان پڕ نەکا و تاقمێک کوردی لە ماڵ و حاڵ رەتێندراو سەر بە شکلێر و ئەشکەوتی چیاکان هەڵنەهێنن و لە شاردا بۆ غار نەچن. بەلآم کێ هەیە گوێ بۆ گەلی مەزڵوومی وەکوو کورد راگرێ و لێ حاڵی بێ و چارەی دەردی بکا. گەرچی مێژوو پێمان دەڵێ ئەوە بۆ گەلی کورد شتێکی سەیر و سەمەرە و نامۆ نیە و هەموو دەم هەر وا بووە و لە هەڵسووکەوتی ژیانی چەند هەزار ساڵەی ئەو گەلەدا کەمتر بووە جارێکی دەستی بگیرێ و لە هەوراز و نشیوێک وەسەر بخرێ. لەو کاتەوە کە راپەڕەینی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، ئاگری گیانی شۆڕشگێرانەیان لە کوردستان خۆش کردووە، داگیرکەران بەردەوام

برین لە دوای برینیان کردووەتە جەستەی ئەم گەلە ستەم دیدەوە، بەلآم لە مێژووی خوێناوی گەلی کورد دا هیچ برینێکیان بە ئەندازەی برینی هەڵەبجە قووڵ و بەسوێ و کاریگەر نەبووە. گەلی کورد بە دەیان ساڵە بۆ وەدیهێنانی مافە رەواکانی خۆی دژی داگیرکەران تێدەکۆشێ وقوربانی دەدا. کارەساتی هەرگیز لەبیر نەچووی هەڵەبجە مێژووی نوێی قوتابیەکانی رێگای ئازادی و سەرفرزایمانە. کارەساتی هەڵەبجە تەنیا نموونەیەکە لەو زوڵم و زۆرەی کە نەتەوەی کورد تووشی بووە. رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، کوشتن و راگوێزانی بەکۆمەڵیان کردووە بە پیشەی رۆژانەیان بۆیە میللەتی کورد پێویستی بە پشتگیری راستەقینە دژی دەست درێژ کەران هەیە. هەڵەبجە بوو بە هەموو کوردستان، هەڵەبجە بەڵگەیەکی شایەت نەویستە بە نێوچاوانی دڕندەترین رژیمی ئەم دنیایەوە. هەڵەبجە کارەساتێکی دڵتەزێن و رووداوێکی خەم هێنەری مێژووە. ئەو چەکە دژوارەی کە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمی بەری پێ گیرابوو و ئەنجمەنی گەلان بە ئیمزای هەموو دەوڵەتەکانی دونیان پەیمانی بەکارهێنانیان مۆر کردبوو و هەر لە ساڵی 1925 بەدواوە ئەمڕۆ دەوڵەتێکی بچووکی تازە دروست کراوی دواکەوتووی وەک عێراق دژ بە نەتەوەیەکی داگیرکەراوی بێ بەرگری وەکوو کورد بەکاری دەهێنێ و تەنیا لە شاری هەڵەبجەدا هەزاران ژن و منداڵ و بەساڵداچوو بەوپەڕی دڕندەیەوە دەکوژێ.

هەر لە سالآنی دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە پەیمان بەستراوە کە چەک نەدرێت بەو جێگا و ناوچە شەڕخوازەکان و هەروەها لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە هەموو جۆرە چەکێکی کیمیاوی تەنانەت بۆ شەڕیش یاساخ کراوە. لە ساڵ 1917 دا ئاڵمانیەکان بۆ یەکەم جار گازی خەرەدل (سێناپ)یان بەکار هێنا. ئەم گازە لە هەموو چەکێکی کیمیاوی نوێدا هەیە. هەروەها موسولینی لە

ساڵی 1936_ 1935 ئەم گازەی دژی گەلی ئتوپیا بەکاری هێنا. ئامریکا لە سالآنی 60 و 70کاندا دژی گەلی ڤیەتنام هەمان گازی بەکار هێنا. ئەوا لە 80کانیشدا عێراق لە دژی گەلی کورد لە چەند ژەهرێکی کوشەندەدا بەکاری هێنا. لە رۆژانی 16 و 17ی مانگی مارسی 1988 حکومەتی عێراق 96 جار هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی "گازی سیناپ و هتد" بوردمان کردووە، سەرئەنجام زۆربەی دانیشتوانی شار کوژران و بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە بریندار بوون و هەتاکوو کۆتایی ژیانیان دەبێ بەو برینانەوە بتلێنەوە. رێکخراوی پزیشکانی جیهانی کە سەردانی هەڵەبجەیان کرد دەڵێن: " ئەو شاری کوردستان هەمووی گردی لاشەی کوژراوە و بە زۆری ژن و منداڵ و بەساڵداچوو و مرۆڤی بێ بەرگرین، هەڵەبجە هیرۆشیمای کوردستانە و عێراق تاوانێکی زۆر گەورەی کردووە، دەبێ هەموو جێهان تاوانباری بکەن، هەروەها دەڵێن عێراق میکۆتۆکسین و سیانید و گازی عەعسابیشی بەکار هێناوە." راگەیاندراوە گشتیەکانی جیهان بە وێنە و راپۆرت کارەساتەکەیان لە نێو شاری هەڵەبجەوە بە هەموو جیهان گەیاند. جیهان بێزیان لە دڕندەیی عێراق دەکردەوە. بۆ لە نێو بردنی دانیشتوانی هەڵەبجە چوار جۆر ژەهر و گاز تێکەڵاو کرابوون و پزیشکەکان نازانن کە عێراق چۆن تێکەڵاوی کردوون.

سێ پزیشک کە لە هۆڵەند و بلژیکەوە چوونەتە هەڵەبجە دەڵێن: " لە هەڵەبجە بێجگە لە گازی سێناپ، عێراق گازی میکۆتۆکسین و سیانید و گازی عەعسابی بەکار هێناوە." دوکتۆر دێرک دۆنس لە زانکۆی گێنتا لە بلژیک دەڵێ: " لەو تاقیکاریانەی کە من لە سەر ئاوی هەڵەبجە و لاشەی مردووەکان و چۆلەکە کوژراوەکانی ئەم شارە کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە عێراق کازی میکوتوکسین و گازی دیکەشی بەکار هێناوە." پزیکشکەکان لەو باوەڕەدان کە مردووەکانی هەڵەبجە  پتر بە سیانید خنکاون و یەکسەر لە

پەلەقاژە کەوتوون و گیانیان دەرچووە، نینۆکە شین بووەکانیان بەڵگەیە و هەروەها ئەوەش کە مردووەکان هەر وەکوو خۆیان ماونەتەوە بەڵگەیەکیترە بۆ سەلماندی بەکار هێنانی ئەو گازە. بۆ وێنە دایکێکی نیوە خەوتوو لەگەڵ کۆرپەکەی و خێزانێکی دانیشتوو لە سەر خوانی نان خواردن و هتد هەموویان وەکوو خۆیان ماونەتەوە، بەلآم چاوە ئاوساوەکانیان بەڵگەن بۆ ئەوەی کە گازی عەعساب بەکار هاتووە و بۆ وێنە گازی سارین و تەبوون.
بە باوەڕی دوکتۆر ج. دیمیلیانۆی هولەندیش دانیشتوانی هەڵەبجە پتر بە ژەهری سیانید خنکاون. د. مۆریلیس دەڵێ:" من زۆرم لەسەر چەکی کیمیاوی خوێندوە و مامۆستای ئەو بابەتەش بووم، بەلآم راستیەکەی هەلەبجە زۆر بە لامەوە ترسناکە و هەرگیز ناتوانم بە خەڵکی جیهان بگەیەنم کە لەو شارەی کوردستان چیم بە چاوەی خۆم بینیوە."
شایانی باسە کە عێراق بە کیمیاوی بوردومانی ناوچەی بادینان و قەرەداغ و گەرمیانیشی کرد و بە سەدان کەسی بێ تاوانی تریشی کوشتووە. هەڵەبجە وەک سەدان و هەزاران گوند و شارۆچەکەی وێرانە و سووتاو  وەک ئوردوگا زۆرەملیەکان، قوتابخانە داخراوەکان، قەسابخانەکانی موسڵ و کەرکووک و ئەبوغەریب، نەک هەر پەڵەیەکی تری شەرم و بێ ئابڕوویيە لە مێژووی بەعسیەکانی عێراق دا، بەڵکوو رەشترین لاپەڕەی سەردەمە تاریکەکەیانە. لە لایەکی تریشەوە ئەم کارەساتە دڵتەزێنە نیشانەی چەوساوەیی و بێ دەرەتانی گەلی کوردە بەدەست داگیرکەرانەوە کە بەردەوام لە هەموو لایەکەوە دڕندانە بە جۆرەها شێوە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی لە ریشەی بێنن. بەکار هێنانی گازی کیمیاوی لە لایەن فاشیە رەگەزپەرستەکانی عێراقەوە دژی دانیشتوان بۆ یەکەم جار لە هەڵەبجەوە دەستی پێ نەکردووە بەڵکوو ئەم تاوانەش ئەڵقەیەکە لەو زنجیرە تاوانانەی هەمان

خوێن مژە ئەفلەقییەکان دژی گەلی کورد پەنایان بۆ بردووە، لە 15ی 4 ی 1987 بە کوشندەترین گازی کیمیاوی کەوتنە بوردمان کردنی دەیان گووندی سەر بە پارێزگای سلیمانی و هەولێر و دهۆک وەک گووندی "یاخسەمەر"، "هەڵەدن"، "سەرگەڵوو"، "بەرگەلوو"، چالآوە"، چنارنێ"، "نۆڵچکە"، "ئاوەژێ"، "سیروان" و "کانی توو". لە سلێمانی "باڵیسان"، کانی بەرد"، "زێنێ"، "بەلآڵووکان"، "شێخ وەسان"، ناوچە "دەرەشێر" و "ساوسێوکان". لە هەولێر و بنکەی هێزەکانی پارتی کومنیستی عێراق و لە ناوچەی سەر بە دهۆک کە زیاتر لە 1350 هاوولآتی بریندار بوون.

لە سەرەتای شەڕە وێرانکاریەکەی عێراق و ئێرانەوە بێ پەروا هەوڵ دراوە کە کوردستان بکرێ بە شانۆیەکی گەرمی ئەو ئاهەنگی خوێنڕشتنە. لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران دا لە هەردوو دیوی سنوور شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بوون بە کێڵگەی تاقیکردنەوەی جۆرەها چەکی کوشندەی هەردوولا، هەزاران کوردی چارەڕەش و بێ دەسەلآتی ئەم دیو و ئەو دیو بوون بە قوربانی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرەی داگیرکەران کە بۆ مانەوەی خۆیان هەڵیانگرساندبوو.

شاری قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، کرماشان، سنە، مەریوان، بانە، سەقز، سەردەشت، خانێ، حاجی ئومران، سلێمانی، چوارتا، ماوەت، پێنجوێن، خانەقین، مەنەلی، نەفتی شا، مهران و چەندها شوێنیتر تا دەگاتە دەربەندیخان، سەید سادق، سیروان، خورماڵ. تەوێڵە و بیارە و هەڵەبجە و دەشتی زەهاو، هەشت ساڵ لە ژێر بوردمانی فڕۆکە و تۆپ هێرشی سوپایی هەردوولادا دەژیان. وەک بڵێی داگیرکەران بڕیاریان دابێ هاوکاری یەکتر بکەن بۆ وێران کردن و لە نێو بردنی کوردستان و بن بڕ کردنی گەلی کورد.

# من شەڕخواز نیم بەڵام...



## حەمید تەیموری

لە ساڵی١٩٦٩ی زایینی لە گوندی بێشکان لە ناوچەی زەهاو لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەوار کردووە و یەکەمی ناوەندیی لە شاری سەرپێلی زەهاو و دووهەم و سێهەمی ناوەندییشی لە شاری قەسری شیرین خوێندووە. لە سەرەتای شەڕی ئێران و عێراقدا ئاوارەی باشووری کوردستان بووە و پاشان لە ئۆردوگای زۆرەملێی ئەلتاش، لە ڕۆمادیە، نزیکەی شەش ساڵ ژیاوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا وەک پەنابەر لە لایەن خاچی سوورەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ وڵاتی سوید هاتووە. پاش فێربوونی زمانی سویدی، قۆناخەکانی ناوەندی و دواناوەندیی تەواو کردووە و سەرەڕای ئەوەیش دیپلۆمی لە بواری پەرستیاریدا وەرگرتووە. بەکەلوریۆس (لیسانس)ی لە بواری زانستی ئێتنیک و کولتووڕناسیدا و پاشان ماستەر یان (فوق لیسانس)ی لە بواری زانستی پەروەردە لە زانکۆی سوێدرتۆرن (SÖDERTÖRN) لە ستۆکهۆڵم وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵێکی زۆر کۆرسی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خوێندووە. لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا چالاک بووە و چەند بەرهەمێکی بڵاو بووەتەوە و ئەمەی ئێستاش بەرهەمێکی تری ناوبراوە...

Jag tycker inte om krig men...

Av: Hamid Teimouri

ISBN: 978 - 91 - 639 - 8755 - 7

کۆمەڵێک وتاری سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی